# روخسار و ناوەرۆكی
# چیرۆكی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت

م. مظفر مصطفى اسماعيل

* ناوی کتێب: وخسار و ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵان لای لەتیف هەڵمەت.
* نووسەر: م. مظفر مصطفی اسماعیل
* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(     ).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(     )ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.
* ئەم کتێبە لەبنچینەدا نامەی ماستەرە لەلایەن پ.ی دکتۆر کەمال مستەفا مەعروف سەرپەرشتی کراوە، لەڕێکەوتی ٢٠٠٨\٧\٢٣ تاوتوێ کراوە.

**ئەم بەرهەمە پێشکەش دەکەم بە :**

- **ڕۆحی پاکی دایکم**
- **باوك وخوشك وبراکانم**
- **هەموو منداڵانی کوردستان بەتایبەتی منداڵە شەهیدو ئەنفال کراوەکان**
- **هاوسەری ژیانم کەبەشێکی ماندووبوونەکە بەرئەو دەکەوێت**
- **جگەر گۆشەکانم : گـۆران، گـــوڵان، کـەیوان، ســـۆران**

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| **پێشەکی** | ٩ |
| **بەشی یەکەم** | ١٣ |
| **تەوەری یەکەم** (١- لەبارەی سایکۆلۆژیای منداڵەوە ) | ١٣ |
| (٢- پێناسەی چیرۆکی منداڵان ) | ١٨ |
| (٣- گرنگیی چیرۆکی منداڵان ) | ٢١ |
| (٤- رۆشنبیریی منداڵان ) | ٢٣ |
| **تەوەری دووەم** ( قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان و دەرککردن لای منداڵان ) | ٢٧ |
| ١- قۆناغی ریالیستی (٣-٥ ساڵی ) | ٣٠ |
| ٢- قۆناغی ئەندێشەی فراوان (٦-٨ ساڵی ) | ٣٣ |
| ٣- قۆناغی پاڵەوانێتی (٨-١٢ساڵی ) | ٣٥ |
| ٤- قۆناغی هەرزەکاری (١٢- ١٥ساڵی) | ٣٧ |
| **تەوەری سێیەم** (سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان) | ٤١ |
| ١- سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لەئەدەبی ئەوروپیدا | ٤١ |
| ٢- سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لەئەدەبی عەرەبیدا | ٥٢ |
| ٣- سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا | ٦١ |
| **بەشی دووەم** | ٦٩ |
| **تەوەری یەکەم** (ژیانی لەتیف هەڵمەت ) | ٦٩ |
| **تەوەری دووەم** (کات ، شوێن ، رووداو ) | ٧٤ |
| ١-کات | ٧٤ |
| - کات لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دا | ٧٨ |
| ٢- شوێن | ٨١ |
| - شوێن لە چیرۆکی منداڵانی لەتیف هەڵمەت دا | ٨٥ |
| ٣- رووداو | ٨٩ |
| - رووداو لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دا | ٩٢ |
| **تەوەری سێیەم** ( کەسایەتی ،گێرانەوەو دایەلۆگ و وەسف، ململانێ ، زمان و شێواز) | ٩٥ |
| ١- کەسایەتی | ٩٥ |

- جۆرو پێکهاتەی کەسەکان و شێوەی پێشکەشکردنیان ٩٩
- کەسایەتی لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دا ١٠٥
٢-گێڕانەوە و دایەلۆگ و وەسف ١١٠
- گێڕانەوەو دایەلۆگ و وەسف لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دا ١١٥
٣- ململانێ ١١٧
- ململانێ لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دا ١١٩
٤- زمان و شێواز ١٢٤
- زمان و شێواز لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دا ١٢٨
**بەشی سێیەم ( جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان )** ١٣٣
**تەوەری یەکەم** (١- حەکایەتی فۆلکلۆری ) ١٣٥
- چیرۆکە داڕێژراوەکانی لەتیف هەڵمەت لە فۆلکلۆرەوە ١٣٧
٢- چیرۆکی مێژوویی ١٣٩
- چیرۆکە مێژوویەکانی لەتیف هەڵمەت ١٤٠
٣- چیرۆکی ئاژەڵان ١٤٣
- چیرۆکی ئاژەڵان لای لەتیف هەڵمەت ١٤٦
**تەوەری دووەم** (١- چیرۆکی ئەفسانەیی ) ١٥٢
- چیرۆکە ئەفسانەییەکانی لەتیف هەڵمەت ١٥٦
٢- چیرۆکی زانستی ١٦١
- چیرۆکە زانستییەکانی لەتیف هەڵمەت ١٦٤
٣- چیرۆکی سروشتی ١٦٧
- چیرۆکە سروشتییەکانی لەتیف هەڵمەت ١٦٨
**تەوەری سێیەم** (١- چیرۆکی پەروەردەیی و نیشتمانی ) ١٧٠
- چیرۆکە پەروەردەیی و نیشتمانییەکانی لەتیف هەڵمەت ١٧٢
٢- ناونیشان و بابەت ١٧٧
- ناونیشان و بابەت و وێنە لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت ١٨١
**ئەنجام** ١٨٥
**سەرچاوەکان** ١٨٧
**پاشکۆی چیرۆکەکان** ١٩٤
**کورتەی نامەکە بەزمانی عەرەبی** ١٩٦
**کورتەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی** ١٩٧

# کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| د | دیوان |
| م | منداڵان |
| ب | بەرگ |
| چ | چاپ |
| و | وەرگێران |
| ژ | ژمارە |
| پ | پاشکۆ |
| گ | گۆڤار |
| ر | رۆژنامە |
| ل | لاپەرە |
| ط | الطبعة |
| ت | الترجمة |
| ص | الصفحة |

# پێشەکی

هەر کارێکی ئەدەبی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، دیارە ئەرك وماندووبوونێکی زۆری پێویستە وچەندین مەبەست وئاواتی لەپشتەوەیە، لێکۆڵینەوە لەم بوارەی، کە ئێمە هەڵمانبژاردووە بۆ خزمەتکردنە بە ئەدەبی کوردی وپڕکردنەوەی کەلێنێکە لەم بوارەدا.

بێگومان منداڵ ئەو بوونەوەرە زیندووە چالاکەیە، کە نەوەی دواڕۆژە و هەموو خێزانێك حەز دەکات لەم جۆرە ئاوەدانییەی لە ماڵەکەیدا هەبێت، چونکە مرۆڤ هەمیشە شانازی بەهێز وپشت وپەنای خۆی دەکات.هەر لەبەر گرنگیی منداڵ دەبینین بەشێکی زۆری شاعیران وچیرۆکنووسان ئاوڕیان لە ئەدەبی منداڵان داوەتەوە، هەرچەندە ئەدەبی منداڵان کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستە شارەزایی ولێهاتووییان لەم بوارەدا هەبێت.

### هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە

شایانی باسە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنمان بە پێویستیی لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە، چونکە ئەدەبی منداڵانی کورد بەگشتی وچیرۆك بەتایبەتی تائێستا خزمەتێکی شایان بەخۆی نەکراوە ونامە ئەکادیمییەکانیش، کە لەم بوارەدا پێشکەش کراون زیاتر بەشێوەی پانۆرامایەکی شیعر، یان چیرۆکی منداڵان بوون لە ئەدەبی کوردیدا، تا ئێستا لە بەرهەمی تاکە شاعیرێك، یان چیرۆکنووسێکی منداڵان نەکۆڵراوەتەوە، هەرچەندە لەتیف هەڵمەت پێش ئەوەی بە چیرۆکنووسی منداڵان بناسرێت بە شاعیر ناسراوە، بەڵام لەبواری چیرۆکی منداڵاندا خزمەتێکی وای کردووە، کە شایانی ئەوە بێت لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر بنووسرێت.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

بۆئەنجامدانی لێکۆلینەوەکەمان ئێمەڕێبازی وەسفی شیکاری رەخنەییمان بەکارهێناوە.

**گرنگیی لێکۆڵینەوەکە**

گرنگیــی لێکۆڵینەوەکــەمان لەوەدایــە کەبەرهــەمی تاکــە نووســەرێك شــی دەکاتەوە خزمەتێك بەبواری لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی منداڵان دەکات.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە**

سـنوری لێکۆڵینــەوە کـەمان (چـیرۆکەکانی لـەتیف هەڵمـەت)ەکەبۆمنـداڵانی نوسیون ولەدووکتێبداکۆی کردونەتـەوە وبـەناوی(دیـوانی منـداڵان –شیعروچـیرۆك بۆمنداڵان)بڵاوی کردونەتەوە

سـەبارەت بـە گیروگرفتـەکانیش ئەواکـەمی سەرچـاوەی زانسـتی بـە زمـانی کــوردی لەســـەر ئـــەدەبی منـــداڵان بەگشـــتی وچـــیرۆك بەتایبـــەتی لـــە گیروگرفتەسەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون.

لێکۆڵینەوەکـەمان بـۆ سـێ بەشـی سـەرەکی دابەشـکردووە، بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم: لەسێ تەوەر پێکهاتووە:**

لەتەوەری یەکەمدا باسی سایکۆلۆژیای منداڵان وگرنگیی چـیرۆك ورۆشـنبیریی منداڵانمان کردووە، هەوڵمانداوە ئاورێك لەسایکۆلۆژیای منداڵان بدەینەوە وگرنگیی چیرۆکی منداڵان دەربخەین وتیشکێك بخەینـە سـەر رۆشـنبیریی منـداڵان، بـۆ ئـەم مەبەستەش کۆمەڵێك سەرچاوەی زانستیمان بەکارهێناوە.

لەتەوەری دووەمدا قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان ودەرککردن لای منـداڵانمان روون کردۆتەوە وبەپێی تەمەنەکان باسمان لە زمـان وقۆناغـە جیاجیاکـانی منـداڵ کردووە.

لەتەوەری سێیەمدا بەشێوەیەکی گشتی باسی سەرهەڵدانی چیرۆك و ئـەدەبی منداڵانمان لە ئەوروپا ولە وڵاتانی عەرەبی ولەناو کورددا کردووە.

**بەشی دووەم: ئەم بەشەشیان لە سێ تەوەر پێکهاتووە:**

لەتەوەری یەکەمدا باسـی ژیـانی (لـەتیف هەڵمـەت) مـان کـردووە، کـە ژیـانی منداڵیی خۆی لە چیرۆکەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

لەتەوەری دووەمدا باسی رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان (کات، شوێن، رووداو، کەسایەتی) مان کردووە ودواتر لەسەر چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت جێبەجێمان کردوون.

لەتەوەری سێیەمیشدا باسی هەندێ رەگەزی تری چیرۆکی منداڵان (گێڕانەوە ودایەلۆگ و وەسف، ململانێ، زمان وشێواز) مان کردووە ولەسەر چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت جێبەجێمان کردوون.

**بەشی سێیەم: ئەم بەشەشیان لە سێ تەوەر پێکهاتووە:**

لەتەوەری یەکەمدا باسمان لە(چیرۆکی داڕێژراوە لە فۆلکلۆر و چیرۆکی مێژوویی) کردووە، پاشان ئەم جۆرە چیرۆکانەمان لەلای لەتیف هەڵمەت دەستنیشان کردوون، لەگەڵ هۆکاری ناونانیان بەم جۆرانە.

لەتەوەری دووەمدا باسمان لە(چیرۆکی ئاژەڵان، چیرۆکی ئەفسانەیی و چیرۆکی زانستی) کردووە، دواتر جۆر وهۆکاری ناونانی چیرۆکەکانمان لە لای لەتیف هەڵمەت دەستنیشان کردوون.

لە تەوەری سێیەمدا باسمان لە(چیرۆکی سروشتی، پەروەردەیی ونیشتیمانی، ناونیشان وبابەت و وێنە)کردووە، پاشان لەسەر چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت) مان جێبەجێکردوون.

لەکۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی بەدەستمان هێناون، لەچەند خاڵێکدا نیشانمان داون، دواتر لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتە روو، کە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان سوودمان لێ بینیون.

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم :

### ١-( لە بارەی سایکۆلۆژیای منداڵ )ەوە.

سایکۆلۆژیای منداڵ لقێکە لە زانستی سایکۆلۆژیای گشتی.لێرەدا ئێمە بەپێویستی دەزانین، کە کەمێك باسی سایکۆلۆژیای دەروونی وگەشەکردنی منداڵ بکەین، چونکە وەك هەموومان دەزانین قۆناغی منداڵیی کاریگەری لەسەر هەمووقۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە.

((بیرۆکەی چاکسازیی کۆمەڵگا لە رێگەی چاکسازییەکی پێگەیشتوودا لەقۆناغی منداڵیدا، بەقەد کۆنیی مێژووکۆنە، ئەفلاتوون لە سەدەی چوارەمی پێش زایندا بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە، کە ناکرێت چاکسازی شارێك بکەیت بەبچووکان، کە گەورەکانیان گەندەڵ بن. لە پێناوی ئەو چاکسازییەدا ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا پێشنیازی ئەوە دەکات، کە هەموو منداڵانی هەتا تەمەنی پێنج ساڵی لە دەرەوەی شار و لە ناو سەربازگە تایبەتیەکان دا پەروەردە بکرێن ودەوڵەت خۆی سەرپەرشتی پەروەردەی ژیری ورەوشتی نایابیان بکات.ئەوەش لە پێناوی چاکسازیی کاروباری شارو دەرکردنی لە بازنەی گەندەڵی بۆ بازنەی عەدالەت و راستی و ئازادی))[1] ئەو هەستپێکردنەی ((ئەفلاتون)) لە زەمانێکی ئەوەندە زوودا گرنگ وبایەخی (منداڵ )مان بۆ روون دەکاتەوە.بەڵام دیارە لە رووی جێ بەجێکردنەوە کەمتەرخەمی لێکراوە ئەگەر نا هەتا ئێستا دەبوایە رەوشی منداڵان لە وڵاتی خۆماندا لەشێوەیەکی تردابوایەو، بێگومان پەروەردە کارێکی گران وپرۆسەیەکی بەردەوامی قۆناغی منداڵی یە ((منال پێوەری سامان وسەرمایەی نەتەوەییە، ئەو نەتەوەیە دەوڵەمەندە، کە منداڵی بەجوانی پەروەردە کراون))[2] لێرەدا دەوڵەمەندی بە واتای دەوڵەمەندیی ماددی و مەعنەوی دێت

---

[1]- د.سمير عبدالوهاب احمد، ادب الاطفال قراءات نظريه ونماذج تطبيقيه، ط ١، دار المسيرة للنشر والتوزيع الفني، عمان-الاردن، ٢٠٠٦، ص٢٥.

[2]- عبدالستار طاهر شريف، نرخاندنێکی زانستیانە دەربارەی چیرۆکی منداڵان ١٩٧٠-١٩٨٢،گۆڤاری کاروان،ژ :٣ :ساڵی ١٩٨٢،ل٢.

چونکه منداڵی تێگەیشتوو مرۆڤی زاناو پسپۆری لێ دەردەچێت و وڵاتەکەی پێش دەخات.

((زۆربەی بیرمەندان لە چاخەکانی دێرینی کۆن باوەڕیان وابوو، کە دەبێت شۆڕشی پەروەردەیی لە قۆناغی سەرەتایی (منداڵی)یەوە دەست پێ بکات و لە وێوە سەر هەڵبدات. وە ئەو جۆرە شۆڕشانەناوکی ڕێنیسانسەکان و ڕووناک کردنەوەی گشتین لە بواری ژیانی کۆمەڵگادا ، لە بەر ئەوەی قۆناغی منداڵیی قووڵترین ناوچەی جیۆلۆجی لە پێکهاتەی بوونی مرۆڤایەتی پێك دەهێنێت))[1] دیارە گۆڕانکاری کردن لە هەر بوارێکی ژیاندا پێویستی بەخەبات وماندووبوونە بۆیە بەبیروڕای زانایانی سەردەمی کۆن دەبێت شۆڕش بۆئەوگۆڕانکارییە بکرێت.شۆڕشی پەروەردەیی شانبەشانی شۆڕشی نەتەوەیی وسیاسی وچەکداری و زانستی و فەرهەنگی ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت لە بەرەو پێش بردنی ڕەوتی شارستانییەت و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی.

((ئەنجامی یەکێك لە توێژینەوەکان ئەوەی دەرخستووە ، کە قۆناغی منداڵی (بەتایبەتی قۆناغی ٣-٥ساڵی) بە بناغە دادەنرێت بۆ گەشەکردنی داهێنان، چونکە تێیدا تیکڕای گەشەکردن و بڕی فەرمان وچالاکیەکانی داهێنان لەهەموو قۆناغەکانی تری داهاتوو زیاترە))[2] ئەوەش بێگومان ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە قۆناغی منداڵیی چەند گرنگەو وەکو بناغەی خانوو وایە، ئەگەر خانوویەك بناغەکەی پتەو وباش بوو، ئەوا بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی ڕادەگرێت و بەئاسانی ناڕووخێت.ئەگەر منداڵیش قۆناغی (منداڵیی) خۆی بە تێرو تەسەلی لە رووی ماددی و مەعنەویەوە بە سەر برد، ئەوا لە دواڕۆژدا ، مرۆڤێکی داهێنەری لێ دەردەچێت ئەویش نەوەکانی خۆی بە میتۆدێکی زانستی و شێوازێکی مەدەنییەوە پەروەردە دەکات و وەکو دابو نەریتێك زنجیرەکە بەردەوام دەبێت و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو وشارستانی لە جیهاندا لە دایك دەبێت.

---

[1]- د.سمير عبدالوهاب احمد، أدب الآطفال قراءات نظريه ونماذج تطبيقية، ص٢٥.

[2]-کەریم شەریف قەرەچەتانی، چۆنیەتی گەشەکردنی داهێنان،گ:رامان.ژ:٤٨.ل:٣٢.

(جۆن لۆك) دەڵێت :

((منداڵ لەكاتی لەدایك بووندا عەقڵی لاپەڕەیەكی سپی نەنووسراوە.واتە منداڵ لەكاتی لەدایكبووندا هیچ توانست وبەهرەیەكی بۆماوەیی (وراثی) نییەو عەقڵی وەك لاپەڕەیەكی سپی وایە كە هیچی لەسەر نەنووسراوە))[1]

ئەمە قسەیەكی باوە، كە منداڵ لە كاتی لە دایك بوونەوە بوونەوەرێكی بێ تاوانەو وەكو لاپەڕەیەكی سپی و خاوێن هیچی لە باردا نییەو هیچ بەهرەیەكی لە گەڵدا لە دایك نابێت، بەڵكو لە ناو كۆمەڵگادا فێری هەموو دابو نەریتێك دەبێت بە چاكەو بە خراپەوە.

هەروەكو{ (جان جاك رۆسۆ)١٧١٢-١٧٧٨ }دەڵێت: ((سروشتی منداڵ خێرخوازەو هیچ تۆو ئامادە ییەكی شەڕ خوازی تیدانییە بەڵام كۆمەڵ و دامودەزگاكانی بەرەو شەڕخوازی دەبەن ، بۆیە رۆسۆ داوای دەكرد كە منداڵ دوور لە كۆمەڵ و دامودەزگاكانی لە سروشتدا بژی))[2]

ئەو رایەی كە دەڵێت بەهرە، بوونێكی وای نیە لە جیهانی منداڵدا، یان لە دایك بوونی توانا لە گەڵ لە دایكبوونی خودی منداڵدا رەنگە هێشتا جێگای تێڕامان بێت وگفتوگۆ زیاتر هەڵبگرێت.بەهرەو تواناو كارتێكردن، سێ رەگەزی سەرەكین بۆ بوونی كەسێك بە نووسەر، یان شاعیر، یان داهێنەر. بێگومان ئەوانە لەدواییدا وەك داشی یاری دەچنەوە ناو یەكتری.ئەگەر بە بڕوای هەندێك كەس بەهرە بوونێكی نەبێت لەو ناوەدا.ئەوا بە رای ئێمە(بەهرە) هەیە بەڵام چەمكی بەهرە لە كۆندا جیاوازە وەك لە ئێستادا.جاران، كە لە سەردەمی(ئەفلاتوون)ەوە شاعیران لەسەر ئەوە دەركران كە راستگۆ نین رۆڵیان تەنها گواستنەوەی ئەو ئیلهامەیە لە خواوەندەوە بۆ مرۆڤەكان، بەڵام ئیستا رەنگە شاعیری منداڵ ، یان گەنج ئیلهام لە شتێك وەربگرێت، كە سەرنجی رابكێشێت وەك دیمەنێكی سروشت، یان دیمەنی كچێك، یان منداڵێكی بێ كەس،

---

[1] -كەریم شەریف قەرەچەتانی، سایكۆلۆژیای منداڵ،چاپخانەی زانكۆ،هەولێر،١٩٩٨،ل٩.

[2] د.سمير عبدالوهاب احمد، ادب الاطفال قراءات نظريه ونماذج تطبيقيه، دار المسيرة للنشر والتوزيع الفني، عمان-الاردن، ٢٠٠٦، ص٢٥.

یـان دیمـەنێکی جـەرگبڕی تراژیـدی ببێتـە هـەوێنی نووسـینی دەقێکـی ئـەدەبی لەشیعر، یان چیرۆك، یان هەر بابەتێکی تردا.

لەوانەیە بتوانین ماوەی منداڵیی دیار بکەین پەیێی فەرموودەی خوای گەورە، کە دەفەرمویت: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ ﴾[1]

((ئەوئایەتـە پـیرۆزە قۆناغـەکانی تەمـەنی مرۆڤـی جیاکردۆتـەوەو دەری خستووە، کە قۆناغی منداڵیی لـە لـەدایك بوونـەوە دەسـت پێدەکات، تـا دەگاتـە ئاستی بالق بوون))[2]

ئاینی ئیسلام ڕێزی لە منـداڵ نـاوەو مـافی پاراستووەوگرنگییەکەشـی دیـاری کـردووە، کـە منـداڵ نـەوەی دواڕۆژەو پێویسـتە دایـك وبـاوك منداڵـەکانیان بـاش پـەروەردە بکـەن و نـاوی خۆشـیان بـۆ دابنـێن و فێـری دابونـەریت و ڕەوشـتی موسولمانانەیان بکەن و لە بەر خوێندنیان دابنـێن و قورئانیـان فێربکـەن، چـونکە منداڵ زۆر هەستیارەو دەبێت بە وردی مامەڵەی لە گەڵدا بکـەیت، بـە تایبـەتی لـە سەرەتای تەمەنی ساوایەتیداوەکوپەپولەوایەو((هەرچی لە منداڵیدا دەخرێتە سـەر ڕووی پەڕە سپی و بێگەردەکانی هۆش ودڵ بە درێژای تەمـەن دەمێنێتـەوەو، کـار دەکاتە سەر ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤ))[3]

مەبەستی نووسەر لێرەدا ئەوەیە، کە هەرچـی بخرێتـە نـاوبیری منـداڵ و هـەر وشەیەك فێـری منـداڵ بکـەیت و هـەر شـێوازێکی پـەروەردە پـەیڕەو بکـەیت ئـەوا کاریگەری دەبێت لە سەر کەسایەتی منداڵەکەو بە درێـژایی تەمـەنی وەك سـێبەر لە گەڵیدادەڕوات و لێی جیا نابێتـەوە.لـە گـەڵ هـەر قۆنـاغێکی گەشـە کـردن ئـەو پەروەردەیەش خۆی نوێ دەکاتەوە.

---

[1]- القرآن الكريم،سورة الحج،الآية٥.

[2]- رأفـت فريـد سـويلم، حقـوق الطفـل في الشـريعة الاسـلامية،دار ابـن الجـوزي،القـاهرة،الطبعـة الاولى،٢٠٠٤،ص٢٤.

[3]- کەمال مەمەند، چـەند وتارێـك دەربـارەی ئـەدەب ورەخنـەی کـوردی، چـاپخانەی ((الحوادث)) بەغدا،١٩٨١، ل١٧.

((نەشوناکردنی منداڵ پەیتاپەیتاو لەسەرخۆیە زیاتر لەوەی پچڕپچڕ بێت و بازدانی تیا هەبێ.سەرەڕای ئەوەی نەشوناکردنی منداڵ پەیتاپەیتایە بەڵام لە هەندێ قۆناغیدا بە پەلەتر ئەڕوا لە قۆناغەکانی تری))[1]

کاریگەری ژینگە و چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ کە رۆلیان لەو بارەیەوە دەبێت. هەروەها بایەخدان بەژیانی تایبەتی منداڵەکە و ئاگاداربوون لە هەڵس وکەوت و جۆری خواردنی و هەموو ئەمانە کاریگەرییان لەسەر نەشوناکردنی جەستەیی منداڵەکە دا هەیە.

((گەشەکردن دیاردەیەکی سروشتیە، کە زیندەوەرو گیانەوەرو ڕووەك لە (لەدایك بوون وپەروەردەوگەشەکردنی لەش) لەیەکیان جیادەکاتەوە))[2]

منداڵ لە قۆناغی سەرەتای ژیانی خۆیدا بە جۆرەها قۆناغ تێدەپەڕێت ئەمەش هەڵبەزودابەز لە گەشەکردنەکەدا بە دەردەخات.هەروەها ئەو قۆناغانە هەندێکیان دەچنە ناو هەندێکی تر و هەندێك بە پێش هەندێکیان دەکەون بۆنمونە دەبینین هەندێك منداڵ زووتر پێ دەگرن، یان هەندێکی تر زووتر قسە دەکەن و هەندێك دوا دەکەون، یان هەندێك منداڵ لەوانەیە تەمەنی ئاسایی ١٠ ساڵان بێت، بەڵام تەمەنی ژیرییەکەی ٨ سا ڵانە یان بە پێچەوانەوە.

د.عبدالله عبدالمنعم دەڵێت:((پێویستە لە سەر مرۆڤ، کە بە بیرکردنەوەو هەست کردن دەست پێبکات کار بکات بۆبیرکردنەوەو هەست کردن وکارکردن، بۆ ئەوەی بتوانێت لەداهاتوودا ببێتە مرۆڤێکی تەواو و پێگەیشتوو.هەرکەس منداڵیی خۆی بەتەواوی نەژێت لە گەنجاتی و پیربوونی خۆی بە تەواوی ناژێت ، هەر وەکو ئەوەی خۆشی و گاڵتە نەزانێت هەرگیز جدیاتیش نازانێت))[3]

بەکورتی منداڵی و قۆناغی منداڵیی بە شێوەیەکی گشتی قۆناغێکی هەستیارو بە نرخە بۆ ژیانی هەرکەسێك، بۆیە دەبێت ئێمەش زۆر بایەخ بە ژیانی منداڵیی منداڵانمان بدەین. ئێمە لەو بابەتەدا بەوەندەی باسمان کرد کۆتایی پێدەهێنین. بەڵام لە بەشەکانی داهاتوودا بە شێوەیەکی روونترو درێژتر لێی دەدوێین.

---

[1]-عبدالستار طاهر شریف، پەروەردەو منالّ،چاپخانەی(دارالعراق)،بەغدا، ١٩٨٠،ل٢٠.

[2]-جەلال خەلەف ژاڵەیی، منداڵ لە قۆناغی دوامنـداڵی وهەرزەکاریـدا، چاپخانەی(حسـام)بەغـدا، ١٩٨٣، ل١٩.

[3]-محسن احمد مصطفى گردى، الطفل محور التربية والتعليم،مجلة آفاق تربوية،عدد: ٨،ص١٠٠.

**٢- ( پێناسەی چیرۆکی منداڵان )**

منداڵ ئـەو بوونـەوەرە مەزنەیـە، کـە نـەوەی دواڕۆژەو پێویسـتە ئێمـەش بـە مەزنی دابنێین و دایك و باوك دەبێت هەست بە گرنگیـی منـداڵانی خۆیـان بکـەن و هەلو مەرجێکی وایان بۆ بڕەخسێنن، کە ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەر ببەنە سەرو دواڕۆژێکـی گـەش بۆخۆیـان و نەتەوەکـەیان دابـین بکـەن بۆیـە بـۆ ئـەوەی زیـاتر شارەزایی دەربارەی ئەدەب وچیرۆکی منداڵان پەیدا بکـەین واچاکە پێناسـەیەکی (چیرۆکی منداڵان) بکەین.

سەبارەت بە پێناسەی چیرۆکی منـداڵان شـارەزایان و نووسـەرانی ئـەو بـوارە زۆر پێناسەیان بۆ چیرۆکی منداڵان کـردووە هەمووشـیان کـۆك نـین لـە سـەر یـەك پێناسە.وا لە خوارەوە هەندێك لەو پێناسانە دەخەینە روو دوایـش هـەوڵ دەدەیـن ئێمەش بەپێی شارەزایی خۆمـان پێناسـەیەك بـۆ چـیرۆکی منـداڵان بکـەین. بـەڵام چونکە چیرۆکی منـداڵان یەکێکـە لـە هونـەرە گرنگـەکانی ئـەدەبی منـداڵان، بۆیـە لەپێشدا دوو پێناسەی ئەدەبی منداڵان وەك نموونە دەهێنینەوە، سمیر عبدالوهاب دەڵێت:((ئەدەبی منداڵان ئەو هونەرەیە، کە منداڵ بەختەوەر دەکات و چـێژی پـێ دەگەیەنێت لە میانەی وێناکردنی سۆزە مرۆڤایەتییـەکان ودەربڕینـی ئـەو سـۆزەو ئەو هونەرەیە، کە وێنەی ژیان دەکێشێت بە پێی جیاوازییەکان، بۆ ئەمـەش زمـان بە کار دەهێنێت))[1]

کەواتە لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە، کە سـۆزە مرۆڤایەتییـەکان هـەن.بـەڵام دەبێت یەکێك هەبێت، کە ئەو سـۆزو کانیـاوە ئەدەبیانـە لـە شـێوەیەکی دانسـقەو جواندا و لە قاڵبێکی ئەدەبی بە پێزو ئاساندا پێشکەش بە منداڵان بکات.

دیسانەوە د.هادی نعمان الهیتی دەڵێ:((ئـەدەبی منـداڵان کۆمـەڵێك ئـەنجامی ئەدەبی پێشینەیە بـۆ منـداڵان، کـە چـاودێری تایبەتمەنـدی و پێداویسـتییەکانیان دەکات لە ئاستی گەشەکردنیان، بە واتـای ئـەدەبی لـە واتـای گشـتی هـەموو ئـەو شتانە دەگرێتەوە کە پێشکەشی منداڵان دەکرێت.لە منداڵێتی ئەوان لە کەرەسەی واتاو بیرۆکەو هەستیان))[2]

---

[1]- سمیر عبدالوهاب احمد، ادب الاطفال قراءات نظریه ونماذج تطبیقیه.ص٧٥.

[2]- د.هادي نعمان الهیتي، ثقافة الاطفال، المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب، الكویت، ١٩٨٨، ص٥٥.

بەپێی لێکدانەوەی ئەو پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێت کە (ئـەدەبی منـداڵان)و چــیرۆك بەتایبــەتی لــە خــودی منداڵانــەوە هەڵــدەقوڵێ وبەشــێکی دیکــە لــە گەورانەوەیەو پێشکەشی منداڵان دەکرێت ئەمەش دەتوانین ناوی لێ بنێین ئەدەب بۆ منداڵان.کاتێـك گـەورەش رووبـەڕووی ئـەو کـارە دەبێتـەوە خـۆی لـە بەرامبـەر تاقیکردنەوەیەکی وردو گراندا دەبینێتەوە.

هەروەك تۆفیق ئەلحەکیم کە لە ساڵی ١٩٧٧ دا هەندێك حەکایەتی بۆ منداڵان نووسیووە گوتوویەتی:((سادەیی گرانترە لـە قـوڵ بوونـەوە، ئاسـانەکە بنووسـم و قسە بکەم بە ئاخاوتنێکی قووڵ، بەڵام ئاسان نیە شـێوازێکی سـادە هەڵبـژێرم کـە گوێگر واهەست بکات کە من لە لای ئەو دانیشتووم و مامۆستای ئەو نـیم، ئەوەیـە کێشەی من لە گەڵ ئەدەبی منداڵاندا))[1]

مەبەستی نووسەر ئەوەیە زۆر کەس وا تێگەیشتوون، کە نووسین بـۆ منـداڵ و لێکۆڵینــەوە لــە ئــەدەب وچــیرۆکی منــداڵان کــارێکی ســادەو ئاســانە.ئەوانــە لــە رایەکانیان هەڵەن چونکە، نووسەر هەتا دەقێکی بەرز بە شێوازێکی سادەو ئاسـان دەربـبڕێـت و خۆشـی و بـزەو پێکـەنین بخاتـە سـەر لێـوی منداڵانـەوە زۆر مانـدوو دەبێت.

لەبارەی چیرۆکی منداڵانیشەوە شارەزایانی ئەو بوارە هەریەکـەو بەشـێوەیەك پێناسەیان کـردووە، زیـاتریش لەگـەڵ ئەدەبـدا باسـیان کـردووە هـەروەك د.عـەلی ئەلحەدیدی دەڵێت : ((چیرۆکی منداڵان بڵاوترین رەگەزی ئەدەبی منداڵانە دەبینین چەندین رەگەزی هەیە وەك گرێچن، ژینگەی کاتی و شوێنی، بابـەت و کەسـایەتی، شێوە و قەبارە. هـەر کردەوەیـەکی چـیرۆك بـۆ منـداڵان دەبێـت هەنـدێك رووداوی لابەلایی تێدابێت کە دەکەوێتە سەر مرۆڤ یان ئاژەڵ یان جنۆکە هەتاکو شـتی بـێ گیانیش لەگەڵیان دەدوێت))[2]

دەبێت ئەوەش بزانین کە مـەرج نیـە بەرهەمـەکانی منـداڵان لـە سـەرەتادا بـۆ منداڵ نووسرابن، گرنگ ئەوەیە منداڵ سوودی لێببینێت وچێژی لێ وەربگرێت.

---

[1]- فاضل عباس الكعبي، المداخل التربوية ومرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الاطفال،دار الشؤون الثقافية العامة،بغداد،١٩٩٩،ص٢٦.

[2]- د.على الحديدي، في ادب الاطفال ص ١٢٠ .

هەروەها حەمە کەریم هەورامی دەڵێت:((چیرۆك لای منداڵان دڵگیرترین جۆری پەخشانە و دەتوانێ بەئاسانی منداڵان بۆ ناو کەش و هەوای خۆی راکێشێ و بیانخاتە ناو ئەندێشەیەکی جاویدانییەوە و لەوێدا فیکر و هۆشیان بخاتە کار))[1]

لە میانەی ئەو دوو پێناسەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئامانج لە(چیرۆکی منداڵان)دا پەروەردەکردنە.راهێنان و فێرکردنییەتی لە بارەی زمان و ئەدەب و رەوشتی جوان و پێگەیاندنی نەوەکانی دواڕۆژمان و ئەو رێگایەی، کە ئەدەبەکەی پێ دەگەیەنرێتە منداڵ، ئەمەشیان زۆر گرنگەو سەرکەوتنی ڕێگای هەڵبـژێردراو سەرکەوتنی کارە ئەدەبیەکەیە.

لە میانەی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا ئێمەش بەم شێوەیە پێناسەی چیرۆکی منداڵان دەکەین: چیرۆکی منداڵان بریتییە لەو چیرۆکانەی، کە لە لایەن نووسەرو شارەزایانی ئەو بوارەوە بۆ منداڵان دەنووسرێن و ئەو چیرۆکانەش دەگرێتەوە، کە منداڵی بەهرەمەند دەیانووسێت، لەزۆربەی باردا شەقڵی حەکایەتی پێوە دیارە و ئامانجی سەرەکیش لە نووسینی ئەم چیرۆکانە چێژ پێدان و سوودبەخشینە بە منداڵ و گەشترکردنی جیهانی منداڵە.

هەروەك پێشتر باسمان کرد، کە پێناسەی زۆر بۆ (ئەدەبی منداڵان) کراون هەموو پێناسەکانیش دەقاودەق یەك ناگرنەوە، بەڵام هێڵە سەرەکییەکەیان زۆر لە یەکتری نزیکە.گرنگ ئەوەیە، کە ئەو بەرهەمانە سوود بە منداڵ بگەیەنن ولە رووی پەروەردەی دەروونی و رەوشتییەوە سوودێکی تەواو بەمنداڵ ببەخشن و چیرۆکی منداڵانیش بەرەگەزەکانی تایبەتی خۆی لە هونەرەکانی تر جیادەکرێتەوە بۆ نموونە لە چیرۆکی منداڵاندا دەبێت رەچاوی کات بکرێت کەکاتێکی کەم بێت، گرێچنی ئاڵۆز نەبێت، رووداوی سادە بێت....هتد هەموو ڕەگەزەکان دەبێت لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵان دا بێت، بەتایبەتی بۆمنداڵانی (٣-٥ساڵی )و(٦-٨ساڵی) بەڵام بۆ تەمەنەکانی تر دەکرێت گۆڕانکاری لەم رەگەزانەدابکرێت ولەئاستی قۆناغەکاندابن.

---

[1]- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم ،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردستان،هەولێر، ٢٠٠٥،ل٦٧.

### ٣- (گرنگیی چیرۆکی منداڵان)

(ئەدەبی منداڵان) بەتایبەتی چیرۆك لە زۆر لایەنەوە گرنگیی و بایەخی خۆی هەیە.بۆیە لە روانگەی چەند بیرو بۆچونێکەوە گرنگیی ئەدەب و چیرۆکی منداڵان دەخەینە روو.پێویستە ئەوەش بڵێین، کە منداڵ پێش ئەوەی داوای بەرهەمی لێ بکرێت دەبێت رۆشنبیر بکرێت و وای لێ بکرێت خوێندنەوەی خۆش بوێت و بەرە بەرە لەسەر خۆ رۆشنبیرکردن رابهێنرێت.

((ئەدەبی منداڵان رۆڵێکی گرنگ لە پێکهێنان و دامەزراندنی کەسایەتی منداڵدا دەگێڕێ.ئەو بەهاو خوو نەریت و بیروباوەڕو گۆرانی و ئاوازو یاری و دیلانێ و هەڵس و کەوتانەی منداڵان لەگەڵ گەشەکردنیاندا دەبنە زەمینەی بناغە دانانی کەسیەتییەکەیان، ئیدی گۆڕانکاری لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بناغەدا کارێکی ئاسان نابێ))[1]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەمنداڵ فێری خووڕەوشت و بەهاو شتە پیرۆزەکان دەبێت، چونکە ژینگەی منداڵ کاریگەرییەکی تەواوی دەبێت لەسەر دامەزراندنی رەگ وریشەی ئەو نەریت و خووڕەوشتانە.

((بە شێوەیەکی گشتی منداڵان پێش سەرهەڵدانی(ئەدەبی منداڵان)وەنەبێت دووربووبن لە ئەدەب زۆر جاران گوێیان لە حەکایەت و مەسەلەو رۆمان و پەندو گەشتەکان بووە، کە خەڵکی گێڕاویانەتەوە، یان لە کۆڕو مەجلیسەکاندا بەمەبەستی کات بەسەربردن بینیویانە لەو ئەدەبەشدا کەلتوری ئاین و کەلتوری گەل هەبووە، کە هەڵگری فیکرو بەهاکان بوونە))[2]

کەواتە ئایین و گەل دوو سەرچاوەی گرنگن کە(ئەدەب و چیرۆکی منداڵان)یان پێ دەوڵەمەند بکرێت و لەسەر پەیڕەوکردنی یاساکانی ژیان ڕابهێنرێن.

((چ بەهایەکی گەورە دەدرێتە ئەدەبی منداڵان، چ ئومێدێکی گەورەیە، کە پەیوەستە بە بایەخدان بەو ئەدەبە لە بیناکردن و پەروەردەکردنی مرۆڤی نوێ.مرۆڤی هێزی راستەقینەی ئیجابی–کەدەتوانێت دوارۆژێکی پرشنگدار، کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات دابینی بکات))[3]

---

[1]- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کوردبەرگی یەکەم،ل٣٣.

[2]- د.هادي نعمان الهيتي، ثقافة الأطفال، ص ١٥٨، ١٥٩.

[3]- د.عيسى الشماسى، القصة الطفلية في سورية، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٦، ص٣٠.

بێگومان یەكێك لە گرنگییەكانی (ئەدەب و چیرۆكی منداڵان) پـەروەردەكردنی منداڵەو بە شێوەیەكی زانستییانەو دوور لە دەمارگیری و شەڕانگێزی و دابینكردنی دواڕۆژێكـی پڕشـنگدار بـۆ منداڵـەكانمان، ئەمـەش بـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنێكی زانستی و ئەخلاقی بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی زانستی و ئەخلاقی لە هەمان كاتدا.

یەكێك لە ئامانجەكانی ئەدەبی منداڵان ئامانجی باوەڕوبڕوایە:

(بایـەخی ئـەو جـۆرە ئامانجـە ئەوەیـە، كـە گـەورەو پیـاوانی ئـایینی بتـوانن عەقیدەی ئایینی خۆیان لە دڵ و دەروونی منداڵەكانیاندا پچەسپێنن.بـۆ نمونـە لـە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، منداڵ فێری خۆشەویستی خودا دەكرێت هەروەها باسـی یەكتا پەرستیی بۆ روون دەكرێتەوە.ئیسلام سوورە لەسەر ئـەوەی، كـە یەكـەمین شت، كە منداڵی ساوا گـوێ بیسـتی بێـت دەبـێ هـەردوو شـایەتمانەكان بـن.چـەند جوانن ئەو شیعرانەی كە بە دروستكەری جیهاندا هەڵدەدەی یان چەند جـوانن ئـەو چیرۆكانەی كە ژیـانی پێغەمبـەر(د.خ) دەگێڕنـەوە بۆیـە منـداڵ پەیوەنـدی باشـتر دەبێـت بـە قورئـانی پـیرۆز.هـەروەها لـەم ڕێگایـەوە خۆشەویسـتییان بـۆ خـودی پێغەمبەر(د.خ) زیاتر دەبێت)[1]

ئەمـەش لـە زۆربـەی ئاینـەكان پـەیڕەوی دەكرێـت، نـەك هـەر تـەنها ئـایینی ئیســلام هــەروەك لــە ئــایینی مەسـیحی و جوولەكـەو ئێزیدیـەكانیش هەسـتی پێـدەكرێت.بۆیـە لـە ڕێگـەی ئـەو ئەدەبـەوە، كـە لـە شـێوەی شـیعرو چـیرۆك وشـانۆگەریەوە ئـەو بـاوەڕە لـە مێشـكی منـداڵانی خۆیـان دەچـێنن كـە، خۆیـان باوەڕیان پێ هەیە.

گرنگیی و بایەخی ئەدەبی منداڵان زۆر لەوە زیاترە كە ئێمە بتوانین لێرەدا بە درێژی باسی بكەین لە بەر ئەوە پێویستە دایك وباوك و پەروەرەكاران زیـاتر دەرك بەو گرنگییە بكەن و لایەك لە منداڵەكانیان بكەنەوە.

---

[1]- سمیر عبدالوهاب احمد، ادب الأطفال قراءات نظریه ونماذج تطبیقیة، ص٥٩.

٤- (**رۆشنبیریی منداڵان**)

سەبارەت بە رۆشنبیریی منداڵان زۆر راو بۆچوون و لێکۆڵینەوە کراون.هەریەکەو بە جۆرێك باسی رۆشنبیریی منداڵان یان رۆشنبیرکردنی منداڵانیان کردووە.

((بایەخ پێدانی جیهانی پێشکەوتوو بە منداڵ ئەنجامی تێگەیشتنی مرۆڤایەتییە مەترسیی قۆناغی منداڵی.کارتێکردنی ئەم قۆناغە لە دوارۆژی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی باش بێ یان خەراپ))[1]

هەر میللەتێك رێز لە کەسایەتی منداڵ بگرێت و پێویستییەکانی بۆ دابین بکات و هەوڵ بدات بۆ دەستەبەرکردنی مافی منداڵانی نەتەوەکەی بێگومان ئەو میللەتە پێشکەوتوەو لە دوارۆژدا دەکەوێتە ژیانێکی پڕ لە شارستانییەت و پێشکەوتن، چونکە شتێکی بەڵگە نەویستە، کە دوارۆژی جیهان لە دەست منداڵ دایە.

((زانیاریی منداڵان لە شاردا جیاوازی هەیە لە گەڵ زانیاریی منداڵان لە لادێدا، و زانیاریی منداڵان لەو قوتابخانەیە جیاوازی هەیە لە گەڵ زانیاریی منداڵان لە قوتابخانەیەکی تردا، لەو خێزانەو خێزانێکی تردا، تەنانەت لە نێوان دوو منداڵیشدا))[2]

بێگومان ئەمە رۆڵی ژینگەی منداڵ دەردەخات لە لایەکەوە، وەهەروەها رۆڵی پێکهاتەی فسیۆلۆجی و دەروونی منداڵ دیار دەخات لە لایەکی ترەوە، بۆیە هەمیشە دەبینین، ئەگەر دوو منداڵ لە یەك خێزانیش بن، تەنانەت(دووانە)ش بن، ئاستی رۆشنبیری ودەرککردنی زمان و رەوشتیان سەداسەد وەکو یەك نابێت.

((هەروەك بۆ رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا کەرەسەی گەیاندنی زانراو هەیە، ئامانجی داواکراو جێ بەجێ دەکات، هەروەها بۆ رۆشنبیریی منداڵانیش کەرەسەی گەیاندنی خۆی هەیە.گرینگترینیان ئێزگەو تەلەفزیۆن وسینەماو شانۆو رۆژنامەو زۆری دیکەش، جگە لە کەرەستەی گەیاندن، لە شێوەی گەیاندنەکانی تایبەت لە نێوان منداڵێك و یەکێکی ترو لە نێوان گروپێك و گروپێکی تردا))[3]

---

[1]- عبدالستار طاهر شریف، وشەو ڕستە لای منداڵ لە تەمەنی ١-٦ساڵ،بەغدا،١٩٨٦،ل٨.

[2]- فاضل عباس الکعبی، المداخل التربويةومرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الأطفال، ص١٢.

[3]- نفس المصدر السابق،ص١٥.

لێرەدا مامۆستا (فاضل عباس الكعبی) رۆڵی خێزانی فەرامۆش كردووە، كە بێگومان هەمووماڵ دەزانین، كە ژینگەی ماڵ كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لەسەر منداڵ بەتایبەتی ئەومنداڵانەی كە دایك وباوكیان خوێندەوارن و رۆشنبیرن دەبینین منداڵەكانیشیان زیرەكترو رۆشنبیرترن لەو منداڵانەی، كە دایك وباوكیان نەخوێندەوارن و بە باشی لە گرنگیی منداڵ ناگەن و مافیان بۆ دابین ناكەن.

كەرەسەكانی راگەیاندن بە هەموو جۆرەكانییەوە رۆلیان هەیە لە پێشخستن ودابەزاندنی ئاستی رۆشنبیریی منداڵان.هەروەها چوونەدەرەوەی منداڵ لە ژینگەی داخراوی ماڵ بۆ ژینگەی كراوەی ناو كۆمەڵ ئەمەشیان رۆڵێكی ئەرێنی گەورە دەگێرێت لە رۆشنبیركردنی منداڵدا و لە كرانەوەی پەردەكانی مێشكیدا بە مەرجێك ئەو منداڵە لە ژێر چاودێری دایك و باوك یان پەروەردەكاراندا بێت و بەشێوەیەكی باش پەروەردە بكرێت چونكە كەرەسەكانی راگەیاندن رۆڵی سەلبیشیان لەپەروەردەكردنی منداڵدا هەیە.

((قووڵكردنەوەی هۆشیاریی رۆشنبیری بۆ منداڵ بۆ بیناكردنی كەسایەتیی منداڵ و ئامادەكردنی بۆ ژیان و تێكەڵبوونی لە گەڵ كاریگەرییە رۆشنبیرییەكان و گۆڕانكارییە زانستی و تەكنەلۆجییەكاندا لەسەرەتای سەدەی بیستویەكدا كارێكی بنچینەیی یە))[1]

ئەمەش بە مەبەستی بە هێزكردنی كەسایەتیی منداڵەكەیە، چونكە چەند زیاتر خۆت لەگەڵ منداڵدا ماندو بكەیت، ئەوەندە لە دوارۆژدا پێی دەحەسێیتەوە و بوونەوەرێكی بەسوودی بۆ كۆمەڵەكەی خۆی لێ دەردەچێت.

((بەم شێوەیە ئەدەبی منداڵان چووە ناو ناخی پەروەردەوە بە هەموو رەهەندەكانییەوە.وئەدەبی منداڵان جێگایەكی دیارو بەرزی داگیر كردووە لەسەردەمی ئەمڕۆدا بە تایبەتی لە لایەن نەتەوە پێشكەوتووەكانەوە، كە زۆر بایەخ بە ئەدەبی منداڵان دەدەن، دوای ئەوەی، كە بیرو را گۆڕا دەربارەی منداڵ—چیتر منداڵ ناخرێتە پەراوێزەوە لە بەرئەوەی ژیان بەردەوام نابێت، ئەگەر منداڵ نەبێت و بایەخیشی پێ نەدرێت))[2]

---

[1]- سمير عبدالوهاب احمد، أدب الاطفال قراءات نضرية ونماذج تطبيقية،ص١٢٥.

[2]- د.عيسى الشماسى،القصة الطفلية في سورية.ص٣٣.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە شێوازی پـەروەردەکردن و چـاودێری کـردن و بایەخـدان بـە کـەلتوری کۆمەڵایـەتی و بـەهاکانی ئـەدەبی منـداڵان، کـە ئـەرکی پەروەردەکارو دایك وباوك و لە هەمان کاتدا حکومەتیشە بڕیار لە سەر رۆشـنبیریی منداڵ دەدات، واتە بە منداڵێك دەڵێن رۆشنبیر، کـە ئـەرك و مـافی خـۆی بەرامبـەر کۆمەڵەکەی بزانێت و توانای ژیری بە هێز بێت.

بۆیە((ئەدەبی منـداڵان بـە هـەموو هونەرەکانییـەوە، وە چـیرۆك بـە تایبـەتی یەکێکە لەو رێگا سەرەکییانەی کە دەربڕی ئـەو بایەخدانەیـە بـە منـداڵ و جیهـانی منداڵان)) [1] بۆیە دەبیـنین ئـەو ڕێگایـە، (مەبەسـت ڕێگـای بایەخـدان بـە ئـەدەبی منـــداڵ و خـــودی منـــداڵ خـــۆی)، هەروەهاقوتابخانەوراگەیانـــدن وگەشـــت وگوزارئەمانەگشتیان شەقامێکی راسـت ورەوانـە بـۆدابینکردنی دواڕۆژێکـی گـەش بۆمنداڵانی جیهان.

((سەبارەت بـە پەیوەنـدیی نێـوان رۆشـنبیری و گەشـەی کۆمەڵایـەتی منـداڵ دەتوانین بڵێین مادام منداڵ لـە رۆشـنبیرییەکدا دەژی، کـە ژینگـەی کۆمەڵایەتییـە سەرەتاییەکانە وەك خێزان، دراوسێ وبرادەرانی یـاری و..هتـد.منـداڵ لەگـەڵ ئـەو یەکانە کار لە یەك دەکەن و هەندێك لە داب ونەریت و بەهاو پێوەرو بیر بە دەست دەهێنێت، رەوشتی ئاراستەیەکی دیکە بەخۆوە دەبینێت، ئەمـەش دەیگوازێتـەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی)) [2]

واتە منداڵ بە رزگاربوونی لە ژینگەی داخراوی مـاڵ، رۆشـنبیرییەکەی فـراوان دەبێت و باوەڕی بەخۆی زیاتر دەبێت و، کە دەچێتە قوتابخانـە، دەبینێـت وەکـوماڵەوە نییە و کەسیش نازی هەڵناگرێت.یان لە کۆڵان و گۆڕەپـان و لـەکاتی یـاری کردن لە ناو منداڵاندا دەبینێت هـەموو کـەس لەگـەڵ ئـەودا نـین و گیـانی بـەرگری کردن لـە خـۆیی وجـۆرە کەسـایەتییەکی لـەلا دروسـت دەبێـت.ئەمانـە هـەموویان وادەکەن کە منداڵ بیری بکرێتەوەو رۆشنبیرییەکەی زیاد بکات.

---

[1]- نفس المصدر السابق، نفس الصفحة.

[2]- د.هادى نعمان الهيتى، ثقافة الاطفال،ص٤٦.

((رۆشنبیری کاریگەری لـە سـەر منـداڵ هەیـە.ئـەو رۆشـنبیریەی، کـە کۆمـەڵ پیـادەی دەکـات وەك:کۆئەنـدامی هەناسـەدان کاریگـەری دەبێـت بـە گـوێرەی لـە بەرکردنی جل وبەرگ و وەرزش کردن، یان کۆئەندامی هـەرس کاریگـەری لـە سـەر دەبیٚ بە رێگای جۆری خواردنەکەو رێگای خواردنیشی))[1]

بێگومـان هـەر داب ونـەریتێك، کـە کۆمـەڵ پیـادەی بکـات، منـداڵ لاسـایی دەکاتەوەو کاریگەری لە سەر دەبێت، شێوەی خـواردن و کـۆڕو مـەجلیس و بۆنـە خۆش وناخۆشەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر هەموویان منداڵ پـەروەردە دەکەن و رۆشنبیریی زیاد دەکەن.ئەمەش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تـرو لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر دەگۆڕێت.

رۆشنبیری کاریگەرییەکی زۆری لە سەر پـەروەردەکردن و پێگەیانـدنی منـداڵ هەیە.هەر لە کاریگەریی دەروونی و سایکۆلۆجی و ئەدەبیدا.ئیدی ئەو رۆشـنبیرییە هاوتەریب لـە گـەڵ تەمـەنی منداڵەکـە وەك پێپلیکانـە سـەردەکەوێت.بـە تایبـەتی زانایـان زۆر باسـی قۆنـاغی منـداڵی دەکـەن لـە(٥)سـاڵی یەکـەمی ژیانیـدا.هـەر رەوشتێکی لەو تەمەنە فێری بێت ئەوا لە کەسایەتی منداڵەکەدا رەنـگ دەداتـەوە، بۆیە رۆشنبیرکردنی منداڵ لە سەرەتاکانی قۆناغی منداڵیدا ئەرکێکی پـەروەردەیی گەورەیەو خزمەتێکی گەورەش لە دواڕۆژدا بە جیهان دەگەیەنێت.

---

[1] -نفس المصدر السابق،ص٤٧.

## تەوەری دووەم :

## ( قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان و دەرککردن لای منداڵان )

منداڵیی قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری ژیانی هەر کەسێکە. کاتێك ئێمە دەچینەوە ژیانی منداڵی و خۆمان منداڵ دەبینەوە چەند ساتێکی خۆش بەسەر دەبەین بەڵام لە پڕێکەوە وەکو بڵقی سەر ئاو ئەو خۆشی یە پێمان نامۆ دەبێت کاتێك بێدار دەبینەوە و دەستەکانمان و سەری پەنجەکانمان لەسەر مووە نا ئاساییە میوانەکان چرچ و سارد دەبن.

لەو کاتەی منداڵ لەناو منداڵدانی دایکیدا دروست دەبێت ناوی کۆرپەلەی لێ دەنرێت و هەتا دوایی گەشە دەکات و کە دەگاتە ٩ مانگان ئەو کۆرپەلەیە لەدایك دەبێت و لە دنیایەکی بێ هەواڵ لە جەنجاڵی و ناخۆشی ژیان دێتە دنیایەکی پڕ لە ناخۆشی و ئازار، ئێمە لێرەدا بە پێویستی نازانین هەموو قۆناغەکانی منداڵیی باس بکەین، بۆیە لە تەمەنێك باسی منداڵ دەکەین کە منداڵەکە هەست بەبوونی زمانی خۆی بکات و چێژێکی سەرەتا لە ئەدەبێکی سەرەتا وەربگرێت ((گەشەکردن بەواتای دەروونی زنجیرەیەکە لە گۆڕانکاری جەستەیی و فسیۆلۆجی و ژیری و رەوشتی هەڵچوون و کۆمەڵایەتی کە هەموو تاکێك پێدا تێدەپەڕێت لە هێلکەی پیتێندراوەوە تا دەگاتە قۆناغەکانی تری گەشەکردنی جیاواز لە. جنین، کۆرپەلە، منداڵی تازەبوو، شیرەخۆر، منداڵ، مێردمنداڵ، هەرزەکار، پیاو، پیر، بەساڵاچوو هەتا مردن..))[١]

دەبێت هەموو تاکێك بەو قۆناغانەدا تێپەڕێت، بەڵام جیاوازیی تاکایەتی هەیە زۆر جار دەبینین دوو منداڵ لە یەك تەمەندان بەڵام یەکێکیان ژیرییەکەی لەوی تر پترە، یان دوو کەس لەیەك تەمەندان بەڵام یەکیان مووی ریش و سمێڵی سپی بووە و ئەوی تریش هێشتا تازە لاوێکە.

---

[١] - د.بسام بني ياسين و آخرون، طرق دراسة الطفل، دار المسيرة، عمان -الاردن، ط ١ ، ٢٠٠٢ ، ص ١٣ .

((زانســتی دەروونناســیی گەشــەکردن، بایــەخ بــە لێکۆڵینەوەلەســەر منــداڵ دەدات. چونکە گەشەی زوو کاریگەریی راستەوخۆی لەتاك دەبێت لـەورووەوە کـە لەمەودوا چۆن کارەکانی ئەنجامبدات))[1]

هەروەك گوتمان گەشەکردنەکان زۆرن وەك گەشـەی لەشـی منـداڵ و گەشـەی ژیـری و گەشــەی زمـانیی و گەشــەی کۆمەڵایـەتی، ئـەم کـارە لەگـەڵ بابەتێکـدا کاردەکات کە زمان تێیدا سەرەکی یە بۆیە باس لە لایـەنی زمـان دەکـەین چـونکە ((زمان لای منداڵ رەگەزێکی گرنگە لە ژیان و پێشکەوتنی ژیریدا، بـە تایبـەتی لـە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانیدا. گەشەی زمانی بە یەکێك لە دیـاردە سـەرەکیەکانی گەشەی منداڵ دادەنرێت. بۆیـە هـەر دەبێـت چـاودێری لایەنـەکانی زمـانی منـداڵ بکرێـت و ئـەو زمانـە بقۆزرێتـەوە هـەتا بتوانرێـت بـۆ فێرکردنـی زمـان کـەڵکی لـێ وەربگیرێــت، چــونکە قۆنــاغی منــداڵیی بــەگرنگترین قۆناغــەکانی ژیــانی مــرۆڤ دادەنرێت))[2]

منــداڵ بــەزۆر شــێوە فێردەبێــت، زۆر گرنگــە ئێمــە لــە شــێوە و رێگاکــانی فێرکردنی زمان بـۆ منـداڵان شـارەزاییمان هـەبێت. ((منـداڵ زمـان فێردەبێـت لـە میانەی پەیوەندی کردنی بە ژینگەی رۆشنبیری بە شێوەیەکی رەمەکی کە بریتییە لەشــێوەی لاســایی کردنــەوە و گفتوگــۆ. پاشــان دەتوانێــت زۆر وشــەو رســتەو دەســتەواژە دەرببڕێـت بـە رێگایـەکی رەمـەکی و ئـەوەی پشـتی پـێ دەبەسـتێت پێشکەوتنی زمانی منداڵە بە ئاستی گەشـەکردنی جەسـتەیی و ژیـری و هەڵچـوونی دەروونی بـە تایبـەتی گەشـەکردنی دەزگـای لەشـی کـە پەیوەنـدیان بـە کرداری کۆکردنەوە هەیە. بەڵام بەکارهێنانی زمـان بـە رێژەیـەك پشـت بـە زانیـاری منـداڵ دەبەستێت کە تایبەتن بە زمانی خۆی))[3]

---

[1] حمادة عبدالسلام، نایف احمد سلیمان، طرق دراسة الطفل، دار صفاء، عمـان - الاردن، ٢٠٠٥، ص ٢٧.

[2] د. عبدالستار طاهر شریف، الذخیرة اللغویة عند الطفل الکردي، دار الثقافة والنشر الکردیة، بغـداد - العراق، ١٩٨٤، ص ٨.

[3] - د.سمیر عبدالوهاب، ادب الاطفال قرآت نظریة ونماذج تطبیقیة، ص ٢٨٧.

واتــه هــەر گەشــەكردنێكی پوخــت و چــالاكانەی لــەش و دەروون و ژیــری كاردەكاتــه ســەر گەشــەكردنی زمــانی منداڵەكــه  ژینگــەی منــداڵ كاریگــەری هەیــه لەسەر بەرەو پێش چوون یان دواكەوتنی زمانی منداڵ.

((نەش و نماكردنی زانیاری لای منداڵان بەپێی رای ( برونر ) كــه یەكێكــه لــه زانــا گــەورەكانی ئەمــەریكا. تیۆریــەكانی لەســەر ئــەوە دامەزرانــدووە كــەوا جــۆری ئــادەمیزاد بەهــەموو رەگــەزو كۆمەڵگاكانیــەوە لەسەرچــاوەیەكی یــەكگرتووەوە دروست بووە و دوولایەنی جیاوازی لەگەڵ گیانــدارەكانی خــوارەوەی خۆیــدا هەیــه ئەوانیش لایەنی بایۆلۆجی و لایەنی كۆمەڵایەتین))[1]

ئــەو رایــه بــۆ ئــەوەمان رادەكێشــێت كــه بــۆ یەكــەم جــار مــرۆڤ لــه دەنگــه سروشتییەكانەوە فێری زمان بووە. منداڵیش دەگەڕێتەوە سەر توخمەكەی خــۆیی و له رێگەی لاسایی كردنەوە وە گوێ بیستی دەنگە سروشتییەكان دەبێت و فێری زمــان دەبێــت. ((زمــانی منــداڵ لــه نێــو منداڵــدانی دەنگــه سروشــتییەكاندا لــەدایك دەبێت))[2]

ســەبارەت بــه قۆناغــەكانی گەشــەكردنیش. زانایــان لەســەر یــەك شــێوە دابەشكردن كۆك نین. هەریەكــەو بــه پێــی بۆچــوون و زانیــاری خــۆی قۆناغــەكانی دابەشــكردووە، قۆنــاغی هــەر تەمــەنێكیش بــه ســاڵ دیــاری كــراوە، وا لێــرەدا هەندێكیان باس دەكەین :

١- ئەریكسۆن ( Arick Son ) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشیدەكات :-

١- له لەدایك بوونەوە تا ١٨ مانگی

٢- له ١٨ مانگانەوە تا ٣ ساڵی

٣- له ٣ ساڵی بۆ ٦ ساڵی

٤- له ٦ساڵی بۆ ١٢ ساڵی

٥- له ١٢ ساڵی بۆ ١٨ ساڵی[3]

---

[1] عبدالستار طاهر شريف، نەشو نماكردنی زانیــاری لای منــداڵان، بەڕێوەبەرایــەتی رۆشــنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغدا ١٩٨٢، ل ٣٦.

[2] - نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، چاپخانەی ڕوون، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٢.

[3] فازل مەجید مەحمود، شیعری منداڵان له ئەدەبی كوردیدا، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢١ .

٢- جان بياجيه : Gean Piget

بياجيه بەم شێوەیە قۆناغەکانی گەشەی منداڵی دابەشکردووە :

١- لە لەدایك بوونەوە تا ٢ساڵی

٢- لە ٢ ساڵانەوە تا ٧ ساڵی

٣- لە ٧ ساڵانەوەتا ١١ ساڵی

٤- لە ١١ساڵانەوە تا ١٤ ساڵی[١]

هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد، ئێمە لەو قۆناغە دەست پێدەکەین کە منداڵ هەست بە بوونی خۆی دەکات و تام و چێژ لەجۆرە ئەدەبێك وەردەگرێت کە ئەویش تەمەنی ٣ ساڵ بەرەو ژوورە، چونکە منداڵ پێش ئەم تەمەنە چێژ لە هیچ جۆرێکی ئەدەبێك وەرناگرێت.

سەبارەت بەو دابەشکردنەی پەیڕەومان کردووە ئەوەیە کە زۆر لە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی منداڵانی کورد بەم شێوەیە کردوویانەو ئێمەش لەسەر ئەم شێوازە ڕۆیشتووین و لە تەمەنی ٣ ساڵییەوە دەستمان پێکردووەو تا تەمەنی ١٥ ساڵی کە قۆناغی منداڵی تێدەپەڕێنێت.

**١- قۆناغی ریالیستی ( ٣-٥ ساڵی )**

منداڵ لەو قۆناغەدا لە ژینگەی داخراوی ماڵدایە سنورێکی تەسك نیشتیمانی منداڵانی ئەو قۆناغەیە ((منداڵ لەو قۆناغەدا پەیوەستە بە دایك و خێزان و ئەو شتانەی لەدەوروبەریدان وەك ( ماڵ، باخچە، شەقام، گیاندارە ماڵییەکان) بۆیە ئەو ئەدەبەی بۆ ئەو قۆناغە دەگونجێت حەکایەت و چیرۆکە واقیعییەکانە کە دەربڕی ئەو ژینگە سنوردارەیە))[٢]

مەبەست ئەوەیە ئەدەبێکی بۆ ئامادە بکرێت کە زۆر لەم سنورە دوور نەکەوێتەوە چونکە ((منداڵ پێش ئەو تەمەنە هەست بە بوون و ئارەزووی خۆیان

---

[١] - د.بسام بنی یاسین واخرون، طرق دراسة الطفل، ص ١٢٣.

[٢] - د. عبدالفتاح ابو معال، ادب الاطفال واسالیب تربیتهم وتعلیمهم، ص ٥٣.

ناکەن، لەم تەمەنەدا دەکەونە بەر کاریگەریی ژینگە، لەبەر ئەوە رۆڵی دایك و باوك لەو ساڵانەدا بۆ پێگەیاندنی کەسایەتی منداڵ کاریگەر دەبێ، لەلایەکی دیکەشەوە منداڵ لەم تەمەنەدا هەست بە چێژی هەندێ بابەتی ئەدەبی وەك شیعر دەکات))[1]

وا باشترە ئەو بابەتانەی بۆ منداڵانی ئەو قۆناغە دەنوسرێن بە خەتی شاش و روون و ئاشکرا بنووسرێن و وێنەی رەنگاو ڕەنگی سەرنج راکێشیان لەگەڵ دابنرێن.

چونکە ((پێنج ساڵی یەکەم لە ژیانی منداڵدا ئەو ماوەیە یە کە بناغەکانی پەروەردەی یەکەمی لەسەر جێگیر دەبێت، لەسەدا نەوەدی کارەکانی دایك و باوك لەو ماوەیەدا پەروەردەیە و ئەگەر لە پاش ئەو ماوەیە پرۆسەی پەروەردەو پێکهێنانی کەسایەتی بەردەوام دەبێت ئەوا هەرچی پەروەردەکار دەیچێنێت لەمەودوا بەرهەمی ئەو گوڵانەیە کەلەوساڵانەدا پشکوتوون))[2]

لەم قۆناغەدا مامەڵەکردنی دایك وباوك لەگەل منداڵەکانیاندا مەرجێکی سەرەکی یە بۆ پەروەردەکردن و دروست کردنی کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بۆ منداڵ. ئەو خێزانانەی کەبەشێوەیەکی دروست و دیموکراتیانەو دوور لە توندوتیژی بایەخ بەمنداڵەکانیان دەدەن ئەوا دوارۆژێکی رۆشنیان بۆ دابین دەکەن، چونکە وەك گوتمان منداڵ لەو قۆناغەدا هەر لە ژینگەی داخراوی ماڵدایە، نان پێدان و خەواندن و راهێنانی منداڵ لەسەر قسەکردن و هەڵس و کەوتی ناو ماڵ هەمووی بە پەروەردە دادەنرێت و ((دەبێت لەم قۆناغەدا جۆرە ئەدەبێك پێشکەشی منداڵان بکرێت کە ببێتە وەڵامدانەوەیەکی دروستی ئەو شتانە کە زەینیان دەبزوێنێ . وەزمانی منداڵ لەو قۆناغەدا ئارەزووی شتە بەرجەستەکانی دەوروبەرەکەی دەکاتەوەو لەو سنوورە تێناپەڕێ، مانای وشە زەینیەکان تێناگات و پەیان پێ نابات و بەکاریشیان ناهێنێ))[3]

ئەگەر بەکاریشیان بهێنێ ئەوا لە مەبەستەکە حاڵی نابێت، بۆیە پرسیار دەکات لە نزیکترین کەسی بەتایبەتی لە دایك و باوکی چونکە منداڵ وا دەزانێ کە

[1] - د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی رۆژنامەنووسی کوردی بەغدا، ١٩٧٠-١٩٧٤، ل٦٥٣.

[2] - هادي نعمان الهيتي، ادب الاطفال فلسفته، فنونه، وسائطه، دار الحرية للطباعة بغداد -العراق، ١٩٧٧، ص ٢٠ .

[3] - حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد بەرگی یەکەم.، ل ٥٤، ٥٥.

دایك و باوكی یان براو خوشكی له خۆی گەورەتر یان ئەو كەسەی بەخێوی دەكات هەموو شتێك دەزانن بۆیە باشتر وایە بە راستی وەڵامی بدرێتەوە چونكە ((ئەم قۆناغە تایبەتمەندییەكی هەیە گەشەی خێرا لە زمان و بایەخدان بە مۆسیقای وشەكان، چێژ وەرگرتن لە رستەی ئاوازدار، حەزكردن بە گوێگرتن لە دووبارە كردنەوەی مۆسیقا. پێویستە چیرۆكی ئەو قۆناغە كورت بێت و لەیەك دانیشتندا بگێردرێتەوە، رووداوەكانی خێراو بەدوای یەكدابن))[1]

لەبەر ئەوە منداڵی ئەم قۆناغە حەزی لە لاسایی كردنەوەیە، لاسایی باوكی یان برای دەكاتەوە. لاسایی ئاژەڵ و ئۆتۆمبیلەكان دەكاتەوە، هەروەها لەم قۆناغەدا حەزی زۆر لە یاری كردنە، لە رێگای یاری كردنیشەوە فێری زۆر شت دەبێت، فێری مامەڵە كردن لەگەل كەسانی دیكە دەبێت.ئەمەش لە خێزانێك بۆ خێزانێكی ترو لە كۆمەڵگایەك بۆ كۆمەڵگایەكی تر دەگۆڕێت. بۆ نموونە منداڵانی شار زووتر ئاشنای ئامێری كۆمپیوتەرو پارك و یاری منداڵان دەبن وەك لە منداڵانی گوندنشینەكان. یان ئەو منداڵانەی دەخرێنە باخچەی ساوایان زیاتر كۆمەڵایەتی دەبن و لەوانەی كەناخرێنە باخچەی ساوایانەوە. بەڵام ئەمەش دیسان شتێكی رێژەیی یەو رایەكی رەها نی یە لەم بارەیەوە.

((منداڵ لەم قۆناغەی ژیانیدا حەز بە یاری تەنهایی دەكات، لەگەڵ كۆمەڵی بچوك بچوك یاری دەكات بێ ئەوەی ئەوە جیابكاتەوە ئەمانەی ئەم یاریان لەگەڵ دەكات كوڕن یان كچن))[2]

واتە منداڵی ئەو قۆناغە ئەو هەستە جیاكردنەوەی رەگەزی نێرو مێ ی لە لا دروست نەبووەو دەركی پێ نەكردووە منداڵی ئەو قۆناغە زۆر هۆگری دایكیەتی حەزی لە تەنیایی یەو دواتریش گۆڕانی بەسەردادێت بۆ قۆناغێكی تر هەنگاو دەنێت.

---

[1] - د.علي الحديدي، في أدب الاطفال، ص ٨٦.

[2] - محەمەد رەحیم رەمەزان، منداڵ و چیرۆكی منداڵان، چ، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤، ل ٢٣.

**٢- (قۆناغی ئەندێشەی فراوان ( ٦-٨ ساڵی ))**

لەم قۆناغەدا منداڵ ژیانێکی نوێ بەپیرییەوە دێت، منداڵ لە چوارگۆشەی دیوار رزگاری دەبێت و دەچێتە ناو ژینگەیەکی فراوان ئەویش کۆمەڵگایە.خەڵکی زیاتر دەناسێت و چاوی بەشتی وادەکەوێت کە پێشتر نەیدیوە. لەم قۆناغەدا زۆر پرسیار دەکات ((زۆربەی پرسیارەکانی منداڵ لەم تەمەنەدا بەهۆی ترسەوەیە، لە زۆر شت دەترسێت ترس لە مرۆڤی خراپ، ئاژەڵی درندە، پرسیارەکەش بۆ ئەوەیە کە لە میانەی وەڵامەکاندا هەست بە ئارامییەك و ئاسایشێك بکات بەرامبەر مەترسییەکی نادیار))[١]

بێگومان کە منداڵ تێکەڵاوی دروست کرد لەگەڵ کەسانی تر و چوە قوتابخانە ئەرکی زیاتری دەکەوێتە سەر ناچار دەبێت وزەی زیاتر بەکار بهێنێت، بۆیە زمانەکەشی دەوڵەمەند دەبێت و رێسای زمانەکەشی باش فێر دەبێت و دەتوانێت بەشەکانی ئاخاوتن و رێسا رێزمانیەکان تا رادەیەك بە دروستی بەکار بهێنێت وەك ئەوەی ((وشەو رستەکانی روو لە زیاد بوون دەکەن، ئاخاوتنەکەشی رەوانتر دەبێت. لەم قۆناغەدا منداڵ لە رێگای بینینی راستەوخۆ و وەرگرتنەوە فێری زمان دەبێت))[٢]

لێکدانەوەی بۆ شتەکان دەبێت و هەوڵ دەدات ئەو دیمەن و دیاردانەی لە شەقام و کۆڵان و قوتابخانە دەیانبینێت لە مێشکی خۆی هەڵیانبگرێت و پاشان بۆ هاورێیانی یان بۆ ماڵەوە بیانگێرێتەوە. هەروەك گوتراوە کە ((منداڵ لەم قۆناغەدا نابێت بە کۆیلەی بیرکردنەوەی یەك لایەنی، بەڵکو لە هەموو لایەك و گۆشەیەکەوە سەیری دیاردەو گرفتەکان دەکات و لە توانایدا هەیە بە پێچەوانەشەوە (المعکوسیة) بیر لە دیاردەو گرفتەکان بکاتەوە))[٣]

واتە منداڵی ئەم قۆناغە سەرەدەری لە زۆر شت دەردەکات کە پێشتر نەیدەزانین، هەر بۆیەشە ئەم قۆناغە بە ئەندێشەی فراوان ناودەبرێت بۆیە ((منداڵ

---

[١] - هادي نعمان الهيتي، أدب الأطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، ص ٣٣ .

[٢] - حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، ل ٥٩ .

[٣] - کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای منداڵ، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٨، ل ٧٨.

لەو قۆناغەدا توانا پەیدادەکات بۆ بەرەنگاری کردنی کێشەو ناخۆشیەکان کە لە خەڵکەوە بەرەو ڕووی دەبێتەوە))[1].

هەروەها ((دەگاتە ئەو بڕوایەی کە کەسانی تریش وەك ئەو بیرو باوەڕی جیاوازیان هەیەو لەوانەیە بگەنە ئەنجامێك کە جیاواز بێت لەو ئەنجامەی کە ئەو پێیگەیشتووە، هەوڵ دەدات کە لە ڕێگەی بیرو بۆچونی کەسانی ترەوە لە راست و دروستی راوبۆچوونەکانی خۆی دڵنیابێت. بێگومان ئەم گیانی هاوکاری و تەباییەی منداڵیش هەر لە ڕێگەی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوبوونی کەسانی ترەوە گەشەدەکات))[2]

ئەمەش مانای ئەوەیە کە منداڵ لەو قۆناغەدا تا رادەیەك لە خۆپەرستی دوور دەکەوێتەوە. بۆیە بە خۆی دا دەچێتەوە و تەنها قسە قسەی خۆی نی یەو گوێ بۆ راو بۆچوونی خەڵکانی تر دەگرێت و ((رەوشی کۆمەڵایەتییان گەشە دەکات و لە ڕێکخستنی یارمەتی و کاری هاوبەشدا هاوکاری یەکتری دەکەن، کەواتە بەهای ئاکاریشیان گەشە دەکات. گوێ لەو چیرۆکانە دەگرێت کە لە جیهانی خۆیدا دەیبەنە دەرەوە))[3]

ئەم ڕووکردنە جیهانی دەرەکی یە وای لێدەکات پەنا بۆ چالاکی جەستەیی ببات بەجۆرێك حەز لە یاریکردن و هەڵبەزو دابەز دەکەن، لە ڕێگەی یاریەوە تێکەڵاوی لەگەل کۆمەڵ پەیدادەکات و پشت بە خۆی دەبەستێت، گیانی دان بەخۆداگرتن و بیرکردنەوە لە سەرکەوتن دەبنە شتێکی گرنگ لە ژیانی منداڵەکە دا بۆیە لەسەر خێزان و قوتابخانە پێویستە کە بایەخ بە یاریکردن بدەن، نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە یاری جەستەیی و یاری هۆشەکی ( ژیری ) تەواوکەری یەکدین، جەستە ساغلەم نەبێت، بیرکردنەوەو هۆش و ژیریش کاری خۆی بە پێی پێویست و تەمەن ئەنجام نادات، کەوابوو پێویستە هەروەك چۆن بیر لەوە دەکرێتەوە کەشی وەرزشی و یاری بۆ منداڵ برەخسێنرێت، کەش و هەوای

---

[1] - د. فازل مەجید مەحمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل ٣٠ .
[2] - کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای منداڵ، ل ٧٩ .
[3] - د.احمد علي كنعان، ادب الاطفال والقيم التربوية، ص ١٩ .

وەرزش و زاخاوی مێشکیش بۆ منداڵ فەراهەم بکرێت، کە بە هۆی ئەدەبی منداڵانەوە دەبێت و بە تایبەتی گێڕانەوە و خوێندنەوەی چیرۆك.

**٣- (قۆناغی پاڵەوانێتی ( ٨-١٢ ساڵی ) )**

منداڵ لەم قۆناغەدا گۆڕانکارییەکی باشی پێوە دیار دەبێت. هەندێك لە واقیع نزیك دەبێتەوە.حەزی لە هاریکاریکردنی خەڵکە گیانی رەخنەگرتنی لا دروست دەبێت.حەزی دەچێتە خوێندنەوە بێگومان ئەوەش دەوەستێتە سەر ئاستی رۆشنبیری دایك و باوك و بەرنامەی پەروەردەو فێرکردنی قوتابخانەو چاوکرانەوەی بە رووی جیهاندا.

((منداڵی ئەم قۆناغە لە تەمەنی (٨-١٢) ساڵی دەست پێ دەکات. دەتوانین بڵێین کە منداڵ دەکەوێتە جووڵەیەکی بێ شومار و لە شوێنێك بە تەواوی ئارام ناگرێت چونکە هەوڵ دەدات خۆی لە جیهانێکی تر بدۆزێتەوە و جیاواز بێت لە جیهانی قۆناغەکانی پێشوی، لەم قۆناغەدا زیاتر حەز لە کۆمەڵ بوون دەکات بۆ نمونە دروست کردن و پێکهێنانی تیپی یاریکردن لەنێوان خۆیاندا))[١]

کاتێك گروپ دروست دەکەن، یەکێك دەبێتە سەرکردەیان، ئەو منداڵە زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکات، وەك دروست کردنی تیپی یاریکردن یان زۆر جار بەکۆمەڵ شەڕ لەگەل یەکتری دەکەن وەك شەڕە گەڕەك یان گروپ گروپ دابەش دەبن. هەروەها کە کۆڕو مەجلیس دادەنێن زۆر بە حەماسەتەوە قسە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە، واتە بە قووڵی دەچنە ناو بابەتەکانی تایبەت بە خۆیان و ژیانی تایبەتی منداڵانەیان و خۆیان سەر گەرمی گێڕانەوەی سەرچڵی و رووداوەکانیان دەکەن.

((منداڵ لەو قۆناغەدا بەخێرایی گەشە دەکات، ئەو قۆناغە دەکەوێتە پێش باڵق بوون ( البلوغ ) لەو قۆناغەدا تێکڕای گەشەکردنی لەش هەمەڕەنگ دەبێت، کچانیش بە دوو ساڵ پێش کوڕان دەکەون لەو پێشکەوتنەدا، بەڵام لە رووی خوێندنەوە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو جۆرەی کە کوڕان پێیان خۆشە یان کچان،

[١] - نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، ل ١٨.

لەو قۆناغەدا منداڵ زۆر حەز لە خوێندنەوە دەکات بە تایبەتی چیرۆکی خەیاڵی زانستی، هەروەها دەست بە وەرگرتنی پێشەنگی و نمونەی بەرزیی دەکات))[1]

دەتوانین بڵێین کچان و کوڕان لەو قۆناغەدا بە پێی ئەو کۆمەڵگایانەی تێیدا دەژین دەگۆڕێن. واتە لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا، کە ڕێ نادرێت کچان و کوڕان تێکەڵاوی یەکتری ببن، ئەوا لە یاری کردن و هەڵس و کەوتدا لە یەکتری جیادەبنەوە، ئەوکۆمەڵگایانەی کە کراوەن و ڕێگر نی یە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا ئەوا کچان و کوڕان زیاتر لە یەکتری نزیك دەبنەوە.

((لە سەرەتای ئەو ماوەیەدا منداڵ قۆناغی منداڵیی تێدەپەڕێنێت، گۆڕانکاریی تەواوی تێدا بە دیار دەکەوێت، هێزی سێکسی تێدا سەر هەڵدەدات و زۆر ئارەزووی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و تیۆرییەکانی فەلسەفەی ژیان دەبێت. سەرەتاکانی ئەو قۆناغە بە بەشێك لە قۆناغی پێشوو دەژمێردرێت.))[2]

ئەمەش چوونە ناو یەکتری لە قۆناغەکاندا بە دیار دەخات واتە دەشێ بڵێین کە لە نێوان قۆناغەکاندا دیوارێکی ئەستور نی یە کە قۆناغەکان نەتوانن بۆ ناو یەکتری بچن.چونکە کاتێك ((منداڵ بەرەو تاڤ جاهێڵی و هەرزەکاری رووی ناوە، بە ئاسانی شتەکانی دەوروبەری وێنا دەکات و حەزی بە خوێندنەوەو بیستنی ئەو چیرۆکانە دێ کە باسی جەردەیی و نەبەزی و ئازایەتی و توندو تیژی و گەشتوگوزارو پاڵەوانیەتی دەکەن.))

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە منداڵی ئەم تەمەنە وزەیەکی زیاتر لەلەشی خۆی تێدایە، ئەو وزەیەش دەبێت خەرج بکرێت، ئاستی ژیری و بیرکردنەوەی باشتر دەبێت و بیر لە کاروباری خۆی و خەڵك دەکاتەوە ((بەدوای بەهاکاندا دەگەڕێ لەگەل جیهان دەکرێتەوە، بایەخ بە کێشەکانی دەدات لەبەر ئەوە پێویستی بە ئەدەبێك هەیە کە یارمەتی بدات بۆ بەستنی پەیوەندی لە نێوان خوێندنەوەو

[1] - د.علي الحديدي، في أدب الاطفال، ص ١٠٠-١٠١.
[2] - هادي نعمان الهيتي، أدب الاطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، ص ٤٥.
[3] - حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، ل ٦١.

رووداوەکاندا، لەو قۆناغەدا منداڵ بایەخ بە راستی دەدات، بایەخ بە واقیـع دەدات، واز لە کاروباری خەیاڵی دێنێت))[1]

بە شێوەیەکی گشتی منداڵی ئەم تەمەنە هەندێك بە خودی خۆی نامۆ دەبێـت چـونکە گۆڕانکـاری بنـەڕەتی تێـدا روودەدات بـە تایبـەتی لـە دوا سـاتەکانی ئـەو قۆناغەدا واتە کە گەیشتە دوازدە ساڵی، کچان دەست و پەنجەیان گـەورە دەبـن و زۆر شووشەو پیاڵەیان لە دەست دەشکێن. کوڕانیش هەڵس و کەوتیان دەگۆڕێـت، بەرەو ئەوە دەچن دەنگیان گڕ ببێت و گەندە مووی سمێڵ دەربکەن و مەیلیان لـە ژیاندا دەگۆڕێت و ئـارەزووی رەگـەزی بەرامبـەر دەکـەن و حـەز بـە خـۆ گـۆڕین و خۆڕازاندنەوە دەکەن بە تایبەتی کچان بـە شـێوەیەکی گشـتی هـەر لـە تەمـەنی ٥ ساڵانەوە سوود لە چیرۆك دەبینن تا دەگەنـە دوا قۆنـاغی منـداڵی کـە تەمـەنی ١٥ ساڵ و بە سەرەوەیە، ئێمەی تەمەن هەڵچووش زۆربەمان بە بێ گوێ دانـە تەمـەن حەز لە چیرۆك دەکەین و چێژو سوودی لێ وەردەگرین.

**٤- (قۆناغی هەرزەکاری ١٢-١٥ ساڵی )**

ئەم قۆناغە سەرەتای قۆناغێکی تـرە لـە ژیـانی منـداڵ، لـەو تەمەنـەدا منـداڵ بەرگی منداڵی دادەکـەنێ و بـەرگێکی تـر دەپۆشـێت کـە بـە مێـرد منـداڵ یـان بـە هەرزەکار ناودەبرێت. گۆڕانێکی تەواو لە جەستەو بیر و زمـان و خووڕەوشـت لـەم قۆناغەدا بەدی دەکرێت.

((هەست کردن بە خودو خـەون و ئاواتـەکان زیـاد دەکـەن، زیـادەڕۆیی و خـۆ هەڵکێشـان و فشـەکردن و خـۆ دەرخسـتن وەك سـیفەتێك لای هـەرزە پەیـدا دەبن.زمانی هەرزە لەم قۆناغەدا بە تەواوی کامڵ دەبێ و شارەزایی هـەموو لایـەن و یاساو رێسای زمانەکە دەبێت و دەتوانێ هەموو جۆرە کتێب و بابەتێك بە زمـانی دایکی نووسراو بخوێنێتەوەو لێی تێبگات))[2]

---

[1] - د.علي الحديدي، في أدب الاطفال، ص ١٠١.

[2] - د.فازل مەجید مەحمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل ٣٨ .

قۆنـاغی هـەرزەکاری قۆنـاغێکی زۆر هەسـتیارە، هـەرزەکار لـە ژیـانێکی زۆر ئاڵۆزدا دا دەژیت هەندێك گۆڕانکاری خێرا لـە لەشـی ڕوودەدەن کاریگـەری لەسـەر جەستەش دەکات هەستکردن بە ڕژێنی سێکس لە هەردوو ڕەگەزدا بـە ئاشـکرا بـە دیار دەکەوێت.

پشێوییەك بەسەر باری هەرزەکاردادێت پێویستە دایك و باوکان و مامۆستایان و پـەروەردەکاران وردتـر لـە جـاران مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو مرۆڤـەدا بکـەن چـونکە ((منداڵان بە تایبەتی لە تەمەنی ١٣-١٦ ساڵی دەیانەوێ زووتر کات و قۆناغەکانی ژیانی داهاتوو ببڕن بێ ئەوەی سوود لەو هەموو فۆرم و یاسـا کۆمەڵایەتیانـەی کـە ئەمڕۆ هەمانە وەربگرن. بەڵکو هەندێ جار دژیشی دەوەستن))[1]

هەرزەکار زۆر جار دابـو نـەریتی کـۆن ڕەتدەکاتـەوە، بـۆ خـۆی یاسـاو کارو باری ژیان پیادەدەکات، ئەگەر شتێکی بە دڵ نەبوو یان بۆی مەیسـەر نـەبوو ئەوا دەتۆرێ یان یاخی دەبێت هەمیشـە بـە پەلەیـە، زوو بڕیـار دەدات دەیـەوێت بگـات بـەو جیهانـەی کـە دەیـەوێت. منـداڵ لـە تەمـەنی تـازە لاویـدا بـە دوای ناسنامەیەکدا دەگەڕێت بۆ خۆی لەگەڵ شێوازی گۆڕانکاری قۆناغی ژیـانی منداڵـدا بگونجێت. چیتر ئەوەندە پێویستی بە دایك و باوك نابێـت و هەوڵـدەدات بـە تـەنیا بگەڕێت و خۆی بڕیاردەری کارەکانی خۆی بێ.

((لەم قۆناغەدا منداڵ حەز لە شتی جۆراو جۆر دەکات کە بیخوێنێتەوە، وەکو چیرۆك و هەواڵ و، وتاری سیاسـی، لـەم قۆناغـەدا منـداڵ هێنـدە گـوێ بـە دایـك و باوکی نادات، بە تایبەتی بـۆ هەڵبـژاردنی بـرادەرو مامەڵـەکردن و هـەڵس و کـەوت لەگەڵیدا))[2]

چـونکە ئامۆژگـاری و هاوڕێیـەتی بـرادەران زۆر کاریگـەرە لـەم قۆناغـەدا لەئـەنجامی زۆر لەیـەکتری نزیـك بوونـەوە و پەیوەنـدی ڕۆمانسـییانەوە هەرچـی هاوڕێیان بڵێن یەکسەر ئەم وەری دەگرێت زۆر جارانیش لەم ئەنجامەوە هـەرزەکار دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە.

---

[1] - پشتیوان شوان، پەروەردەی منداڵ و باری دەروونـی، کۆمـەڵگای چـاپەمەنی شـەهاب، هـەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٣.

[2] - نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، ل ٢٢.

بۆیە ((ئەدەبی منداڵان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە پەروەردەکردنی سۆز (عاتیفە)دا بە تایبەتی پەروەردەی سێکسی، بەڵام لە جیهانی عەرەبی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا کە ماڵ و قوتابخانە دوو شوێنی گرنگن بۆ پەروردەکردن دەبینین ئەو دوو شوێنە ئەوەندە شیاو نین بۆ ئەم مەبەستە چونکە تا ئێستاش ( سێکس ) دەبەستنەو بە شتێکی حەرام و لێڵ و سزاو تاوان، منداڵ هەست دەکات پرسیار کردن لەم بارەیەوە نزیکە لە تاوان))[1]

لێرەدا ڕۆڵی کۆمەڵگا دەردەکەوێت لە بڕیاردان و هەڵسوڕاندنی گوزەرانی ژیانی هەرزەکار بۆیە ئەرکی منداڵی تازەلاو لەو قۆناغەدا گرانە چونکە دەبێت دنیای واقیع و دنیای خەیاڵ لەیەك گرێ بدات و بە شێوەیەکی پەسند کراو لەلایەن کۆمەڵ و خودی خۆیدا ئاوێتەی یەکتریان بکات.

زۆربەی گەل ونەتەوەکان بێ ئایین نین، یاساکانی ئەو ئایینە لەسەرووی زۆر شتەوەیە، دەبێت منداڵیش ڕەچاوی ئەو پیرۆزییانە بکات. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا بَلَغَ ٱلْأَطْفَـٰلُ مِنكُمُ ٱلْحُلُمَ فَلْيَسْتَـْٔذِنُوا۟ كَمَا ٱسْتَـْٔذَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾[2]

بەم شێوەیە سەرەتاکانی منداڵیی لەپاش لەدایك بوون ڕاستەوخۆ دەست پێدەکات، کۆتاییەکەشی لەگەڵ باڵق بوونی منداڵ و گەیشتنی بە ئاستی تەمەنی لاوی کۆتایی دێت.

ئەدەب بۆ ئەم قۆناغە زۆر گرنگە، پێویستە ئەو شیعرو چیرۆکانەی پێشکەش بە منداڵ دەکرێن وەڵامی پێویستییەکانی هەرزەکار بدەنەوە. چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا پرۆژەی گەورە لەناو مێشکیدا دێن و دەچن. هەروەها هەرزەکار حەز بە چیرۆکەکانی پۆلیسی و سەرچڵی و سەرەڕۆیی دەکات، چونکە ئەم جۆرە چیرۆکانە هەستی دەبزوێنن و زیاتر لە جیهانەکەی خۆی نزیکی دەکەنەوە.

لە کۆتایی تەوەرەکەدا دەڵێین هەرزەکار مرۆڤێکی سەیرە، پێویستە هەموو یەکێك لە ئێمە وشیار بین لە مامەڵە کردنیاندا بابەتی ئێمەش لە چوار چێوەی ئەو

[1] - هادي نعمان الهيتي، أدب الاطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، ص ٤٩ .
[2] - سورەتی ( نور ) ئایەتی ٥٩ .

قوتابخانه دەسوڕێتەوە. هەوڵ دەدەین لە بەشـەکانی داهـاتوودا کارەکانمـان بـەم شێوەیە لەسەر قۆناغەکان دابەش بکەین و هەر چـیرۆکێك کـەوەری دەگـرین بـۆ چ قۆناغێك دەگونجێت باسی لێوە بکەین. هەرچـەندە دیـاریکردنی قۆنـاغ بـۆ منـداڵ کـارێکی ئاسـان نـی یـە چـونکە بابـەتێکی دەرونییـە و لەسـەر پێکهاتـەو ڕەوشـی منداڵیش هەر خۆی کارێکی زەحمەتە.

## تەوەری سێیەم :
## ( سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان )

### ١- سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە ئەدەبی ئەوروپیدا :

ئـەدەبی منـداڵان لـە رووی سـەرهەڵدانییەوە، ئەوەنـدەی کـۆنیی داسـتان وئەفسانەکان کۆنە.هەر لەو کاتەی مرۆڤ بە دوای نـان پەیداکردنـدا گـەڕاوەو ژیـانی خۆی لە پێناوی بژێوی خۆیدا دەخستە مەترسییەوە.لە کاتێکدا ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵەکانی خۆی دەگێڕایـەوە هـەر لـەو کاتـەدا دەتـوانین بڵـێین ئـەدەبی منـداڵان هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی سەر زاری بووە.

((دایك و داپیرەکان چیرۆکی ئەفسانەکان و خورافەیان بۆ منداڵـەکانی خۆیـان دەگێڕایەوە، بە تایبەتی پێش خەوتن، تێبینی دەکرێت، کـە ئـەدەبی منـداڵان لـە سەرەتای سەرهەڵدانیدا پشتی بەو خورافەو حەکایەتانە بەستووە، کـە ناتوانرێـت بـە راسـتی بـە ئـەدەبی منـداڵان بـژمێردرێن چـونکە لـە داڕشـتنیاندا دا ئـازارو تایبەتمەندییەکانی منداڵیان لە بەر چاو نەگرتووە ومـرۆڤ (منـداڵی) نەدۆزیوەتـەوە لەم دواییانەدا نەبێت))[1]

لـە سـەردەمی زوودا حەکایـەت و باسـی ئەفسـانەو سەرگوزشـتەکان، کـە باسکراون تەنها بۆ منداڵان نەبوون، واتە ئەدەبی منداڵان وگـەوران تێکـەڵ کـراوە، بەڵام کە منداڵ گوێی لەو حەکایەتانە گرتووە تام وچـێژی لێ وەرگرتـوون، چـونکە سروشتی مرۆڤ وایە، کـە حـەز لـە گـوێگرتن بـۆ حەکایـەت دەکـات و کاریگەریشـی بەسەر مرۆڤدا زۆرە.هەروەك ئەحمەدعەلی کەنعان دەڵێت:((هەوڵمان داوە بـە دوای سەرهەڵدانی ئـەدەبی منداڵانـدا بچـین بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە منـداڵان هـەتیوی ئەدەبن هەتا وەکو کاتێکی کـەم.پێشـینانمان کۆششـیان کـردووە بـۆ پەیـداکردنی رێگاکـانی بیرکردنـەوەیان.و شـێوازی کـردەوە کلاسـیکییەکانیان لـە سـەر منداڵەکانیان بە بێ ئاوڕدانەوە لە سۆزو ئارەزوو هیواکانیان))[2]

---

[1]- د.أحمد علي كنعان، أدب الاطفال والقيم التربوية، دار الفكر، دمشق، ١٩٩٥، ص٦٨.

[2]- نفس المصدر السابق، ص٦٩.

بۆیــە دەبیــنین ئــەو ئاراســتە چــەوتە بــە دەیــان وســەدان ســاڵ درێــژەی هەبووە.ئەمەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە منداڵ چۆن لـە زۆر مـافی خـۆی بێبـەش کـراوە، ئـاواش لـە ئـەدەب و مـافی ژیـانی ئـەدەبی خـۆی مـافێکی وای نەدراوەتێ، کە شایەنی باسکردن بێت.هەر ئەو ئاراستە چەوتەش وای کردووە، کە ئەدەبی راستەقینەی منداڵ لە چاو ئەدەبیاتی تری گەلاندا دوا بکەوێت.

بێگومان ئەدەبی منداڵان بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە تـا گەیشـتۆتە قۆنـاغی ئەمڕۆمان.

((دەتوانین کە وای دابنێین خاڵی وەرچەرخانی بنەڕەتی لـە مێـژووی ئـەدەبی منداڵاندا.لە سەرهەڵدانی شـەپۆلی هۆشـیاری لـە نووسـینی ئـەدەبێکی تایبـەت بـۆ منداڵ خۆی دەبینێتەوە لە سەر ئەوە مێژووی ئەدەبی منداڵان دابەش دەکـەین بـۆ دوو بەشی سەرەکی:

١- قۆناغی پێش نووسین بۆ منداڵ.

٢- قۆناغی نووسین بۆ منداڵ.

لە قۆناغی یەکەمدا کە لـە کـۆنترین چـاخەکانەوە درێـژ دەبێتـەوە تـا دەگاتـە نزیکەی دوو سەدە یان سێ سەدە پـێش ئێسـتا- ئـەدەبێکی تایبـەت بـۆ منـداڵان نەنووسراوە، بەڵکو هەر بۆ گەوران بووە، بەڵام بە شـێوەی سـەرزاری حەکایـەت و ئەفسانەکان هەبوون))[1]

هەرچـی قۆنـاغی دووەمیشــە واتــە ئــەدەبی نووســراوی منــداڵان، ئــەوا لــە سەردەمێکدا چەند بەرهەمێکی نووسراو بۆ منداڵان دەبینین کە لـە دووسـێ سـەدە کۆنتر بەر لە ئێستا نووسراون.

((ئەوروپییــەکان مێــژووی گەشــەی دیراســەکردنی منــداڵ دەگەڕێننــەوە بــۆ سەدەی شـانزە، وەك سـەرەتایەکی پرۆگرامـی زانسـتی، بـەڵام بایـەخی تـەواو بـە منداڵ و دیراسەکردنی وگەشەی ئەدەبی منداڵ دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵەکانی ١٨٦٠ز بەدواوە))[2]

---

[1]- محمد محمود رضوان وآخرون، ادب الاطفال مبادؤوه ومقوماته الاساسية، ص١٦.

[2]- د.فازل مەجید، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوریدا، ل٦٨.

دیــاره پــێش ئــەو مێــژووە ئــەدەبی نووســراوی تایبــەت بــە منــداڵ نەبووە.ئەوەی هەبووە لە شێوەی فۆلکلۆرو ئەدەبێکی سەرزاریدا بووە، کـە زیـاتر بۆ گـەوران نووسـراوە، بـەڵام منـداڵانیش سـوودیان لێ وەرگرتـووەو پێیـان خـۆش بووە.

ئەگەر بە وردی لە مێژووی سەرهەڵدانی ئـەدەبی منـداڵان بکۆڵینـەوە، رەنگـە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام بە پێی شارەزایی و دوای بـە سـەرکردنەوەی چـەندین سەرچـاوە بـە شـێوەیەکی گشـتی چـەند رایـەك دەنووسـین و نـاوی ئـەو شـاعیرو نووســەرانەش دیــاری دەکــەین، کــە لــەو مەیدانــەدا رۆڵیــان هــەبووەو چــەند بەرهەمێکیان پێشکەشی منداڵان کردووە.

لەکۆنــەوە لەســەردەمی ئەفســانەکانەوە منــداڵ بەشــی لەحەکایــەت وبەسەرهاتەکانداهەبووە ((کۆمەڵە نووسینەکانی (ئیسۆپ  Aesop)ی یۆنانی کە لە ساڵی ٦٢٠پ.ز لە دایك بووە چاپکراوە))[١] ((ئـەو بەرهەمـە بـە یـەکێك لـە کـۆنترین بەرهەمە دێرینەکانی ئەورووپا دەژمێردرێت، ئەگەرچی بەرهەمەکانی تەرخان نـەبوو بۆ منداڵ بەڵام منداڵ زیاتر چێژی لێ وەردەگرتن ئەمـەش دیـارە بـە هـۆی ئـەو بـە پیرەوەچوونەی منداڵ بۆی لەلایەن قەشەیەکەوە بەناوی (مکسـیمۆس بلادمـوس– Maximose Bladmose) کە ئـەرکی کۆکردنـەوی چیرۆکەکانی گرتبـووە ئەسـتۆو خۆشـی هەنـدێ شـتی لـەو بابەتـەی(ئیسـوپ)ی وتـووەو پـاش پەیـدابوونی چـاپ ١٤٧٥–١٤٨٠ چـاپکراوە.چـیرۆکەکانی هەزارویـەك شـەوەی عـەرەبیش(ألـف لیلـة ولیلة) رۆڵێکی باڵای هەبووە لـە بڵاوبوونـەوەی چیرۆکە ئەفسـانەیی و میللیـەکانی رۆژهــەڵات لــە رۆژئــاوادا کــە لــە ســاڵی(١٧٠٤)دا وەرگێڕدراوەتــە ســەر زمانــەکانی ئەورووپا))[٢]

بایەخدانی قەشەیەك لەو سەردەمەدا دیارە گرنگـی و بایـەخی منـداڵ لەلایـەن پیاوانی ئایینی روون دەکاتەوە.

---

[١]-د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی رۆژنامەنووسی بەغدا، ١٩٧٠-١٩٧٤.دەزگای رۆشـنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی،بەغدا، ٢٠٠٥، ل٦٢٤.ئەم بەرهەمە لەلایەن (عەزیز گەردی ) یەوە کـراوە بەکوردی و لەساڵی ١٩٨٢ لەژێر ناونیشانی (چیرۆکەکانی ئیزۆپ) بڵاوی کردۆتەوە .

[٢]-د.فازل مەجید مەحمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل٦٩.

((ئەدەبی منداڵانی ئیتالی بەوە جیادەکرێتەوە کە پەیوەندییەکی بە تینی بە واقیعەوە هەیە. و لە بەناوبانگترین ئەدەبی منداڵانی ئیتالی کۆمەڵە چیرۆکێکە بە ناونیشانی(گیرفانێك لە ئامێری تەلەفزیۆن)دا))[1]

( یەکێك لەو کتێبانەی کە زۆر بەنرخەو ئەدەبیاتی جیهانی پێ کاریگەر بووە کتێبەکەی (پنجا تنترا)یە کە بە واتای(گەنجینەی پێنج بەند)دێت گەلێك جاریش گوتراوە(کەلیلەو دیمنە)کەی(ابن مقفع)وەرگێڕانی ئەم کتێبەیە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆساڵانی ٥٠٠-١٠٠ی پێش زایین و بە زمانی پە هلەوی نووسراوەتەوە)[2]

لەسەر ئەمە رای جیاواز هەیە، کە بۆ یەکەم جار لە وڵاتانی عەرەبی یان لە ئەورووپا سەرەتاکانی حەکایەت و ئەفسانەکان سەریان هەڵدابێت.

((جیۆڤانی پۆکاشیۆ Jiovni bocasio ١٣١٧ – ١٣٧٥ کۆمەڵە چیرۆکێکی بە ناونیشانی (دیکامیرۆن) (Decameron) نووسیوە.

لە هەندێك رووەوە ئەو بەرهەمە لە هەزارو یەك شەوە(ألف ليلة وليلة)دەچێت.دە کەس، حەوت ئافرەت وسێ پیاون لە ترسی نەخۆشی (تاعون) لە شاری فلۆرەنسا رادەکەن و دەچنە چیایەك لە ئەشکەوتێکدا دەمێننەوە.هەموو رۆژێك هەریەکەو دە چیرۆك دەگێڕێتەوە.باس لە گەنجینەکانی حەزرەتی سلێمان و پاڵەوانێتی سەلاحەددینی ئەیوبی و هەندێك کەسایەتی خەیاڵی دەکەن لە ماوەی دە رۆژدا سەد چیرۆك کۆدەبێتەوە، ئەو چیرۆکانە کاریگەرییان لە سەر منداڵانیش هەبووە))[3] کەواتە بۆ منداڵان نەبووە، بەڵام منداڵ لە پەراوێزدا سوودی لێ بینیوە و چێژی لێ وەرگرتووە.

((لێرەدا چەند ئاراستەیەکی نوێ هەیە بۆ زیندووکردنەوەی کەلتوری ئیتالی لە ئەفسانەو چیرۆکە میللییەکان.لەبەر ئەوە(ئیتالۆ کالفینۆ)–Italo Calfino زۆر لە چیرۆکەکان، بە شێوازی تایبەتی خۆی بە شێوەزارە جیاوازەکانی ئیتالی

---

[1]-د.عبدالفتاح ابومعال، أدب الاطفال واساليب تربيتهم وتعليمهم وتثقيفهم، دارالشروق للنشروالتوزيع، عمان، ٢٠٠٥، ص٩٥.

[2]-د.هادی نعمان الهيتی، ثقافة الاطفال.ص١٥٩.

[3]-د.هادی نعمان الهيتی، ثقافة الاطفال، ص١٦٠-١٦١.

کۆکردەوە، نووسەری ئیتالی خاتوو(جیلا ماری–Jila Marry)پەیدا بوو و بە چیرۆکە وێنەدارەکانی بەشداری ئەو رۆڵەی کردووە))[1]

دیارە بەکارهێنانی دیالێکتە جیاوازەکان و چیرۆکی وێنەدار بایەخێکی تایبەتی بە چیرۆکی منداڵان دەبەخشێت هەروەها((وێنەکێش و پەیکەرتاش و مۆسیقا ژەنی ئیتالی(لیۆناردۆ دافنشی–Leonardo Davenci–١٤٥٢–١٥١٩)کۆمەڵە چیرۆکێکی لە سەر زمانی ئاژەڵ وباڵندە نووسیوە، بەڵام زۆربەیان ون بوون))[2]

ئەم نووسەرە یەکێك بووە لەوانەی کە چیرۆکی خەیاڵی زانستی هێناوەتە ناو ئەدەبی منداڵانەوە، پێشبینی زۆر شتی وەك فڕۆکە و تانکی جەنگ و ئەمانەی کردووە لە دواییدا بوونەتە واقیع و هاتونەتەدی.

((لە لێکۆڵینەوەکانیدا دەرکەوتووە کە لێکۆڵەران لە سەر(ئەدەبی منداڵان)یان نووسیووە، کە یەکەم نووسینێکی تایبەت بۆ منداڵان نووسرابێت لە چەرخی نوێدا لە فەرەنسا لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمدا سەری هەڵداوە))[3] بۆیە دەبینین ((ساڵی(١٦٩٧) ساڵی لە دایك بوونی (ئەدەبی منداڵیی)یە لەو ساڵەدا نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی شارل پیرۆ کۆمەڵە چیرۆك و رۆمانێکی ئاراستەی منداڵان کردووە لە ژێر ناونیشانی(حەکایەتەکانی قازەکەو دایکی).ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ساڵی ١٧٤٧ لە فەرەنسا بووە ساڵی لە دایك بوونی یەکەم لاپەڕە، کە منداڵانی دەدواند ئەو لاپەڕەیە ناوی((هاوڕێی منداڵان)ی لە خۆ گرتبوو))[4] ئەم ڕۆمانەی شارل پیرۆ کاریگەریەکی زۆری بەسەر چیرۆکی منداڵانەوە هەبووە.

((جان دی لاڤۆنتین Jan de la fontin ١٦٢١–١٦٩٥، شاعیری فەڕەنسی کۆمەڵێك حەکایەتی خورافی لە دوازدە کتێبدا بڵاوکردۆتەوە بە گوتەی خۆی پێشکەشی لویسی چواردەهەمی کردووە، کە ئەو کاتە پاشای فەڕەنسا

[1]- سعيد احمد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم، مؤسسة الشرف، ١٩٨٤، ص٣٢.
[2]- د.هادى نعمان الهيتى، ثقافة الاطفال، ص١٦١.
[3]- د.على الحديدي، في ادب الاطفال، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٦، ص٤٦.
[4]- د.كمال معروف، دراسة عن اعمال گوران الادبية، دار(رينما)، سليمانيه، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥، ص٤١.

بووە.بەرهەمەکانی لە شێوەی شیعرو مەتەڵی ئەفسانەیی بووەو ٣٢٠ دانەی لەو جۆرانە بڵاوکردۆتەوە.کاریگەری کەلیلەو دیمنەو ئەفسانەکانی(ئیسۆپ)ی لە سەر بووە))[1] ((لە نێوان ساڵەکانی(١٧٠٤–١٧١٧)چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە(الف لیلة ولیلة)دا وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی و بڵاوبوەوەو کاری کردە سەر چیرۆکەکانی بچووك و گەوران، بەڵام لەساڵەکانی(١٧٤٧–١٧٩١)یەکەم گۆڤاری فەرەنسی بۆ منداڵان پەیدا بوو نووسەرێك دایمەزراند ناوی(دۆستی منداڵانی)بۆ خۆی هەڵبژاردبوو.نووسینەکانی بەوە جیادەکرانەوە، کە شێوازێکی ئاسانیان هەبوو لە رێگای ئەم گۆڤارەوە چیرۆکەکانی وولاتانی تریش بۆ منداڵانی فەرەنسا دەهاتن و، ئەمەش بە یەکەم گۆڤار لە مێژووی(ئەدەبی منداڵان)دادەندرێت))[2]

لێرەوە رۆڵی نووسەرانی فەرەنسا و ژینگەی فەرەنسا لەم بوارەدا دەردەکەوێت. کە فەرەنسا بە یەکێك لە قوتابخانەکانی ئەدەب و چیرۆکی منداڵانی ئەوروپا دا دەنرێت، هەروەك دەبینین یەکێکی وەکو ((تشارلز پیرو Charles Perrault ١٦٢٨–١٧٠٣)) کۆمەڵێك حەکایەتی لە ژینگەی لادێی فەرەنسی کۆکردەوەو لە ژێر ناوی((دایکی قازەکە)) Tales of Mother Goose. بڵاوکردۆتەوە ناوی کوڕەکەی بە دانەری ئەو حەکایەتانە نووسیبوو.لە ترسی ئەوەی لە نرخی ئەدەبی کەم ببێتەوە))[3]

بۆچی دەبێت ئەگەر بۆ منداڵ بنووسین لەنرخی ئەدەبیمان کەم دەبێتەوە ؟ دیارە لە ئەوروپاشدا یەکەمین جار باوەڕیان وابووە. کە ئەگەر یەکێك بۆ منداڵ بنووسێت لە نرخی ئەدەبی کەم دەبێتەوە، وەك لای ئێمەش هەندێك ئەو بیروباوەڕەیان هەیە.

((هەندێك لەوچیرۆکانە بریتین لە سەندریللا، پشیلەی خاوەن پێڵاوی درێژ، خاوەن ریشی شین))[4]

---

[1]-د.هادی نعمان الهیتی، ثقافة الاطفال،ص١٦٢.

[2]-سعید احمد حسن، ادب الاطفال ومکتباتهم،ص٢٤.

[3]-د.احمد علی کنعان، ادب الاطفال والقیم التربویة.ص٧٠.

[4]-نفس مصدر السابق، نفس الصفحة .

هەندێك لەو چیرۆكانە وەك سەندرێللا كراوە بە فیلمی كارتۆن و منداڵان چێژی زۆریان لێ بینیوە. ((لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم فەیلەسوف (ژان ژاك رۆسۆ Jean Jacques Rousseau ١٧١٢–١٧٧٨) بانگەوازی ئـەوەی كـرد، كـە ئامـانجی پەروەردە ئەوەیە مرۆڤ فێربكرێت چۆن بژیت، منداڵ بەرەڵلا بكرێت و بە هەوەسی خـۆی لـە سروشـتدا بـژیت ئەوانەشـی لـە كتێبـی(ئێمیـل Emile –١٧٦٢)دووپـات كردەوە، رایەكانی رۆسۆ پەسندكراو بوون و پشـتگیریەكی گـەورەی لـە فەرەنسـاو دەوڵەتانی ئەوروپا لێ كرا))[١]

لەناو ئەدەبی ئینگلیزیدا چەندان نووسەر هەوڵیان داوە كە خزمەتێك بـەبواری چیرۆكی منداڵان بكەن

((دانیـال دیڤـۆ Danial Defoe ١٦٦٠–١٧٣١ لـە سـاڵی ١٧١٩ چـیرۆكی (رۆبنسون كروزو)ی بڵاوكردەوە، كە بە سەرەتای چیرۆكی هونەری دادەنـدرێت لـە ئینگلتەرا.كە مرۆڤی فێـری ئـارام گـرتن دەكـرد بەرامبـەر بـە ناخۆشـیەكان و ئـەو ئاسـتەنگانەی دێنـە ریگـای ژیـانی مـرۆڤ))[٢]، زۆر لـە شـارەزایانی بـواری چـیرۆكی منداڵان، لەسەر ئەو رایەن كە ئەم چـیرۆكانە بـۆ منـداڵان نەنووسـراوە و منـاڵانیش سوودێكی وایان لێ نەبینیوە.

((ئەدەبی منداڵان لە بەریتانیا سەری هەڵدا لە پاش ئـەوەی(رۆبـرت سـامبر - Robert Samber سـاڵی ١٧١٩ چـیرۆكەكانی(دایكـی قازەكـە)ی(تشـارلز بـیرو)ی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، جـۆن نیـوبری John new bury ١٧١٣–١٧٦٧ نزیكـەی (٢٠٠) كتێبـی بـۆ منـداڵان نووسـیوە.لـە پـێش هەموویانیشـەوە (جـوانیی گیرفان) ساڵی ١٧٤٤ پاشـان كتێبـی((خـاوێنیی خـاوەن دوو پـێڵاوی جـوان)) بـەم جۆرە نیوبری بە یەكەم نووسەری منداڵان لە ئینگلتەڕا دەژمێردرێ))[٣]

---

[١]- نفس مصدر السابق، نفس الصفحة .

[٢]-د.هادي نعمان الهيتي، ثقافة الاطفـال، ص ١٦٣ . بڕوانە ژان ژاك رۆسۆ، ئێمیل، و رەسول سوڵتانی چ هیڤی هەولێر، ٢٠٠٨ .

[٣]-سعيد احمد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم، ص٢٦،هەروەها بڕوانە: ثقافة الاطفال.د.هادی نعمـان الهيتی، ثقافة الأطفال، ص١٦٨.

ئەوانەی بۆ منداڵانیان نووسیوە مەرج نییە تەنها چیرکۆنووسی منداڵان بن هەروەك ((ولیم بلیك Willeam bleek شاعیری ئینگلیزی ١٧٥٧–١٨٢٧ کۆمەڵێك شیعری گۆرانیی بە ناوی (البراءة– innocence) نووسیووە کاریگەری لە سەر بزووتنەوەی ئەدەبی منداڵان هەبووە پاش پێنج ساڵ گۆرانی (ئەزموونی– experience)یشی نووسیوە کە بریتین لە شیعری ئەندێشە ئامێز کە سەرنجی منداڵانیان راکێشاوە))[١]، ئەم جۆرە شیعرانەی کە بەخەیاڵ دەوڵەمەندە لەو کاتەدا بوونی هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە.

((ماریا اد جوورث: Maria Edge worth – ١٧٦٧–١٨٤٩ :

وەك باشترین گێڕەرەوەی چیرۆکی منداڵان پەیدا بوو، هەروەها(تۆماس دای) Thomas Day لە نێوان ساڵانی ١٨٧٣–١٧٨٩ چیرۆکی (سانفۆرد و میترۆن – Sanford and Merton)ی نووسی.کە بە زانیارییەکانی(رۆسۆ)کاریگەر بوو.لە ساڵی ١٧٨١ بە دواوە چیرۆکی ئاینی لە ئینگلتەرا بڵاوبۆوە.لە ناو ئەوانەی ئەو چیرۆکانەیان دەنووسی نووسەر ((حنا مۆر Hanna more – ١٧٤٥–١٨٤٣))و نووسەر (سارە تریمۆر Sarah Trimore – ١٧٤٠–١٨١٠) بوون))[٢] کەواتە دەتوانین بنەماکانی ئاینی لە رێگەی چیرۆکەوە ئاشنای منداڵان بکەین.

((لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئەڵمانیا کۆمەڵێکی زۆر لە حەکایەتی خورافی پەیدابوو، ((موزویس Musus)) مامۆستا لە زانکۆی(فیمر) کۆمەڵێك حەکایەتی خورافی لە خەڵکەوە کۆکردۆتەوەو پاشان بە شێوازێکی سەرنج راکێش دایڕشتونەتەوە))[٣] ئەم نوسەرە بۆ دارشتنی چیرۆکەکانی سوودی لە فۆلکلۆر و ئەدەبی سەرزاری خەڵك وەرگرتووە.

((یاگوب گریم و ولیەم گریم)) دوو کتێبیان پێشکەش بە منداڵانی ئەڵمان کردووە. ساڵی ١٨١٢ یەکەم بەشی کتێبەکەیان لە جەژنی لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیحدا کەوتە بەردەست لە ژێر ناوی ((حەکایەتەکانی منداڵان و ماڵان)).(برایانی گریم) ناوبانگێکی زۆریان لە ئەوروپا دەرکرد و بۆ زۆر زمان وەرگێڕدراوە ئەم

---

[١]-د.فازل مەجیدمەحمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل٧٢.

[٢]-د.علی الحدیدی، فی أدب الاطفال،ص٥٢.

[٣]-د.علی الحدیدی، فی ادب الاطفال، ص٥٣.

بەرهەمانەش پشتیان بە ئەفسانەو خورافە دەبەست)) [1] ئەفسانە رۆلێکی سەرەکی هەیە لەپێشخستنی چیرۆك و دەوڵەمەندکردنی دنیای منداڵاندا.

((هانز کرستیان ئەندەرسن: Hans Christian Andersen))ی دانمارکی (١٨٠٥–١٨٧٥) دنیا زۆر گەڕاوە"بۆیە جۆرەها خەڵکی دیوەو زۆر ئەزموونی کۆکردۆتەوە.کە بوەتە سەرچاوەیەك بۆ شارەزابوون و کۆکردنەوەی چیرۆك و ئەفسانەکان، ساڵی ١٨٢٢ یەکەم نووسینی خۆی لە بواری منداڵاندا نووسی و ناوێکی خواستراوی بۆ خۆی هەڵبژارد، خەڵاتی باشترین نووسەری منداڵانیش بە ناوی ئەوەوە ناونراوە)) [2] ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە هۆنراوە و چیرۆکیان بۆ منداڵان دەنووسی ناوی خواستراویان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد، چونکە لەو سەردەمەدا باوەڕی تەواویان بەم جۆرە ئەدەبە نەبوو وایان دەزانی لە نرخی ئەدەبیان کەم دەبێتە

((لە بولگاریا (ران بوسبلیك Ran Busblick ١٨٨٦–١٩٥٨) ناوی دەرکرد، زۆر بەرهەمی لە حەکایەت وچیرۆك و شیعر بۆ منداڵان نووسیووە.بە تایبەتی کتێبی((العذراء المقبلة))کە لە ساڵی ١٩٣٣ چاپکراوە، زۆر جاری تریش چاپکراوەتەوە.حەکایەتەکان میللین و هەڵقوڵاوی واقیعی میللی بولگاریان)) [3]

هەروەها((چیرۆکی منداڵ وگۆجان، سێوە زێڕینەکە، کچە عاقڵەکە((الفتاة الحکیمة)لە چیرۆك وحەکایەتەکانی بولگارین)) [4] بەم شێوەیە وڵاتی بولگاریاش رۆلی خۆی لەبواری ئەدەبی منداڵاندا بینی و خزمەتێکی بەرچاوی بەشیعر و چیرۆك کردووە کە بۆ منداڵان لەبارن.

((دنیای منداڵان لە روسیا شاعیرێکی گەورەی بە خۆوە بینی کە ئەویش پوشکین Push kin))ە، کە چیرۆکی(راوچی وماسی) بۆ منداڵان نووسیووە هەروەها لیۆ تۆلستۆی– lio Tolstoy ١٨٢٨–١٩١٠))چەند چیرۆکێکی

---

[1]-نفس المصدر السابق، نفس الصفحه.

[2]-سعید احمد حسن، ادب الاطفال ومکتبات‌هم،ص٢٩، هەروەها بڕوانە د.هادی نعمان الهیتی، ثقافة الاطفال،ص١٧٠

[3]-سعید احمد حسن ادب الاطفال ومکتباتهم، ص٣١.

[4]-د.عبدالفتاح ابومعال، ادب الاطفال واسالیب تربیتهم وتثقیفهم، ص٩٥.

نووسیوون، که مەبەستی خۆشەویستی بووە.هەروەها ماکسیم گۆرگی Maxim Gorky ١٨٦٨-١٩٣٦)) کتێبی(منداڵیم)ی نووسیووە، کە بریتی یە لە ڕۆژانی منداڵی خۆی، هەروەها((مان ڕۆلان Rolan Man))و((ئاراشۆڤا Arshova)) دوو نووسەری ترن کە بۆ منداڵانیان نووسیووە))[1] ئەم وڵاتە یەکێك بووە لەوانەی کە بایەخێکی زۆری بە حەکایەتە ئەفسانەییەکان داوە و نووسەرانیان سەرلەنوێ ئەم حەکایەتانەیان بۆ منداڵان بەشێوەیەکی زانستی داڕشتۆتەوە.

((لە ڕوسیادا ئەدەبی منداڵان بە دوو قۆناغ دا ڕۆیشتووە.پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ((ئیڤان کریلۆڤی ڕوسی Evan Krilov ١٧٦٨-١٨٤٠ )کۆمەڵێ چیرۆکی بە ڕووسی نووسیووە کاریگەری لە سەر منداڵ زۆربووە، وەرگێڕدراوەتە سەر زۆر زمان.دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەریش لە ساڵی ١٩٣٣ دەزگایەکی تایبەت بۆ پەخشی ئەدەبی منداڵ لە سۆڤیەت دامەزراو هەرچی بەرهەمێك پەیوەندی بە منداڵەوە بووە ئەم دەزگایە گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی کە لە لایەن نووسەری ناسراو(مەکسیم گۆرگی)یەوە دامەزرا))[2] دیارە لە ڕووسیاش چیرۆکی منداڵان بەشی شێری بەرکەوتووە لەچاو هونەرەکانی دیکەی ئەدەبی منداڵاندا.

((لە سویسرا ((بلیز ساندراس: Blis sanrars ١٨٨٧-١٩٦١) شاعیرێك بووە((حەکایەتەکانی کیژۆڵەیەکی زنجی بۆمنداڵانی سپی پێست))ی بڵاوکردۆتەوە کە پشتی بە کۆمەڵێك حەکایەتی میللی ئەفریقی بەستووە، لە قالبێکی شیعری منداڵاندا دووبارە دایڕشتۆتەوە))[3]

((سەدەی بیستەم بە سەدەی منداڵ ناودەبرێت، لەبەر دروست بوون و گەشەکردنی قوتابخانە دەرونیەکان.وەك شیتەڵکردنەوەی دەروونی(فرۆید)و هەروەها پەیدابوونی قوتابخانەی ڕەوشتی کە قوتابخانەیەکی دەروونیی ئەمەریکی یە کە بایەخی بە ژینگەو دەوروبەر دەدا))[4] دیارە هەر کەسێك بیەوێت لەچیرۆکی

---

[1]-علی الحديدي، في ادب الاطفال، ص٥٧، هەروەها بڕوانە سعيد احمد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم، ص٣٠.

[2]- د.فازل مەجید مەحمود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ل٧٤.

[3]-د.هادي نعمان الهيتي، ثقافة الاطفال، ص١٧٧.

[4]- کەریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای منداڵ، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، ١٩٩٨، ل١١٥.

منداڵانـدا شـارەزابێت و بنوسـێت دەبێـت شـارەزاییەکی باشـی هـەبێت لەلایـەنی دەروونی منداڵانەوە.

((لە دوو سەدەی رابردوو بە شێوەیەکی گشتی، زۆر ناو دەرکـەوتن کـە جـێ پەنجەیان لە بواری(ئەدەبی منداڵان)دا بە جێ هێشتووە وەچیرۆك بەتایبـەتی وەك مـاری مـولیرو ورث)، کـە چـیرۆکی(کاتـژمێری شـێت)ی نووسـیوە، هـەروەها (ماکدونالد)، کە چیرۆکی(شازادەو خێـو)ی نووسـیوە، کـە لـە سـاڵی ١٨٧١ کرایـە فیلمـی کـارتۆنی بیسـتراو.وە(روبـرت لـویس)کـە چـیرۆکی(دوورگـەی خەزێنـە)ی نووسی، وە کینبسلی)چیرۆکی(منـداڵانی ئـاو)ی نووسـی، کـە بووەتـە بەشـێك لـە ئەدەبی کلاسیکی))[1]

((لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە زۆربەی وڵاتـانی جیهانـدا (ئـەدەب وچیرۆکی منداڵان) گەیشتە سەردەمی زێرینی خۆی، ئـەوەی یارمـەتی ئـەو بـەرەو پێش چـوونەی(ئـەدەب وچـیرۆکی منـداڵان)ی دا ئـارەزووی تەمـەن هەڵکشـاوەکان بوو، کە جیهان لە دوای هـەردوو جـەنگی جیهـانی لـە نـوێ دەسـت پێبکاتـەوە))[2] چـونکە هـەردوو جـەنگی یەکـەم و دووەمـی جیهـانی کاریگـەری زۆریـان لەسـەر رەوشی جیهان و پێشکەوتن بینیوە، کە سەدان کتێبخانە و بەرهـەمی زانایـان لـەم شاڵاوەدا رزگاریان نەبوو، بەڵام دوای کۆتایی هـاتنی ئـەم جەنگانـە رەوشـی دونیـا گۆڕا و چیتر منداڵان نابنە قوربانی هەڵەی گەورەکان.

ئێمەش لێرەدا بەوەندە کۆتایی دەهێنین، چونکە لەبەر بایەخدان بەم ئەدەبـە لـەو چـەرخە نـوێ یـەی زانسـت و تەکنـەلۆجیاو بڵاوبوونـەوەی هـەزاران دەزگـای پەخش و بڵاوکردنەوەی(ئەدەب وچیرۆکی منداڵان)دا ناتوانین لـە نامەیـەکی واو لـە بەشێکی وا کورت دا ناوی هەموویان بهێنین.

---

[1]-د.سمير عبدالوهاب احمد، ادب الاطفال قراءات نظرية ونماذج تطبيقية، ص٨٠.

[2]-د.على الحديدى، فى ادب الاطفال، ص٥٨.

## ٢- ( سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە ئەدەبی عەرەبیدا )

لە وولآتانی عەرەبیدا ئـەدەب وچـیرۆکی منـداڵان مێژوویـەکی کۆنی نییـە کـە تایبــەت بــۆ منــداڵان نووســرابێت، هەرچــەندە لــە دێرزەمانــەوە حەکایەتــە ئەفسانەییەکان و بەسەرهات و سەرگوزەشتەکانی بیابـانی عـەرەبی کایگەرییـەکی زۆری بەسەر منداڵانەوە هەبووە.

((عەرەبــەکان لــە ســەردەمی بــەر لەئیســلامەوە زۆر جــۆرە حەکایــەت و وئەفسانەیان زانیوە، بایەخیشـیان بـە گێڕانـەوەیان داوە، بەتایبـەتی بەسـەرهاتی شەڕی هۆزەکان.بەڵام ئـەم حەکایەتانـە زۆربـەیان لەگـەڵ رۆژگـاردا لەناوچـوون))[1] دیارەئەم جۆرەحەکایەتانە زادەی بیرکردنـەوەی گـەورەکانی سـەردەمی خۆیـانن، لەوکاتیشدا هەلومەرجی رۆژگار بەمجۆرە بووە کە سەردەم سـەردەمی ئەفسـانە و خورافات و جەنگەکان بووە.

((لەکۆنەوە ئەفسانەکان رۆڵی سەرەکییان لەسەر ئەدەبی منداڵان هەبووە کە چیرۆکی لەسەر دامەزراوە، ئەو چیرۆکانەش بە زارەکی(شفهی)دەگێڕدرانەوە.دوایی چـیرۆکەکان پێشـکەش دەکـران بۆئـەوەی کـار لـە کۆمـەڵ بکـات.وەك لایـەنگیری لەهۆزو پاراستنی دابونەریت...هتد ئەمەش بۆ چاندنی تۆوی رەوشتی خێڵـەکی لـە دڵی منداڵاندا ئەنجام دەدرا))[2] واتـە بیروبـاوەڕی تەمـەن گـەوران بەسـەر منداڵانـدا دەسەپێنرا، لەدوایدا دەبووە کەلتورێك و منداڵان نەیان دەتـوانی بـە ئاسـانی لێـی رزگار بن.

((لای عــەرەب وەك هــەموو نەتــەوەکانی تــری جیهــان ئــەدەبی تایبــەت بــە منداڵان نەبووە، ئەوەی هەبووە وەك کۆمەڵگای کوردەواری وزۆربەی کۆمەڵگاکانی رۆژهــەڵات هــەر لــە شــێوەی لایلایــەو لاواندنــەوە دابــووە، کــە لەلایــەن دایکــەوە بەمەبەستی خەولێخستن و ژێرکردنەوەو ئارامی وستایش بۆ منداڵ وتراوە...))[3]

---

[1]-سعيد احمد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم، ص٣٣.

[2]-د.عبدالفتاح ابو معال، ادب الاطفال واساليب تربيتهم وتعليمهم وتثقيفهم، ص٩٦.

[3]- د.فازل مەجید مەحمود، شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، ل٧٥.

ئەمەش بێگومان لەشێوەی فۆلکلۆردا خۆی دەنوێنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە، ئەدەب وچیرۆکی منداڵان پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە فۆلکلۆرەوە هەبووە.

((میسرییە کۆنەکان بایەخیان بەو چیرۆکە داوە، کە پێشکەشی منداڵ کراوە.ئەو نەخش ونووسین و وێنانەی لە سەر دیواری پەرستگاو کۆشکەکان هەن، هەندێك لەو چیرۆکانە روون دەکاتەوە، کە دایك ودایەنەکان لەزەمانێکی زوودا گێراویانەتەوە))[1] ئەمە نەك تەنها لەناو عەرەب دا بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی جاران ئەشکەوت و پەرستاگاکان شوێنی نوسینی بەسەرهات و سەرگوزشتەی کەسەکان بوون کە ژیانیان لێ بردۆتە سەر.

((گێرانەوە کە دەربڕی حەکایەت وئەفسانەکان بوون هەتا هاتنی ئاینی ئیسلام بەم شێوەیە مانەوە، لەو کاتەدا چیرۆکی ئاینیی پەیدابوون، کە پابەند بوو بەکارو هەواڵەکانی پێغەمبەر(د.خ)و هەواڵەکانی موسوڵمانان و داگیرکردن و سەرکەوتنەکانیان.پاشان کاری وەرگێڕان هاتە کایەوە ئەوەبوو هەردوو کتێبی(کەلیلە و دیمنە)و(هەزارو یەك شەوە) وەرگێڕدران لەگەڵ چەند خستنە سەرێك))[2] لە مێژوودا ئەمە ئاشکرایە کە ئەم دوو شاکارە کاریگەریان لەسەر هەموو چین و توێژەکانی گەل هەبووە، بەتایبەتیش ئەو حەکایەتانەی کە بەزمانی ئاژەڵان دەنووسران.

لەگەڵ هاتنی ئایینی نوێ واتە ئیسلام، رەوتی پەروەردەو فێرکردن گۆڕانکارییان بە خۆوە بینی و بیرو بۆچون و ئایدۆلۆجیاش گۆڕانێکی بنجی بەسەردا هات، پەروەردەی نوێ خۆی لە بنەماکانی یەکتاپەرستی و خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ)دەبینیەوە.ئامۆژگاری منداڵ دەکرا بە چاکەو خێرو ڕیزگرتنی دایك وباوك وخۆش ویستنی خاك و نیشتمان و هتد..

((ئامادەکردنی دەروونی منداڵ بەرەوشتی پاك، پابەند بوو بەرەفتاری جوان و رەوشتی بەهێز.پێویستە منداڵ فێری ببێت و پەیڕەوی لێ بکات، چونکە

---

[1]-د.عیسى الشماسي، القصة الطفلية في سورية، ص ٣٤.

[2]-د.عبدالفتاح ابو معال، ادب الاطفال واساليب تربيتهم وتعليمهم وتثقيفهم، ص٩٦.

ئەوەش مافێکە لە مافەکانی، کە شەریعەتی ئیسلام داوای دەکات و بڕیاری لەسەر داوە))[1]

لە قورئانی پیرۆزیشدا لەسەر زمانی((لوقمان))ەوە کە ئامۆژگاری کوڕەکەی دەکات، **هاتووە** ﴿ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ١٧ وَلَا تُصَعِّرۡ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٖ ١٨ وَٱقۡصِدۡ فِي مَشۡيِكَ وَٱغۡضُضۡ مِن صَوۡتِكَۚ إِنَّ أَنكَرَ ٱلۡأَصۡوَٰتِ لَصَوۡتُ ٱلۡحَمِيرِ ١٩ ﴾ (صدق الله العضيم)[2]

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا روون وئاشکرا دەردەکەوێت کە منداڵ فێری ئارام گرتن ولەخۆبایی نەبوون دەکات فێری دەکات کە بەدەنگی بەرز قسە نەکات و رێز لە داب ونەریتەکانی ئیسلام بگرێت و پابەند بێت پێیانەوە چونکە وا لەمنداڵ دەگەیەنرێت، کە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئیسلام وگوێڕایەڵی کردنی دایك وباوك ومامۆستاکانی منداڵ بەختەوەر دەکەن لەو دنیادا واتە پەروەردەیەکی عەقیدەیی ودەروونی لە دڵی منداڵدا دەچێنرێت.

وتەو فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)زۆر ئامۆژگاری بەنرخیان تێدایە بۆ پەروەردەکرنی منداڵ هەروەك دەفەرموێت ((یارمەتی منداڵەکانتان بدەن لە خێرو چاکەو رەوشتی باش هەر کەسێك دەیەوێت منداڵەکانی خۆی لەکاری خەراپ دەربهێنێت))[3]

هەموو گەورەپیاوانی مێژوو باسی پەروەردەکردنی منداڵانیان کردووەو بەکاریکی گرنگیان زانیوە، چونکە ئەوان زیاتر لە خەڵکی تر لەبەرزی وگرنگیی منداڵ گەیشتوون.

---

[1]-رأفت فريد سويلم، حقوق الطفل في الشريعة الاسلامية، دار ابن الجوزي، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤، ص١٦٣.

[2]-سورەتی لوقمان ئایەتەکانی ١٦-١٩.

[3]- أ.د . محمود محمد عمادة، تربية الاولاد في الاسلام، مكتبة الايمان، المنصورة، القاهرة، بدون سنة طبع، ص ١٧ .

((لەسەردەمی حوکمڕانە ئەمەوییەکاندا سامانی عەرەب کۆکراوەتـەوە بـەڵام لـەم سـامانەدا هـیچ بەشـی منـداڵ وئـەدەبی منـداڵی تێدانـەبووە هـەتا سـەردەمی عەبباسـی و هـاتنی هـارون ئەلرەشـید کـە بایـەخ بـە ئـەدەبی منـداڵان دراو خرایـە پرۆگرامی خویندنەوە، هەروەها زاناو نووسەرانی بەناوبانگ دەستیان کرد بە بایەخ دان بەمنداڵ، (ئیمـامی غـەزالی)ڕۆڵێکـی گرنگـی لـەم بـوارەدا بینـی باسـی قورئـان دەکات فێری منداڵ بکرێت، وباسی یاری کردووە کـە کاریگـەری لەسـەر دەروون و نەشونماکردنی گەشەی منداڵ هەیەو باوەڕی وایـە کـە دڵـی منـداڵ گەوهـەرە هـیچ نەقش و گرێ یەکی تێدا نیە، دەتوانێت چیت بوێ تیا نەقش بکەیت))[1]

بــە درێــژایی مێــژووی ئیســلام چــیرۆکەکان باســی ئازایــەتی و سوارچــاکی وخۆشەویستی و گەورەیی کوڕ لەسەر کچ و زۆرشتی تریان کردووە، کە کاریگـەری راسـتەوخۆیان لەسـەر منـداڵ هـەبوو.((بەشـێوەیەکی گشـتی هەرچـی گەیشـتبێتە گوێچکەی منداڵانمان لە دووسەرچاوە هەڵقوڵاوە: یەکەمیان : لە ڕێگـەی وەرگێـڕان لــە چــەند زمانێکــەوە، بەتایبــەتی زمــانی ئینگلیــزی وفەڕەنســی و دووەمیــان: ئاسـانکردنی هەنـدێ حەکایـەت وچـیرۆکی عـەرەبی، کـە لـە فۆلکلـۆری عـەرەبی داهەبوون))[2]

((لەسەدەی حەڤدەهەمدا بەشێوەیەکی گشـتی و لـەژێر گاریگـەریی ئـەدەبی منداڵانی فەڕەنساو ئەوروپادا ئەدەبی منداڵانی عەرەبیش سەری هەڵدا، بەتایبـەتی لەمیسر لەسەر دەستی(محمد علی)لە ڕێگای وەرگێڕانەوەو لەئەنجامی تێکـەڵاوییان لەگەڵ ڕۆژاوادا و یەکـەم کـەس، کـە کتێبـی وەرگێـڕدراوی پێشـکەش بـە منـداڵان کردبێــت(رفاعــة الطهطــاوي) بــوو کەبەرپرســی فێرکــردن بــوو، چــەند حەکایــەت وچیرۆکێکی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی پاشان هەرئەو بـوو خوێنـدنی چـیرۆکی خســتە نــاو بەرنامــەکانی خوێندنــەوە))[3] کــە ڕۆڵێکــی گرنگــی هــەبووە لــە پەروەردەکردنی منداڵاندا

---

[1]- د.فازل مەجید مەحمود، شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، ل٧٧-٧٨.
[2]- هادی نعمان الهیتی، ادب للأطفال، ص١٠٤.
[3]-د.عبدالفتاح ابو معال، ادب لأاطفال واسالیب تربیتهم...... ص٩٦.

((له میسر یەکەم کەس کە کتێبی وەرگێڕدراوی لە زمانی ئینگلیزییەوە پێشکەش بەمنداڵان کردبێت(رفاعە الطهطاوی)یە. بەرپرسی فێرکردنیش بووە.کتێبی(چیرۆکی منداڵان)ی وەرگێڕا، پاشان خستنیە ناو بەرنامەی (خوێندن)ەوە ))[1]

((لەپاش(طهطاوی)کەسێکی وا بایەخی بە ئەدەبی منداڵان نەداوە هەتا هاتنی (شەوقی).ئەویش بەیەکەم کەس دادەندرێت کە لەپاش شارەزابوونی لە ئەدەبی منداڵاندا ئەدەبێکی بەزمانی عەرەبی بۆ منداڵان بەرهەم هێنا))[2]

وەنەبێت لەو ماوەیەدا هیچ بەرهەمێك بۆ منداڵ پێشکەش نەکرابێت، بەڵام رەنگە بەهێواشی بێت، چونکە دەبێت بزانین کە رەوڕەوەی ژیانی منداڵیی ناپچڕێ و بەشی خۆی گوێ بیستی بەرهەمی ئەدەبی هەردەبێت.

((محمد عثمان جلال))(١٨٣٨–١٨٩٨) لەپێشەنگەکانی ئەوانە بووە، کە وەرگێڕانیان کردووە.بەتایبەتی دیوانەکەی ((العیون الیواقض في الامثال والمواضع))ی لە(٢٠٠)چیرۆکە شیعردا کۆکردۆتەوە، جگە لەمەش چەندین چیرۆك وحەکایەتی لەسەر زمانی ئاژەڵ وباڵندە بەمەبەستی پەروەردەو ئامۆژگاری کردنی منداڵان نووسیووە))[3] کە هەستی بەمە کردووە کە ئامۆژگاری رووت سوودی نیە بۆ منداڵ بۆیە بەشێوەی چیرۆك منداڵانی وڵاتەکەی پەروەردە کردووە.

((ئەحمەد شەوقی* ١٨٦٨–١٩٣٣)یەکێکە لەوانەی کە بە پێشەوای نووسەری منداڵ دادەندرێت، زیاتر لە سێ چیرۆکە شیعری و دە پارچە سروودو

---

[1]-نفس مصدر السابق.

[2]-سعید احمد حسن، ادب الأطفال ومكاتبهم،ص٣٥.

[3]-د.علی الحدیدی، فی ادب الاطفال،ص ٢٥٣.

* ئەحمەد شەوقی لە ساڵی ١٨٦٨ ز لە باوکێکی کورد و دایکێکی تورك لە قاهیرە لەدایك بووە، خوێندنی مافی لە پاریس تەواو کردووە، لەبوارەکانی شیعر وپەخشان وچیرۆك ورۆمان وشانۆنامە نووسیندا دەستێکی باڵای هەبووە، چەندان شیعر وچیرۆکی بۆ منداڵان نووسیووە، پەنجا ئەفسانەی کورت ودرێژی بۆ نووسیون، زۆربەیان وەرگێڕدراوی (ئیزۆپ، فیدرۆ، لاڤۆنتین ) ن، هەروەها( نزای بەیانیان و نزای خەوتن ) یشی نووسیووە، سەرباری چەندین سروودی نیشتمانی وپەروەردەیی، لەساڵی ١٩٣٣ ز کۆچی دوایی کردووە .بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (حنا الفاخوری، تأريخ الادب العربی، ط : الثانية، بدون المؤسسة وسنة الطبع، ص ٩٨٠، ١٠٠٦-١٠٠٧ ) .

گـۆرانی بـۆ منـداڵان نووسـیووە.وەك(راوچـی وچـۆلەكە)، (ڕێـوی وكەڵەشـێر)، (بەچـكەی قەلـەڕەش)، (پشـیلەوخاوێنی)، بـە گشـتی ئـەو چـیرۆكانەی لەسـەر شێوازی(لاڤۆنتێن) نووسیوون))[1] ڕاستە ئەحمەد شـەوقی بەشـاعیر ناسـراوە بـەڵام منداڵانیشی بێبەش نەكردووە لە بەرهەمەكانی خۆی و چەندان چـیرۆكی پێشـكەش كردوون.

((لەپاش ئەو كامل گـەیلانی (١٨٩٧–١٩٥٩ ) پەیـدابوو، كـە ئامـانجی ئـەوە بـوو منـداڵان خوێندنـەوەیان خـۆش بوێـت.بەشـێوازێكی ئاسـان وخۆشەویسـت بەرهەمـــەكانی پێشكەشـــی منـــداڵان كـــردووە.كارەكـــانی ئـــەو ســـاڵی ١٩٢٧ بەچیرۆكی(سندیبادی دەریاوان)دەستی پێكردو چـەند چـیرۆكێكی ئایـینی لەسـەر ژیانی پێغەمبەر(د.خ) نووسیووە و چەند چیرۆكێكی(هەزارویـەك شـەوە)و چـەندین چیرۆكی لەسەر ژیانی (جەحا) [2] نووسیووە.چیرۆكەكانی كامل گـەیلانی پشـتی بـە كەلەپوری عەرەب و ڕۆشنبیری بێگانە بەستووە))[3]

لێرەدا دەبینین كـەلتوری نەتـەوەو ڕۆشـنبیری بێگانـە تێكـەڵ كـراوە كـە دوو سەرچاوەی گرنگی پەرپێدانی ئەدەبی میللەتانن.

((ابـراهیم العـرب كـە لەسـاڵی ١٩٢٧ كۆچـی دوایـی كـردووە(دیـوانی"آداب العـرب")ی لـە ٩١ چـیرۆكە شـیعریدا لەسـەر شـێوازی لافـۆنتێن نووسـیوە ئـەو دیوانـەش لەساڵی ١٩١٣ چـاپكراوە))[4] كاریگـەری لاڤـۆتێن زۆر بـە ئاشـكرا دیـارە بەسەر شاعیر و چیرۆكنووسانی عەرەب، دیارە سوودی زۆریان لێ بینیوە.

((لەســـاڵی ١٩٢٩دا نووســـینەكانی (حامـــد القصـــبی) لـــەژێر ناونیشـــانی ((پەروەردەكردن بەچیرۆك بۆ موتالاكردنی قوتابخانە وماڵ))پەیدا بوو، و لە سـاڵی ١٩٣٠ دا زۆر لە چـیرۆك و سـروودو گـۆرانی و شـانۆگەری و گۆڤـار دەرچـوون وەك

---

[1]-د.عبدالفتاح ابو معال، ادب الأطفال واساليب تربيتهم......ص٩٧.

[2]-جەحا : پاڵەوانی گاڵتەوگەپی ناو چیرۆكەكانە، لای كورد مەلای مەشهورە، لای فـارس مـەلا مـەز بورە و لای تورك مەلا نەسرەدین و لای عەرەبیش (جەحا) یە .

[3]–سەرچاوەی پێشوو ل٩٧، هەروەها بڕوانە سعيد احمد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم، ص٣٦.

[4]- د.فازل مەجید، شیعری منداڵان لەئەدەبی كوردیدا، ل٨٠.

گۆڤـاری((سـندباد)) ))[1] ئـەم گۆڤـارە بـەناوی سـندیبادی دەریاوانەوەیـە) کـە چیرۆکێکی سـەرنج ڕاکێشـە بـۆ منـداڵان و بەسـەرهات وگەشـتەکانی ( سـندیباد) دەگێڕێتەوە کە تووشی چەندان ڕووداوی ناخۆش دەبێت.

((لە لوبنان زۆر گۆڤار و کتێب بە وێنەی جوان و ڕەنگـاوڕەنگ بـۆ منـداڵان دەردەچوون و بەشێوەیەکی بەرچاو و پێشبڕکێیان لە نێوان خۆیاندا دەکرد.وەکو گۆڤارەکـانی سـوپەرمان، تـەڕازان، تـارت، جگـە لـەوەی زۆریـان لەفەڕەنسـیەوە وەرگێڕدرانــە ســەر زمــانی عــەرەبی.ئەوکتێبانــەی کەلــەو ماوەیــەدا لــەلوبنان چــــاپکران(کۆمەڵــــەی حەکایەتــــەکانی شــــەهرەزاد) و(حەکایەتــــەکانی جـونی)و(ئەفسـانەکان)و هەنـدیکی تـریش بـوون))[2] پێشـبڕکێ کـردن بـە منـداڵان سوودی زۆرە لەلایەکـەوە هانیـان دەدات بـۆ فێربـوونی زیـاتر لەلایـەکی تریشـەوە گیانی بەربەرەکانێیان لەلا دروست دەکات.

((لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دا ئـەدەبی نووسـراوی منـداڵان بـە زمـانی عەرەبی ڕێگای ڕاستی خۆی لە نێوان هونەرەکانی ئەدەبی تر داگـرت))[3] واتـە لـەو ساڵانەدا بایەخێکی تەواو درا بەچیرۆکی منداڵان و گۆڤار و کتێبی منـداڵان زیـاتر و زیاتر بوون.

((وەك پارچــە شــیعری"خــۆر"کــە لەســاڵی ١٩٢٩ بڵاوکراوەتــەوە وەپارچــە شیعری"نیشتمان" وپارچە شـیعری"بـە زەیـی هاتنـەوە بـە گیانـداران" لـە سـاڵی ١٩٣٢))[4]

((هــەروەها محمـد سـعید العریـان گۆڤـاری"السـندباد"ی دەرکـرد وە کتێبـی (گەشـتەکانی سـندبادی)نووســی لەســەر شــێوازی(هەزارویــەك شــەوە) خــەڵاتی دەوڵەتی پێ بەخشراوە.هەروەها (محمد أبو احمد) ڕۆمانە سەرەتاکانی بۆ منداڵان

---

[1]-د.عبدالفتاح ابو معال، ادب الاطفال دراسة وتطبيق، ص٣٢.هەروەها بڕوانە، سعيد احمد حسن ادب الاطفال ومكتباتهم ص٣٧.

[2]-عبدالفتاح ابو معال، ادب الاطفال واساليب تربيتهم......، ص٩٨، هــەروەها بڕوانـە سـعيد احمـد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم، ص٤٢.

[3]-سعيد احمد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم، ص٣٦.

[4]-د.هادى نعمان الهيتى، ثقافة الاطفال، ص٢١٩.

لەسەرەتای شەستەکاندا نووسیووە وەك(عمرون شاه)، (کریم الـدین البغـدادی)... پاشان نەوەی تازە پەیدابوو.. کە هەولّی دەدا ئەدەبێك بۆ منداڵان بنووسێت))[1]

ئەگەر باسـی لێکۆڵینـەوەی چـیرۆکی منـداڵان بکـەین لەعێراقـدا نابێـت هـەولْ وتێکۆشـانی دکتـۆر(هـادی نعمـان الهیتـی) لـەبیر بکـەین، کـە باسـی پێشـکەوتن و قۆناغـەکانی چـیرۆکی منـداڵان دەکـات لەعێراقـدا کتێبـی (ئـەدەبی منـداڵان، فەلسەفەکەی، هونەرەکەی) یەکێکـە لـەکارە گرنگـەکانی ئـەو نووسـەرە.هـەروەها لێکۆڵـەرو چـیرۆکنووس(جعفـر صـادق محمـد)، کـە وێنەیـەکی سـەرەتای جـوانی چـیرۆکی منـداڵانی کێشـاوە لـەعێراق، یـەکێك لەهەوڵـەکانی نـاوبراو کتێبەکەیـەتی بـەناوی(منـداڵان لـە عێراقـدا لەسـاڵانی، ١٩٢٢–١٩٦٨) هـەروەها(سـەرەتاکانی چیرۆکی منداڵان لەعێراق و پێشخسـتنی) لەسـاڵی ١٩٢٢ گۆڤـاری (منـداڵی عێـراق) دەرچووە، کە ژمارە ١ ی لـە(١)ی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٢٢ دەرچـووە، کـە هەندێك چیرۆکی تێدا بڵاوکراوەتـەوە لەلایـەن(مشـتاق طالـب) و (محمـود احمـد) و (عبدالمجید یوسف) و (د.مصطفی جواد) و زۆری دیکەش))[2] ئەم رەوشە بەردەوام بوو هەتا هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی  پاشان گۆڕانی بەسەرداهات.

((ماوەی چلەکان وڵاتانی عەرەبی بەجەنگی جیهانیەوە کاریگەر بوون چونکە چاپخانەی عەرەبیی وەستان و شتیان بۆمنداڵان بڵاو نـەدەکردەوە بـەهۆی کـەمی کاغەز و نالەباری هەلومەرجی ئابوریی  لەجیهانی عەرەبیدا))[3]

بێگومان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی کاریگەریی سەلبیان لەسەر رەوتی ژیان بەگشتی و لایەنی پەروەردەو ئەدەب بەتایبەتی هەبووە، بەڵام ناتوانین بڵێین بەتەواوی لەو ماوەیەدا بڵاوکردنەوەو دەرچوونی گۆڤاری منـداڵان و بڵاوکردنـەوەی چیرۆك وەستابێ، بەڵکو تووشی سستی و کەم بەرهەمی کردووە.

((لەو گۆڤارو رۆژنامانەی کەئێستاش بەردەوامن گۆڤاری (مجلتـی) لـە سـاڵی ١٩٦٩ بۆ منداڵان و "مزمار" لە ١٩٧٠وە بۆ هەرزەو مێرد منداڵ لەلایەن وەزارەتـی

[1]-ابراهیم محمود وآخرون، ثقافة الطفل واقع وآفاق، ص٥٣.
[2]-فاضل عباس الكعبی، المداخل التربوية ومرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الاطفال، ص٢٠٦.
[3]-سعيد احمد حسن، ادب الاطفال ومكتباتهم ص٣٨.

ڕۆشنبیریەوە دەردەچن))[1] لەسەرەتای حەفتاکانیشەوە تا ئەمڕۆ بەدەیان گۆڤار و نامیلکەی ئەدەبی منداڵان بەتایبەتی چیرۆك بڵاو دەکرێنەوە.

((لە کوێت گۆڤاری (العربي الصغیر) دەردەچێت، ژمارەی لاپەڕەکانی ٧٦ لاپەڕەیە لەسەر بەهاترین کاغەز چاپ دەکرێت. لەرووی پەروەردەو پێگەیاندنەوە گۆڤارێکی بەتوانایە، دەیان بابەت لەخۆ دەگرێت، لەسعودییەش گۆڤاری (جیل الجدید)دەردەچێت، گۆڤارێکی مانگانەیە لەسەر شێوازی رۆژنامە دەردەچێت و ژمارەی لاپەڕەکانی سی لاپەڕەن، بابەتەکانی زیاتر لەچیرۆك وباسی زانستی ونامەی هاوڕێیان و وێنەی سەرنج ڕاکێش پێك دێت هەروەها باسی رووداوی سروشتی و چەند لاپەڕەیەکیش لەسەر چیرۆکی پێغەمبەران دەنووسێ))[2]

بەشێوەیەکی گشتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم وسەرەتاکانی سەدەی بیست ویەکەمدا بەشێوەیەکی بەربڵاو گۆڤارو رۆژنامەو کتێب بۆ منداڵان بڵاودەکرێتەوە، نووسەری منداڵان بەشێوەیەکی ئەکادیمی ژمارەیان رووی لەزیادی کردووە.زانینی ئەو راستییە، کە منداڵ زۆر گرنگەو دەبێت بایەخی پێ بدرێت وای کردووە، کەشارەزایانی دەروونناسیش لە جیهانی عەرەبیدا پەیدا ببن و لەسەر ئارەزووی منداڵ شیعرو چیرۆك وشانۆنامە بنووسن و لەو گۆڤارو رۆژنامانەش بڵاوبکەنەوە، کە وێنەی رەنگدارو گەورەو بێ چوارچێوە بنووسن، چونکە منداڵ حەز بەسنوور ناکات و حەزیش لەشتی ورد ناکات.

ئەمەو جگە لەدەزگاکانی تری راگەیاندن وەك تەلەفزیۆن، سەتەلایت، ئەنتەرنێت.ئەمانە بەشێوەیەکی بەربڵاو کاریگەریان لەسەر پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ هەیەو تەنانەت هەندێك کەناڵ هەن تایبەت بە منداڵ و هەرچی پەیوەندی بە منداڵەوە هەبێت بڵاوی دەکەنەوە.

---

[1]- د.فازل مەجید، شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، ل٨١.

[2]-سەلام سعید مولود، قۆناغەکانی گەشەی منداڵ وئەدەب، گۆڤاری ئایندە، ژ٤.

**٣ - ( سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا )**

ئەگەر مەبەستمان بێت لەئەدەبی منداڵانی کورد بدوێین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ فۆلکلۆر، چونکە فۆلکلۆر سەرچاوەی سامانی نەتەوایەتی میللەتانەو و ((ئەدەبی منـداڵان بەگشـتی رەگ وریشـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەقایەتـە ئەفسـانەیی و فۆلکلۆریەکان و ئەوانەی داپیرەکان بۆ کوڕەزاکان و کچەزاکانیان دەیانگێڕانەوە تا بیانکەنە خەویا لەشەوانی ساردی زستاندا کاتی پێ بەرنە سەر....))[١]

فۆلکلۆر جیهانێکی بەرفراوانە لەژیانی مرۆڤدا، هیچ گەل ونەتەوەیەکیش بێ فۆلکلۆر نییە... فۆلکلۆری کوردیش بەشێکە لەسامانە فۆلکلۆرییەکانی دنیاو خەرمانێکی لەبن نەهاتووی میللەتی کوردە، بەهۆی ئەم فۆلکلۆرەوە کە بووەتە جێگەی سەرنجی رۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرانی ئەم بوارە گرنگە، فۆلکلۆری کوردی بایەخێکی گرنگی بۆ سەر جیهانی فۆلکلۆر بەشێوەیەکی گشتی هەبووە. ((چیرۆك کەلە ناو کورد دا حەکایەت یا(نەقڵ)ی پێ ئەڵێن و لەناو کوردی لوڕدا مەتەڵۆك—یشی پێ ئەوترێ— بەشێکی گەورەیە لەناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، چیرۆك بەرەو پێش چوونێکی مێژوویی ئەفسانەیەو لەرووی فۆرم وداڕشتنەوە لەو ئەچێت، هەرچەندە لەرووی کەرەسەو ناوەرۆکەوە هەندێك جیاوازیان هەیە))[٢]

فۆلکلۆر پڕی چیرۆك و بەیت وداستان وئەفسانەیە، ئەمانەش لەئەنجامی رووداوی ژیان و پێویستییەکانی ژیان لەگەڵ مرۆڤدا دروست بوون، بەڵام ئەمانە زیاتر بۆتەمەن گەوران گوتراون، نەك بۆ منداڵان، بەڵام منداڵ لەکۆڕو مەجلیساندا گوێی لێ بووە یان دایك وداپیرەو باپیرەکان بۆیان گێڕاونەتەوەو ئەوانیش سوودیان لێ وەرگرتووە.بەم شێوەیە هەتا سەردەمی ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی رۆیشتووە.

((داگیرکەرانی کوردستان هەستیان بەگرنگیی دەوری منداڵ کردووە، بۆیە هەر زوو هەوڵیان داوە مێشکی منداڵانی کورد بشێوێنن و بەجۆرێ ئاراستەیان بکەن کە لەبەرژەوەندی سیاسەتی شۆڤێنی خۆیاندا بێ و بەپێ ی توانا دووریان

---

[١]-ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، ئەدەبی منداڵان لەگۆڤاری گەلاوێژدا، گ.ڕامان، ژ:١٧، ل٧.

[٢]-د.عیزەدین مستەفا رەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ:زانکۆی سلێمانی، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٢٤.

بخەنەوە لەبیرو باوەڕو هەستی نەتەوایەتی))[1] ئەمەکاری داگیرکەرانی هەر ولاتێکە، کــەدەزانن منــدالْ توێژێکــە کاریگــەریی زۆری لەســەر دوارۆژی میللــەتان هەیــە بۆیەداگیرکــەرانی کوردســتانیش زووهەســتیان بــەم لایەنــە گرنگەکردووەومێشــکی منــدالآنی کوردیــان شــێواندووە هەمیشــەخەریکی ناشــتنی تــۆوی دووبــەرەکی ودوورخســتنەوەیان بــوون لــە هەســتی نەتەوایــەتی وبردنــی ئــەو توێــژە گرنگــە بۆئاقارێکی دیکەو راست کردنەوەیان کارێکی ئاسان نەبووە.

یەکـەم چـیرۆکی منـدالآنی کـورد، چـیرۆکی (کەڵـەکوك)ە لەلایـەن عیسـاعەلی ناوێکەوە بەشێوەزاری کوردی باکورنوسـراوە، دواترلەلایـەن گیـوی موکریانییـەوە کراوەتە شێوەزاری کرمانجی خوارووله‌ژێرناونیشانی (کەڵەباب)دابلاوی کردۆتـەوە، ئەم چیرۆکە باسـی کابرایـەك دەکـات کـە بەکەڵـەبابێك دەچـێتە کوێسـتانان خـوێ بهێنێت، گەشتێکی سەیروخۆش دەکات هەمووی درۆودەلەسەیە بـەلآم لـە خـەیاڵی منداڵەوە نزیکەوفانتازیایە.[2]

((ئەگەر بەهاری ساڵی ١٨٩٨ سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسـی کـوردی بێت ئەوا رۆژنامەنووسی مندالآن تـا(٤٨)سـاڵ دوای ئـەو مێـژووە سـەری هەڵـنـەدا، ئــەوەبوو لەبــەهاری ســاڵی ١٩٤٦و لــەژێر ئــالآی کۆمــاری کوردســتاندا لەمــەهاباد یەکەمین گۆڤاری تایبەت بەمندالآن بەناوی((گڕوگاڵی مندالآنی کـورد)) دەرچـوو))[3] ئەم گۆڤارە تایبەت بوو بە مندالْ و چەندان چـیرۆك و شـیعری منـدالآنی تێـدا بـلآو دەکرایەوە. لەو تەمەنە کورتەی (کۆمار) دا ئەم گۆڤـارە خزمـەتێکی بەرچـاوی بـە مندالآنی کورد کردووە.

---

[1]-عبدالصمداسلام طه دوسکی، رەنگدانــەوەی ئــەدەب لــە گۆڤــاری هــاواردا١٩٣٢-١٩٤٣، نامــەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

[2]– عیسا عەلی، چیرۆکی کەڵەباب، وەرگێڕانی لە زاری باکوورەوە :گیو موکریانی، چاپی سێیەمین، چ :کوردستان، هەولێر، بەبێ ساڵی چاپ.

[3]-حەمە صالح فەرهادی، ڕۆژنامەنووســی منــدالآن لەکوردســتاندا، گ:رۆژنامــەڤانی، ژ: ٢,٢٠٠٠، هەولێر، ل٧٠.

((ئـەو گۆڤـارە سـێ ژمـارەی لێ دەچـوو، ژمـارەی لاپـەڕەکانی بـەپێی بابـەت بووە، هـەرجارەی جۆرێـك بـووە، ژمـارە یـەك ١٥ لاپـەڕە، ژمـارە دوو ١٤ لاپـەڕە، ژمارە سێ ١٤ لاپەڕەبوو))[1]

((یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی منداڵان مامۆستا (شاکر فـەتاح) لەسـاڵی (١٩٣٥)دا لەزمانی عەرەبیەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمـانی کـوردی ولەبـەرگێکی قەشـەنگداو بەخـەتێکی رەنگـاوڕەنگ و رازاوە وەپـڕ لەوێنـە، لەچـاپخانەی مـەعاریف لەبەغـدا لەچـاپی داوە، کـە هەشـت کورتـە چـیرۆکە لەسـەر ژیـانی منـداڵ و لەسـەر زمـانی گیانـداران نووسـراون چـیرۆکەکان بـەدەرنین لەکـەڵك و زانیـاری بەخشـین لەسـەر منــداڵان، هــەروەها لەســاڵی ١٩٤٨ (هــاوڕێی منــداڵ)ی نووســیوەو بەچــاپی گەیانـدووە))[2] گۆڤـار و رۆژنامـەکان رۆڵێکـی باشـیان هـەبووە لـە بڵاوکردنـەوەی چیرۆکی خۆماڵی و وەرگێڕدراوی منداڵان.

((زۆر لەشارەزایان و نووسەرانی کورد هەوڵیانداوە بەرهەم بۆ منداڵان بنووسن و خزمەت بەنەوەی دواڕۆژمان بکەن وەکو مامۆستا (نەجمـەدین مـەلا) کـە لەسـەر لاپەڕەکانی رۆژنامەی (ژین) هەموو هەفتەیەك چـیرۆکێکی بـۆ دەنووسـین و بـڵاوی دەکـردەوە، هــەروەها مامۆســتا(شــوکر مســتەفا)کۆمەڵــە چــیرۆکێکی(ئــەنگیلێ کراڵچیف)ی لەتورکییەوە کردۆتە کوردی))[3]

زۆربەی شـاعیران و نووسـەرانمان هەوڵیانـداوە بەرهـەم بـۆ منـداڵان بنووسـن، بــەڵام لەبەرئــەوەی لەلایــەنی دەروونناســیی منداڵانــەوە شــارەزاییەکی باشــیان نەبووە.زۆرجار هەندێك ووشەیان بەکارهێناوە منداڵ تێی نەگەیشـتووەو لـەجیهانی منداڵانەوە دوور بووە، بەڵام دیسانەوە ئەگەر بەرێژەیەکی بەرچاویش منداڵان هـەر نەبووبێت سوودیان لێ بینیووە.

---

[1]-د.هیمداد حسـین، گۆڤـاری گروگـاڵی منـداڵانی کـورد، سـەرەتای رۆژنامەنووسـی پـەروەردەیی،ل ١٣,١٧.

[2]-محمد رشید فتاح، ئەدەبی منالآن و نمونەو لێکۆڵینەوە لەئـەدەبی منـاڵانی کـورد، بەڕێوەبەرایـەتی گشتی خوێندنی کوردی، بەغداد، ١٩٧٤،ل١٢٨.

[3]-سەرچاوەی پێشوو،ل٢٩.

((دەتوانین بڵێین لەسییەکان و چلەکاندا (ئـەدەبی منـداڵان)ی کـورد لـەبری گێڕانـەوە واتـە هەقایەتـە فۆلکلۆریـەکانی بـەرئاگردان، ئـەوە بەشـێوەی نووسـین، بوونی خۆی بە منداڵانی کورد ناساند.ئەم راستیەش لەچیرۆکەکانی (کوردیـەکن)و (شـێرێ تـەین ئەحمـەدێ خـانی)ی نـورەدین زازاو(چـیرۆك بـۆ منـداڵان)و(هـاوڕێی منالآن)ی شاکر فەتاح بە دەردەکەوێ))[1]

ئەم کۆمەڵەیە هەمووی تەنها چیرۆکن بۆ منـداڵانی کـورد نووسـراون. ئەمـەش پانتایی و فراوانی چیرۆك دەردەخات جارێکی تر.

((رۆژنامــەی (بــانگی کوردســتان) لــە ٤ ی ئــەیلولی ١٩٢٢ لەلاپــەڕە دوودا نووسینێکی بەناوی(تربیـەی اولاد)ەوە لەلایـەن(عـەلی کـەمال)[*]ەوە بڵاوکردۆتـەوە، هەروەها رۆژنامەی (رۆژی کوردستان) لە ٣ی شوباتی ١٩٢٣ دا وە لە لاپـەڕە(٣)دا بەناوی(تربیەو تدریسی منداڵان)ەوە نووسینێکی درێژی لەلایەن(م—قادری—سەعید زەکی)یەوە بڵاوکردۆتـەوە، گۆشـەیەکی سـەربەخۆش بـەناوی(بەشـی منـاڵان)ەوە لەگۆڤاری گەلاوێژدا تەرخان کرابوو بۆ منداڵانی کورد.))[2]

زۆرن ئەوانــــەی، خۆیــــان لەئــــەدەبی منــــداڵان داوە وا چــــەندێکیان ریزدەکـەین((لەهەوڵـە پیرۆزەکـانی کوردەواریشـەوە (پـیرە مێـردی نـەمر ١٨٦٨—١٩٥٠) دەبینین چ لـەرێگای قوتابخانـەی زانسـتی شـەوەوە یـا لەمیانـەی سـروودو شیعرەکانیەوە ئـەدەبی منـداڵانی کـورد دەسـتی بـەبنچ دابەسـتن کـردووە نموونـە سروودی(ئەی کچینە: وەرنە مەکتەب...... هەروەها ((شاعیری شۆڕشگێڕی کـورد

---

[1]-رۆستەم باجەلان، چیرۆکی منداڵان(چەمك، وەرگێڕان، نووسین، ئامادەکردن، وێنەکێشان) گ.رامـان ژ(١١٧) ٢٠٠٧،ل١٨٥.

* — ناوی تەواوی عەلی کەمال باپیر ئاغایە ونازناوی شیعری (کـەمالی)یـە، لـە سـاڵی ١٨٨٦ لـە سلێمانی لە دایك بووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئینگلیزەکاندا کراوە بە قایمقامی چەمچەماڵ، یەکیك بووە لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن ودوایی بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامـەی (بانگی کوردستان ) هەڵبژێردراوە ولە سـاڵی ١٩٧٤ لـە سـلێمانی کۆچـی دوایـی کـردووە . بـۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د.مارف خەزنەدار، مێـژووی ئـەدەبی کـوردی — بـەرگی شەشـەم، چـاپی یەکەم، چ : دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٨٧- ١٨٨ .

[2]-ئەحمەد سەید عـەلی بـەرزنجی، ئـەدەبی منـداڵان لـەگۆڤاری گەلاوێـژدا،ڕامـان ژ: ١٧، دەزگـای رۆشنبیری و راگەیاندنی گوڵان، هەولێر، ١٩٩٧، ل٩، ٨.

فایـەق بێکـەس کۆمـەڵێك هەڵبەسـتی بـۆ منـداڵان گوتـوە، ڕۆڵـی رابەرایەتیانـەی عەبدولواحید نـوری(١٩٠٤–١٩٤٤) لـەبواری پـەروەردەکردن و فێرکردنـدا لەشـاری سـلێمانی روون و بەرچـاوە، هەروەهالــە گۆڤــاری(هــاوار) دا ئــەدەبی منــداڵان پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە بینیوە کەشایەنی باسکردن بێت، چونکە لەهەندێ ژمـارەدا لـەژێر نـاوی(سـتونازاروان)دا کـە بـۆ منـداڵان تـەرخان کـراوە شـیعر بڵاوکراوەتەوە))[1]

لەبەرئەوەی منداڵ بەشێکی گرنگی هەر خێزانێك پێك دەهێنێت، نووسـەران و شـاعیران بیریـان کردۆتـەوە کـە لـەکۆڕی رۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا منـداڵ پشـتگوێ نەخەن.بۆیە هەندێك جار گۆشـەیان بـۆ کردۆتـەوە.وەك لـەگۆڤاری هـاواردا بـەدیار دەکەوێت.یـان زۆرجـار منـداڵ لەگـەڵ ئـافرەت گرێـدراوە لەرۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کـە ئـافرەتی جـاران زۆربـەیان ئـافرەتی ماڵـەوە بـوون و زیاتر پەروەردەکردنی منداڵانی لەئەستۆدا بووە.

((زۆر لەشاعیرانی کورد بایەخیان بەمنداڵ و قۆناغی منداڵیی داوە، بۆ نمونـە گۆران، دڵدار، بێکـەس، زۆری دیکـەش هـەوڵیان داوە لەرێگـەی شـیعرەکانیانەوە، کەئاراسـتەی منـداڵانیان کـردووە.بـەهای جـوان فێـری منـداڵ بکـەن، یاسـاکانی پێشکەوتن وسیماکانی شارسـتانییان فێربکـەن.(گـۆران) وەك هێنـدێ لەشـاعیرانی سەردەمی خۆی لای لەئەدەبی منداڵان کردۆتەوە، چـەپکێ هەڵبەسـت و سـرودی نیشـتمانیی پێشـکەش بەمنـداڵانی نەتەوەکـەی کـردووە، وەك ئـەی بەرخۆڵەکـە، پشەکەم.... هتد))[2] و چەندان مەتەڵی دارشتووە کەلە ژێر ناوی بۆ زاخاوی مێشـك لە دوو لاپەڕەکانی دیوانەکەی بڵاوکراونەتەوە.

((لەمایسی ساڵی ١٩٧٢دا یەکەم ژمارەی گۆڤاری(ئەسـتێرە)دەرچـوو، بـەڵام ئــەویش دیســانەوە هەرســێ ژمــارەی لێدەرچــوو، دواتــر هەلومــەرجی سیاســی کوردستانی عیراق لەدەستچوو، شەڕ دەسـتی پێکـردەوە، پـاش ئـەوەش بـوار بـۆ

---

[1]-د.ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی رۆژنامەنووسی کـوردی بەغـدا ١٩٧٠-١٩٧٤، ل ٦٢٢-٦٢٣.

[2]-د.کمال معروف، دراسة عن اعمال گـوران الادبیـة،سـلیمانیة، ٢٠٠٥،ص٤١.هـەروەها بڕوانـە،گ: ڕۆشنبیری نوێ،ژ٦٤: ١٩٧٨،ل٦٩.

کاری رۆژنامەگەری کوردی بەگشتی و، رۆژنامەگەریی منداڵانی کوردیش بەتایبەت لەهەر پارچەیەکی کوردستان رەخساو نەبووە، بۆیە تا ئازاری (١٩٩١) کە گەلی کوردی کوردستانی عیراق ئازادی خۆی بەدەست هێنا.ئینجا هەلی زێرین بۆ منداڵانی کورد وەدی هات و دەیان گۆڤارو رۆژنامە روناکیان بینی))[١]

شتێکی بەڵگە نەویستە، کە رژێمی دیکتاتۆری لەناوچوو، هەرشتێك کەبۆنی پێشکەوتنی لێبهاتایە، بەربەستی لەبەردەم دادەنا.هەتا منداڵانیش نەیان دەتوانی خۆشی لە ژیان ببینن وچێژی لێ وەربگرن و بەگۆڤارو یارییەکان شادبن، بەڵام دوای راپەرینە مەزنەکەی ١٩٩١ بەدەیان گۆڤارو رۆژنامەی منداڵان کەوتنە بەردەستی خوێنەرانییەوە.

((سەبارەت دەسپێك وسەرهەڵدانا چیرۆکێن زارۆکان ل دەڤەرا بەهدینان هەتا نوکە دەسپێکا پەیدابوونا یەکەمین بەرهەمێ نڤیسی ڤەدگەریت بۆ سالا ١٩٨٠ ل دویڤ وان پێزانینێن ل بەر دەس، رەنگە هندەك بەرهەم یان چەند چیرۆکەکێن فۆلکلۆری دچەندین گۆڤارو رۆژناماندا ل بەری ڤێ مێژوویێ هاتینە بەلاڤکرن ژبەر هندێ ئەم نەشێین بدەینە پال ئەدەبێ زارۆکان))[٢]

لەدوای راپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر بایەخ بەمنداڵ دراو بەدەیان رۆژنامەو گۆڤار لەبواری ئەدەبی منداڵاندا کەوتنە بەر دیدی منداڵ، هەرچەندە ئەو بوارە ناهەموارەی لەساڵی(١٩٩٤)ەوە، کە بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە بەسەر کوردستاندا هات، منداڵانیشی بەرەو ئاقارێکی خراپ برد، چونکە کاربەدەستانی حکومەت و رێژەیەکیش لەرۆشنبیران بۆ دوو گروپ دابەشبوون و تارادەیەك منداڵان پشتگوێ خرانەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەو کێشەیە کۆتایی هات وچەندین رێکخراوی مافی منداڵان لە کوردستان دەست بەکاربوون و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر ئەدەبی منداڵان زیاتربوون، بەتایبەتی لەساڵی (٢٠٠٠)ەوە، تا ئەمڕۆ دەیان گۆڤارو رۆژنامە

---

[١]-ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، رۆژنامەگەری منداڵان بەزمانی کوردی، ل٩،٨.

[٢]-محسن عارف سالح، رەوشا چیرۆکێن زارۆکان ل دەڤەرا بەهدینان،نامەی ماجستێر،کۆلێژی ئاداب/زانکۆی دهۆك ٢٠٠٥،ل٦٧.

بۆ منداڵان دەردەچن، وەك(گۆڤاری هەنگ، هێلانەی منداڵان، پەرەسێلکە، نێرگز، پەپوولە، کۆلارە، کەناری، پەلکە زێڕینەو..... هتد).

لەدواوتەی ئەم بەشەدا دەڵێین ئێستا بیروبۆچوون و رایەکان دەربارەی منداڵی کورد لەگۆڕانکارییەکی باشدایە، بایەخێکی زۆرباش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەمنداڵ دەدرێت بەتایبەتی وەزارەتەکانی رۆشنبیری و پەروەردەو مافی مرۆڤ.رۆژ لەدوای رۆژ لێکۆڵینەوەی زانستییانەی زیاتری لەسەر دەکرێت، ئەمەش شتێکی دڵخۆشکەرە، چونکە بێگومان ئەوەی نەوەکانی خۆی بەپەروەردەیەکی راست پەروەردە بکات، ئەوا لەدوارۆژدا دەکەوێتە نازو نیعمەت و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و پێکەوەژیان و ئاشتی و قبوڵکردنی یەکتری، هەروەها نابێت رۆڵی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان لەبایەخدان بەمنداڵ لەبیر بکەین بەپێشکەشکردنی دراماو فیلمی کارتۆنی منداڵان، کە ئەمەش رۆڵێکی ئیجابی لەپێشخستنی ئەدەبی منداڵان و دنیای منداڵ بەشێوەیەکی گشتی گێڕاوە.

# بەشی دووەم:

## تەوەری یەکەم : ژیانی لەتیف هەڵمەت

### ١- ژیانی ئاسایی لەتیف هەڵمەت *

لەتیف مەحمود محەمەد حەسەن لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری کفری سەر بە پارێزگای کەرکوك لەدایك بووە و لە بنەماڵەیەکی ئاینپەروەری سەر بە رێبازی قادری، بە کەلتورێکی ئایینی، گۆش و پەروەردە کراوەو هەر لە منداڵییەوە عاشقی کتێب بووە، چونکە باوکی ئاینپەروەرێکی رۆشنبیر بووە.

لەتیف هەڵمەت وەك کوڕێکی ئەم باوکە زۆر سوودی لە رۆشنبیریەکەی وەرگرتووەو بووە بە هەوێنی جەستەی ئەدەبی و گەشەکردنی بەهرەکەی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کفری تەواو کردووەوهێشتاگەنج بووە کەدایکی کۆچی دوایی کردووە وکاریگەری زۆری لەسەربەجێ هێشتووە، ساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و رۆڵی بەرچاوی هەبووە.

ساڵی ١٩٧٥ وەکو رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان دا کاری کردووە و هەر لە هەمان ساڵدا بووە بە ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق.

ساڵی ١٩٧٦ لە پاشکۆی کوردی — العراق — دا کاری کردووە و ساڵی ١٩٨١ تاکو راپەڕین لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا وەکو رۆژنامەنووسێك کاری کردووە.بە کوردی و عەرەبی دەنووسێت، بەرهەمەکانی بۆ گەورەو منداڵانە لە زۆربەی رۆژنامەی کوردی و عەرەبیەکانی عێراق و کوردستاندا لە پێش راپەڕین و دوای راپەڕینیش بەرهەمی ئەدەبی بڵاو کردۆتەوە و بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی. جگە لە زمانی دایك هەردوو زمانی عەرەبی و زمانی تورکمانی دەزانێت.

شیعرو چیرۆك و شانۆ نامەو وتاری ئەدەبی و بابەتی منداڵان دەنووسێت و چەندین وتارو لێکۆڵینەوەی دەربارەی فیلمی کارتۆنی منداڵ و سینەمای منداڵ و

رۆڵی منداڵی له رۆمان و چیرۆکی کوردی و جیهانیدا نووسیوه.

لـەتیف هەڵمـەت مرۆڤێکـی قسـە خـۆش و دەم بـە پێکەنینـە وەك هـاوڕێ دەتوانێت هاوڕێیەتی بگەیەنێتە ئاستی خۆی، مرۆڤێکی هەست ناسك وەك منـداڵ سادەیە، چونکە ئەو خۆی دەڵێت زۆر کەس پێم دەڵێن کە تۆ منداڵێکی گەورەنابی دیارە لەتیف لە منداڵیدا دارو درەخت و گیانلەبەری زۆر خۆشویسـتووە و زۆریشـی حەز لە هەڵدانی کۆلارە بووە و وەستایەکی لێزانە لەو بوارەدا، هەر لەبەر ئەوەشـە ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵانیان دەنووسێت پڕن لە باڵندەو گوڵ و درەخت.

لـەتیف هەڵمـەت لـەرووی کۆمەڵایەتییـەوە خێزانـدارە و، هـیچ منـداڵی نییە، ئەو خۆی دەڵێت خوا شەش منداڵی پێداین، بەڵام هـەر زوو مـردن و نـەژیان، رەنگە ئەمەش هۆیەکی تر بێت بۆ ئەوەی لەتیف هەڵمـەت پەرۆشـی منـداڵ بێـت و حەز لە دنیای منداڵان بکات. چونکە منداڵ گوڵی ناو ماڵە.

ئێسـتا لـەتیف هەڵمـەت لـە پارێزگـای سـلێمانی دادەنیشـێت و لـە گۆڤـاری (نەواڵـەی نـوێ ) کـار دەکـات. * پوختـەی ژیانی نوسـەرم لـە خۆیـەوە وەرگرتـووە لـە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٦ لە شاری هەولێر دەست نووسێکە لای خۆم پارێزراوە.

## ٢- ژیانی رۆشنبیریی لەتیف هەڵمەت.

لەتیف هەڵمەت هەر لە منداڵییـەوە لـەناو کتێبـەکانی باوکیـدا عاشـقی شـیعر بووە و کە گەورەش بووە بە خوێندنەوەو رۆشنبیری خۆی پەرەی پێداوە.

ئەو چیرۆکانەی کە لە ماڵی خۆیاندا و لە گوێ ئاگردانی زستانانـدا بیسـتوونی لـە پـیرە ژنـە میـوان و دراوسـێکانیەوە کاریگـەری زۆریـان لەسـەر هـەبووە جگـە لەوەش سروشتی شاری کفری و زستانە ساردەکانی و لافاوی ئاوی خڕەکە رۆڵیان لە خزانی ( لەتیف هەلمەت ) دا هەبووە بۆ ناو دنیای ئەفسانەو پەری و شتی لـەم بابەتـە. هـەروەك خـۆی دەڵـێ ((گـەلێ کـەس بـە سەرسـوڕمانییەوە باسـی ئـەو درەختە گەورانەیان دەکرد کە ئاوەکە لە رەگ و ڕیشـەوە دەری هێنـاون راپێچـی ناو شەپۆلەکانی دەکردن، من لە ماڵەوە لەناو ئەو ئەفسانەو بەنـد و بـاوو شـیعر و چیرۆك و سۆز و هۆرەی دەروێش و باسی جنۆکـەو پـەری و حـۆری و بەهەشـت و جەهەننەمـدا چـاوی تەمـەنم و گـوێی منـداڵێتی و هـەرزەکارێتیم پشـکوت و بـیر و

باوەڕی جۆر بە جۆر و هەقایەتی پڕ لە دێو و درنـج و ئـەرژەنگ و خـدری زینـدەو باس و خواسی هێز و توانای دەروونی لەناو ئەمانەدا گەورەبووم))[1]

دیارە لـەتیف هەڵمـەت لـە شـارێکدا گـەورەبووە کـە خوێنـدنی کـوردی تێـدا قەدەغە بووە وەکو خۆی دەڵێت : ((کتێبی کوردیمان کەم دەست دەکەوت، زیاتر سەرچاوەی عەرەبیمان دەخوێندەوە وەك گۆڤاری ( شیعر ) ی لوبنانی، گۆڤـاری ( ئاداب ) ی بەیروتی. دواتر لە کۆتایی شەستەکان دا گۆڤاری ( کەلیمەی عێراق ) پەیدابوو، ئەمانە زۆر شتیان لە من و گروپی کفری دا گۆڕی))[2]

لای نووســەر و رۆشـنبیران ئاشـکرایە لـە سـەرەتای حـەفتاکان دا گروپێـك پەیدابوو بەناوی گروپی کفری کە هەڵمـەت یـەکێك بـوو لـەوان کـە ناتـەباو نـاکۆك بوون لەگەل نووسەر و شاعیرانی ( روانگـە ) بـەڵام ئەمـە کـاری ئێمـە نـی یـە کـە بچینە ناو وردەکاری ئەو بابەتەوە.

لەبارەی نەبوونی کتێب و کەمی سەرچاوە باسی ئەوە دەکات کە کتێبی بـۆ خوێندنەوە لە خەڵکی وەرگرتووە. دوایش گەڕاندویەتیەوە، زۆریشی کڕیـون، واتـە یەکێك لەو کاریگەریانەی کە هەمبانـەی لـەتیف هەڵمـەتی پـڕ کـردووە خوێندنـەوە بووە وەك لـە دەمـی خۆیـەوە دەیبیسـتین ((کتێبـەکانی نـەجیب مـەحفوز و تـەها حسێن و بەلزاك و سەید قوتب و جبران خەلیل جبران و میخائیل نەعیمەو تـا گـوور و ئەمیل زۆلاو مستەفا لوتفی مەنفـەلوتی و مـەحمود تـەیمور و دیـوانی ئەبولقاسـم شابی و شەوقی و زەهاوی و ئەحمەد رامی و کتێبێکی شەشسەد لاپـەڕەیی بـەناوی ( دیوان الأرض المحتلة ) و دەیان ژمارەی گۆڤاری ( الاداب ) و ( المعلـم الجدیـد) و مێـژووی ئـەدەبی کـوردی سـەجادی و یاداشـتەکانی رەفیـق حیلمـی و فەرهـەنگی مەهاباد و دەیان کتێبی کوردیم خوێندەوە))[3]

ئەمەش بێگومان کاریگەری دەکاتە سەر رەوتـی پێشـکەوتن و بیرکردنـەوەی شـاعیر و چـیرۆك نـووس (لـەتیف هەڵمـەت)، هـەروەها خـاڵێکی ترکـە کاریگـەری لەســەر ژیـانی رۆشـنبیری شـاعیر کردبێـت.روخـانی رژێمـی پاشـایەتی و هـاتنی

[1] - لەتیف هەڵمەت، یاداشتەکانم، گ : لڤین، ژ، ٤٧، سلێمانی، چ : ڕەنج، ٢٠٠٦، ل ٥٠.
[2] - دیدارێك لەگەل لەتیف هەڵمەت، گ : لڤین، ژ : ٤٢، ل : ٤٦.
[3] - لەتیف هەڵمەت، یاداشتەکانم، گ : لڤین، ژ، ٤٩، ل: ٥٠ .

رژێمێکی کۆماری بوو بۆ عێراق. ساڵی ١٩٥٨ که گۆڕانێکی فکری بەسەر خەڵکدا هات.

دیاره نووسەریش یەکێك بووه لەوانەو بۆیه هەر خۆی دەڵێت : ((روخانی رژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری گەلێ گۆڕانکاری چەپ و راست و ئاشکراو نهێنی لەگەل خۆیدا بەرپا کرد و ئەو بارودۆخەش لەسەرێکەوه کۆمەڵێك دروشمی پێشکەوتنخوازانەو نوێگەری و بەرەو پێشەوەچوونی هێنایه بواری ژیانی ئەو دەمەوه و له سەرێکی دییەوه برێ ئەفسانەی نوێی له فەرهەنگی ژیانی ئەو رۆژگارەدا تۆمار کرد))[1]

لەبارەی بیرو ڕایشەوه ئەو خۆی دەڵێت کە هەرگیز حیزبی نەبووه.تەنها ئەوەبوو بیرۆکەی چەپایەتی له مێشکیدا هەبووه بەرادەی شەیدایی ((له ڕاستیدا من له دڵەوه ئەوەنده کەوتوومەته ژێر کاریگەری پڕو پاگەندەی هێلی سوورەوه کاتێ که گوتیان کوتاڵی ڕووسی بۆ بازاڕی کفری هاتووه یەکسەر ڕامکرد بۆ بازار بۆ ئەوەی کوتاڵی ڕووسی ببینم : کاتێ بینیم ئەوەنده دڵم خۆش بوو وامزانی هەموو ڕووسیام بینیوه))[2]

ئەو کتێبانەی که ڕۆلی گرنگیان هەبووه له گۆڕینی ڕەوتی شیعری و ئەدەبی لەتیف هەڵمەت زۆر بوو ئەوا هەندێکیان لەسەر زمانی خۆی باس دەکەین:

((باوکم کتێبێکی به عەرەبی دانابوو بە ناوی ( کـأسا دهاقا ) لەم کتێبەدا هەولێکی زانستیانەی دابوو بۆ سەلماندنی ئەوەی که دەوڵەتی ئەمەوی هەر به ناو ئیسلامی بووه و دەوڵەتێکی تیرەگەری عەرەبی بووه هەستم کرد کاریگەری زۆری بیر و باوەڕ و بۆچوونی ناو ئەو کتێبە دەستنوسەی باوکم لە ناخەوه تاوتوێم دەکەن و دەمگۆڕن و دەمکەن به مرۆڤێکی چەپڕەوی سەرچڵ و سەر کێشی یاخی و نوێخواز و دوایی ئەو گۆڕنکاریانەی ناخی خۆمم له جوگرافیای شیعری کوردیدا خستەکار))[3] جگە لەوەش ( هەڵمەت ) بە ئەدەبی ئەویدی کاریگەر بووه بە تایبەتی له ڕێی زمانی عەرەبیەوه بۆ نمونە هەندێکی تر لەو کتێبانەی ژیانی

[1] - لەتیف هەڵمەت، یاداشتەکانم : گ لڤین : ژ : ٤٧، ل ٥٠ .
[2] - سەرچاوەی پێشوو ل ٥١ .
[3] - لەتیف هەڵمەت، یاداشتەکانم : گ : لڤین : ژ : ٤٥، ل ٥٠.

نووسەریان گۆڕیوە کتێبی ( ئارسین لۆبین و شارلۆك هۆڵمز )[1] کەلە برادەرێکی خۆی وەرگرتووە بۆ خوێندنەوەی هەروەها دەڵێت ((لە ئادابی بەیروتی فێری (عەبەسیەت، بوونگەری، ئەدەبی ناماقوڵی) بووین، لە گۆڤاری (شیعرەوە) فێری تەکنیکی شیعر و نوێگەری لە شیعردا بووین، گۆڤاری ئاداب شیعری رامبۆ و بۆ دلێر و ئەدۆنیسی بلاو دەکردەوە....))[2]

تاکو ئێستا لەتیف هەڵمەت ٤٢ کتێب و ناميلكەی چاپ کردووە کە سیيانیان بە عەرەبین، یەکەم بەرهەمی کە بلاوی کردبێتەوە دیوانە شیعرێکە بە ناوی ( خواو شارە بچکۆلەکەمان ) کەلە ساڵی ١٩٧٠ دا لە چاپخانەی — الشمال — لە کەرکوك چاپی کردووە.

یەکەم چیرۆکی منداڵانیشی چیرۆکی (جوانترین دێ ) یە لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەم جار لە پاشکۆی عیراق بلاوی کردۆتەوە. پاشان هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵە شیعر و چیرۆکێکی لە ژێر ئەم ناوەدا لە نامیلکەیەکدا بلاوکردۆتەوە.

دوایین چیرۆکیشی تاکوئێستا ( سێ ئەسپ ) ە کەلە ساڵی ٢٠٠٥ دا لە گۆڤاری باوەگوڕگوڕی منالان بلاوی کردۆتەوە.

شیعرەکانی لەتیف هەلمەت کراون بە فەرەنسی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و ئەلمانی و سوێدی و هۆڵەندی،

شایانی باسە ( د.کەمال مستەفا مەعروف ) دیوانێکی ( لەتیف هەڵمەت ) ی بە ناونیشانی ( گەردەلولی سپی )

کردووە بە فەرەنسی وبلاوی کردۆتەوە.

تا ئێستا لەتیف هەڵمەت هەر بەردەوامە لە سەر نووسین، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا ( شیعرو چیرۆك..... هتد )بۆمنداڵان دەنووسێت.

---

[1] - لەتیف هەلمەت یاداشتەکانم، گ : لڤین، ژ : ٤٩، ل ٥٠ .

[2] - دیدارێك لەگەل لەتیف هەڵمەت، گ : لڤین ژ: ٤٢ ل ٤٦ .

## تەوەری دووەم :

## (کات، شوێن، رووداو )

### ١- کات

کـات رەگـەزێکی گرنگـە لـە چـیرۆکدا، گشـت رووداووگێڕانـەوە و رەوشـی چیرۆکەکە لە ناو کاتدا دەسوڕێتەوە، ژیان بە شێوەیەکی گشـتی لـە نـاو کاتدایـە، مرۆڤ هەر لـە نـاو کاتـدا منـداڵیی خـۆی بـەڕێ دەکـات و لـە قۆناغێکـەوە دەچـێتە قۆناغێکی ترەوە.

((کـات لـە رووی هـەبوون و هەسـت پێکردنـی کەسـەکانەوە دوو جـۆرە، یەکێکیان دەرەکی و ئەوی دیکەیان ناوەکی یە، دیارترین تایبەتییەکانی ئەم کاتـە مادیە دەرەکی یە ئەوەیە کە کاتەکە تایبەتی و خودی نی یـە و ناتوانرێـت بـەهۆی شـارەزاییەوە دیـار بکرێـت، وە دەتوانرێـت بیـژمێرین و لـە پرۆسـەی رێکخسـتنی پێوەندیەکانماندا بەکاری بهێنێن، واتا مانا رووتەکەی کات ئەوەیە هەمیشە بـەرەو پێشەوە دەڕوات))[١]

ئەمەش لە ژیانی رۆژانەماندا ئێمەمانان هەستی پێدەکەین و دەبینین کە ئەگەر کاتێك رۆیشت و لە دەستمان چوو ئەوا هەر چی بکەین ناتوانین بیگێڕینەوە.

بەڵام ئەگەر قـووڵتر لـە کـات بکۆڵینـەوە ئـەوا دەبیـنین لـە چـەند لایەنێکـەوە سەیری کات کراوە، فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن و رۆژهەڵات هەر یەکەو بە شێوەیەك پێناسەی (کات)یان کـردووە ((یـەکێك لـەو فەیلەسـوفانە (ئـەفلاتوون)ە کـە بـوون دەکات بە دوو بەشەوە جیهانی وێنە و جیهانی هەستی. بە گوێرەی ئەمەش کـاتی کردووە بە دوو بەشەوە و دەڵێ: کاتی رەها ئەو کاتەیە کە نەگۆڕەو پەیوەندی بـە جوڵانەوە نی یە و بەستراوە بە جیهانی نموونەوە. کەچی کـاتی دووەم دەگـۆڕێ و جوڵانەوە کاری تێ دەکا و ئەزەلی نییە و خاسیەتی بڕانەوەی هەیە))[٢]

---

١.پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆك کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهـانی، ل ٢٨٠ – ٢٨١ .

٢. نەجم خالید (ئەڵوەنی)، بینای کات لە سێ نمونەی رۆمانی کوردیدا، ل٣٤، ئەویش لە ((د.سـید محمد غنیم، مفهوم الـزمن عنـد الطفـل مجلـة عـالم الفكـر، المجلد الثـاني العـدد الثـاني، یولیـو، اغسطس، سبتمبر، ١٩٧٧، ص٧٩-٨٠.

(ئەفلاتوون) دەڵێ هەموو شتێك لەم جیهانەدا سێبەری جیهانی نموونەییە، بەڵام شتەکانی ئەوێ شیاوی گۆڕان و لە ناوچوون نین کە (کات)یش یەکێکە لەو شتە نەگۆڕانەو جوڵانەوەش کاری تێناکات.

((ئەرستۆ(کات)ی بەستووە بە جوڵانەوەوە و ئەوەی دەرخستووە کەکات بێ کۆتاییە لە بەر ئەوەی کە جوڵانەوە کۆتایی نایەت، بە بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە :کات لە هەموو جوڵانەوەیەك دا هەیە چونکە هەر جوڵانەوەیەك ماوەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەرستۆ نەك هەر (کات)ی بەستووە بە جوڵانەوەوە، بەڵکو (کات)ی بە خاسیەتێك لە خاسیەتەکانی جوڵانەوە داناوە، کەگۆڕانی لێوە بەدی دێت لە بەر ئەوە وتوویەتی "ئەگەر هەست بە گۆڕان نەکەین، وەك لە نووستن یان لەو کاتانەی کە نەفس تێدا هەست بە گۆڕان ناکات، ئێمەش لەو بارانەدا هەست بە کات ناکەین))[1]

ئێمە لە ژیانی خۆماندا زۆر جار بیرمان بۆ هەندێك شت دەچێت کە وەکو ئەوە وایە کە هەست بە ڕۆیشتن و تێپەڕبونی کات نەکەین بۆ نمونە کاتێك هۆشمان لای خۆمان نی یە. ئاگامان لەکات نییە. یان کاتێك دەخەوین، هەروەها ئەوانەی لەسەر ئەو رایەن خەوتنی یارانی ئەشکەوت کە٣٠٩.* ساڵ خەوتن کەهەڵسانەوە بە پارەی جارانیان چوونە بازاڕ شت بکڕن کەواتە دیارە ئاگایان لەو کاتە نەبووە کە ڕۆیشتووە.

ئەگەر لە رووی فەلسەفی یەوە لە (کات)بکۆڵینەوە ئەوا کاتێکی زۆر زیاترمان پێویست دەبێت و چەندین نامەی تری پێویست دەبێت بۆیە ئێمە هەوڵ دەدەین لە دەقی چیرۆك و چیرۆکی منداڵاندا باسی چەمکی کات بکەین**((لە چیرۆکی تەقلیدیدا کات بە زنجیرەیەکی نەپچڕاو بە دوای یەکدا ڕیز دەبێت))[2]

---

١. سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥-٣٦، بڕوانە امیل هییە، تاریخ الفلسفە، الجزءالأول، بیروت، ١٩٨٢، ص٢٧٥.

* سورەتی کەهف ئایەتی ٢٥.

** بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، نعمة ابراهیم، الزمان في فلسفة الغزالي وابي برکات البغدادي، مجلة کلیة الفقة، هەروها ویلیم، نون، الأدب والحدیث الأحساس بالزمن، ت:جبار السعدون سعدون، مجلة الثقافة الأجنبیة، ١٩٨٨.

٢. ئیبراهیم قادرمحەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشوردا ١٩٧٠-١٩٨٠، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٧، ل٨٢.

بەڵام بە گۆڕانی تەکنیك و سەردەمی نووسینی چیرۆك (کات)یش گۆڕانکاری بەسەر دێت، چونکە لە چیرۆکی نوێ و ڕۆماندا کات تێك دەشکێنرێت و چیرۆکنووس بە هەوەسی خۆی یاری پێدەکات. چەمکی(کات)یش وەك گوتمان زاناو فەیلەسوفان لەسەر یەك پێناسە بۆ (کات)کۆك نین، هەندێکیان لە چەمکی خودی، خودی بابەتی، ماتریاڵی و ڕێژەیی و بەهەرشێوەیەك (کات) لە ڕۆماندایان لە چیرۆکدا جیاوازی هەیە وەك کات لە ژیانی واقیعی و یان لە قوڵایی فەلسەفەوە.

((کاتی دەرەکی یا سروشتی دابەش دەبێت بۆ دوو بنچینەی سەرەکی ئەوانیش:

١- کاتی مێژوویی    ٢- کاتی گەردوونی

کاتی مێژوویی ئاراستە و گۆشەی هەیە، ئەو بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ پاشان هێڵێکی ئاسۆیی وەردەگرێت، هەرچی کاتی گەردوونییە بەواتای ئەوکەش و هەوایە دێت کە کەسایەتییەکان تێیدا دەژین بە دابڕان لە ڕوودا و بەسەرهاتەکانی مێژوویی))[1]

واتە کاتی سروشتی یان فیزیکی ئەویش تەنها یەك جۆر نییە، ئەو کاتەی کە تەمەنی مرۆڤ و ئاژەڵەکان دیاری دەکات کە چرکە و سەعات و ڕۆژ و مانگ و ساڵ......هتد ناوی لێنراوە هەمیشە بەرە و پێشەوە دەڕوات، بەڵام کاتی گەردوونی لە ڕووداو و بەسەر هاتەکان دا دەماڵرێت، ئەو کاتەی کەسایەتییەك تێیدا دەژیت هەموو جارێك وەك یەك نییە، چونکە کات لە گۆڕان و مرۆڤیش لە گۆڕاندایە، بۆیە ((ڕۆژێك بەهای کاتیی خۆی لای منداڵ هەیە کە جیاوازە لە بەهاکەی لای پیاوێکی پیر، لەبەر ئەوەی منداڵ کە لەو ڕۆژە دەڕوانێت، بەشێکی بچوك لە تەمەنی خۆی پێك دێنێت.بەڵام لەلای پیاوێکی پیر ئەو ڕۆژە بایەخێکی زۆری لە تەمەنیدا هەیە))[2]

---

١. رائدة عباس علي حسين السراج قصص الأطفال في الموصل(١٩٦٨-٢٠٠٠) رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعةالموصل، ٢٠٠٢م، ص١٠٩.

٢. أ.امندلاو، الزمن والرواية، ترجمة:بكر عباس، الطبعة الأولى، دارصادر للطباعة والنشر، بيروت، لبنان، ١٩٩٧، ص١٣٨.

لــەرووی دەروونیشــەوە هەروایــە هــەرزەکار کــە دەبینێــت هێشــتا زۆری بەبەرەوەماوە تازە هەڕەتی گەنجێتییەتی و ڕۆژانی ژیانی زۆر لە پێش مـاون بۆیـە کات لای ئەو بایەخێکی ئەوەندەی نییە. بەڵام پیاوێکی پیر کەرۆژێکی لـێ دەڕوات دڵی دادەخورپێت.چونکە دەزانێت بە ڕۆیشتنی ئەو ڕۆژە لە مردن نزیك دەبێتەوە.

لە لایەکی تریشەوە منداڵ یان هەرزەکار ئەو ڕۆژانەی لە پـێش مـاون نازانێـت چۆنیان دەگوزەرێنێت بۆیە بـە دڵێکـی پـڕ لـە هیـواوە مەزەنـدەی ئـەو ڕۆژانـە بـە ژیانێکی خۆش دەکات.بەڵام پیاوی پیر ڕۆژانی رابـردوو لـە منداڵییـەوە تـا دەگاتـە ئـەو کاتــە هــەمووی دێتــە پــێش چـاو بـەفلاش بـاگ لـە نـاخی خۆیـدا هــەمووی دەبینێتەوە. بۆیە هەر چەند بیری لێ دەکاتەوە زیاتر خەفـەت دایـدەگرێ. لێـرەدا چەمکی کات و شێوەی کاتەکە لە دیدی هەردوو کەسەکەدا وەکو یەك نابێت.

کات لە چیرۆکی منداڵاندا بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە :

((١– کاتی فیزیکی یا سروشـتی: بـریتی یـە لـە هـەڵهاتن و ئـاوابوونی خـۆر و پەیدابونی شەو و ڕۆژ و وەرزانی ساڵ.

٢– کات لە رووی مێژووییەوە: ئەمەش بریتی یە لـە (کـات)ی رابـردوو (دوورو نزیك) و کاتی ئێستا و داهاتوو.

٣– کاتی دەروونی و فسیۆلۆجی کە لـە چـیرۆکی منداڵانـدا ئەوەنـدە هەسـتی پێناکرێت وە بەروونی دەرناکەوێت.))[١] چونکە سروشتی منداڵ و گـەورە لـە یـەکتر جیاوازن دەبێت ئەو ئەدەبەی پێشکەشیان دەکرێت جیاواز بێت.

ئاشکرایە کە کاتی فیزیکـی سـێ شـێوەی هەیـە ئـەوانیش رابـردوو و ئێسـتا و داهاتوون ((چیرۆکنووسان هەرسێ بەشەکانی (کات)یان لە چـیرۆکدا بـەکارهێناوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە رووی بـڕی بـەکارهێنانی ئـەم بەشـانە و مامەڵـەکردن لەگەڵیاندا جیاوازیان هەیە، بۆیە ئەگەر کاتی رابردوو ئێستا بەشێوەیەکی ئاسـایی و فراوان لای چیرۆکنووسان بەکار هـاتبێ، ئـەوا کـاتی داهـاتوو بـە دەگمـەن نـەبێ

---

١. خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئـەدەبی کوردیـدا ١٩٧٠-١٩٩٠، نامـەی ماجسـتێر، کۆلیجی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩ز، ل٧٨.

بەکار نەهاتووە))[1] بەتایبەتیش لە چیرۆکی منداڵاندا کە زۆربەی چیرۆکەکان باس لە کاتی رابردوو دەکەن، پاشان کاتی ئێستاش باسی لێودەکرێ. لە هەموویان کەمتر کاتی داهاتووە کە لە چیرۆکی منداڵاندا پشکێکی کەمی بەرکەوتووە.

**– کات لە چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا:**

کات لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دا وەکو سیمای منداڵان سادە و ساکارە لەو چیرۆکانەدا ئێمە بۆ ئەم بەشە چەند نموونەیەکمان وەرگرتووە بۆ کارکردن لەسەری. ئەو شێوە کاتانەی کە لە چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا بەکار هاتوون بە رێژەیەکی زۆر کاتەکەیان فیزیکی یە و کاتی دەروونیش بەکار نەهاتووە.

لە چیرۆکی (جوانترین دێ)دا بۆمان دەردەکەوێت کە کاتی چیرۆکەکە فیزیکی یە و کاتی دەروونی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم چیرۆکەدا کاتەکەی لە وەرزێکی گەرماوە دەست پێدەکات و پاشان یەکسەر باسی وەرزی زستان دەکات.

((– ئەرێ ئازاد گیان چی دەکەی...؟

ئازاد وتی : ئەم گوڵانە ئاو دەدەم.

پەرەسێلکەکە وتی:

ئازاد گیان خۆت ماندوو مەکە هاکا زستان هات ولە ماوەی چەند رۆژێکدا گوڵێکی گەش بە پێوە نامێنێت وبەفریش سەرانسەری ئەم دێیە دادەپۆشێ..)).د.م.ب ١، چ ٢.ل١٤.

لەدوای وەرزی گەرما پایز دێت و گەڵای دار دەوەرێت و دواتر زستان دێت، بۆیە دەبێت لە ناو چیرۆکدا ئەم شتانە بەراستی فێری منداڵ بکرێت. چونکە مەبەستی سەرەکی لە چیرۆکی منداڵاندا پەروەردەیەکی دروستە.

لە چیرۆکی (هاوڕێتی کانی و دارتوو)دا کات سەرەتای بەهارە، کەدەڵێت: ((کانی یەکە تازە تەقیبووەوە دڵۆپەیە ئاو چاوی بە دارێك کەوت لە دۆڵەکەی

[1] -پەرێزسابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل ٢٨٨.

بەر کانییەکە دا راوەستابوو... دارەکە تێنیوێتی زەردی کردبوو...)) د.م.ب١.چ٢، ل٣٤.

لـەم دەقـەی سـەرەوەدا دەبیـنین کـە دژیەکییـەك یـاخود ناڕێکییـەك لـە خسـتنەڕووی (کـات)ەکـەدا بـە دیاردەکـەوێت ئـەویش ئەوەیـە، کـە لـە سـەرەتادا دیـارە(کـات) سـەرەتای بـەهارە چـونکە وەك بـاوە لـە سـەرەتای بـەهاران کـانی دەتەقنەوە و ئاو زۆر دەبێت، بەڵام دنیا هێشتا ساردە و دارودرەخت پێویستییان بە ئاو نییە کە لە تینووان زەرد بووبن. بەشێوەیەکی گشتی کاتێکی فیزیکی بەدی دەکرێت. بەردەوامیش لەکاتەکەدا دیارە کەدەڵێ: هـەموو سـاڵێ شـەپۆلەکە پڕپـڕ بکا لە شاتوو....)) د.م.ب١.چ٢، ل٣٥.

لە چیرۆکی (دەنگخۆشترین مەل)دا (کات) تەنها شـەو و رۆژێکـە واتـە فیزیکـی یە چیرۆکەکە باسی سێ جۆرە باڵندە دەکات ئەوانیش:((چۆلەکەیەك و ڕیشۆلەیەك و بلبلێك لە سەر دارێکدا هێلانەیان کردبوو ئێوارانێـك بلبلەکـە کەوتـە داوی راوچـی یەکەوە و گرتی و بردی خستیە قەفەزێکەوە...)) د.م.ب١.چ٢، ل٥٩.

هەر لە دوای ئەم دێرانە یەکسەر دەڵێت: (بۆ نێوەڕۆ کوڕە بچکۆلەکەی راوچـی یەکە ویستی یاری بە بلبلەکە بکا... دەرگای قەفەزەکـەی کـردەوە و پەنجـەی بـۆ دەنووکی بلبلەکە درێژ کرد...)) د.م.ب١.چ٢، ل٥٩.

واتە شەو و رۆژێکە. سەبارەت بە دەمەکانی کار لەم چـیرۆکەدا، دەمـی کـاری رابـردووی دوور: هێلانەکـەیان کردبـوو. رابـردووی سـادە: گرتـی، بـردی، گرتـی. رانەبردووی دانانی: بکا. واتە هەرسێ جۆری دەمەکانی کـاری تێدایـە، ئەمـەش بـۆ فێرکردنی منداڵ پێویستەبۆ ئاشنابوونیان بە جۆرەکانی کار.

لە چیرۆکی (ئەو دارەی گەڵای خۆی فرۆشت)داکەکورتیەکەی بـەم شـێوەیەیە: وەرزی بەهارەودارتویـەك گـەڵاکانی لەشـیان قـورس کردبـوو‌داوای لـە(بـا)کردکـە گــەڵاکانی داتــەکێنێ (بــا)کــەش دایتەکانــدو دارەکــە بــەرووتی مایەوەمنــداڵ وباڵندەودڵدارانیش دارەکەیان بەجێ هێشت بۆیە پەشیمان بۆوە بـەڵام پەشـیمانی سوودی نەبوودارەکە گریاو کەسیش بەهانای نەچـوو.کـات کـاتێکی فیزیکـی یـە و سەرەتای بەهارە، کاتی چیرۆکەکە لەسـەفەرکردنی بایەکـە دەسـت پێـدەکات لـەم سەرەوە واتە لە لای دارەکـەوە. هـەتا لەوسـەر دەگەڕێتـەوە، بـەڵام ئامـاژە بـەوە

نـەکراوە بەچـەند (کـات) لـەو سـەر گەڕاوەتـەوە: ((... کەبایەکـە لـەو سـەرەوە گەڕایەوە ڕوانی دار تووەکە دەگری...)) د.م.ب١.چ٢، ل٦١.

لە زەمانی زوودا پـێش ئـەوەی ئـامێری کاتـژمێر دابێـت. کاتـەکان بـە دیـاردە سروشتی یەکان دەپێوران، وەك دوو قۆناغە ڕێ، یان کاتی ڕۆژهەڵات، بەرەبەیان، ....هتد. ئەمـە وەك قۆنـاغی سـەرەتای ژیـانی مرۆڤایـەتی. منـداڵیش بـەر لـەوەی بزانێت کاتژمێر چەندە. لەو مەبەستە حاڵی دەبێت، کە پێی بگوترێـت کـاتی خـۆر ئاوابوون وەرەوە بۆ ماڵەوە، بەم شێوەیە.

لە چیرۆکی (چۆلەکە)دا (کات) کاتێکی فیزیکی یـە، کـاتی چـیرۆکەکە کـاتێکی کراوەیە، باسی وەرزەکان و و کاتی شەو یان ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا...هتد ناکرێت. بەڵام کاتی چیرۆکەکە ئەو ڕۆژەیە کـە چـۆلەکەکە لـە دارسـتانەکە دەڕوات چـونکە پشیلەی کێوی بەچکەکانی دەخوات، ئەوسا کاتێکی دیـار نـەکراو دێـت کـەدەڵێت: ((پاش گەڕان و فڕینێکـی زۆر و مانـدووبوونێکی تـەواو گەیشـتە ئاقـاری گونـدێك و ماڵێکی تیا بـەدی کـرد و لەسـەر سووچـێکی گوێسـەبانەکەدا هێلانەیـەکی تـازەی دروست کرد...)) د.م.ب١.چ٢، ل٩٧.

ئەمەش بازدانی کاتی پـێ دەڵـێن (القفـز) کـە لـە چـیرۆکی منداڵانیشـدا بـەدی دەکرێت. هەروەها لە چیرۆکەکەدا باسی ئەو شەوەش دەکرێت کە خـاوەن ماڵەکـە چۆلەکەکە دەگرێت و دەیخاتە قەفەزەکەوە.

لە چـیرۆکی (هێلانـەی قەلـەڕەش)دا کاتەکـە نزیکـەی سـاڵێکە، چـونکە ئـازاد دەچێتە سەر ئەو دارەی کە هێلانەی قەلەڕەشی لەسەرە. دوو بەچکەی تێدایە لەو کاتــەدا دایکــە و باوکەکــە دێنــەوە و پــەلاماری ئـازاد دەدەن و ئـازاد دەکەوێتـە خوارەوە و قاچێکی دەشکێ، وەك دەڵێت: ((ئیتر ئـەو سـاڵە لەبـەر ئـازاری قاچـی نەیتوانی بۆ فێرگە بڕوات......)) د.م.ب٢.چ١، ل٢٧.

لە چیرۆکی (شاڵاو گوڵی ناو ئینجانەکە)دا، وشەی دووسـێ ڕۆژ، دوو سـێ جـار دەبینین، کە ئەمەش دەستەواژەیەکی کۆنە و لە حەکایەتیشدا بەکارهاتووە. کاتی چیرۆکەکەش فیزیکییە: ((لەپڕ گوڵەکە بە دەنگێکی بەرز گـوتی مـن بـووم مـن.... زۆر تینومــە... تــۆ ئەمــە ســێ ڕۆژە منــت لــەم ئینجانەیــەدا چــاندووە و ئــاوت نەداومەتێ.....)) د.م، ب:٢، چ:١، ل٥٠.

ئەم دەستەواژانەی وەك دوو سێ ڕۆژ یان دوو سێ جار مۆسیقای پەیڤەکانی خۆشتر کردووە. لەدواییدا دەردەکەوێت کەکاتی چیرۆکەکە درێژترە چونکە دەڵێت: ((گوڵەکە ئێستا بووە بە بنجێ گوڵی گەش و گەورەی دەم بە خەندە و حەوشە بچۆکۆڵەکەی ماڵی شالاخانی ڕازاندۆتەوە..) د.م، ب:٢، چ:١، ل٥١.

دیارە گوڵیش بە دووسێ ڕۆژ ئەوەندە گەورە نابێت بەڵکو تەمەنی گوڵی ناوحەوشە جیاوازی هەیە و هەندێکیان دوو سێ مانگ دەبن و ڕاستە لە سەرەتاوە پێویستی بە ئاو دەبێت.

ئەوەی تێبینی کراوە لە چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، کاتی دەروونی بەکار نەهاتووە، تەنها کاتی فیزیکی بووە.چونکە مندالْ هێنانە پێش چاو و شێوازانەی نییە کە لە دەروونی خۆیدا مەزەندەی شت و کاتەکان بکات.

**٢- شوێن**

شوێن ڕۆڵێکی گرنگ لەژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت، بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ بەرگری لە شوێنەکەی خۆی کردووە، خۆی بۆ بەخت کردووە، چونکە هەر شوێنە بووەتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ پاراستنی مرۆڤ و کەسەکان لە دڕندە و لافاو و باران و سەرماو گەرما.

شوێن لەسەرەتای ژیانی بەراییدا شێوەیەکی سادەو ساکاری هەبووە، هەر لە ئەشکەوتەکان و دارستانەچڕەکاندا بگرە تا دەگاتە دروستکردنی گوند و شارەکانەوە لە هەر بارو سەردەمێکدا بۆچوونی مرۆڤ بەرامبەر بە شوێن گۆڕاوەو، هەوڵیداوە کە لەگەڵ ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ڕێکی بخات و لە ئاستی پێویستییەکانی دابێت.

((بوونی چەمکی شوێنیش پەیوەندی بە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەوە هەیە ئەویش بەشێکە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کەواتە شوێنیش گۆڕانی بەسەردا دێت و لەسەر دەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت....))[١]

١.نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، چاپخانەی ڕوون، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٤.

بـەڵام ئەگـەر قـووڵتر لـە شـوێن بکۆڵینـەوە، ئـەوا دەبیـنین (شـوێن) لـە رووی فەلسـەفی و لـە رووی کۆمەڵایـەتی و لـەرووی ئیسـتاتیکی (هونـەری)یـەوە لێـی کۆڵراوەتەوە.

((ئـــەفلاتوون یەکـــەم کـــەس بـــووە کـــە پێناســـەی شـــوێنی کـــردووە وتوویەتی:((شوێن گرتنە خـۆ و تێدابوونـە، بـوونێکی راسـتەقینەی هەیـە و لەسـێ مـەودا پێـك دێـت)) واتـە مـەوداکانی (درێـژی، پـانی، بـەرزی) هـەر ماددەیـە کـە قەبارەیەکی دیاری کراوی هەیە و شوێنێك دەگرێت....))[1]

ئەو زاناو فەیلەسوفانەش کەماتریالین و باوەڕیان بە بوونێکی بابەتی نییە بۆ کات و شوێن، ئەوان دەڵێن کات و شوێن پەیوەستن بە هۆش و بیری مرۆڤ، واتە لە بیری مرۆڤدا هەن و بایەخیان هەیە. نـەك بـوونێکی ماددییـان هـەبێت. جـا ئەگـەر ئێمـە وەك باسمـان کـرد لـە رووی فەلسـەفییەوە لـەو رەگەزانـە بکۆڵینـەوە ئـەوا کاتێکی زۆر زیاترمان پێدەوێت و کارەکەشمان نیوەچڵ دەبێت بۆیە هەوڵ دەدەین لە ناو دەقـی ئەدەبیـدا بـاس لـەو بابەتانـە بکـەین بۆیـە دەبیـنین ((شـوێن بوەتـە پێویستیە گرنگەکانی بیناکردنی هەر چیرۆکێك، مەبەستم لە شوێن لێرەدا ناسـینی مێـژوویی بـۆ شـوێن و دەستنیشـانکردنی سـنورە جوگرافیەکەیـەتی.هـەروەکو زانراویشە هەر شوێنێك کارە تایبەتیـەکانی خـۆی هەیـە. هـەرکارێکیش خاسـیەتی شوێنی تایبەتی خۆی هەیە))[2]

لە ناو ئێمەی ئادەمیزادیشدا بە شێوەیەکی گشتی دەبینین (شوێن) بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە چونکە بـۆلای نیشـتمانی بوونمـان رادەکێشـێت و شـانازیش بـە نیشتمانەکەی خۆمان و ئاقارو گوندو شارەکانی خۆمـان دەکـەین. هـەروەك رائـدە عبـاس علـی حسـین لـە نامەکەیـدا دەڵێـت((شـوێن لـە هەسـتی ئێمـەدا کاریگـەری (نیشتمان)مان تێدەکات، لەم روانگەوە دەبینین چیرۆکگێڕەوە مەیلمان بـۆ شـوێن رادەکێشـێت و بایـەخی تایبـەت بـە شـوێن گرنگییـەکی زۆری هەیـە و لـە دەق و

١. تانیا ئەسعەد، بینای شوێن لە دوو نمونەی رۆمانی کوردیدا، (هێلانە-ئەژدیها)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٣.
٢. یاسین النصیر، دلالة المكان في قصص الأطفال، موسوعة صغيرة، دار الثقافة الأطفال- بغداد- العراق، ١٩٨٥، ص٦.

چیرۆکدا، لـه پێنـاوی گەیانـدنی ئامـانجێکی رەوشـتی و پـەروەردەیی بـۆ منـداڵ و دانانی بیرۆکەیەکی گرنگ لەهزری منداڵدا (بەرگری کردن لـە نیشـتمان)ە، ئەمـەش لە میانەی وێناکردنی بیرۆکەی خۆی لە وێنەی پاراستنی هێلانەیەکدا)) [1]

گوتمان کـە شـوێن رەگـەزێکی گرنگـی پێکهاتـەی چـیرۆکە چ بـۆ گـەوران یـان منـداڵان، بـەڵام لـە چـیرۆکی منداڵانـدا دەبێـت شـوێنەکە لەگـەڵ ژینگـەی تەمـەنی منداڵەکــە بگونجێــت و کاتێــك منــداڵێك چــیرۆکێك دەخوێنێتــەوە یــان بــۆی دەخوێنرێتەوە بە ئاسانی ئەو شوێنانە بناسێتەوە کـە لـە چـیرۆکەکەدا ئاماژەیـان پێ کراوە، وەسفکردنی شوێن بە وردی و ئەدەبییانە نیشانەی دەست ڕۆیشـتوویی چیرۆکنووسن.

((شــوێن شــانۆی ڕووداوە، چــیرۆکنووس ناتوانێــت ڕووداوەکــانی لەســەر زەمینەیەکی ڕاستەقینە یان فانتازی دا نەبێت ڕیز بکات)) [2] واتە چیرۆکنووس ئـەو شوێنەی کە لە دەقەکەی خۆیدا باسی لێوە دەکات یان شـوێنێکی واقیعیـە و ئـەم سوودی لێ بینیـووە و وەری گرتـووە، یـان شـوێنێکی خـەیاڵی بـۆ خـۆی دروسـت کردووە و دیسانەوە لەوێشەوە سوودی لە شوێنی واقیعی بینیـوە. ((چـیرۆکنووس لە هەڵبژاردنی شوێنی واقیعی دا دەبێت شارەزاییەکی باشی هـەبێت، بـەڵام ئەگـەر ڕاستەوخۆ ناوی شـوێنەکانی هێنـاو هـیچ پـەناو پەسـیوێکی دروسـت نـەکرد، ئـەوا ڕەنگە نەتوانێت گۆڕانکاری و زیاد و کـەمی لـە چـیرۆکدا بکـات. بۆیـە چـاکتر وایـە ناوی شـوینەکان بگۆڕێـت بـۆ ئـەوەی ڕەنگدانـەوەی شـوێنەکان لـە نـاو چـیرۆکدا، وێنەیەکی رووتی ئەو شوێنە نەبێت کە خەڵکانی دیکەش پێ دەزانن و شـارەزاییان

١ .رائده عباس على حسين السراج، قصص الأطفال فى الموصل، رساله ماجستير، ص ١٠٤.

٢ . ئیبراهیم قادر محمد، لێکۆڵینەوەی کورتـە چـیرۆکی کـوردی لـە کوردسـتانی باشـوردا(١٩٧٠-١٩٨٠)، ل٩١.

بۆ زانیاری بڕوانە (نعمـة محمـد ابـراهيم)، نظريـة المكـان في فلسـفة الحسـن بـن الهيـثم، مجلـة اداب مستنصرية، عدد:١٢.

هەروەها بڕوانە(حسين مجيـد العبيـدي)، نظريـة المكـان في فلسـفة ابـن سـينا، دار الشـؤون الثقافـة العامة، بغداد، ١٩٨٧.

لـێ هەیـە. چـونکە شـوێن لـە سـەر زەوی و لـەناو چـیرۆکدا جیـاوازن و دەبێـت شێوازێکی هونەری بەو شوێنە ببەخشێت.[1]

ئەمە بۆچوونێکی راستە، دەبێت کاری چیرۆکنووس لەکاری خەڵکانێکی سـادە جیـاواز بێـت و لـەکاتی باسـکردنی شـوێنەکاندا، دەبێـت بـەرگێکی وا بـەو شـوێنە ببەخشێ کە خوێنەر چـێژێکی تایبـەتی لـێ وەربگرێـت و جیـاواز بێـت لـەوەی کـە بینیویەتی. شـوێنیش لـە نـاو چـیرۆکدا تـەنها یـەك شـێوە و شـێوازی نییـە ((ئـەو شوێنانە یا کراوەن یا داخراون شوێنی کراوە ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کەلە شـوێنە دەرەکییەکان پێك دێت، ئـەم جـۆرە شـوێنانەش تایبـەت بـە کەسـێك یـان چـەند کەسـێکی دیـاری کـراونین، بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی کـراوەن هـەموو کەسـێك توانـای بەکارهێنانی هەیە وەك : گـەڕەك، کـۆڵان، رێگـا، بـازاڕ، چـایخانە،...هتـد شـوێنە داخراوەکانیش ئەو جۆرە شوێنانەی کە رووبەرێکی جوگرافی دیاری کراویان هەیە و تایبــەت بــە کەســێك یــان چــەند کەســێکی دیــاری کــراون وەك خــانوو، ژوور، رەشماڵ....هتد))[2]

هەنـدێك جـاریش رۆڵـی شـوێن و گرنگییەکـەی دەکەوێتـە سـەر ئـەو کەسـەی دەچــێتە نــاو شــوێنەکە ئەمــەش پەیوەنــدی شــوێن بــە رەگــەزەکانی تــرەوە دەردەخات، وە هەموو رەگەزەکان پەیوەندییان بەیەکەوە زۆر بەهێزە، بەتایبەتی لە چیرۆکی منداڵاندا، بەئاسانیش لە یەکتری دانـابڕدرێن، بۆیـە شـوێن رۆڵـی خـۆی هەر دەبێت لە ناو دەقی ئەدەبیدا ((چیرۆك نییە رەگەزی شوێنی تێدا نەبێ، بـەڵام ئەوەندەی تیایە هەندێ جار شوێن دەچێتە کرۆکی رووداوەکانەوە و لە ناوەوە کار لە هەڵسوکەوتی کەسەکان و هەڵوێستیان دەکات و، هەنـدێ جـاریش شـتێکە هـەر رووداوەکی تێـدا روودەدات، یـا کەسـەکان لەسـەری دێـن و دەچـن و ئـیتر ئـەرکی دیکەی ناکەوێتە سەر))[3]

---

١.پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تـا کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهـانی، ل٣٣٦ .

٢ .هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣.زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی، چـاپخانەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، هـەولێر، ١٩٩٧، ل٢٧٦.

دەتوانین بڵـێین کـە شـوێن کاریگـەری تـەواوی لەسـەر کەسـایەتی و  رووداوە کاندا هەیە و ئەوەی پێویستە لەسەر چیرۆکنووسی منـداڵان ئەوەیـە کـە نەکەوێتـە ناو وردەکاری لە شوێندا و باسی ئەو شوێنانە بکات کە لە ژینگەی منداڵەوە نزیکن و دواتر بچێت بۆ باسکردنی شوێنەکانی دورتر وەك چیا و شارو روبـار و پارێزگـا و وڵات.

**شوێن لە (چیرۆکی منداڵانی)ی لەتیف هەڵمەت دا**

لەتیف هەڵمەت لە چیرۆکەکانی خۆیدا، کە بۆ منداڵانی نووسـیون، هەوڵیـداوە ئاماژە بەو جـۆرە شـوێنە بکـات کـە سـەرنجی منـداڵان بـۆ خـۆی رابکێشـێت و لـە ژینگەی منداڵەوە نزیك بن، دیارەکە ((شـوێن لـە چـیرۆکی منداڵانـدا بەسـتراوە بـە واقیعـی منداڵەکـەوە، چـونکەمنداڵ دەیـەوێ لـەواقیعی خـۆی و دەوروبەرەکـەی تێبگات شوێنیش یەکێکە لەبنەماکانی ئەم واقیعەوە....))[1]

شوێن لە چیرۆکی منداڵاندا هەموو جێگاو سروشتی کوردستان و لادێ و شەقام و گونـد و سـەربان و مـاڵ و قوتابخانـەو باخچـەو ئـاوی رووبـار و کـانی و کـۆڵان و گەڕەکەکان دەگرێـتەوە، کە نووسەر باسیان لێوە دەکات و لەکاتی نووسینی هـەر چیرۆکێکدا بۆ خۆشی گوزەرێك بە ناو یادگاریەکانی ژیانی منداڵیی خۆیدا دەکات و تا چەند بتوانێت خۆی بچوك دەکاتەوە. شوێنەکانیش یـان کـراوەن یـان داخـراون ((بەپێی جۆری (سادەو نسادە) ناودەبرێت:

سادە، راستەوخۆ ساکار و خاوە، وەکو ناوی شار و  گوند و شەقام و شـیو و دۆڵ  و مزگەوت و.... شوێنی ناسادەش، دەلالەتی مێژوویی و ڕەمزی هەڵدەگرێت، ئەم مەودایەش لە چوارچـێوەی حیکایـەت دا وەردەگرێـت، وەکـو قـەڵاو شـوورە و کۆشکە گەورەکان...))[2]

١. خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، ل٧٣.

٢. ئیبراهیم قادرمحەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتەچیرۆکی کوردی لـە کوردسـتانی باشـوردا، ١٩٧٠-١٩٨٠، ل٩١.

له رووی جۆری شوێن بە پێی کاریگەریی بەسەر کەسەکانەوە شوێن دەکرێتە دوو جۆر ئەوانیش شوێنی (ئارام یان ئاشنا یان هۆگر) هەروەها شوێنی (نائارام و یان نائاشنا یان ناهۆگر)ی پێ دەڵێن. لە چیرۆکی گەوراندا شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵیش بەکار هاتووە بەڵام لە چیرۆکی منداڵاندا زیاتر شوێنی واقیعی بەکار هاتووە.ئەندامە شوێن کە لاشەی مرۆڤ دەگرێتەوە لەچیرۆکی منداڵاندا باسی لێوەکراوە، هەروەها وێنە رێگایەکی ترە بۆ کۆکردنەوەی زۆر شوێن لەیەك شتدا[1].

له چیرۆکی (جوانترین دێ)داکەبەم شێوەیەیە:گوندێکی خنجیلانە لە لەبناری چیایەکدایە، ئازادوخەڵکی گوندەکە دێ یەکەیان خۆش دەویست پەرەسێلکەیەك بەئازاد دەڵێت:من ئەم وڵاتە بەجێ دەهێڵم، دەچمە وڵاتێکی خۆشتر تۆش وەرە لەگەڵمان، بەڵام ئازاد رازی نابێت گوندەکەیان بەهەمووجیهان ناگۆرێتەوە. (شوێن) گوندێکی خنجیلانەی کوردستانە، شوێنێکی کراوەیە شوێنێکی ئارام و ئاشنایە بۆ منداڵانی گوند و خەڵکی ناوچەکە (د.م، ب:١، چ:٢، ل١٣.

له چیرۆکی (هاورێتی کانی و دارتوو)دا شوێن، دڵۆپە ئاوێکە لەگەڵ بن دارێك واتە شوێنێکی ئارام و کراوەیە کە منداڵ زیاتر حەز بەم شوێنانە دەکات لەناو چیرۆکیشدا مەبەست ئەوەیە کە منداڵ بزانێت شەپۆلە ئاو لە هەزاران دڵۆپەی بچووك دروست دەبێت وەك دەڵێت:((دارەکە بانگی دڵۆپە ئاوەکەی کرد کەستەکێك رێی لە دڵۆپە ئاوەکە گرت و نەیهێشت بڕوات بۆ لای دارەکە دڵۆپەیەکی تر هات... دڵۆپەیەکی تریش و دڵۆپەیەکی تریش و هەزاران هەزار دڵۆپەی تر هاتن و بوون بە شەپۆلێکی گەورە و کەستەکەکە... لە شەپۆلە ئاوەکەداتوایەوە و شوێن هەتەری نەماو شەپۆلەئاوەکەش گەیشتە بن دارەکە و دارەکە تێر تێری لێ خواردەوە و زۆر سوپاسی شەپۆلە ئاوەکەی کرد...)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٣٤–٣٥.

هەروەها لە چیرۆکی (دەنگخۆشترین مەل)دا، شوێن دارستانێکە لەسەر دارێکدا لەوێش باسی (هێلانە) دەکات وەك ئارامترین شوێن بۆ باڵندەکان.هەروەها ناوی (قەفەز)هاتووە لەچیرۆکەکەدا کە شوێنێکی نائارامە، داخراویشە باسی چەند

[1] زۆر لە توێژەرانی بواری منداڵان لەسەر ئەو رایەن بۆ جۆرەکانی شوێن، کە ئەمەش رای ئێمەیە.

شوێنێکی ورد دەکات لەم چیرۆکەدا(.. بۆ نیوەڕۆ کوڕە بچکۆلەکەی ڕاوچییەکە ویستی یاری بەبلبلەکە بکا.. دەرگای قەفەزەکەی کردەوە و پەنجەی بۆ دەنووکی بلبلەکە درێژکرد.. بلبلەکەش ئەمەی بە هەل زانی و فڕی و دای لە شەقەی باڵ و بۆی دەرچوو..) (د.م، ب:١، ل٥٩.

پەنجە، دەنووك، دەرگای قەفەزەکە، شوێنی بچوکن ودەنوك و پەنجەش ئەندامە شوێنن واتە لەسەر جەستەی مرۆڤ وباڵندەن.

لە چیرۆکەکانی(ئەو دارەی گەڵای خۆی فرۆشت) و (چۆلەکە)دا شوێن ناو لق و پۆپی دارێکە، کە باڵندەکان هێلانەیان بۆ خۆیان لەناو دروست کردووە. واتە شوێنێکە کراوە وئارام.بەڵام لە بڕیارێکی هەڵەی دارەکەدا لە چیرۆکی یەکەمدا کە داوا لە با دەکات کە گەڵاکانی بوەرێنێت چونکە لەشی قورس بووە بۆیە شوێنەکە دەبێتە شوێنێکی نائارام بۆ باڵندەکان و بۆ ئەو منداڵانەی کە یارییان لە ژێر سێبەری دارەکەدا دەکرد. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە کاراکتەر کاریگەریی زۆری لەسەر (شوێن) هەیە و دەتوانێت گۆڕانکاری تێدا بکات. هەرچی چیرۆکی دووەمە بە هۆی ڕووداوێکەوە کە خواردنی بەچکەکانی چۆلەکەکەیە لە لایەن پشیلەی کێوییەوە بۆیە شوێنێکی گەورە و کراوەی وەك دارستان بۆ چۆلەکەبەچکە خوراوەکە دەبێتە شوێنێکی نائارام و ناچار ئەوێ بەجێ دێڵێت و لە ئاقاری گوندێکدا لەسەر گوێسە بانەی ماڵێکدا هێلانەیەکی تر دروست دەکات، بەڵام خاوەن ماڵ شەوێك دەیگرێت و لەقەفەزی توند دەکا. بە پێی قسەکانی نووسەر لە چیرۆکەکەدا کە ئەم ڕووداوەیان بۆ گێڕاوەتەوە و ئەویش وەك چیرۆکێکی خۆش پێشکەشی منداڵانی کردووە. هەمدیسان لە چیرۆکی (هێلانەی قەلەڕەش) دا (شوێن) سەر دارێکە لەنزیك ماڵی ئازاد ئەمەش بۆ ئەوەیە کەلە ژینگەی منداڵ زۆر نەچێتە دەرەوە. شوێنێکی ئارامە کە دوو بەچکەی زەڕنەقووتەی تێدایە.ئازاد بەسەردارەکەدا سەردەکەوێت(ویستی بەچکە قەلەڕەشەکان لە هێلانەکەیان دەر بکات... لەپڕ دایکە و باوکە کەیان گەڕانەوە و پەلاماری ئازادیان دا...) (د.م، ب:٢، چ:١، ل٢٧).

لەپاشان ئازاد لە ترسان خۆی لە دارەکە فڕێ دەداتە خوارەوە و قاچێکی دەشکێ، بۆیە ساڵێکی قوتابخانەی لەکیس دەچێ، بەهۆی ئەم کارەنالەبارەی

لەبەرئەوەئێستالەهاورێکانی دابڕاوە.بۆیە بڕیاردەدات کەجارێکی ترهیچ باڵندەیەك ئازارنەدات. دەبینین لێرەشدا دووجار شوێنەکە گۆڕانکاری بەسەر دا هات یەکەم جار بۆ بەچکەکان شوێنێکی ئارام بوو بەڵام ئازاد لێی کردن بە شوێنێکی نائارام. کە دایکەو باوکەش هاتنەوە بۆ ئازادیش بووە شوێنێکی نائارام و لە ئەنجامدا قاچێکی شکا. ئاماژەیەکی تر لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە نووسەر باسی(گردی شەهیدان) دەکات وەك شوێنێکی رەمزی بۆ ئەوەی منداڵان ئاشنا بکات بە پیرۆزی ئەو گردە و خودی شەهیدان خۆیان.

لە چیرۆکی (وانەی هونەر)داکەبەم شێوەیەیە:مامۆستا باسی رۆڵی هونەربۆقوتابیان دەکات، پاشان دێتەسەرباسی هونەری وێنەکێشان وگرنگیی ئەم هونەرە، دواترمامۆستاداواڵەقوتابیان دەکات هەریەکەو وێنەیەك بکێشن نازلی کەقوتابیەکە وێنەی ئاڵای نیشتمانی کێشاومامۆستاش دەست خۆشی لێکردوبەرزترین پلەی پێ بەخشی. شوێن رۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە چوونە ژوورەوەی قوتابییە بچکۆلەکاندا دەست پێدەکات بۆ ژووری خۆیان لە قوتابخانەکەیاندا کە شوێنێکی داخراوو ئارامە. نووسەر زیرەکانە لە رێگای شوێنەوە باسی دیرۆکی کوردان دەکات((دوای ئەوسا باسی هونەری وێنەکێشانی کوردی کرد و ئەوەی ڕوون کردەوە کە چۆن باو باپیرانمان لە دێر زەمانەوە وێنەی هەندێ باری ژیانی خۆیانیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکانی کوردستان بۆ بەجێ هێشتووین)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل١٠٤.)

هەر لە و چیرۆکەدا وێنەی خاك و نیشتمانی باسکردووە کە (نازلی) قوتابیەکی بچۆلانە و ژیرە و وێنەی ئاڵای نیشتمان دەکێشێت ئەمەش قوتابییان و منداڵان بۆ لای خۆی رادەکێشێ، ئەمەو لە گشت چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا شوێنەکان پتر واقیعین و لە ژینگەی منداڵ نزیکن ئەمەش سەرکەوتنی تەواوی بە چیرۆکەکان بەخشیووە و منداڵان حەزی لێ دەکەن[1].

---

[1] - چیرۆکەکانی (شالاو گوڵی ناو ئینجانەکە)، (شالا چی کرد)(هێلانەیەکی تر) بە هەمان شێوە شوێنەکان واقیعی وکراوەن یان داخراون وشوێنی نائارامن واتە هێڵە گشتی یەکە وەکو یەکە.

٣- ڕووداو

ڕووداو ڕەگـەزێکی زۆر گرنگـی چـیرۆکە، یەکێکـە لـە بنـەما سـەرەکییەکانی سەرکەوتنی چیرۆك، هەرچەندە چیرۆکەکە بە جوانی نووسرابێت و دوورو درێژبێت، بەڵام ڕووداوی تێدا نەبێت، ئەوا ناتوانین بە چیرۆکی دابنێین.چونکە هەر ڕووداوێـك (گرێ)یەك لە دوای خۆی بەجێ دێڵێت، نووسەر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کردنەوەی ئەو گرێ یە خوێنەر ئاڵوودەی چیرۆکەکە بکات.

(خستنە ڕووی ڕووداوەکان لە کاری ئەدەبیـدا یـان دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری گێڕانەوەی هۆکاری ڕووداوەکان، بەزنجیرە یەك لەدوای یـەك دەگێـڕ درێتـەوە. بـە پێی لۆجیکێکی تایبەت. یان بە بـێ گوێدانـە ڕەگـەزی بـەدوای یەکدا هـاتنی کـات ڕووداوەکان پێشکەش دەکرێن)[1]

دیارە مەبەست ئەوەیە کە لە چیرۆکدا هۆ و هۆکار(عیللـە ومـەعلول) ی، هەیـە بـۆ ڕووداو لـە بینـای حەکایـەت(مـتن الحکـائی)دا هـەر ڕووداوێـك دەبێتـە هـۆ بـۆ ڕووداوێکی تر و بە زنجیرە بە دوای یەکتریدا دێن. کەچی لە بنیـاتی ڕووداو لـە نـاو دەقێکی ئەدەبیدا مەرج نییە، ڕووداوەکان بە زنجیرەی کـاتێکی فیزیکـی بـە دوای یەکتریدا بێن. بەڵکو نووسـەر بـۆی هەیـە لـە خـاڵی کۆتاییـەوە دەسـت پێبکـات و پاشان بچێتەوە سەرەتاو دوایی بێتەوە ناوەڕاست، ئەمەش لە تـەکنیکی چـیرۆك و ڕۆمانی نوێدا بەدەردەکەوێت.

ریزکردنی ڕووداو لە چیرۆکدا چەند شێوەیەکی وەرگرتووە:

١- شێوەی بەدوای یەکتریدا هاتن، لـە واتاکـەی دیـارە کـە مەبەسـت ئەوەیـە ڕووداوەکان بە زنجیرە بەدوای یەکتریدا دێن و پاشەوپێشی تێدا ناکرێـت، لـەواقیع چۆنە لەچیرۆکیشداهەروایە.

٢- شێوەی بازنەیی: لە چیرۆکی کوردیدا زیـاتر لـەو چـیرۆکانە دەردەکـەوێت کە سەرەتاکانیان بە کۆتایی ڕووداوەکان دەست پێدەکات.

---

١. حسـن بحـراوي، بنيـة الشـكل الروائـي، المركـز الثقـافي العربـي، بـيروت-لبنـان، ١٩٩٠، ط١، ص١٠٧ .

٣- شێوەی تـەریب: ئـەو چـیرۆکانە دەگرێتـەوە ڕووداوەکـانی لـە دوو ڕووداو کەمترنین و لە چەند شوێنێکی دوور و جیاوازدا ڕوو دەدەن بەڵام لە یەك کاتدان.

٤- شـێوەی تێـك هـەڵکێش: کـە تـۆدۆرۆف todorof و جـان ریکـاردۆ Janrecardo باسـی ئـەم جـۆرە دەکـەن. گـرنگترین خاسـیەتەکانی ئـەم شـێوە ریزکردنــە ئەوەیــە کــە ڕووداوەکــان دەبــێ لــە چــیرۆکێك زیــاتری تێــدا بێت)[1] واتەچیرۆکێکی بچوك لەناوچیرۆکێکی گەورەدایە.لەناو چیرۆکدا زۆر جـۆرە ڕووداو دەردەکــەون. هەلومــەرجی سیاســی و ئــابووری و کۆمەڵایــەتی هــەر کۆمەڵگایەك کاریگەریی لەسەر جۆری ڕووداوەکان هەیە لە ناو چیرۆکدا.

(سەبارەت بە ئێمەی کورد دەبینین زۆربەی ڕووداوەکان لـە چـیرۆکی کوردیـدا ڕووداوی سیاسی و چەکداری و ڕووداوی ڕەمزین چونکە گەلی کورد لە ژێر دەسـتی دوژمنانیدا هەردەم ناڵاندویەتی و کۆڵیشی نـەداوە، چیرۆکنووسـانی کـورد لـە بـەر زۆرداریی دوژمنان نەیان توانیووە بە ئاشکرا ئەوەی لە دەروونیاندایـە دەری بـڕن بۆیە بە شێوەیەکی ڕەمزی باسی مەبەستەکە (تیم)ەکەی خۆیـان کـردووە لـە ژێـر ناوی خوازراودا. کە باسی ناوێك کراوە مەبەست نەبووە و باسی ناوێـك یـان کارێـك نەکراوە کە مەبەست ئەوە. باسی ئـافرەت و ژیـانی کولەمـەرگی ئـافرەتی کـورد و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کە لە ڕێگای ئافرەتەوە بە هۆی ناهۆشـیاری بـاوك و بـراو دەستەڵاتی ئاغا و زۆرە ملێیدا تووشی کۆمەڵگابووە. وێنەیەکی بەرچـاوی ڕووداوی چیرۆکی کوردیین.)[2]

بەڵام ئەگەر ئێمە بچینە ناو دەقی چیرۆکی منداڵان دەبینین جۆرەکـانی ڕووداو پێکهاتەکەی جیاوازی هەیە لەگەڵ چیرۆکی گەوراندا، دەبێت ڕووداویش لـە ئاسـتی تەمەنی منداڵدا بێت بۆ ئەوەی لێی تێبگات و نابێت ڕووداوی زۆر لـەناو چـیرۆکێکدا ڕووبدەن نەوەك منداڵ سەری لێ تێك بچێت و بەهەرسـکردنی ئـەو هـەموو ڕووداوە ڕاناگات و بێزار دەبێت((ڕووداویش وەکو بابەت دەتوانێت سەرچاوەکەی ئەندێشە،

---

١. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمـی جیهـانی، ل١٣١-١٣٨.

٢. ئیراهیم قادر محمد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کـوردی لـە کوردسـتانی باشـوردا، ١٩٧٠-١٩٨٠، ل٥٣.

واقیع، هەقایەتە میللی و ئەفسانەییەکان بێت))[1] واتە مەرج نییە سەرچاوەی رووداو تەنها واقیع بێت یان ئەم رووداوە لە واقیع روویدابێت، دەشێت شێوەی رووداوەکە لـە واقیـع روویـدا بێـت و هەرخـەیاڵ خـۆی ببێتـە سەرچـاوەیەك بـۆ رووداوەکـان. ((زۆربـەی چـیرۆکی منـداڵان ئەندێشـەی بەسـەردا زاڵـە و منـداڵانیش حـەزیان لـە چیرۆکی خەیاڵی یە تا رادەیەکیش دەتوانین بڵێین لە هەموو قۆناغەکانی تەمـەنیان ئەم سیفەتەیان بەسەردا زاڵە))[2] .

منـداڵی کـورد بـەهۆی بـاری نائـارامی کوردسـتان و بـاری سیاسـی کـوردەوە هەمیشە و زۆربەی ژیانی دوور لە سۆزی بـاوك بـووە. زۆر جـاران بـاوك پێشـمەرگە بووە یان سەربازبووە یان لە بەندیخانەبووە یان دواتر شەهید بووە. ئەو منداڵـەش دوور لەو سـۆزە ژیـاوە و ژیـانی زۆر نـاخۆش بـووە. بچـوکترین رووداو کاریگـەریی لەسـەر منداڵەکـە هـەبووە((چـیرۆك چ هـی منـداڵان بێـت چ هـی گـەوران، تـەنیی کارێکی هونەری نایابە لە کۆمەڵە یان زنجـیرە رووداوێـك پێـك دێـت کـە هـەموویان بەیەکەوە بەستراون و رایەڵ کراون، رووداوە گەورەکەی ناو ئەو رووداوانە بە گرێـی سـەرەکی نـاو چـیرۆکەکە دەدرێتـە قەڵـەم، رووداوە وردەکـان دارە رای پەیکـەری چـیرۆکەکەن، رووداوە سـەرەکیەکەش رایـەڵ و تیرەیـەتی و بـە هەموویانـەوە پێکهاتەی سەرتاسەری چیرۆکەکەن))[3] بۆ ئەوەی رووداو لەناو چیرۆکی منداڵاندا لـە لایەن منداڵەوە پەسەند بکرێت پێویستە رەچاوی چەند خاڵێکی گرنگ بکەین:

((١– پێویسـتە رووداوەکـە بـە زنجیرەیـەکی گونجـاو بخرێتـە روو، واتـە رووداوەکـان دەبێـت یـەکگرتوو بـن و یـەك لـە دوای یـەك بـن تادەگەنـە کۆتـایی چیرۆکەکە و ئەوسا منداڵان چێژیان لێ دەبینن.

٢– نابێت لە رووداوێك زیـاتر لـە چـیرۆکی منداڵانـدا هـەبێت، یـان بـە رێگـەی رێکەوت رووداوەکان روو بدەن.

١. رازاو رەشید صبری، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٩١-٢٠٠٥، ل٧٢.
٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٨.
٣. حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، ب١ ل٧٩، .

٣- هەندێك چیرۆکی منداڵان هەیە هەڵوێستێکی مرۆڤایەتی تێدایە بە بێ ڕووداو، ئەمەش بۆ جوولاندنی سۆزی منداڵە یان دڵخۆشکردنی بە ڕێگای بیرێکی جوان کە بە شتێکی یا بە ئەنجامێکی کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو کۆتایی دێت.))[١] .

ڕای لێکۆڵەر دەقاودەق لەگەڵ ئەم خاڵانەدانییە، چونکەئێستاکاتی ڕووداو، چەمکی ڕووداو، ژمارەی ڕووداوگۆڕانکارییان بەسەرهاتووە، لەبەرئەوەدەڵێین دەشێت بۆمنداڵانی(٨-١٢)ساڵی و(١٢-١٥)ساڵی لەدوو ڕووداوزیاتریشی تێدابێت هەروەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد کە چیرۆك بەبێ ڕووداو دروست نابێت، دەشێت ناوێکی تری ئەدەبی منداڵانی لێ بنێیت، بەڵام کە چیرۆك بێت دەبێت ڕووداوی تێدا بێت.

- **ڕووداو لە چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا.**

چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت کە بۆ منداڵانی نووسیون، پڕن لە ڕووداوی پڕ سیحرو خەیاڵ و جوانییەکانی سروشت بۆ ئەوەی سەرنجی منداڵان بۆ لای خۆیان رابکێشێن ڕووداوەکانیش زۆربەیان بە شێوەی بەدوای یەکدا هاتوو لە ناو چیرۆکەکاندا بەکار هاتوون.

لە چیرۆکی (جوانترین دێ)دا ڕووداوی چیرۆکەکە لەوەوە دەست پێدەکات کە چەند ڕووداوێکی ڕۆژانەی ئاسایی دووبارە دەبنەوە وەك چوون و هاتنەوەی ئازاد لە قوتابخانە، ئاودانی گوڵ و باخچەکان. پاشان ڕووداوە نائاساییەکە دەست بە چنینی دەکرێت، پەڕەسیلکە داوا لە ئازاد دەکات کە وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێت، بەڵام ئازاد ڕازی نابێت شوێنەکەی بەجێ بهێڵێت و دەڵێت:((... گوندەکەم لە هەموو جیهان قەشەنگترە و کانییە بچکۆلەکانیش لە هەموو دەریاکانی جیهان گەورەتر و شۆخ و شەنگ ترە)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل١٧).

دەتوانین ئەم ڕووداوە بە ڕووداوێکی ڕەمزی دابنێین بۆ خۆشەویستی نیشتمان کە نووسەر لێرەدا بەم وشانە ویستویەتی ناخی خۆی دەرببڕێ. کە بەڵێ نیشتمانی خۆت لەهەموو جیهان قەشەنگترە و جوانترە.

---

١. خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵانی لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، ل٦٦.

لـە چـیرۆکی (هـاوڕێتی کـانی و دارتـوو)دا، رووداو، رووداوێکـی رەمزییـە، کـە دارەکە بانگی دڵۆپە ئاوەکـە دەکـات بـەڵام کەسـتەکێك رێـی لـیّ دەگرێـت، دڵۆپـە ئاوێکی تـر و یـەکێکی تـر و هـەزاران هـەزار دڵۆپـە ئـاو دێـن و کەسـتەکەکە لەبـەر شەپۆڵە ئاوەکەدا خۆی ناگرێت و دەتوێتەوە. بە واتای ئەگەر مرۆڤ یەکگرتوو بێت و بەردەوام کۆڵ نەدات ئەوا هیچ هێزێك ناتوانێـت لەبەرامبەریـدا خـۆی رابگرێـت. پاشـان رووداوێکـی تـر ئەوەیـە کـە باسـی هاوڕێیـەتی ئاوەکـە دەکـات لەگـەڵ دارتووەکـەدا کـە دەڵـێ هاوڕێیـەتی راسـتەقینە بـەهای خـۆی هەیـە و پێویسـتە هاوڕێیەتی راستەقینەکانمان خۆش بوێن.

لـە چـیرۆکی (دەنگخۆشـترین مـەل)دا، سـەرەتای رووداوەکـە لـە گـرتنی بولبولەکەوە لە لایەن راوچی یەکەوە دەست پێدەکات.((ئێوارانێك بلبلەکـە کەوتـە داوی راوچی یەکەوە و گرتی و بردی خستیە قەفەزێکەوە.

– بەیانی زوو چۆلەکەکە چریکانی وگوتی:

– مـن دەنگخۆشـترین مـەلی ئـەم دارسـتانەم، ریشـۆڵەکەش خـۆی لـیّ فـش کردەوە وگوتی:

–وانی یە.... لەم دارستانەدا مـەلی لـەمن دەنگخۆشـتر نیـە..)) چـۆلەکەکە و رێشۆڵەکە بوو بە شەڕیان وهەموو پەڕو تووکی خۆیان بەسـەر دارەکانـدا وەران..) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٥٩).

رووداوەکان لەم چیرۆکەدا بە دوو ئاراستەدا دەڕۆن کاتێك بلبلەکـە دەکەوێتـە داوی راوچی یەکـەوە چـۆلەکە و ریشـۆڵەکە لـە لایـەك دڵخـۆش دەبـن و لەلایـەکی ترەوە لەسەر دەسـتەڵات کـە کـیّ دەنگـی خۆشـترە دەبێتـە شـەڕیان. کەئەمـەش سیفەتێکی ناڕێك و ناشیرینە مـرۆڤ نابێـت بـە ئـازاردانی هاوڕێکـەی دڵخـۆش بێـت. بەڵام سەر ئەنجام وەك کورد دەڵێ خوا بەلای حەقـدا وەری دەگێڕێـت کـە منـداڵی راوچییەکە دەرگای قەفەزەکـە دەکاتـەوە یـاری لەگـەڵ بلبلەکـە دەکـات بلبلەکـە ئەمە بە هەل دەزانێت و خۆی رزگـار دەکـات و دێتـەوە دارسـتانەکە و دەسـت بـە خوێندن دەکاتەوە و چـۆلەکەو رێشـۆڵەکەش لەشـەرمەزارییان دارسـتانەکە بـەجیّ دەهـێڵن کـە بەمـەش رووداوەکـە ئاراسـتەیەکی تـر وەردەگرێـت و راسـتی و حـەق بەسەر دەکەوێت.

له چیرۆکی (ئەودارەی گەڵای خۆی فرۆشت)دا، رووداوەکە لەئەنجامی لە خۆبایی بوونی دارەکەوە روودەدات کە داوا لە (با) دەکات گەڵاکانی داتەکێنێ. هەرچەندە باڵندەکان ومنداڵان و دڵداران کە لە سێبەری دارەکەدا حەساونەتەوە داوای لێ دەکەن لەم کارەی خۆی پەشیمان ببێتەوە بەڵام بێ سوودە. کە بایەکە لەو سەر دەگەڕێتەوە دەبینی دارەکە دەگری. بۆیە بایەکە گاڵتەی پێ دەکات و بەجێی دێڵێت، ئەمەش منداڵان فێر دەکات کە نابێت لەخۆبایی بن و هەموو پێویستمان بە یەکتری دەبێت.

هەروەها لە چیرۆکی (هێلانەی قەلەڕەش)دا رووداوی چیرۆکەکە لەوەوە دەست پێدەکات کە ئازاد بەسەردارەکە دەکەوێت و بەچکە قەلەڕەشەکان دەبینێت. لەو کاتەدا دایکەوباوکەکە دێنەوە و ئازاد لە دارەکە خۆی فڕێ دەدات و قاچێکی دەشکێ. ئەمەش وا لە منداڵ دەکات کە خۆی لەم کردارانە بپارێزێت و باڵندەی خۆش بوێت.

هەروەها لە چیرۆکی (وانەی هونەر)دا، رووداوەکان زیاتر مێژوویین، مامۆستای هونەر لە رێگەی وانەکەیەوە کۆمەڵێك رووداو بۆ قوتابیان دەگێڕێتەوە، کە خەڵکی کورد لە دێر زەمانەوە چ جۆرە جلك و بەرگێکیان لەبەرکردووە و چ جۆرە کاسەو کەوچکێکیان بۆ خواردن بەکارهێناوە دەتوانین رووداوی مێژوویی لەم چیرۆکەدا دیاری بکەین

*چیرۆکەکانی (شالا چی کرد) (هێلانەیەکی تر) (شالاو گوڵی ناو ئینجانەکە) هەموویان رووداوی ئاسایین و لە گەڵ ئاستی منداڵان دەگونجێن.

## تەوەری سێیەم :

## ( کەسایەتی، گێڕانەوە ودایەلۆگ و وەسف، ململانێ، زمان وشێواز )

### ١ - کەسایەتی

کەسایەتی رەگەزێکی گرنگە لە چیرۆکدا، هەڵسورێنەری رەوشی چیرۆکەو دەتوانین بڵێین، داینەمۆیەکی زیندووی رەگەزەکانی چیرۆکە چونکە هەر کەسایەتییە لە ناو جوغزی کات دا گەشە دەکات و هەر کەسایەتییە کاریگەری بەسەر شوێن و رووداو و رەگەزەکانی تردا هەیە.

((کەسایەتیی هەموو کاتێك لە چیرۆکەکاندا کەسێکی ئاسایی نییە، پاڵەوان یۆتۆپیایەکی بەرجەستەبووی چیرۆکنووسە، کە هەموو کێشە بناغەییەکانی پێوە دەبەسترێتەوە بەرادەیەك پاڵەوان بۆتە بەشێك لە خولقاندنی کەلتور تاکی بەناوەندکراو کە هیچ جیاوازی نی یە لەگەڵ پەیامبەران))[1] بۆیە ئەوەی تا ئێستا جێگای تێرامان و گفتوگۆیە کە زۆر لە شارەزایانی چیرۆك رایان وایە کە کارەکتەری سەرەکی سێبەری چیرۆکنووس خۆیەتی بە شێوەیەك کە ئەم دیاردەیە وەك کەلتورێکی لێ هاتووە، بەڵام ئەمەش رایەکی رەهانییە لەم بارەیەوە.

((بێگومان کەسایەتی لە هەمان کاتدا هەڵگری جۆرێك لە رەفتار و رەوشت و ئایدیاڵی خۆیەتی کە چیرۆکنووسیش دەیەوێ ئەو ئایدیاڵە بەر جەستەکراوە بە هەموو شێوەیەك بخاتە بارێکی تایبەتەوە، زۆر جار زێدەڕۆیی لەم بەرجەستەکردنە زەرەر بە بنیاتی هونەری و زمانەوانی چیرۆك دەگەیەنێ))[2] ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کەسایەتی یان پاڵەوان نابێت ئەوەندە جیاواز بێت لەگەڵ کەسانی تردا لە کارو کردەوە و ژیانی رۆژانەی خۆیدا. دەبێت چیرۆکنووس ئاگاداری ئەوە بێت کە

---

١. نەجات حەمید، ((چیرۆك و کەسایەتی پاڵەوان))، گ نووسەری نوێ، ژ:٢٢، یەکێتی نووسەرانی کورد، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٥٣.

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٨.

پاڵەوان یان کەسایەتیی سەرەکی نابێت ئەوەندە بە پیرۆزی و بەرزی تەماشا بکرێت و خوێنەر گومان بکات، کە ئەمە مرۆڤێکی ئاساییە، بە تایبەتی بۆ منداڵ ناتوانێت بە ئاسانی ئەمە لە یەکتر جیابکاتەوە. چیرۆکنووسیش ئازادە لە هەڵبژاردنی کەسانی ناو چیرۆکەکەیدا. مەرج نییە کەسایەتی هەموو سیفەتی باشی تێدا هەبێت ((گونجایی ترە ئەگەر لایەنێن نێگەتیڤ دگەل لایەنێن پۆزەتیڤ دکەسایەتیا چیرۆکێ دا هەبن و ئەگەر کەسایەتیا چیرۆکێ زاروك بیت پێدڤیە چاڤدێریا هندێ بێتە کرن، ئەڤ کەسایەتیە بە شێوەیەکێ لۆجیکی و دوو هێلی بهێتە پێشکێش کرن. زۆر چیرۆك دکەڤنە ل بەر چاڤێن مە زاروك دناڤدا ئاستەکی بەرزتر و ژ ئاستێ دور هێلی یێ زاروکان دگێریت))[1]

واتە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بێت، هەندێك جار هەڵە بکات و لەهەر هەڵەیەك ئەزموونێك وەربگرێت و رەوشەکەی بەم شێوەیە بڕوات. تاڕادەیەك ئازاد بێت لەبەر ئەوە ((نووسەری چیرۆك بە تایبەتی هی منداڵان نابێ خۆی تێکەڵ بە کاروباری کەسانی ناو چیرۆکەکە بکات واتە وەك راڤەکارێك یان واعێزێك وتەی خۆی تێکەڵاو بەدەقەکە بکات، بەڵکو دەبێ خۆی لە دەرەوەی دەقەکەدا راگرێ و بێ لایەن بێ...))[2]

ئەمەش ئازادی و سەربەستی زیاتر بۆ کەسایەتیەکە فەراهەم تر دەبێت و بە ئازادی خۆی هەڵسوکەوت دەکات و قسە دەکات و رەفتار دەگۆڕێت چونکە((کەسایەتی رەهەندێکی گرنگە لە رەهەندەکانی چیرۆك، هەر چیرۆکێك بێت، چوارچێوەی بنچینەییە بۆ چیرۆکی منداڵان، و پێویستە کەسایەتی بۆ منداڵان روون و ئاشکراو زیندووبێت. لەگەڵ رووداوەکان و بیرۆکەکانی چیرۆکەکە کۆك بێت واگونجاوە لە کەسایەتیدا لایەنی خراپ بێت ئینجا لایەنی چاکە ئەو کەسایەتیانەی کە نمونەی خەڵکێکی خاوەن بایەخ و قودسیەتیان هەیە پێویستە بە وردی و عەدالەت و واقیعیەوە پێشکەش بکرێت مەرج نییە کەسایەتی مرۆڤ بێت، دەبێت ئاژەڵ بێت رووەك بێت یان بێ گیان بێت))[3]

---

١. محسن عارف سالح، رەوشا چیرۆکێن زاروکان ل دەڤەرا بەهدینان، ل٩٣.

٢. حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، ل٨٥.

٣. هادي نعمان الهيتي، ادب الاطفال فلسفته وفنونه، وسائطه، ص١٤٢.

له چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا دەبینین کەسایەتییەکان تەنها مرۆڤ نین بەڵکو ئاژەڵ و باڵندە و گیانلەبەری ئەفسانەییشن، وەك چیرۆکەکانی بەرئاگردانی کوردەواری کە نمونەش یەکجار زۆرن وەك چیرۆکەکانی (مەڕۆکە و بزنۆکە) و (شێتۆکە و ئاقلۆکە) و زۆری دیکەش، لە چیرۆکی منداڵانیش دا کەسایەتیەکان بەهەمان شێوە پێك دێن لە مرۆڤ و ئاژەڵ و رووەك و تەنانەت شتی بێ گیانیش.

((لەوانەیە کەسایەتیی لە ناو چیرۆکدا مرۆڤ بێت لە رابردوویەکی دوور، یان کەسێك بێت لە شارێکی دواکەوتووی دوور، یان پیاوێك بێت بتوانین بیناسین لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین. یان لەوانەیە عفریت و جنۆکە بێت، یان جگە لەمانەش بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە واقیعی بێت لەگەڵ حەقیقەتی خۆیدا بگونجێت. پەسەند و لۆجیکی بێت لەگەڵ ئەوەی دەیکات بەم شێوەیە بێت کەخوێنەر یان گوێگر بیەوێت لە گەڵیدا زیندوو بێت و لەگەڵیدا بژێت، یان لەوانەیە کەسێکی خەیاڵی بێت و لە داهێنانی وەهمی بێت...))[1].

هەر بۆیە هەندێ لە زانایانی بواری چیرۆك، پلەوپایەی چیرۆکنووس بەرزدەکەنەوە. هەروەك (پەرێز سابیر) لە نامەکەیدا دەڵێت ((چیرۆکنووس ئەرکی خولقێنەر لە جیهانی چیرۆکەکەیدا دەگێڕێت، بۆیە گرنگیی دروست کردنی ئەو کەسانە لە چیرۆکدا گەیشتۆتە رادەیەك هەندێ جار هونەری چیرۆکنووسین بە هونەری خولقاندنی کەسەکان دابنرێت))[2] لە دروستکردن و گەشەکردن و پاشان مراندنی دا، بەڵام دەبێت خوێنەر والێ بکەین کە لەگەڵ چوونە ناو هەر چیرۆکێك و خوێندنەوەیدا پاشان بزانێت کە ئەو جیهانەی ئەو تێیدایە خەیاڵە، ئەو کەسایەتی و شوێنە خۆش و ناخۆشانە هەمووی لەسەر لاپەڕەی کاغەز نووسراون و جیهانێکە سەرەداو و نەخشەو پلانەکەی لە مێشکی نووسەر دایە و ئەویش لەناو دووتوێی چەند رووداوو گێڕانەوەیەکدا ناوی چیرۆکی لێناوە. بەڵام رەنگە ئەمە لە چیرۆکی منداڵاندا کارێکی ئاسان نەبێت چونکە ((منداڵان هەستێکی بەرزیان هەیە دەربارەی کەسانی نێو چیرۆك، تارادەیەك دەست دەکەن بە گریان ئەگەر هاتوو

---

١. د. علي الحديدي، في أدب الأطفال، ص١٢٦.

٢. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٥٧.

(کەسـی) نێـو چـیرۆکەکە تووشـی هـەر جـۆرە تـەنگو چـەڵەمە و ئـێش و ئـازار و ناخۆشیەك بێت بە پێچەوانەشەوە، خۆشی دایان دەگرێت و دەبن بە پارچەیەك لـە خۆیان و هەست و نەستیان تێکەڵ بەیەك دەبێت..))[1]

هەندێك جار دەبینین بە هۆی کەسانی ناو چیرۆکەوە، منداڵ ئاژەڵ و گیاندار و باڵندەی خۆش دەوێت و لە شـێوەی بووکەشووشـەدا حـەز دەکـات هـەبن و شـەو لەگەڵ خۆیان دەیان نوێنێت، هەر ئەو ئاژەڵانەن کـە هەنـدێك لـە منـداڵان لـێ یـان دەترسن وەك رێوی، ورچ، مەیمون....هتد بەڵام ئەگەر منداڵێك چیرۆك بخوێنێتەوە و ببـینێ ئـەوا وەك گوتمـان لـێ یـان ناترسـێت. و ((دەبێـت نـاوی کەسـان و پاڵەوانـەکانی چـیرۆکەکە وا ئاسـان بـێ لـێ یـان تـێ بگـات.. وەك مریشـکە سوورە..کچەقژزەردەکە.. پیاوە ریش سپی یەکـە باشـتر وایـە ئـەو کەسـانەی نـاو چیرۆکەکانی هەتا بێ گیانەکانیش لە جووڵەو گفتوگۆکردن دابن.. جـم و جۆڵیـان.. قسەکردنیان.. دیمەنی رەنگـاو ڕەنگیـان.. ئـارەزووی منـداڵ تیـژ دەکـات))[2] واتـە مەبەستی ئەوەیە کە هەر کەسایەتێك وەسـفێکی کـورتی لەگەڵدا بێـت بـۆ ئـەوەی منداڵ بە باشی بیناسێت و ئاشنای ببێت و لەگەڵ بەسەرهاتەکانی بـژی و بەمـەش بیری منداڵەکە تیژ دەبێت و هەناسەی درێژ تر دەکات و فێـری رەوشـتی جـوانتری دەکات.بەتایبەتی منداڵ لـە شـەش ساڵییدا جیـاوازە لـە قۆناغـەکانی تـر ((پـێش شەش ساڵی بەخێوکەر یان دایك چیرۆك بۆ منداڵ دەگێڕێتەوە پێویستە لەسـەریان کە وشـیار بـن لـە مەسـەلە ئـاڵۆز ودوورەکـان لـە زەینـی منداڵانـدا و خۆیـان دوور بخەنەوە لە وەرگرتن. بۆ ئەوەی منداڵ لە واتای چیرۆك بگات و دەرکی پێ بکـات، ولەسەریانە کە چیرۆك کورت بکەنەوە، چونکە منداڵ حەز لە چیرۆکی درێـژ ناکـات و زیاتر سوود لە وێنەکان دەبینێت تا لە نووسین))[3] بۆیە بەخێوکەر یان دایـك و

---

١. خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٠-١٩٩٠، ل٧٩.

٢. محمد رحیم رمضان، منداڵ و چیرۆکی منداڵان، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر، ١٩٨٤، ل٣٠.

٣.زهراء الحسيني، الطفل والادب العربي الحديث، دار الهـادي، الطبعـة الاولى، بـيروت، ٢٠٠١، ص ٧١ .

باوك بە مامۆستای یەکەمین دادەنرێن لە پەروەردەکردنی منداڵەکەیان و رۆشنبیر کردنیان و تیژکردنی زەینییان.

**- جۆرو پێکهاتەی کەسەکان و شێوەی پێشکەشکردنیان.**

ئەو کەسایەتیانە کە چیرۆکنووسی منداڵان لەناو چیرۆکەکانیدا بەکاریان دەهێنێ چ کەسایەتییە سەرەکی یەکە بێت یان لاوەکیەکە، دەشێت مرۆڤ بێت یان ئاژەڵ بێت یان باڵندە بێت یان رووەك یان شتی بێ گیان بێت.

جۆری کەسەکانیش لە رووی گەشەکردن و نەکردنەوە دەبن بە دوو جۆر:

((کارەکتەری نەگۆڕاو flat و کارەکتەری گۆڕاو (گەشەکردوو Round) کە بازنەیی و مەودا زۆریشی پێ دەگوترێت.))[1]

لە چیرۆکی منداڵاندا کتومت وەکو چیرۆکی گەوران نییە، کەسایەتی سەرەکی و کەسایەتیی ناسەرەکی هەموویان دەبێت بە جووڵە و بزۆك (حروك) بن بۆ ئەوەی منداڵ لێی بێزار نەبێت. هەروەك دیاریشە کەمەبەست لە کەسایەتی نەگۆڕ ئەو کەسایەتییەیە لەگەڵ پێشڤەچوونی رووداوەکان و تێپەڕبوونی کات ئەم گەشە ناکات و رۆڵێکی گرنگ لە چیرۆکدا ناگێڕێت، بەلام کەسایەتی گۆڕاو پێچەوانەی کەسایەتی نەگۆڕاوە، لەگەڵ رەوشی رووداوەکان و تێپەڕبوونی کات ئەمیش بەرەو پێشەوە دەڕوات و گەشە دەکات و رۆڵی گرنگ لە چیرۆکەکەدا دەگێڕێت.

((لە چیرۆکی منداڵاندا کەسایەتی دروست، ئەو کەسایەتیانەن کە منداڵان رازی بکەن بەوە راستەقینەن یاخود هاوتای راستیەکانن، جا ئەو کەسایەتیانە مرۆڤ بن، یان ئاژەڵ یان رووەك یان بێ گیانەکان، یان کەسایەتی نێو ئەفسانەکان بن.))[2] و دەبێت کەسایەتی لەگەڵ هەڵس و کەوتی کەسانی ئاسایی بکات. هەتاوەکو بۆ (کەسایەتی سەرەکی)یش هەروایە، بە تایبەتی لە چیرۆکی منداڵاندا، نابێت منداڵ ئەوەندە هەست بکات کە کەسایەتیی سەرەکی رەوشت و کردارەکانی زۆر ناوازەن لەگەڵ کەسانی ناو واقیعدا زۆر جیاوازیان هەیە. بەلام دەبێت ئەوەش

---

١. ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا، ١٩٧٠-١٩٨٠، ل١٠٨.

٢. رازاو رەشید صبری، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوریدا ١٩٩١-٢٠٠٥، ل٨٠.

بـزانین کـە کەسـایەتی سـەرەکی جیـاوازی هـەر دەبێـت لەگـەڵ کەسـانی تـر ئەدگاروسیفەتەکانیشـی جیـاوازە لەگـەڵ خـەڵکانی تـر چـونکە((چـیرۆکنووس لەکاتێکدا وێنەی کەسێك دەکێشێت و کۆمەڵە سیفەتێکی دەداتە پـاڵ و وێنەیـەکی دیاری کراوی بۆ دروست دەکات نابێ ئەو وێنەیە لە ئەنجامی هۆیەکی سادەوە لەم پەڕی بۆ ئەوپەڕی پێچـەوانەکەی بگۆڕێت، بـەڵکو دەبێـت گۆڕانەکـە لـە ئـەنجامی هۆیـەکی مـەنتیقی یـەوە بێـت))[1] بـۆ نمونـە نابێـت کەسایەتییە سـەرەکییەکە لـە مرۆڤێکـی دادپـەروەر و رەوشـت بـەرزەوە بـە هۆیـەکی سـادە یـان بـەکارتێکردنی قسەیەکی هاوڕێکەی ببێتە کەسێکی دڕندە و بـێ ویـژدان و خـراپ، دەشـێت مـرۆڤ گۆڕانکاری بەسەر بێت بەڵام گۆڕانکارییەکە بەرەبەرەبێت.

لە ناو دەقی چیرۆکدا کەسایەتی هەر دەبێتـە دوو جـۆر ئـەوانیش کەسـایەتیی سەرەکی کەمەبەست کارەکتەری سەرەکی یان پاڵەوانە لـە نـاو چـیرۆکدا. هەرچـی کەسایەتی دیکەیـە پێـی دەڵـێن کەسـایەتیی لاوەکـی یـان ناسـەرەکی. کـە وەکـو کەسـایەتیی سـەرەکی ڕۆڵـی نییـە، بـەڵام زۆر جـار دەبیـنین یـەکێك لەکەسـە لاوەکییەکان لە جیاتی چیرۆکگێڕەوە چـیرۆك دەگێڕێتـەوە. زۆر لـەنهێنی و پـێچ و پەنای ژیانی کەسایەتییە سەرەکییەکە دەزانێت کەواتە رۆڵی خۆی هەر دەبێت.

ئەگـەر لـە رووی پێکهاتـەی کەسـایەتیەکانەوە بـدوێین دەبیـنین لـە چـەند لایەنێکەوە لەم بابەتە کۆڵراوەتەوە.

((کەسانی ناو چیرۆك لە چوار لایەنـەوە لـە کەسـایەتییان کۆڵراوەتـەوە، ئـەو مەودایانەی (الابعاد)ی کەسایەتیی ئەمانەن:

١- مەودای فیزیکـی (دەرەکـی): کـە ڕواڵـەت و بـاڵاو ڕەنـگ و کـەل و پـەل و لاوازی و قەڵەوی و گرژی و مۆنی، هەموو لە دەرەوە دەستنیشان دەکرێن.

٢- مـــەودای ئایـــدیۆلۆژی: کـــە بیروبۆچـــوون و فەلســـەفە و ئاراســـتەی بیروبۆچوونی کارەکتەری تێدا دەردەکەوێت.

٣- مەودای کۆمەڵایەتی: کەپلەو پایـەی چـینایەتی و ئاسـتی خوێنـدەواری و رۆشنبیری و پیشە وژیانی کۆمەڵایەتی کارەکتەر دەردەخات.

---

١. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهـانی، ل١٥٨.

٤- مەودای دەروونی (ناوەکی): بریتی یە لەوبارە دەروونی یەی مرۆڤ کە لە ناخی خۆی و لەزەینی دا دەژی و و بەشێکی شاراوەی ژیانی کارەکتەرە)) [١] *

مەبەست لە رەهەندی فیزیکی هەموو ئەدگارەکانی دەرەکی یە لە مرۆڤدا وەك ئەو کەسایەتیە قەڵەوە یان لاوازەن بڵندە یان کورتە، مرۆڤی کورد هەمیشە بە جل و بەرگی کوردی و رانك و چۆغە مراد خانی وهەروەها جل و بەرگی ئافرەتان کراسی کوردی پەپوولە و چارۆکەی سپی وکورتەکی بە سێجاقە و کراسی دامەن شۆڕ و هەوری وتاس، کەئەمانە سیمای دەرەکی منداڵەکەمان بۆ دەردەخات وەك منداڵێکی قژ زەردی چاوشین فانیلە سەوزی جزمە لەپێ. یان کچێکی وردیلەی قردێلە بەسەری چاوکاڵی قژ زەرد. کەئەمانە سیمای منداڵی کوردن لە چیرۆکەکاندا.

هەرچی رەهەندی ئایدیۆلۆژییە مەبەست لەکەسایەتییە جۆراوجۆرەکانە لە رووی بیروبۆچوونی خۆیانەوە، مرۆڤ هەیە بە غیرەت و بە هەڵوێستە، منداڵ هەیە ناخێکی خاوێنی هەیە لەگەڵ برادەرەکانی، هەیە خۆی لەهەموو شت ناقورتێنێ، هەیانە قسەگێڕەوەیە. سەبارەت بە ناوی کەسەکان دیارە پرۆسەی ناو لێنانی کەسایەتییەکان کارێکی گرنگی چیرۆکنووسە.چیرۆکنووس زۆر وەستایە لەناولێنانی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەیدا. لە رووی جۆری ناوەکانەوە دەبینین هەندێك کەسایەتی نوێ واقیعی ناو کۆمەڵگان کە سەبارەت بە ئێمە ناوەکان کوردین وەك (ئازاد) نەریمان، ژاڵە، بێریوان، گۆران،..هتد هەیانە ناوی عەرەبین ئەمانەش کاریگەری ئایین و کەلتوری عەرەبییە بەسەرماندا هەرچەندە ئەمە ئێستا کەمتر بۆتەوە چونکە لە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ ەوە ئەو ئازادیەی کە هەیە کاریگەری لەسەر ناوی کوردی هەبووە، بۆیە چیرۆکنووسانیش هەوڵدەدەن زیاتر ناوی کوردی بەکاربهێنن، بەڵام ئەم جۆرە ناوە عەرەبیانەش هەر بەکاردێن وەك (عەلی، ئەحمەد، محەمەد، عەبدوڵڵا، عائیشە) کە بووەتە عەیشێ، فاتمە کەبووەتە فاتم لای ئێمە. هەروەها ناوی مێژووییش بەکاردێن (شێخ مەحمود،

١. ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوردا، ١٩٧٠-١٩٨٠، ل١٠٨.

* خالدە قادر فەرەج و رازاو رەشید بەهەمان شێوە ئەو رەهەندانەیان باس کردووە.

بارزانی، حەپسە خانی نەقیب...هتد یان ناوی شوێنەوار وەك گردی سەیوان، گردی مامەیارە، گۆڕی شەهیدان، بەم شێوەیە.

لە چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا پرۆسەی ناولێنان تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووە زۆر ترین ناوەکانی کوردین چ کوڕان یان کچان. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە کە لە نووسەر خۆیم کردووە. کەبۆچی کارەکتەرەکان لە زۆر چیرۆکدا بە ناوی (شالا)ن لە وەڵامدا گوتی کە ئەم ناوە لەکاتی خۆیدا کەسێکم خۆش ویستووە بەم ناوە. بۆیە بەڵێنم پێدا کە بیکەمە کارەکتەری زۆربەی چیرۆکەکانم[١].

هەرچی رەهەندی کۆمەڵاتییە مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییە سەر بە چ چین و توێژێکی کۆمەڵایەتییە وەك شێخ، ئاغا، دەروێش، مامۆستا، پزیشك، ئەمانە چین و توێژی کۆمەڵایەتین. هەروەها گەنج، پیر، لاو، هەژار، دەوڵەمەند، بارزگان، سواڵکەر ئەمانە جۆرەها چین وتوێژی کۆمەڵایەتین. لە چیرۆکی منداڵانیشدا منداڵەکە بە خێزانەکەی واتە دایك و باوکی دەزانرێت کە سەر بە چ چین و توێژێکی کۆمەڵایەتییە.

هەندێك جۆری کەسایەتی دیکە هەن کەسەر بە رەهەندی کۆمەڵایەتین وەك کەسی تاوانبار یان بێ تاوان، کەسی زۆردار یان زۆرلێکراو. دەتوانین بڵێین رەهەندی کۆمەڵایەتی (البعد الأجتماعي) رەهەندێکی زۆر فراوانە و چەندەها جۆرە کەسایەتی تر لەناو کۆمەڵدا هەن. بەڵام چونکە لە چیرۆکی منداڵاندا کەسایەتی تەنها مرۆڤ نییە ئاژەڵ وباڵندە، تەنانەت شتی بێ گیانیشە یان دارو درەختە دەبینین ئەو کەسایەتیانەش هەروەك مرۆڤ سیفەتی باش یان خەراپیان دەخرێتە پاڵ.

رەهەندی دەروونیش بریتی یە لەو حاڵەتە دەروونییەی کە کەسەکان تێیدا دەژین، کەسایەتی هەیە لە ناو چیرۆکدا حاڵەتی دەروونی باشی نییە تەمەنی ژیرییەکەی تەواو نییە، یان تووشی نەخۆشی دەروونی بووە. زۆر جاران ئەو کەسایەتییانە لە شێوەی خۆدواندندا ئەوەی لە دەروونیاندایە هەڵی دەرێژن. لەناو جەستەی مرۆڤدا کۆمەڵێك (غەریزە)مان هەیە، ئەو (غەریزانە) هەریەکەو داوای

---

[١] – ئەو وەڵامەی نووسەر دەستنووسێکە لای خۆم پارێزراوە.

تێربوون(اشباع) دەکەن لە خاوەنەکەی، هەر کاتێکیش ئەو غەریزانە تێرنەکران ئەوا تەرازووی سایکۆلۆژی ئەو مرۆڤە تێك دەچێت زۆر جاریش وا دەبێت لە ناو کۆمەڵدا کۆمەڵێك رێگر (عائق) هەن کە دەبنە مایەی تێرنەکردنی ئەو غەریزانە وەك (داب و نەریت، ئایین،..هتد) بۆیە لە ئەنجامدا شپرزەیی باری دەروونی لە کەسایەتییەکاندا بەدەردەکەوێت کە لە شێوەی خۆدواندندا ئەو شپرزەییە دەردەبڕن.

ئەو منداڵانەی کەتووشی نەخۆشیە درێژخایەنەکان بوون وەك تالاسیما، مەنگۆلی، کەمخوێنی.. ئەمانە باری دەروونی نادروست بۆ منداڵان دروست دەکەن.یان ئەو منداڵانەی کە بەهۆی کەرەسە و مین و تەقەمەنیەکان کە لە کوردستان زۆرن و منداڵی کوردیش زۆر جار یاری پێ کردوون، ئەندامێکی لەشیان لە دەست داوە و بارێکی دەروونی نادروستی بۆ دروست کردوون و چیرۆکنووسیش زۆر جار بۆ نمونە هێنانەوە بۆ ئەوەی منداڵانی تر خۆیان بپارێزن هێنانیەوەو بەکاری هێناون. لە ئەنجامی ئەو نەخۆشیانەدا زۆر لە منداڵان هەمیشە تووڕەو ترش یان گۆشەگیرن.

پێشکەشکردنی کەسەکان لەناو چیرۆکدا کارێکی هونەریی تری چیرۆکنوسەو. زۆربەی شارەزایانی چیرۆك رایان وایەکە ((پێشکەشکردنی کەسەکانی چیرۆك یان لە رێگەی راگەیاندن دەبێت یان لە رێگای نمایش (نواندن) ەوە دەبێت. راگەیاندن واتە راگەیاندنی هەواڵی کەسەکان بەهۆی وەسفکردن و باسکردنیان لە لایەن چیرۆکنووسەوە یان لە لایەن کەسێکی تر، بەڵام پێشکەشکردن بەم شێوەیە روون و زەقە و خۆی تێهەلقورتاندنی راستەوخۆی چیرۆکنووس و دەربڕینی بیروڕای تایبەتی خۆی و ئاراستەکردنی کەسەکان و ئاشکرا کردنی نهێنیەکانیان ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی خوێنەر پێش وەخت هەموو شتێك دەربارەی ئەو کەسانە بزانێت))[1]

١. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٨٦-١٨٧.

چیرۆکگێڕەوە کاتێك دەیەوێت کەسایەتییەك پێشکەشی خوێنەر بکات، بەم ڕێگایانەی باسمان کردن پێشکەشی دەکات، وەسفی کەسەکان دەکات و پەردەیان لە ڕوودا هەڵدەماڵێت و باسیان دەکات بەم شێوەیە لایەنە دەرەکی و ناوەکییەکان ئاشکرا دەبن و خوێنەریش ئاشنای کەسایەتییەکە دەبێت، مەبەست لە ڕێگەی نواندن یان درامی ئەوەیە کە کەسایەتییەکە خۆی، خۆی پێشکەشی خوێنەران و بینەران دەکات. لەدرامای تەلەفزیۆنی دا منداڵان بە خۆیان خۆیان پێشکەش دەکەن. چیرۆکی منداڵان زیاتر بە شێوەی درامی یان نواندن کەسایەتیەکان پێشکەش دەکرێن بۆ نمونە دارتوویەك بەخۆی قسە دەکات و خۆی بە منداڵ دەناسێنێت و سوودەکانی بۆ منداڵان ڕوون دەکاتەوە بەمەش زانیاریەکان لە ڕێگای چیرۆکەکەوە دزەدەکەن بۆ ناو مێشکی منداڵان.

ئەگەر لەو سەرچاوانە بکۆڵینەوە کە کەسایەتی چیرۆکی منداڵانی لێوە سەرچاوە گرتووە دەبینین زۆربەی سەرچاوەکان بیرو خەیاڵی نووسەر خۆین سەرچاوەکانیش مرۆڤی واقیعین یان ئاژەڵ و باڵندەو شتی بێ گیانن((چیرۆکنووسانی منداڵانی کورد وێنەی کەسانی نێو چیرۆکەکانیان لەچەند سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە، یەکێك لەو سەرچاوە سەرەکییانەی کە لە هەموو سەرچاوەکانی تر زیاتر سوودی لێ وەرگیراوە و بۆتە هەوێنی دروست بوونی زۆربەی چیرۆکەکانی منداڵان ئەوانەن کە بەزمانی گیانداران و بێ گیانەکان نووسراون))[1]

چیرۆکنووسی منداڵان بەچەندەها شێوە باسی ئەو ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەکانە دەکات، ئاژەڵ هەیە خاوەن هێزە وفێڵبازە وەکو شێرو گورگ و ورچ. هەروەها ئەو چیرۆکانەی کەباسی دارودرەخت دەکەن و کۆمەڵ کەسەرچاوەیەکی گرنگە بۆ کەسانی ناو چیرۆك وشتی بێ گیانیش سەرچاوەیەکی دیکەیە وەك دەریا، بووکەشووشە، کتێب...هتد هەروەها نووسەر خۆی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دروستکردنی کەسایەتی چیرۆکی منداڵان.چونکەنابێت ئەوەشمان لەبیربچێت،

---

١. خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، نامەی ماجستێر، ل٨٤.

کەکەسەکان بەپێی قۆناغ وسەردەم ئەوانیش دەگۆڕێن((کەسایەتی وپاڵەوانی نووسراوونێودەقە ئەدەبییەکان بەپێی قۆناغ وسەردەم گۆڕانیان بەسەرداهاتووەوکارژێکیان داماڵیوەوەکراسێك ورەنگ ورووییێکی دیکەیان بەخۆوەگرتووە، وەك ئەوەی ئەدەب لەدایك بووی سەردەمەکەی خۆیەتی وزەرورەتی سەردەم شتەکان دێنێتە پێشەوە، قۆناغ پاڵەوان وکەسایەتییەکان دەخوازێت))[1] .واتەدەبێت نووسەرئاگاداری ئەوەبێت کەکارەکتەر لەخەیاڵی خۆی دروست بکات دەبێت بشزانێت، کەسەردەم وقۆناغ چ جۆرەکارەکتەرێکی پێویستە.لەچیرۆکی منداڵانیشدابەهەمان شێوەکەسایەتییەکان لە قۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی ترجیاوازن بۆنمونە ئەگەرسەردەمی ساڵانی پەنجاکان جۆرە پاڵەوانێك باوبێت ئەوا بۆساڵانی هەشتاکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

**– کەسایەتی لەچیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا**

لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەتدا کەبۆ منداڵانی نووسیون، کەسایەتیەکان هەمە جۆرن وەك پێشتریش باسمان کردن، لەمرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە وشتی بێ گیان پێکهاتوون.لە چیرۆکی (جوانترین دێ)دا کەسایەتیی سەرەکیی پەڕەسیلکەیەکە، کەسایەتیی گەشەکردووە چونکەگۆڕانی بەسەردا دێت و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنیشەوە کەسایەتییەکە پێشکەشکراوە کەلە لایەن چیرۆکنووسەوە باسی ئەو کەسایەتییە دەکرێت، کاتێك پەڕەسیلکەکە دەیەوێت گوندەکە بەجێ بهێڵێت، دیسانەوەلە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە چیرۆکنووس کەسایەتییەکی ترمان پێ دەناسێنێت ئەویش ئازادە کە مرۆڤە و کەسایەتییەکی (ناسەرەکی) یە بەڵام ڕۆڵی زۆرە لە چیرۆکەکەدا چونکە ڕازی نابێت لەگەڵ پەڕەسیلکەکەدا بڕوات و گوندەکەیان لە هەموو جیهان پێ خوشترە و ئاوی کانی یەکەی پێ لە ئاوی هەموو دەریاکان زۆرترە.

لەچیرۆکی (دەنگخۆشترین مەل)دا کەسایەتییەکان لە باڵندەومرۆڤ پێکهاتوون،

---

[1]-حەیات سەعیدعەبدولکەریم، نۆڤلێت لەئەدەبی کوردیدا(١٩٧٠-٢٠٠٠)، نامەی ماجستێر، کۆلیژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٩٧.

بەرێگای راگەیاندن پێشکەشکراون. کەسایەتیی سەرەکی لەم چیرۆکەدا بلبلێکە، کە دەکەوێتە داوی راوچی یەکەوە و لە قەفەزبەند دەکرێت، لەو لاشەوە چۆلەکە وریشۆڵەکە کەدوو کەسایەتی ناسەرەکین دەبێتە شەڕیان و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان لەسەر ئەوەی کە پاش بلبلەکە کێ ببێتە دەنگخۆشترین مەلی دارستانەکە، چونکەئەم کەسایەتییانەلەرووی دەروونییەوەنەخۆشن.بلبلەکە چونکە کەسایەتییەکی سەرەکییە کەسایەتییەکی پەرەستێنە لە هەڵەی کوڕی راوچی یەکەدا لە قەفەز رزگاری دەبێت و دێتەوە دارستانەکە و دەست دەکاتەوە بە خوێندن. چۆلەکە و ریشۆڵە کەدەنگی بلبلەکە دەبیستن شەرم لە خۆیان دەکەنەوە و دارستانەکە بەجێ دەهێڵن.

لە چیرۆکی (چۆلەکە)دا کەسایەتی سەرەکی (چۆلەکەیەکە) لە رێگای راگەیاندنەوە پێشکەشکراوە، کاتێك چیرۆکنووس باسی دەکات ((چۆلەکەیەك لە دارستانێکدا لانەیەکی بچکۆلەی لە پووش و گەڵاو پەڕەی گوڵ لەسەر لقی دارێکی گەورەدا چنی بوو..)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٩٦). پشیلەی کێوی کە کەسایەتییەکی ناسەرەکی چیرۆکەکەیە هێلانەکەی دەبینێتەوە و بێچووەکانی لێ دەخوات. چۆلەکەکە کەسایەتییەکی سەرەکی یە بۆیە پێشکەوتووە پەرەستێنە و لەوێ دەڕوات کۆڵ نادات دەچێتە ئاواییەك و گوێسە بانەیماڵێك نیشان دەکات دوای ماندوبوون و خەباتێکی زۆر کە هەموو چۆلەکەیەك ئەمەی پێ ناکرێت. دواتر کەسایەتییەکی نێگەتیڤی تر پەیدا دەبێت کە خاوەنی ماڵەکەیە و دەرونێکی نەخۆشی هەیە، شەو چۆلەکەکە دەگرێت و لە ناو قەفەسی توند دەکات. چیرۆکنووس لە شێوەی چیرۆکێکی فۆلکلۆریدا گشتاندن(تعمیم) بۆ ئەو چیرۆکە دەکات و دەڵێت((لەو رۆژەوە کە ئەو چۆلەکەیە ئەو کارەساتەی بەسەردا هاتووە هەرچی مەل و چۆلەکەی ئەم گەردوونە گەورەیە هەیە رقیان لە پشیلە و قەفەزە.)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٩٧)

لە چیرۆکی (هێلانەی قەلەڕەش)دا ئازاد منداڵێکە و کەسایەتیی سەرەکی چیرۆکەکەیە و لە رێگای راگەیاندنەوە پێشکەشکراوە. کەسایەتیی ناسەرەکی هەردوو قەلەڕەشەکەن. هەرچەندە قەلەڕەش لە کوردەواریدا بە باڵندەیەکی بەد

ناوی دەرکردووە[1] بەڵام نووسەر ویستوویەتی ئەم مۆرکەلەسەرقەلەڕەش لابدات بۆیەئازادبەسەردارەکەدا سەردەکەوێت بۆ ئەوەی بەچکەکان دەربکات. دیارە ئازاد لێرەدا کەسایەتییەکی پەرەستێنە بەلای خراپەوە نەك بە لای چاکەدا. بەڵام هێزی خێر بەسەریدا زاڵ دەبێت و ئەوەتا لەو کاتەدا دایکەوباوکەی بەچکەکان دێنەوە و وەك هەر کەسایەتییەکی بەهەڵوێست لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بەرگری لە بەچکەکانیان دەکەن و ئازادیش لە دارەکە دەکەوێتەخوارەوە و قاچی دەشکێ. دەبینین هێزی چاکەو خێر هەرچەندە باڵندەقەلەڕەشەکانن بەڵام لەبەرئەوەی خۆشەویستیەکەیان پاکەوراستەقینەیەبەئیرادەبەسەرئازاد(هێزی خراپە)دا زال دەبن.

لە چیرۆکی (شالا وگوڵی ناو ئینجانەکە)دا، کەسایەتیی سەرەکی (شالا)یە بە رێگای راگەیاندنەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە لایەن چیرۆکنووسەوە پێشکەش کراوە چونکە بە خۆی باسی خۆی دەکات وەك لە چیرۆکەکەدا هاتووە: (رۆژێکیان شالا لە حەوشەدا یاری بە بووکە شووشەکانی دەکرد.. دەنگێکی هاتە بەر گوێ گوتی شالاگیان تینوومە شالا سەیری دەوروپشتی خۆی کرد کەس دیار نەبوو؟.

—لە یارسانی خوشکی پرسی تۆبوویت گوتت تینوومە؟... یارسان گوتی نەء من نەبووم.. لە پڕ گوڵەکە بەدەنگێکی بەرزتر گوتی من بووم من... زۆر تینوومە... تۆ ئەمە سێ رۆژە منت لەم ئینجانەیەدا چاندووە و ئاوت نەداومەتێ..) (د.م، ب:١، چ:١، ل٥٠).

[1] -دەڵێن لە کاتی لافاوەکەی نوح پێغەمبەر، کە کەشتییەکەی نزیك چیای جوودی بوو کە بنیشێتەوە، نوح داوای لە قەڵەڕەش کرد کە خەبەرێکی بۆ بهێنێت تا بزانێت وشکایی بە دیارکەوتووە یان نا. بەڵام قەل چوو نەگەڕایەوە بۆیە دەڵێن (قەل چوو خەبەریش چوو) بۆیە لە ناو ئێمەدا قەل بە باڵندەیەکی بەد سەیر دەکرێت.هەروەهاهەرقەلەڕەش بووکەناشتنی لاشەی مردووی نیشانی (قابیل)دا، کە(هابیل)ی برای کوشتبوونەیدەزانی چی لێ بکات.بۆزانیاری بڕوانە:قورئانی پیرۆزسورەتی (مائیدە ئایەتی٣٠)هەروەهابڕوانە(الکتاب المقدس)جمعیةالکتاب المقدس فی لبنان ص:٩، هەروەهابڕوانەد.(علی الحدیدی)، فی ادب الأطفال، ص١٦٤.

واتە گوڵەکە خۆی باسی خۆی دەکات لە رێگەی خۆیەوە دەزانین کـە گوڵەکـە تینـوو بـووە و ئـاو نـەدراوە، کەسـایەتییەکی تـری لاوەکـی (یارسـان)ە، کـە چیرۆکنووس بۆ ئەوە بەکاری هێناوە کە منداڵان ئاشنای واتای ئـەم نـاوە بـبن کـە مەبەستی ئایینی یارسانە.هەروەها چیرۆکی (بەهێزترین شت)یـش بەهـەمان شـێوە کەسایەتییەکان کە (چیاو قولنگ و ئاگر و مرۆڤ و خەم) هەموویان بـە شـێوەیەکی درامـی پێشکەشـکراون چـونکە خۆیـان باسـی خۆیـان دەکـەن و وەسـفی خۆیـان دەکەن.(چیاگوتی: من بەهێزترین شتم لەزەویدا، قولنگ گـوتی:مـن لەتۆبـەهێزترم چونکەدەتوانم بەردەکانت لەت وپەت بکەم((د.م، ب.١، چ٢، ل٢١٠).

هەروەها لـە چـیرۆکی(هێلانەیـەکی تـر)دا کەسـایەتیی سـەرەکی (چـۆلەکەیە) بەهەردوو شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرێگای راگەیاندنەوە پێشکەشکراوە. جارێکیـان لەلایـەن چیرۆکنووسـەوە، جارێکیـان لەلایـەن کەسـایەتیی تـرەوە کـە (هـەور)ە کەسـایەتییە ناسـەرەکییەکە وەسـفێکی کـورتی دەکـات:((ئـەریێ ئـەی چـۆلەکەی متـۆی هـەڵفڕین و ئـاوی کـانی سـارگار و دەنکـە گـەنمی بـەتام ئـەوە ماوەیەکی دی سەرەتای هاوینە و لەو دیو ئەم کێوە بەرزەوە کە ئـەم قەڵایـەی لـە بنـاردا دروسـت کـراوە تاچـاو بڕکـا هـەر کانیـاو و رەز و خـەرمانی زێـڕینی پـڕ لـە دانەوێڵەیە بۆچی ناڕۆی بۆ ئەوێ و لـەناو ئـەم خۆڵـە پـەتانێ دا چینەدەکەی..)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٩٨—٩٩)

وەکو هەرکەسایەتییەکی سـەرەکی چـۆلەکەکە بـەرگری لـە هێلانەکـەی خـۆی دەکات. کەسایەتییەکی تری (ناسەرەکی) کـە (رەشـەبایە) پەیـدا دەبێـت ئـەویش بەرێگەی راگەیاندن پێشکەش کراوە کەسـایەتییەکی نێگەتیڤـە واتـە خەراپـەکارە. کە هێلانەی چـۆلەکەکە تێـك دەدات، تالـەو سـەر دەگەڕێتـەوە دەبینێـت چـۆلەکە ئازاکە هێلانەیەکی تر بە هاوکـاری دۆسـت و هـەڤاڵانی دروسـت کـردووە. بۆیـە لـە داخان دووسێ جار بەم لاو ئەولای چۆلەکەکەدا دێت و دەچێت بـۆ ئـەوەی بێـزاری بکات ئەمەش مانای ئەوەیە کـە ئـەم جـۆرە کەسـایەتییانە دڕنـدەن و دەروونێکـی نەخۆشیان هەیە و چاویان بەخۆشی و ئاوەدانی هەڵنایەت. نووسەر ئەم چیرۆکەش دەگشتێنێ(تعمـیم)ی دەکـات وەك دەڵێـت:((تەماشـاکەن تـا ئێسـتاش هەرچـەندە تەپوتۆز و گەردەلوول هەڵدەکات چۆلەکە و باڵندەی سەرانسەری زەوی باوەش بە

هێلانەی خۆیاندا دەکەن و یەکتری لە چنگی باڕەش و چڕنووکی تیژی تەپوتۆز دەپارێزن))(د.م، ب:١، چ:٢، ل١٠٠-١٠١).

هەروەها لە چیرۆکی (وانەی هونەر)دا (مامۆستا) کەسایەتییەکی سەرەکی چیرۆکەکەیە و بەرێگای راگەیاندنەوە پێشکەشکراوە لە لایەن چیرۆکنووسەوە. هەرچەندە ئەو کەسایەتییە سەرەکی یە. کەسایەتییەکی پەرەستێن نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکانی تر هەر لە دەوروبەری ئەودان بۆیە بە کەسایەتییەکی سەرەکی دادەنرێت کە مەرجیش نییە هەموو جارێك کەسایەتیی سەرەکی پەرەستێن بێت هەروەك پەرێزسابیر دەڵێت: ((جۆری دووەم لە جۆرەکانی کەسە سەرەکییەکان ئەو کەسانەن کە بینایەکی سادەیان هەیە چونکە نەگۆڕ و چەسپاوو کارنەکەرن، ئەگەر چی ئەم خاسیەتانە خاسیەتی کەسە لاوەکیەکانە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی خۆیان وەك شاکەس لە ناو چیرۆکدا هەر دەپارێزن.))[١]

(قوتابییەکان) کەسی ناسەرەکین تەنها گوێ لە مامۆستا دەگرن، هەروەها (نازلی) کە یەکێکە لە قوتابییەکان کەسایەتییەکی ناسەرەکی یە و هەرچەندە رۆڵێکی گرنگی لە چیرۆکدا هەیە لە دروستکردنی وێنەی (ئاڵای نیشتماندا) پلەی یەکەم بەدەست دەهێنێت و سەرنجی هەمووان بۆ خۆی رادەکێشێت.

چیرۆکی (دار گوێزەکەی ماڵی شالا) بەهەمان شێوەی چیرۆکی سەرەوە شالا کەسایەتییەکی سەرەکی یە و پێکهاتەیەکی سادەی هەیە و پەرەستێنیش نییە بەڵام چونکە لەتەوەرێکدایە کەسانی تر لە دەوری ئەودان بۆیە بەکەسایەتییەکی سەرەکی دادەنرێت. (دارگوێزەکە) کەسایەتییەکی ناسەرەکییە بەهەر دوو شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرێگای راگەیاندنەوە پێشکەشکراوە. جارێکیان لەلایەن چیرۆکنووس و جارێکی تر لەلایەن کەسێکی ترەوە کە (شالا)یە.

دیسانەوە لە چیرۆکی (داس)دا کەسایەتییە سەرەکییەکە جووتیارێکە و بەرێگەی راگەیاندنەوە پێشکەشکراوە.کەسایەتی(داس) کەشتێکی بێ گیانە،

---

١. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل١٨١.

کەسایەتی ناسەرەکییە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە پێشکەشکراوە.

بەم جۆرە دەبینین هەردوو جۆری کەسایەتیی سەرەکی و ناسەرەکی لەچیرۆکەکانی( لەتیف هەڵمەت) دا هەن و بەهەردوو ڕێگەی ڕاگەیاندن و نمایشەوە کەسایەتییەکان پێشکەشکراون...سەرچاوەی کەسەکان لە چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت) دا کۆمەڵگا و ژینگەی کوردستانە، بە تایبەت کەسایەتییەکان لەچیرۆکی منداڵان و چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا بەزۆری ئاژەڵ وباڵندە و شتی بێ گیانن.

## ٢- گێڕانەوە، دایەلۆگ، وەسف

گێڕانەوە داینەمۆی بەردەوامی چیرۆکە. خودی گێڕانەوەش چەند گرنگ بێت ئەوەی لەو گرنگترە گێڕەوەرەی چیرۆکەکەیە چونکە هەموو ئەوانەی گوێ لەچیرۆك دەگرن یان چیرۆك دەخوێننەوە دەبێت هەست بەوە بکەن کەچوونەتە جیهانێکی ترەوە.

((چیرۆکگێڕەوە لە گێڕانەوەدا مەبەستی گەیاندنی چیرۆکەکەیەتی بەوەرگر، بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستەش پێویستی بەدابین کردنی چەند هۆیەکی گەیاندنە، گرنگترینیان وەسف و گفتوگۆیە کە وەك نێوانێك ئەرکی سەرەکی یان وەرگرتن و ناردنی نامەیەکە (چیرۆك)لە چیرۆکگێڕەوە بۆ وەرگر(خوێنەر /گوێگر).))[١]

هەر بۆیە ئێمەش هەرسێ ڕەگەزەکەمان بەیەکەوە باسکردووە و هەوڵ دەدەین پەیوەندییەکانیان ڕوون بکەینەوە. چونکە گێڕانەوە خۆی لەدایەلۆگ و وەسف پێکهاتووە بێگومان ئەمەش لە چیرۆکنووسێکەوە بۆیەکێکی تر جیاوازە چونکە هەر چیرۆکنووسە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، کەلە کارەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

((گێڕانەوە دوو شێوازی سەرەکی هەیە ئەوانیش یەکێکیان شێوازی بابەتی و ئەوی دیکەیان شێوازی خودی یە، هەریەك لەم شێوازانەش بەستراونەتەوە بە

١. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل٢٥٧.

جۆری چیرۆکگێڕەوە دوور ونزیکی لە ڕووداو و کەسەکان و شوێنی لە چیرۆکدا. چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان گێڕانەوەکەی بابەتی دەبێت، چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان گێڕانەوەکەی خودی دەبێت))[1]

دیارە مەبەست لە چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان چیرۆکنووس خۆیەتی، یان یەکێك لە کەسایەتییەکان تەرخان دەکات و خۆی لە دەرەوەی ڕووداوەکاندایە و هەموو شتێکی ئەوکەسە دەزانێت کە باسی دەکات لە ئەدگار و ئاکاری دەرەوە و ناوەوە، بەڵام چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان گێڕانەوەی خودییە واتە چۆن بۆ خۆی قسە بکات و بە زۆریش بەکاتی ئێستا قسەکان دەردەبڕێت.

لەناو چیرۆکی منداڵاندا گێڕانەوەی چیرۆك ڕۆڵێکی گرنگ لە پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵاندا دەگێڕێت. ((پرۆسەی گێڕانەوە.ڕۆڵێکی زۆر دەگێڕێت لەپەروەردەکردنی منداڵدا کاریگەریشی زیاتر دەبێت لەوەی منداڵ راستەوخۆ چیرۆك بگێڕێتەوەوپێویستە هەمیشە لەبیرمان بێت کە: ئێمە تەنها مەبەستمان گێڕانەوەی چیرۆکەکەنییە بۆ منداڵان بەڵکو تێدەکۆشین کە منداڵان دەرك بەو جیهانەی چیرۆك بکەن و بتوانن ڕووداوەکانی بەنواندن ئەنجام بدەن، و هەوڵیش بدەن ئەوانیش چیرۆك بنووسن بۆ گەشەکردنی بەهرە و تواناکانی نووسین و پەیوەندی کردن لە نێوان ڕووداوەکان و گێڕانەوەدا))[2]

منداڵ زۆر حەزی لە لاسایی کردنەوەیە و یەکێکیشە لە ڕێگاکانی فێربوونی، بۆیە پێویستە ئەوەی چیرۆك بۆ منداڵ دەگێڕێتەوە، ئەگەر وەکو حەکایەتخوان سەیری بکەین دەبێت ئەو کەسە زمانێکی پاراوی هەبێت وشەکان بە جوانی لێك بکاتەوە و بەرامبەر بەمنداڵەکان دابنیشێ و هەموویانی لێ دیار بێت. منداڵەکانیش وەکو نیوە بازنەیەك دابنیشن و ئەژنۆیان بەیەك بگەیەنن چونکە ئەگەر جەستەیان لەیەك نزیك بێت ئەوا بیریشیان لە یەك نزیك دەبێت. هەروەها مەرجەکە چیرۆکگێڕەوە کە تۆنەکانی دەنگی لەیەك ئاست نەهێڵێتەوە واتە بەرزونزمی پێ بکات.وەئەگەر لەناو چیرۆکەکە لاسایی کردنەوەی دەنگی ئاژەڵ و

---

١. هەر ئەو سەچاوەیە، ل٢٤٣.

٢. د. فاضل عباس الكعبي، المداخل التربوية ومرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الأطفال، ص١٩١.

باڵندەی تێدابوو  ئەوا چیرۆکگێڕەوە زۆر بە جوانی لاساییان بکاتـەوە. هەرچـەندە زۆرلـە چـیرۆکگێڕەوەکان خۆیـان لـەم خاڵـە دەدزنـەوە. ئەگەرچـی مـەرجێکی سەرەکیی سەرکەوتنی گێڕانەوەی چیرۆکی منداڵانە، واباشترە کە چیرۆکگێڕەوەکە هەستی منداڵان بۆ لای خۆی رابکێشێت وشوێنەکەش لەبارو گونجـاو بێـت و کـەش وهەواو پلەی گەرمی و رووناکیشی تێـدابێت، گوتراویشـە کـە چیرۆکنووسـی منـداڵ خۆی چیرۆکەکەی گێڕایەوە، ئەوا لە دەربڕینی رستەکان وڕووداوەکانـەوە سـەرقاڵ دەبێت و لایەنە پەروەردەییەکە لاواز دەبێت.بەڵام چیرۆکی منداڵانی ئەمڕۆ زۆربەی هـەرەزۆری بـە نووسـین و بڵاوکردنەوەیـە لـەگۆڤار و نامیلکەورۆژنامەکانـدا، کـە هەندێکیان تایبەتن بە منداڵان و هەندێکیش بۆهـەردوو لان، گێڕانـەوەش بـە چـەند شێوازێك دەبێت گێڕانەوەی تەقلیدی بەراناوی کەسی سێ یەمی تاك(ئـەو)دەسـتی پێکردووە چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزانی پێ دەڵـێن، کاتـەکان بـەزنجیرە بـەدوای یەکدادێن رۆژو مانگ و ساڵ و دوایی رانـاوی تریشـی هاتەسـەر، وەك کەسـی یەکـە می تاك (من) کەبێ پەردە باسی رووداو و کەسەکان دەکرا لەناو چیرۆکی کوردیدا.

هەروەك گوتمان چیرۆکگێڕەوە و گێڕانەوە تەواوکەری یەکترین، بـەڵام دەبێـت ئـەوە بـزانین کەچـیرۆکگێڕەوە هـەموویان وەکـو یـەك نـین یـان یـەك جـۆرنین ((چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان کە لە دەرەوەی رووداوەکانەو پەی بە نهێنیـەکان دەبـات و پێشـبینی زۆر شـت دەکـات و لەشاکەسـیش زیـاتر شـت دەزانێـت. چـیرۆکگێڕەوەی هـەمان شـتزان (لـەدواوەدیتن)یشـی پـێ دەڵـێن هـەر هێنـدەی کەسەکان شت دەزانێت. ناتوانێت پێشبینی هیچ شتێك بکات و هیچ شتێك ئاشـکرا بکات بەر لەوەی کەسانی ناو چـیرۆکەکە بیـزانن وبیـدرکێنن، جـۆری سـێ یـەم لـە جۆرەکانی گێڕانەوە ئەوەیە کە پێـی دەگوترێـت(لـەدەرەوە دیـتن) دەتـوانین لـەم جـۆرە گێڕانەوەیـەدا، ئـەو چـیرۆکگێڕەوەیەی بـەکاری گێڕانـەوە هەڵدەسـتێت بڵێین(چیرۆکگێڕەوەی کـەم شـت زان) چـونکەئەو زانیارییانـەی لای چـیرۆکگێڕەوە هەن لە زانیاری گشت کەسانی ناو چیرۆکەکە کەمترن، لەبەرئـەوەی چـیرۆکگێڕەوە بەهۆی دیتن و بیستنەوە زانیاری دەست دەکەوێت))[١]

---

١. پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهـانی، ل٢١٧-٢١٨، ٢٢٠.

لــە حەکایــەتی فۆلکلۆریــدا حەکایــەتخوان هــەموو شــتێکی دەزانــی، هــەتا سەردەمی ئێستاو پەیدابوونی چیرۆکی هونەری کوردی ئەوجۆرە چیرۆکگێڕانەوەیە هــەر هــەبووە، بــەڵام لەگــەڵ بــەرەو پــێش چــوونی تــەکنیکی چــیرۆك گێڕانــەوەش گــۆڕانی بەســەر داهــاتووە، هــەروەك ئیــبراهیم قــادر دەڵێــت (گێڕانــەوە هونــەرێکی دێرینەیەو یەکێکە لەو هۆیانەی کە ڕۆژانە مرۆڤ بەهۆیــەوە ڕووداو بەســەرهاتەکانی ژیــانی بــۆ هاوەڵــەکانی گێڕاونەتــەوەو بەردەوامیشــە لەگێڕانــەوەی دا))[1] واتــا نــەك تەنها لە بواری ئەدەبدا بەڵکو لــەژیانی مرۆڤــدا بــە گشــتی ئــەم ڕەگــەزە هونەرییــە بەکاردێت بــەڵام لەکەســێکەوە بــۆ کەســێکی تــر و لــە چــینێکەوە بــۆ چــینێکی تــر جیاوازی هەیە.گێڕانەوەی چیرۆکیش چــەند تــەکنیکێکی هەیــە بــۆ گێڕانــەوە وەك (خــــەون، دیمــــەن، نامــــە، چــــیرۆك لــــە ناوچــــیرۆك، کورتکردنــــەوە و هــــەڵبواردن، وەستاندنی ڕووداو، پانتۆمایم، پێشخســتنی ڕووداو، دواخســتنی ڕووداو، گەڕانــەوە بۆرابردوو(فلاش باگ)، هێنانەوە پێش چاو)[2]

مەرج نییە ئەو تەکنیکانەی گێڕانەوە هەرهەموویان لە چیرۆکی منداڵاندا بــەکار هاتبن و بەکاربهێنرێن. بۆ نمونە لەچــیرۆکی منداڵانــدا ئەوەنــدە بایــەخ بەتــەکنیکی (وەستاندنی کات، دیمەن، فلاش باگ، پانتۆمایم، دەستپێشخەری ڕووداو) نادرێت.

هەرچـــی تەکنیکـــەکانی تـــرن وەك (خـــەون، نامـــە، دواخســـتنی ڕووداو بەکارهاتوون. ئەم گێڕانەوەیەش بەچەند ڕێگایەك ئەنجام دەدرێت:

((١–ڕێگای ڕاستەوخۆ: دانەر لە دەرەوەی ڕووداوەکانی دەوەستێت، ئــەوەی ڕوویداوە بۆ ئەوانی تری دەگێڕێتەوە، ئەم ریگەیەش لە هــەموو ڕێگایــەك بڵاوتــرە، لەگەڵ هەموو تەمەنەکانی منداڵدا دەگونجێ.

٢– ڕێگـــای گێڕانـــەوەی خـــودی: ڕووداوەکـــان لەســـەر زمـــانی قســـەکەر دەگێردرێنەوە. بەزۆریش پاڵەوانی چیرۆکە.

---

١. ئیبراهیم قادر محەمەد، لێکۆڵینەوەی کورتە چــیرۆکی کــوردی لــە کوردســتانی باشــور، ١٩٧٠-١٩٨٠، ل١٦٤.

٢. هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٧٥-١٨٨.

٣- ڕێگـای بەڵگەنامـەکان(دۆکـۆمێنتی)دانـەر پشـت بـەو وتـارو بیرەوەرییـە ڕۆژانەییانە دەبەستێت، گفتوگـۆش لەبنـەما گرنگـەکانی بینـای چـیرۆکە، ئەمـەش بەرکەوتنێکی زیندوو بەچیرۆك دەبەخشیٚ..))[١]

بەکارهێنانی ڕێگای دروست بـۆ گێڕانـەوە مـەرجێکی سـەرەکیی سـەرکەوتنی چیرۆکەکەیە جگە لەو ڕێگایانەی باسمان کردن، هەندێك تەکنیك و ڕێگای تـر هـەن کە گێڕانەوەیان پیٚ ئەنجام دەدرێت نابێت لەبیریان بکەین. کە ئەوانیش دایەلۆگ و وەسفن.دایەلۆگیش پەیوەندی بەهـەموو ڕەگـەزەکانی دیکـەی چـیرۆکەکەوە هەیـە چونکە ((دایەلۆگ وەکو بناغەیەکی گرنگـی کورتـە چـیرۆك پەیوەنـدی بەسـەرجەم توخمەکانی دیکەی ناو دەقەوە هەیە وەکورووداوو پلۆت ودیمـەن وکـات و شـوێن. لە ڕێـی ئـەوەوە ڕووداوەکـان بـەرەو پـێش دەچـن و پلـۆت دادەمـەزرێت زەمـەنی گێڕانـەوە وحەکایـەت لەدیمەنـدا یەکسـان دەکرێـت و سـەردەمی ڕووداوو شـوێنی ڕووداو بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبن...))[٢]

کەواتە دەتوانین بڵێین کەدایەلۆگ و وەسـف کردنـی شـوێن و کەسـایەتییەکان دەرگایەکن بۆ چوونە ژوورەوەی خوێنەربۆ ناوەرۆکی چیرۆکەکە و لیٚ تێگەیشـتنی بەرێگایـەکی ئاسـان و بـیٚ گرفـت.زۆر جـار گێڕانـەوە دەوەسـتێت یـان بـاز دەدات ((وەسـتاندنی گێڕانـەوە واتـا وەسـتاندنی کـات بـۆ وێنـەگرتن وبینـینی گفتوگـۆ و پێشکەشـکردنی سـاتەکانی وەسـفکردن))[٣] لـە وەختێکـدا کـە کـاتی فیزیکـی ناوەستێت بەهیچ شێوەیەك، بەڵام لە کـاتی گێڕانـەوەدا چـیرۆکگێڕەوە دەتوانێـت کات بوەسـتێنێت. بـۆ وەسـفکردنی شـتێك. بـەڵام لـەکات دا بـازدانیش هەیـە ئـەو کاتانـە دەگرێتـەوە کـە ڕۆڵیـان ئەوەنـدە نییـە لـە سـەر کەسـایەتییەکان بۆیـە چیرۆکگێڕەوە باسیان ناکات. بۆ نمونە چیرۆکنووس باسـی کەسـایەتییەك دەکـات سەفەرێکی شەش مانگی کردووە بەڵام بەم شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە: کـەیوان

---

١. سمير عبدالوهاب احمد، قصص و حكايات الأطفال، ص١٧٧.

٢.د.نەجم خالدئەلوەنی، تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندیٚ نمونەی هاوچـەرخی کورتـە چـیرۆکی کوردیـدا، گ:زانکۆ، ژ:٢٤، نیسانی ٢٠٠٤، ل٢٨٧.

٣. د.سمر روحي فيصل، الرواية العربية البناء والرؤيا، انترنت، اتحاد الكتاب العربي:دمشق، ٢٠٠٣، http: www.awu.dom.org

سەفەرێکی بۆ دەرەوەی وڵات کرد نزیکەی شەش مانگی پێچوو دواتر هاتەوە ناو ماڵ و منداڵەکەی خۆی.) ئیتر باسی ئەو شەش مانگە ناکات کە لەویٚ چۆنی بەسەربردووەو چی کردووە.

هەرچی وەسفە لە چیرۆکی منداڵاندا بەکەمی نەبێت، نابینرێت، چونکە منداڵان هێشتا لە وەسف ناگەن، هەرچەندە واباشترە کە لەگەڵ هەر کەسایەتییەك یان شوێنێك وەسفێکی کورتی لەگەڵدابێت، بەڵام دەبێت لە ئاستی تەمەنی منداڵدا بێت و وشەو زاراوەکانی بەکاری دەهێنێت لەفەرهەنگی منداڵان نزیك بن. زۆربەی ئەوانەی لەو بوارەدا دەنووسن کە وەسفەکەیان کردووە زۆرکەم منداڵ لێی تێگەیشتووە.(لەتیف هەڵمەت)یش لە هەندێك چیرۆکدا ئەم جۆرە وەسفەی بەکارهێناوە کە منداڵ لێی حاڵی نەبوویٚ.

وەك لە چیرۆکی (جوانترین دیٚ)دا بۆمان دەردەکەوێت وەك دەڵێت:((ڕەشەباش کە وەك ئەو چەقۆیەی مانگا نەخۆشەکەتان پیٚ سەر بڕی تیژە و تاداریش کەوڵ دەکا دەوروژیٚ و پەلامارتان دەدا)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل١٥)

بێگومان منداڵ لەم وەسفکردن و دەربڕینەواتاییەخوازراوە ناگات و بۆ منداڵ شیاو نییە.

لە چیرۆکی (هێلانەیەکی تر)دا کاتێك دەڵێت:((من لەم هێلانەیەدا چاوم تیلماسکی هەتاوی ماچ کردووە و....)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل١٠٠) ئەم شێوە وەسف و دەربڕینە گەوران دەبێت نەك منداڵان.

**(گێڕانەوەو دایەلۆگ و وەسف لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەتدا)**

لەتیف هەڵمەت هەوڵیداوە کە چیرۆکەکانی بە شێوازێکی جوان بۆ منداڵان بگێڕێتەوە و لە جیهانی منداڵ نەچنە دەرەوە، لە چیرۆکی (هاوڕێتی کانی و دارتوو)دا، چیرۆکگێڕەوە هەموو شتزانە و لەدەرەوەی ڕووداوەکانە و شێوەی گێڕانەوەکەی، گێڕانەوەیەکی بابەتییە.

لە چیرۆکی (ئەو دارەی گەڵای خۆی فرۆشت)دا، چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان دەست بە گێڕانەوەدەکات و بەجێناوی(ئەو)وشەکان دەردەبڕێت، گێڕانەوەکەشی بابەتییە، واتە چیرۆکگێڕەوە لەدەرەوەی ڕووداوەکاندایە.((دارەکە

له قورسی گەلا زۆرەکانی خۆی کەوتە بۆڵەبۆڵ وبێزاری دەربڕین.))(د.م، ب:١، چ:٢، ل٦٠)

پاشان چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان کە لە ناوەوەی رووداوەکانە دێتە پێشەوە و لە ئەزموونی خۆیەوە ئامۆژگاری دارەکە دەکات کەواز لەو کارە بهێنێت((چۆلەکەو باڵندەکان پێیان وت: تۆ بەم گەلایانەوە شەنگی و جێی ڕاز و سکالای دلداران و دڵخوازانی و ئەگەر ئەم گەلایانەت نەبێ تۆ دارێکی وشك و زڕ دەبی ونەمنالان لە سێبەرتدا یاری دەکەن و نەکەسیش ڕووت تێ دەکات))(د.م، ب:١، چ:٢، ل٦٠–٦١)

هەروەها لە چیرۆکی (چۆلەکە)دا چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان هەر لە دەرەوەی رووداوەکانەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.بەگێڕانەوەیەکی تەقلیدی باسی ئەو چۆلەکەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە کەلە دارستانەکەدا پشیلەی کێوی بەچکەکانی دەخوات و ئەویش دێتە ئاوایی و لە گوێسەبانەی ماڵێکدا هێلانەیەکی تر دروست دەکات بەڵام خاوەن ماڵەکە شەوێك دەیگرێت ولەقەفەزی دەکات. پاش ئەمە ئیدی چیرۆکگێڕەوەو چیرۆکنووس دەبنەیەك و دەڵێن لەکاتی خۆیدا من گوێم لەم رووداوە بووە و بۆ مندالانیش کردوومەتە چیرۆك و بلاوم کردەوە.

هەروەها لە چیرۆکی (هێلانەی قەلەڕەش)دا ئەویش بەهەمان شێوە، چیرۆکگێڕەوەی هەموو شتزان لە دەرەوەی دەق و رووداوەکانەو بە شێوەیەکی تەقلیدی وەکو حەکایەتخوان سەرتاپای چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، لە چیرۆکی (گوڵی ناو ئینجانەکە)دا چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان دەست بەگێڕانەوە دەکات بە شێوەیەکی بابەتی، ئینجا چیرۆکگێڕەوەی کەم شتزان کەکەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکەیە، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە((شالاپرسی: بۆچی گوڵیش ئاو دەخواتەوە گوڵەکە وتی: بەڵێ شالا گیان گوڵ ڕۆژێ دووسێ جار ئاو دەخواتەوە... شالا گوتی: ئەی گوڵی جوان چۆن چۆن ئاوت بدەمێ خۆ تۆ دەمت نی یە ئاوی پێ بخۆیتەوە...) (د.م، ب:٢، چ:١، ل٥٠–٥١).

بەم شێوەیە دەبینین لە شێوەی دایەلۆگدا بۆمان روون دەبێتەوە کەکەسایەتییە سەرەکی یەکە چیرۆکگێرەوەیەکی کەم شتزانەو هێندەی کەسێتی

یـەکانی تـریش نازانێـت چـۆنکە گوڵەکـە پێـی دەڵێـت کەئاوەکـە بەسـەر گڵـی نـاو ئینجانەکەدا بکات و ئەم لە ڕێگای ریشاڵی ڕەگەکانەوە ئاو دەخواتەوە.

هەورەها لە چـیرۆکی (هێلانەیـەکی تـر)دا دیسـان بـە چـیرۆکگێڕەوەی هـەموو شتزان دەست پێ دەکات وبەشـێوەیەکی بابەتییانـە دەیگێڕێتـەوە، پاشـان چـەند چــیرۆکگێڕەوەی تــریش کەهــەمان شــتزانن و لەچــیرۆکەکەدا دەردەکــەون ئــەوانیش(هــەور، رەشــەبا)ن چــیرۆکگێڕەوە هــەمان شــتزانەکان هــەر بــەهۆی دایەلۆگەوە چـیرۆکەکە دەگێڕنـەوە.بـەڵام تـەوەری سـەرەکی لـەم چـیرۆکەدا هـەر چیرۆکگێڕەوەی هەموو شت زانەکەیە.

لـە چـیرۆکی (وانـەی هونـەر)دا هەمدیسـان بەچـیرۆکگێڕەوەی هـەموو شـتزان دەست پێدەکات و بە شێوەیەکی بابەتی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.پاشان دێتە سەر چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان کەمامۆستای پۆلەکەیە بەشێوەیەکی خـودی باسـی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەکات و بۆ قوتابیانی ڕوون دەکاتەوە کە هونـەر ڕۆڵێکـی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەگێڕێت و باوباپیرانی ئێمـە لـە ڕێگـەی هونـەرەوە ژیـانی خۆیان بۆئێمەگێڕاوەتەوەکەلەسەردیواری ئەشکەوتەکاندا وێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان هـەڵکۆڵیوەو بـەم شـێوەیە دەبیـنین گێڕانـەوە لەچـیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەتـدا زۆربـەیان بەشـێوە تەقلیدییەکـە بـووە، چـیرۆکگێڕەوەی هـەموو شـتزان دەسـتی بەگێڕانـەوە کـردووە. بـەزۆری کەسـی سـێ یـەمی بـەکارهێناوە. هەروەك چیرۆکەکانی دیکـەی وەك (بـاڵی مـرواری، تـەڵێ شـقارتە، تاڵـەدەزوو)کـە گفتوگۆیــان بەســەردا زاڵــە ولەمــەی دواییــدا چــیرۆکێکە تــەوەری ســەرەکی لــەو گفتوگۆیـە پێـك دێـت لـەنێوان شـیرین و تاڵـە دەزووەکەدروسـت بـووە، هـەروەها چیرۆکگێڕەوەی هەمان شتزان وکەم شتزانیش لەچیرۆکەکانی (لـەتیف هەڵمـەت)دا دەردەکەون.گێڕانەوەیەکی سەرکەوتووە و بۆ منداڵ دەست دەدات.

### ٣ - ململانێ

ململانێ ڕەگەزێکی گرنگی ناو چیرۆکە بەگشتی، چونکە بـەهۆی ئـەو ململانـێ یــەوە بــەردەوامی دەدرێتــە چــیرۆکەکەو بابەتــەکانی ململانــێش زۆرن. ئــەوەی چیرۆکنووس دەیکات لەنووسینی چیرۆك و بەردەوام بوونی لەسەر ئەم کارە خـۆی

له خۆیدا ململانێ یە. ململانێ یە لەگەڵ نەزانین، ململانێ یە لەگەڵ دوا کەوتوویی بۆ ئەوەی گەل و نیشتمانەکەی بگاتە ئاستی گەلانی پێشکەوتووی جیهان. جۆری ململانێش بە پێی جۆری کۆمەڵگاکە دەگۆڕێت و ئەو رووداوانەی لەناو کۆمەڵگایەکدا روودەدەن دەبنە هەوێنی ململانێ یەکە((کارەکتەری چیرۆك بەهۆی رووداوەوە دەگاتە ئاست و پلەی ڕووبەڕووبوونەوە... لەگەشەکردنی رووداودا ڕووبەڕووبوونەوەی توندتر دەبێت و ئالۆزتر دەبێت))[1] بەمەش کارەکتەری چیرۆکەکە دەکەوێتە ناو ململانێوە لەگەڵ دەوروبەری خۆی یان لەگەڵ سروشت یان لەگەڵ خۆیدا یان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە کە تیایدا دەژێت، بێگومان چیرۆکنووس ئەو ململانێیەی هەستی پێدەکات کە لەناو کۆمەڵگادا بوونی هەیە ئەو بە شێوەی چیرۆك دایدەڕێژێت، لەسەر دەمانێکدا کە نووسەرانی چیرۆك نەیان توانیوە بەئازادی رای خۆیان دەربڕن بۆیە بە شێوەی رەمز و لەسەر زمانی باڵندە و ئاژەڵانەوە مەبەستی خۆیان دەربڕیوە.

مرۆڤی کورد بە هۆی سروشتی ئاووخاکەکەیەوە جۆرەها ململانێی تووش هاتووە، هەندێك لە ململانێکان گشتین و دەتوانرێت گشتگیر(تعمیم)بکرێن وەك ململانێی مرۆڤ لە گەڵ سروشت و مرۆڤ لەگەڵ خودی دەروونی خۆی یان ململانێی مرۆڤ و کۆمەڵ ومرۆڤ ومرۆڤیش.

ئەوەی ململانێی ئێمەی کوردە، ململانێی مرۆڤی کوردە لەگەڵ دەستەڵاتی دوژمنی داگیرکەر کە زۆر بەزەقی دیارەو دەکەوێتە خانەی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا، هەروەك هەموو رژێمە زاڵەکان بەسەرکورددا بە هەموو هێزێکەوە لە ئێمەی کوردیان داوە و خاکیان لێ داگیرکردووین و وڵاتیان کاول کردووین، هەزاران تاکی کورد لە مندالٚ و گەورە و ئافرەت و بەساڵا چوو شەهید کراون. گەلی کوردیش هەرگیز چۆکی دانەداوە و بەرامبەر دوژمن وەستاوە و بەرگری لەخاك و نیشتمانی خۆی کردووە و بۆ ئامانجی خۆی هەردەم تێکۆشاوە.

---

١. ئیبراهیم قادر محمد، لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور، ١٩٧٠-١٩٩٠، ل١٤٠.

له چیرۆکی منداڵانیشدا ململانێ دەبینین هەر چەندە تا ئێستا ئەوانەی لەسەر ئەدەبی منداڵانیان نووسیوە ئاوڕێکی وایان لەم ڕەگەزە نەداوەتەوە، بەڵام لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەماندا هەستمان کرد کە لە چیرۆکی منداڵانیشدا بە قەبارەی خۆی ململانێ هەیە.بەڵام واچاکەململانێیەکە لەئاستی تێگەیشتنی منداڵەکەدابێت بۆنمونەنابێت باسی ململانێی دووچینی ئابووری بۆمنداڵ بکرێت بەڵام دەکرێ چەمکی ئەوململانێیە بەدووگیاندار وێنابکرێت وەك لەنێوان گورگ ومەڕ یان مشك وپشیلەدا.

– **ململانێ لەچیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا**

له چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا چەند جۆرێك لەململانێ دەبینین. کە یەکە یەکە باسیان دەکەین و چیرۆکەکانیش باس دەکەین.

**١– ململانێی نێوان (مرۆڤ – سروشت)**[*]

ململانێ لە نێوان مرۆڤ وسروشت دا مێژوویەکی کۆنی هەیە هەر لە سەردەمی ژیان لە ئەشکەوتەکان و ژیانی کشتوکاڵی یەوە کە مرۆڤ لانەیەکی وای نەبووە کە بۆخۆی تێدا ژیان بباتە سەر. لەترسی هەورەتریشقە و بروسك و لافاو و بارانی زۆرو بۆمەلەرزە و ئاگرو...هتد لەململانێدا بووە و کۆڵیشی نەداوە. زۆر جارانیش تووشی زیان بووە. چونکە لە سەرەتادا مرۆڤ بەرامبەر بەسروشت زۆر لاواز بووە و هیچی بۆنەکراوە.

سروشتی کوردستانیش هەردەم بەفر وباران و شەستەو ڕەهێڵەیە، مرۆڤی کورد هەر لە ململانێدا بووە، جوتیاری کورد زۆر جار بەهۆی نەبارینی باران و وشکەساڵییەوە زیانی پێ کەوتووە بەڵام وازی نەهێناوە وهەر لە ململانێدا بووە.

ململانێی(مرۆڤ–سروشت)هەر تەنها لەگەڵ دیاردە سروشتییەکاندا نییە، بەڵکو زۆر جۆری دیکەی ململانێی(مرۆڤ–سروشت)هەن بۆ نمونە هەندێکیان تەنها

---

* بۆ ئەم دابەشکردنەی ململانێ وزانیاری چۆنیەتی دابەشکردنی ململانێکان سوودم لە نامەی دکتۆراکەی ئیبراهیم قادر محمد، وەرگرتووە، (لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشور، ١٩٧٠-١٩٨٠.

ئامادەیان بۆ دەکەین، ئەگەر ژن و مێردێك منداڵیان نەبێت ئەوا تووشی کێشە و ململانێ دەبن، یان کەسێك کەم ئەندام بێت تووشی کێشە و ململانێی مرۆڤ- سروشت دەبێت، بەڵکو بازدەدا بۆ ململانێی (مرۆڤ-کۆمەڵ). چونکە هەندێ کەس بە چاوێکی سوك سەیری مرۆڤی کەم ئەندام دەکەن. پیربوون و بێ توانایی و هەژاری و نەبوونی ونەمێردبوونی پیاو و زۆر جۆرە کێشەی تر مرۆڤ تووشی ململانێ دەکات لەگەڵ سروشت وکۆمەڵدا.

لەچیرۆکی (ئەودارەی گەڵای خۆی فرۆشت)دا، ململانێیەکە لە نێوان مرۆڤ وسروشتدایە، لەم چیرۆکەدا کەسایەتییە سەرەکییەکە(دارتوێکە) لە گەڵ سروشتدا دەکەوێتە ململانێ، کاتێك گەڵاکانی لەشیان قورس کردووە، ئەویش داوا لە (با) دەکات کەدایتەکێنێ وگەڵاکانی لێ بکاتەوە، هەرچەندەباڵندەوچۆلەکەکان پێی دەڵێن: دارەکە بەوگەڵایانەوەجوانیت، بەڵام بێ سوود دەبێت. دوایش کەبایەکە گەڵاکانی دارتووەکە دادەتەکێنێ دارەکە رووت دەبێت و پەشیمان دەبێتەوە بەڵام پەشیمانی هیچ کەڵکی نابێت.

هەروەها لە چیرۆکی (هێلانەیەکی تر)دا، ململانێ لە نێوان کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە لەگەڵ سروشتدایە کاتێك چۆلەکەکە هێلانەی بۆ خۆی دروست کردبوو بەڵام هەور و رەشەبا شەڕیان پێ دە فرۆشت و گوتیان بۆ لێرە بارناکەیت، بچیتە ئەو دیوی ئەم چیایە و لەوێ رەزو باخی زۆری لێ یە، بەڵام چۆلەکەکە رازی نەبوو، نیشتمانەکەی خۆی وزێدی خۆی پێ لەهەموو شوێنێك خۆشتربوو. ((من هێلانەکەم لێرەدایە و هێلانەی باوباپیرانیشم هەر لێرەدا بووە ئێستا چۆن جێ ی دێڵم)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٩٩).

رەشەبا کە سەرچاوەی هێزێکی خەراپەکارە لەم چیرۆکەدا لانەی چۆلەکەکە تێك دەدات، بەڵام چۆلەکەکە کۆڵ نادات و بەهاوکاری پاسارییەکانی دراوسێی هێلانەیەکی تر دروست دەکاتەوە، ئەمەش دەقاودەق وێنەی گەلی کوردو رژێمی بەعس دەکێشێت کە چەندین گوند و ئاوایی لێ وێران کردین و هەزاران گەنج و لاوی شەهیدکردین بەڵام گەلی کورد هەر کۆڵی نەداو لە ململانێکەیدا بەردەوام بوو هەتا سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

٢- ململانێی (مرۆڤ - مرۆڤ):

ململانێـی مـرۆڤ لەگـەڵ مرۆڤـدا بـە پێـی سروشـتی کۆمەڵەکـە دەگۆڕێـت کەچیرۆکەکەی تێدا لە دایك بووە، سەبارەت بەگەلی کورد ململانێ لە نێـوان (ئاغـا و جووتیار)کرێکار و خاوەن کار، ئەندامانی خێزان (براوبرا، دایك وکچ، ژن و مێـرد) ئەمانەش هۆی خۆیان هەیە.

لەچـیرۆکی (جـوانترین دێ)دا، ململانـێ لـەنێوان مـرۆڤ و مرۆڤـە کـە لێـرەدا باڵندەکە داوا لە ئازاد دەکات ئەویش لەگەڵیدا بڕوات بەڵام ئازاد گوندەکـەی خـۆی لە هەموو شوێنێك پێ خۆشترە و ئاوی کانییەکەی لە هەموو دەریاکان پێ زۆرتـرە واتە کەسایەتییەکی پۆزەتیڤـە و خـاك و نیشـتمانی خـۆی خـۆش دەوێ و بـەجێی ناهێڵێت.ئەمەش ئەوەمان بە بیر دێنێتەوە کە هەندێك خەڵك نیشتمانی خۆیان جێ دەهێڵن و دەچنە هەندەران بە بیانووی ئەوەی کە ئەوروپا لێـرە خۆشـترە و ژیـان بەمانای وشە لـەوێ هەیـە نـەك وڵاتـی خۆمـان. ئەمانـە نیشـتمانی خۆیـان لـە بـیر دەکەن، ئەو رایەش ئەو کەسانە ناگرێتەوە کەبە مەبەستی نەخۆشی یـان خوێنـدن دەچـنە ئـەوروپا. جـا ئـەو دوو جـۆرە مرۆڤـە کـە نیشـتمان پـەروەر و نانیشـتمان پەروەر هەمیشە ململانـێ لـە نێوانیانـدا هەیـە و هەتاهەتایـەش بـەردەوام دەبێـت، چیرۆکنووس بە شێوەی چیرۆکی منداڵان ئەوململانێیەمان بۆ باس دەکات.

لە چیرۆکی (دەنگخۆشترین مەل)دا، ململانێکە لەنێوان کەسایەتیی سـەرەکیی چـیرۆکەکەیە لەگـەڵ کەسـایەتییەکانی دیکـەدا. کـە لـە چـیرۆکی منداڵانـدا کەسـایەتییەکان زۆربـەی جـاران باڵنـدەو ئـاژەڵن. لێـرەدا ململانێکـە لـەنێوان (چۆلەکەیەك وریشۆڵە)یەکدایـە، لـە ئـەنجامی دیـار نـەمانی بلبلەکـەی هاوڕێیانـدا، ئەمان لە جیاتی بەدوای دا بچن کە چی لێ بەسەر هاتووە.کەچی لەسەر ئـەوە کـە لـەدوای بلبلەکـە کـێ ببێتـە دەنگخۆشـترین مـەلی دارستانەکەدەبێتەشـەڕیان وهەموویـەڕوتووکی یـەکتری دەردێنن، ئەمـەش لەسـەر دەسـتەڵاتە. بـەڵام دوایـی بلبلەکە کە راوچی یەك گرتبووی لە ئەنجامی هەڵەی منداڵی راوچـی یەکـەوە ئـازاد دەبێـت و دێتـەوە دارسـتانەکە و دەسـت دەکاتـەوە بـە خوێنـدن، چـۆلەکەو ریشـۆڵەکەش بـە شـەرمەزاری ئـەوناوە جـێ دەهـێڵن و دەڕۆن. ئەمـەش هـەر بەشـێوەیەکی رەمـزی نووسـراوەکەئەم چـیرۆکە مانـای ئەوەیـە کەئێمـەی کـورد

دەبێـت زیـاتر مشـوری خۆمـان بخـۆین و زیـاتر یـەکگرتووبین، یـان کاتێـك لـە خانەوادەیەك باوك و سەرداری ماڵ دەمرێت، دەبێت کوڕەکـان زیـاتر یـەکگرتووبن نەك لەسەر میرات و براگەورایەتی شەڕو ئاژاوە بنێنەوە.

هەرەها چیرۆکی (ناشەڕی جیهـانی سـێ یـەممان نـاوێ) ئـەویش ململانێکـەی لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدایە، مرۆڤی نیشتمان پـەروەرو مرۆڤـی نـا نیشـتمان پـەروەر. هەروەها چیرۆکی (خۆر و دەریـا و بـا) ململانێکـە لـەنێوان هەرسـێ کەسـایەتیەکە دایە کەهەریەکە و خۆی هەڵدەکشێت و دەڵێت سوودی من زیـاترە لـەتۆ، خۆرەکـە دەڵێت ئەگەر من نەبم زیندەوەران هەموو دەمرن و لـە ناودەچـن دەریـاش دەڵێـت ئەگەر من نەبمە هەڵم وباران نەبارێت خەڵك چی دەکەن.بـەڵام (بـا) دەڵێـت ئەگـەر من نەبم تۆ ناتوانی لە شوێنی خۆت ببزوی. بەم شێوەیە دوایی پەشیمان دەبنەوە و ژیـان وەك خـۆی لـێ دێتـەوە. ئەمـەش ئـەوەمان بـۆ روون دەکاتـەوە کەسەردارانی ولآت یان حزبەکان نابێـت کەس خـۆی لـەویتر پـێ باشـتر بێـت و بەڵکو باشبوون بە خزمەتکردنی خەڵکی نیشتمانە.

**٣- ململانێ لەنێوان(مرۆڤ - کۆمەڵ):**

ئەم جۆرە ململانێیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لەگـەڵ کۆمەڵەکەدایـە، کەهـەر کۆمەڵە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ململانێ لەنێوان نـەوەی کـۆن و نـوێ، ئـەوەی باوك پێی رازییە و کوڕ پێی رازی نابێت داوای شـتی گـەورە دەکـات، لـە ئەنجامـدا کێشەو ململانێ دروست دەبێت.

لـە چـیرۆکی منداڵانـدا نموونـەی ئـەم جـۆرە ململانێیـە هەیـە. لـە چـیرۆکی (چۆلەکە)دا ململانێ لەنێوان کەسایەتییە سەرەکییەکەو کۆمەڵدایە. چـۆلەکەکە لـە دارستانێکدا هێلانە دەکات، دوو بەچکەی هەن، پشیلەی کێوی پێ یان دەزانێـت و دەیان خوات، ئەو ململانێیە مێژوویەکی کۆنی هەیـە، چـۆلەکەکە دارسـتانەکە جـێ دەهێڵێـت و دەچـێتە گونـدێك و لـە گوێسـەبانەی ماڵێکـدا هێلانەیـەك دروسـت دەکات.ئەمجارەیان خاوەن ماڵەکە چۆلەکەکە دەگرێت و لەقەفەز تونـدی دەکـات. بـەمجۆرە هێـزی دڕنـدەو خەراپـەکاران لـە هـەموو شـوێنێك هـەن، ئەوململانێیـە و

راوەدوونانــەی خــەڵکی بــێ تــاوان  بەردەوامــە.ئەمــەش ململانێــی نێــوان مــرۆڤ و کۆمەڵگای خۆیەتی.

لە چیرۆکی (بەهێزترین شت)دا ململانێ لەنێوان مـرۆڤ و کۆمـەڵ و دەوروبـەری خۆیدایە. کاتێك (چیا، قوڵنگ، ئاگر، خەم) هەریەکەیان دەڵێن من بە توانام، بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤەکە دەیباتەوە چونکە شتەکانی تر بۆ خزمەتی مرۆڤ دروستکراون مرۆڤ گەورەیە و خـوای گـەورەش رێـزی لێنـاوە، بۆیەلـەناو شـتەکانی دەوروبـەری خۆیدا هەر بە بەرێزی دەمێنێتەوە.

### ٤- ململانێ لەنێوان (مرۆڤـ - خودی خۆی):

لەوەتەی مرۆڤـ هەیە، لە ململانێدایە لەگەڵ خودی خۆیدا، مرۆڤ لە ململانێدایە لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆی، کاتێك دڵ فەرمانی پێـدەکات کەخەراپـە بکـات بـەڵام زۆرکـــەس بەربـــەرەکانی دەکـــات و خەراپـــە ناکـــات و هـــەروەك خـــوای گـــەورە دەفەرموێت ﴿إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ﴾[1]، هەندێك کەسیش بەدوای ئارەزووەکانی دەکەوێت وتووشی چەندان گرفت دەبێت.

یـان مـرۆڤ کاتێـك لـە مامەڵەیـەك زەرەر دەکـات، دوایـی سەرزەنشـتی خـۆی دەکات، یان لە رابردوودا کارێکی ئەنجام نەداوە ئێستا خۆی سەرزەنشت دەکات و ململانـێ لەگـەڵ خۆیـدا دەکـات، هـەروەها مـرۆڤ ململانـێ لەگـەڵ رەگـەزی خۆیـدا دەکات، چونکە رەگەزی خۆی پاراستووە ئەویش پێویستی پـێ بـووە ناچـار هـەر لەململانێدابووە.

لە چیرۆکی (ئیش کـردن)دا، ململانـێ لـە نێـوان مـرۆڤ وخۆیدایـە، کارەکتـەری چـیرۆکەکە(ورچـێکە) دەچـێتە نـاو باخێـك دەیـەوێت سـێوێك لـەدار سـێوەکە لـێ بکاتەوە و بیخوات بـەڵام خاوەنەکـەی پەیـدا دەبێـت و نایـەڵێت سـێوەکە بخـوات، ورچەکە دەڵێت برسیمە و حەزم لە سێوە چی بکـەم.خاوەنەکـەش دەڵێـت هـەموو رۆژێك ئەو باخە ئاوبدە و سێوێکیش بخۆ. ئێمـە ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ مێـژوو لـە وەتەی مرۆڤ هەیە هەر دەخـوات بـەڵام تێـر نابێـت دەخـەوێت وتێرخـەو نابێـت بـۆ

---

[1]. سورەتی یوسف، ئایەتی ٥٣.

ماوەیـەکی کـەم تێـر دەبێـت و دوای وەکـو خـۆی لـێ دێتـەوە، پێویسـتی پـێ دەبێتەوە. ئەمەش ململانێ یە لەگەڵ خودی خۆماندا.

جۆرە ململانێیەکی تر هەیە کە لە نێوان خەیاڵ و واقیعدایە، (لەچیرۆکی شـالا و بووکە شووشەکەی)دا ئەم جۆرە ململانێ یە هەیە کاتێك شـالا بووکەشووشـەیەك دەکڕێـت و لەسـەر رەفـەی کتێبخانەکـەی دایـدەنێت. شـەوان دوای نووسـتن بووکەشووشـەکە دادەبەزێتـە خـوارەوە و جلـەکانی شـالا ئوتـوو دەکـات و کتێبـە دڕاوەکانی بۆ چاك دەکاتەوە. شالاش بە دایك و خوشکەکانی دەڵێت کـە کـێ ئـەو کارانە دەکات هەتا سوپاسیان بکات، بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمەنین.شالاش ماوەیـەك بێدەنگ دەبێت وشەوێکیان شالا نەخۆش دەبێت شەو لەبەر ژان وئازاری جەستەی بە ئاگا دێت، دەبینێت بووکە شووشەکە ئەم کارانە ئەنجام دەدات.یەکەم جار وای زانی خەونە دوایی چاوەکانی هەڵگلۆفی بینی راستە و خەون نییـە، بـۆ بـەیانی ئـەو رووداوەی گێڕایەوە بەڵام کەس پێی باوەڕ نەکرد.شەوی داهاتوو بە نۆرە ئێشکیان گرت.بەڵام بووکەشووشەکە نە ئەو شەوەو نەهیچ شـەوی تـر ئـەو کـارەی دووبـارە نەکردەوە. شالاش خەمی ئەوەیـە کـە کـەس بـاوەڕی پـێ ناکـات، نووسـەری ئـەم چیرۆکەش لێمان دەپرسێ کە نازانێت نەباوەڕ بکـات نـەنا چـونکە ئـەویش سـەری سوڕماوە. ئەم ململانێیە تا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە لـە نێـوان (ئایدیاڵیـەکان) و (مادیەکان)دا کە زۆر جاران ئەمە تێکەڵاوی ئایینیش دەکرێـت. چـونکە ئـەوهێزەی کە باوەڕمان پێی  هەیە کەخودایە توانای هەیە بەردیش بەقسە بهێنێت. بۆیە ئـەم ململانێ یە هەر بەردەوامە و لە چیرۆکەکانی لـەتیف هەڵمەتیشـدا هـەر ئـەم جـۆرە ململانێیانە هەبوون و لەوەندە چیرۆکانەش هەبوون کەباسمان کردن.

**٤ - ( زمان و شێواز )**

زمـان مـەرجێکی دیکـەی سـەرکەوتنی چـیرۆکە، هـەموو رەگـەزەکانی دیکـە و بنەما هونەرییەکانی کەلەمەو پێش باسمان کـردن، ئەگـەر بـەزمانێکی سـادە و بـە شێوازێکی سەرکەوتوو دەنەبڕدرێت ئەوا چیرۆکەکە ئامانجی خۆی ناپێکێ و بابـەت وبیرۆکەکەش بە سەرکەوتوویی ناگەنە وەرگر(خوێنەر+گوێگر).

((زمان به هۆیەکی سەرەکی گەیاندنی چیرۆکنووس دەژمێردرێت. لە ڕێگای زمانەوە چیرۆکنووس دەتوانێت هەر بیرۆکەیەك بگەیەنێت یان زانیارییەك کە بییەوێت لە هزری منداڵدا بچێنێت وپێویستە کەزمانی دەقی ئەدەبی کە ئاراستەی منداڵان دەکرێت ئاسان و ڕوون و ئاشکرابێت. چیرۆکی منداڵان هەندێ زاراوەی تێدایە کە دەچێتە سەر ئەو فەرهەنگە زمانییەی کە منداڵەکە لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا بەدەستی هێناوە کە ئەمانیش لەوشە و واتاکانی پێك دێت))[1] واتە دەبێت چیرۆکنووس شارەزایی لە لایەنی دەروونی منداڵ هەبێت و قۆناغەکانی گەشەکردنی زمان و دەرککردن(الادراك)لە لایەن منداڵەوە بەباشی هەرس کردبێت بۆ ئەوەی ئەو وشانە بەکاربهێنێت، کە لە فەرهەنگی مێشکی منداڵەکەدا هەبێت. خۆ ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوا چیرۆکەکەی سەرکەوتوونابێت.

سەبارەت بە بەکارهێنانی جۆری ئەو زمانەی کە چیرۆکنووس بەکاری دەهێنێت کە زمانەکەی ستاندارد بێت یان زمانێکی ناوچەیی بەکار بهێنێت ئەمە تا ئێستا ڕای جیاوازی لەسەرە و هەردوو شێوەکەش لە چیرۆکی منداڵاندا. بەکارهاتوون، گرنگ ئەوەیە منداڵەکە لە واتاکەی تێ بگات چونکە((زمان لە پەرتووکی منداڵاندا زۆر گرنگە. تۆبەخوێنەرەکەتەوە نووساوی و لە بنا گوێیدا قسەی بۆ دەکەی، پێویستە بە تەواوی لە واتاو مەبەستەکانت دڵنیابیت، هەموو توانای خۆت بەکاردەهێنی بۆ گواستنەوەی ئەو قسانە))[2] واتا چیرۆکنووس هەموو تواناکانی بەزمان دەردەبڕێت بۆیە دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە زمان وبیرکردنەوە و جیهانی منداڵ هەبێت، بزانێت کە منداڵ حەزی بە چ وشەیەکە، لە چ وشەیەك دەسڵەمێتەوە و پێی خۆش نییە. لە ڕێگەی چیرۆکەوە منداڵ فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەند دەبێت، پێویستە چیرۆکنووس لەگەڵ هەر چیرۆکێکدا کەپێشکەشی منداڵانی دەکات، وشەی نوێش بێنێتە ناو چیرۆکەکەیی و بەکاریان بهێنێت.

---

١. رائدة عباس علي حسين، قصص الأطفال في الموصل، ١٩٦٩-٢٠٠٠، رسالة ماجستير، ص٥٨.

٢. جون أيكن، كيف تكتب للأطفال، ت :كاظم سعدالدين، وزارة الثقافة والأعلام،، طبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٨، ص١٤٨.

لـە رووی ڕێزمانیشـەوە دەبێـت چـیرۆکنووس شـارەزاییەکی باشـی هـەبێت و یاساکانی ڕێزمان بپارێزێت وچیرۆکەکەی خاڵی بێت لەهەڵەی ڕێزمـانی. هـەموو نـاو وجێناوو کارەکان لـە شـوێنی خۆیـان بـەکار بهێنێـت و وا باشـترە کەچـیرۆکنووس خۆی لە بەکارهێنانی جێناوەکان بپارێزێت، زیاتر ناو بەکار بهێنێـت و کارەکـانیش هەتا بکرێت کاری سادەبن لە رووی ڕۆنانـەوە، و زمانەکـەش سـادە و ئاسـان بێـت ((زمـان لـە چـیرۆکی منـداڵان هـۆ و ئامانجـە، هۆیـە بـۆ لـە یـەکتری گەیشـتن و ئامانجـەکاتێك زمـانێکی سـوك و ڕەوان بـەکار بهێنێـرێ و منـداڵ بتـوانێ لاسـایی بکاتەوە...))[1] چونکە لاسایی کردنەوە یەکێکە لە هۆیەکانی فێربوونی زمان. بۆیـە منداڵ ئەوەی گوێی لێ دەبێت حەز دەکـات لاسـایی بکاتـەوە، ئەگـەر وشـەکانیش گـران بـن و نـەتوانێت لاسـاییان بکاتـەوە ئـەوا کاریگـەری ئـەو چـیرۆکە تـەواو لـە منداڵەکە ڕەنگ ناداتەوە.

ماوە بڵێین ئەو ڕستەو دەستەواژانەی کە لە چیرۆکی منداڵاندا بەکار دەهێنرێن چۆن بن؟ کورت بن یان درێژبن؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسـیارە دەڵـێین زۆر لـە شـارەزایانی چـیرۆکی منـداڵان رایـان وایەکە وشەو ڕستەو دەربڕینەکان کورت بن چاکترە و منداڵ حەز لـە چـاوەڕوانی و شتی دوور و درێژ ناکات و هەناسەیەکی کـورتی هەیـە. هـەروەك محەمـەد ڕەحـیم ڕەمەزان دەڵێت:((ڕستەی کورت نزیکترە لـە منداڵـەوە بـۆ تێگەیشـتن تـا ڕسـتەی درێژ.. چونکە منداڵ بـەو ڕسـتە کورتانـە ئەیـەوێ زوو بـە ئامـانج و کارەسـاتەکان بگات، بە پـەرۆشن بۆی زووترئەنجام زانین و بێ سەبرن و حەز لـە چـاوەڕێ کـردن ناکەن))[2] ئەمەش لە ئاکـارو بیروبۆچـوونەکانی منداڵـەوە دەردەکـەوێت لـە لایـەنی سـایکۆلۆژییەوە دەبیـنین لـە سـەرخوانی نـان خواردنـدا منـداڵ بەپەلەیـە و سـەبروئارامی نییـە و دەیـەوێت بـەکاتێکی زۆرکـەم نـان و ئـاو و خـواردنی بـۆ

---

١. خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لەئـەدەبی کوردیـدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، نامـەی ماجسـتێر، ل٩٤.

٢. محەمەد رەحیم رەمەزان، منداڵ و چیرۆکی منداڵان، چ زانکـۆ سـەلاحەددین، هـەولێر، ١٩٨٤، ل٦٢.

ئامادەبێت و لەبەردەمی دابنرێت. کەئەمەش هەر بێ ئارامییە و لە وەرگرتنی وشەو رستەکانیشدا هەروایە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە منداڵان حەز بە رستەی دوور و درێژ ناکەن جا ئەو دوور و درێژییە هەر چ رەگەزێك بێت لە رەگەزەکانی چیرۆکدا هەروەك (د.علی الحدیدی)دەڵێت( منداڵان چێژ لە چیرۆکێك وەرناگرن کە پڕبێت لە وەسف و روون کردنەوەی زۆر. بەڵام دەتوانن ئاماژە بەو شتانە بکەن هەندێ جار کە لەدوای خستنە رووی رووداوەکان دێن، چونکە ئەو ئاماژەیە بواریان بۆ خۆش دەکات کە بیر بکەنەوەو خەیاڵ بەکار بهێنن بۆ زانینی واتاکانی پێش ئاماژەکە. خوێنەر یان گوێگر خۆشیی لەخەیاڵکردن دەبینێت. پێکهاتەی زمانی کە نووسەر بەکاری دەهێنێت بۆ نووسینی منداڵان))، دەبێت لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی منداڵان بگونجێن.[1]

بە بۆچوونی ئێمە دەشێت ئەو چیرۆکانەی کەبە وشەی کورت و بریقەدار دادەڕێژرێن بۆ منداڵانی قۆناغە سەرەتاییەکان بن وەك هەر دوو قۆناغی (٣–٥) ساڵی و (٦–٨)ساڵی: کە فەرهەنگی زانیارییان ئەوەندە فراوان نییە و حەز لە وشەی بریقەدار و کورت دەکەن، بەڵام ئەو منداڵانەی لە نێوان تەمەنی (٨–١٢)ساڵی و (١٢–١٥)ساڵیدان واباشترە رستەی هەندێك درێژ و وەسفکردنی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی بواری بیرکرنەوەی بۆ بڕەخسێت و هەموو شتەکانی بە سپی کراوی لەبەردەم دانەنرێت.

شێوازیش رێبازێکی خودییە واتە لە نووسەرێکەوە بۆنووسەرێکی تر جیاوازە ((دیاردەیەکە لە بنچینەیەکی تاکی و سروشتێکی دەروونییە))[2] وە هەڵقوڵاوە، نەك هەر لە بواری ئەدەب، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەر و مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەری خۆت هەمووی هەریەکەو شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە تاوای لێ دێت ئەوەی خوێنەرێکی باش بێت لە رێگەی نووسینەوە نووسەرەکان دەناسێتەوە. یان ئەوەی گوێگرێکی باش بێت (گۆرانی) لە رێگەی

---

١. د. علي الحديدي، في ادب الأطفال، مكتبة الأنجلو المصرية، الطبعة الثانية، ١٩٧٦، ص١٢٩.

٢. د. صلاح فضل، علم الأسلوب، مبادئه و إجراءاته، دار الافاق الحديثة، بيروت، ١٩٨٥، ص١١.

موسیقاوە دەزانێت کە ئەمە چ گۆرانی بێژێکە. یان لە رێگەی دەنگی بێژەرەوە دەزانێت کە ئەمە چ ئێزگەیەکی هەواڵە.

((وشەو دەستەواژە و دێڕەکانی چیرۆك، شێوەی هونەریی یان ئەدەبیی چیرۆك نین، بەڵکو هەموو چیرۆکەکەیە بە هەموو رەگەزەکانییەوە بەڵام شێوە داڕشتنەوەیەکی تەکنیکی وئەدەبییە بۆ وشەکانی چیرۆکەکە، کەبە هۆیانەوە رێبازو ناوەرۆکەکەی دەردەبڕێت))[1] .

لێرەدا قەبارەی شێواز گەورەترە لەوەی کە ئێمە لێی تێگەیشتووین واتە تەنها تەکنیك و بنیاتەکانی نین، بەڵکو هەموو چیرۆکەکە بە ناوەرۆکیشەوە، دیارە وشەو رستەو چۆنیەتی بەکارهێنانی، کار لە ناوەرۆکەکەش دەکات بۆ نمونە ئەگەر مامۆستایەك بە قسەی خۆش ونەرم و نیانی لەگەڵ قوتابییەکان بدوێت ئەوا کاریان تێدەکات وجوان پەروەردە دەبن بە تایبەتی منداڵانی قۆناغی سەرەتایی. بەڵام ئەگەر مامۆستایەکی تر بە شێوازی ناشیرین و توندوتیژ مامەڵەیان لە گەڵدا بکات، ئەوا کاریگەری نیگەتیڤی لەسەریان دەبێ و لە پەروەردەی راستی لادەدەن.

- (زمان و شێواز لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت)دا

لەتیف هەڵمەت هەوڵیداوە لە رێگەی زمانەوە لە جیهانی منداڵان نزیك ببێتەوە و وەستایەتی و خۆماندوکردنی زۆری پێوە دیارە پاش خوێندنەوەو تاوتوێ کردنی چیرۆکەکان بۆمان دەرکەوت کە لە زۆربەی چیرۆکەکاندا زمانێکی سادە و بێ گرێی بەکارهێناوە. هەندێکیشیان دوورن لە جیهانی منداڵەوە.

لە چیرۆکی (جوانترین دێ)دا، بەوەسفکردنێك دەست پێدەکات کە دەربڕینەکەی لەجیهانی منداڵەوە دوورە و منداڵ لێی تێناگات:((گوندێکی بچکۆلە لە ترۆپکی چیایەکی سەرکەشدا شینایی ئاسمانی ماچ دەکرد و هەموو ئەستێرە جریوەدارەکانی لەبن کانییە ڕوون و ڕەوانەکاندا کۆ کردبوۆوە.)د.م، ب:١، چ:٢، ل١٣.

---

١. حسني نصار، صور و دراسات في أدب القصة، مكتبة الأنجلو المصرية، قاهرة، ١٩٧٧، ص٥٨.

ئەمە دەربڕێنێکی گرانە بۆمنداڵ بگرە هەمووبەتەمەنێکیش لێی تێناگات، چونکەوێنەی شیعری بەکارهێناوە.

هەر لە هەمان چیرۆکدا دەڵێت:((نەیاندەهێشت هیچ کەسێ گوڵی باخچۆکەکانی بڕنێ)) د.م، ب:١، چ:٢، ل١٤. رنین بۆ داری بەرداره نەك بۆ گوڵ باشتر بوو بیگوتایە(لێ بکاتەوە). هەر لەم چیرۆکەدا هاتووە (ڕەشەباش کە وەك ئەو چەقۆیەی مانگا نەخۆشەکەتان پێ سەر بڕی تیژە تا داریش کەوڵ دەکا. دەوروژێ و پەلامارتان دەدا...)) د.م، ب:١، چ:٢، ل١٤. ئەم شێوازە دەربڕینە منداڵ تێی ناگات.شێوازی چیرۆکەکەش تارادەیەك جوانە، بەهێزە، بەڵام جۆرەلێڵی و ناڕوونییەکی تێدا بەدی دەکرێت چونکە(جوانی شێوازیش بە واتای رێك و پێکی وشەکان و ئەو ئاواز و مۆسیقایەی کەزیاتر شێوازەکە دەڕازێنێتەوە.))[١]

دیارە شێواز تەنها لایەنی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو تێکهەڵکێشی رەگەزەکان و رێکخستنیانە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا و جوان و کاریگەر ئەمانە شێوازن هەر نووسەرە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

لە چیرۆکی (هاوڕێتی کانی و دارتوو)دا زمانێکی سادە و رەوانی بەکارهێناوە، گێڕانەوەیەکی تەقلیدی پەیڕەو کردووە، ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات((کانی یە ئاو لە بناری شاخێك بوو..کانی یەکەتازە تەقیبووەوە..دڵۆپەیە ئاو چاوی بەدارێك کەوت، لەدۆڵەکەی بەر کانیەکەدا ڕاوەستابوو.. دارەکە تێنوێتی زەردی کردبوو..))د.م، ب:١، چ:٢، ل٣٤.

ئێمە دەزانین کە کاتی تەقینی کانیاوەکان لەسەرەتای بەهاردایە و لەو کاتەشدا، دارودرەخت تێنوونابن چونکە کاتی نەهاتووە.بەمەش منداڵ زانیارییەکی هەڵە وەردەگرێت و ڕاستکردنەوەی کارێکی ئاسان نییە.

لە چیرۆکی (دەنگخۆشترین مەل)دا، نووسەر سەرکەوتووانەبە زمانێکی سادە وئاسان چیرۆکەکەی دەربڕیوە و لە جیهانی منداڵەوە نزیکە، چونکە هەر بە هۆی

---

١. خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، ل١٠٥.

زمانەوەیە کەئامانجی خۆی پێکاوە و ئەم چیرۆکە بێ خەوش و کەموکوڕییە.

لـە چـیرۆکی (ئـەودارەی گـەڵای خـۆی فرۆشـت)دا چـیرۆکەکە بـە شـێوازێکی سـەرکەوتوو داڕێـژراوە و وزمانەکەشـی نزیکـە لـە جیهـانی منداڵـەوە.کەسـایەتی و رووداوەکـانی لەئاسـتی تێگەیشـتنی منـداڵ دان. تـەنها دوو وشـە هەیـە لـەناو چیرۆکەکەدا کـە منـداڵ بـە تـەواوی لێیـان حـاڵی نابێـت ئـەوانیش هـەردوو وشـەی (دێـرین، هەنسـك)ە، کەدەبوایـە وشـەکانی (کـۆن، گریـان)ی بەکارهێنابوایـە. بـە شێوەیەکی گشتی چیرۆکێکی سەرکەوتووە و وشەو رستە و دەربڕینـەکانی کـورتن و منداڵ بە ئاسانی لێیان حاڵی دەبێت.

لە چیرۆکی(خۆر و بەچکەچۆلەکە)دا بـە شـێوازێکی سـەرکەوتوو چیرۆکەکەی پێشکەش کردووە لە جیهـانی منداڵـەوە دوور نییـە، بـەڵام دیسـان لـە کـەموکوڕی بێبەش نییە، بۆیە دەبینین کە منداڵ لەم دەربڕینە تێناگـات((بەچـکە چـۆلەکەیەك روانی وا هەتاو خەریکە لە گۆمی تاریکاییدا وەکو کڵۆیەك بەفر ورد ورد دەتوێتەوە بەچـکە چـۆلەکە بەسـتە زمانەکـە خـەم دایگـرت و هـوون هـوون گـەڵای داری دارستانەکەی فرمێسك باران کرد)(د.م، ب:١، چ:٢، ل٢٠١)

ئەم رستەدرێژانە و ئـەم وەسـفە منـداڵ لێـی تێناگـات دەکرا وشـەی ئاسـانتر ونزیکترلـەدنیای منـداڵ بـەکار بهێنێـت و ئـەم وەسـفە هـەموو گەورەیـەکیش لێـی تێناگات.

لــە چـیرۆکی (کۆترو‌پشـیلە)داکەبـەم شـێوەیەیە:داراوێنـەی جـووتێ کـۆتری لەدەفتەرەکەیداکێشــا، لەولاشــەوە وێنــەی دووپشــیلەی کێشــالەناوقەفەزێکی ئاسنیندا، داهاتی خوشکی گوتی: چۆن دەبێت پشیلەلەناوقەفەزدابێت داراگـوتی: بۆئــەوەی نــەتوانێت کۆترەکــانم بخــوات داهــات گــوتی: جاکۆترەکــان لەناوقەفەزدابکەوپشیلەکان بەرەڵابکە.داراش دەڵێت:کۆتربالّندەیـەکی جـوان وبـێ گوناهــە دەبێــت کۆتربــەرەڵابێت.بــەڵام پشــیلەی بەدکاروســپڵەدەبێت لەناوقەفــەزدابێت.(د.م.ب١، چ٢، ل٢١٦–٢١٧). زمــانێکی ســادە وبــێ گــرێ بــەکارهاتووە، تــەنها وشــەی قەفــەزی بــەکارهێناوە لــە نووســیندا دەبوایە(قەفەس)بنووسێت، راستە لە گوتندا (قەفەز) دەخوێنرێتەوە واتـە دەنگـی (س بۆ ز)دەگۆڕێت، وەك ناوی بەشدار کەلە گوتندا دەبێتە بـەژدار واتـە دەنگـی

(ش بـۆ ژ) دەگۆڕێـت. شـێوازی پێشکەشکردنەکەشـی( وێنەیـە)کـە یەکێکـە لـە شێوازەکانی پێشکەشکردنی چیرۆك.

لە چیرۆکی (خاك وزێڕ)دا وەکوحەکایەت چیرۆکگێڕەوە دەست بە گێڕانـەوەی دەکـات. (پیاوێـك هــەبوو دوو کـوڕی هــەبوو، کوڕێکیــان زۆر ئــازا وبــەکار بــوو کوڕێکیشیان زۆر تەمەڵ و تەوەزەل بوو..)د.م، ب:١، چ:٢، ل٢١٧

بـەم شـێوەیە بـەردەوام دەبێـت و زمـانێکی سـادە بـەکاردەهێنێت.تـەنها لـە رستەی ((مانگاکەش باش بلەوەڕێنن هەموو ئێوارەیەك جامۆڵکەیـەك زێـڕ لـە بـاتی شیر لەگوانی دەگرن)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٢١٨)

هەموو خەڵك دەزانن زێڕ ماددەیەکی رەقە و وەکو شیر نییە شل بێت چۆن لـە گوان دێتە خوارەوە دەبێت لێکچواندنەکەشمان لـۆجیکی بێـت و لـە راسـتی یـەوە نزیك بێت بۆ ئەوەی منداڵ زانیاری هەڵە وەرنەگرێت ودوایی راستکردنەوەکەی بـۆ ئێمەمان کارێکی قورس دەبێت.

لە چیرۆکی (هاوڕێتی)دا بـە شـێوازێکی راسـتەوخۆ دێتـە نـاو چـیرۆکەکە و بـە زمانێکی سادە دەست بە گێڕانەوەکە دەکات.چەند وشەیەکی بەکارهێناوە کـە بـۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی منداڵان شتێکی باشە و منـداڵ سـوودی لـێ دەبینێـت کەسەبارەت بەم نوێن وەکو(ئۆتۆمبێل، پایسکل) کە هەر بەم مەبەستەش بـەکاری هێناون. دیسانەوە نووسەر لەم چیرۆکەدا هاتووە بە شـێوازێکی جیـاواز لـە خـەڵك فێڵبازیی رێوی نیشانی منداڵ داوە وەك دەڵێت((...بەڵام بەچکە کەروێشکەکە ڕای کردو لەدوورەوە گوتی تۆ بەچکە ڕێویت.ڕێوی فێڵباز یاری نازانیێ..پارئەم وەختـە دایکـی تـۆ دایکـی مـنی خـواردو بـاوکم بـە هـەتیوی مـن وخوشـك و براکـانمی بەخێوکرد..))د.م، ب:٢، چ:١، ل٢٤

لەچیرۆکە فلکلۆریەکاندا منداڵانیش دەزانن رێوی فێڵبـازە، بـەڵام گـوتراوە کـە خۆی لەخۆ دەبات و بەئەنقەست خۆی دەمرێنێ، بەڵام (لـەتیف هەڵمـەت) هـاتووە بە رێگایەك و شێوازێکی تر فێڵبازی رێوی روون کردۆتەوە.

هەروەهاله چیرۆکی (شالاو گوڵی ناو ئینجانەکە)دا هەندێك وشەی بەکارهێناوە کە جۆرە مۆسیقایەکی دروستکردووە وەك لە سێ شوێن دەڵێت(دووسێ رۆژ، سـێ رۆژ، دوسێ جار) ئەمەش ئیقاعی چیرۆکەکەی جوان کردووە.

هەموو چیرۆکەکانی تر کە ناویان نەهاتوون زمان و شێوازەکەیان بەم شێوەیە وەکو ئەوانەی کە باسمان کردن لەتاوتوێ کردنی هەموو چیرۆکەکانیش بۆمان دەرکەوت کەچیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت) لەزۆربەیاندا رستەی درێژ و وەسفیان تا رادەیەك تێدایە ئەمەش بۆ منداڵانی تەمەن(٨–١٢)ساڵی و (١٢–١٥) ساڵی زیاتر دەگونجێ. چونکە لەو تەمەنەدا منداڵ حەز لە شتی جوان و سەرنج ڕاکێش دەکات و لە وەسفیش تێدەگات.بەڵام دیسان دەبێت وەسفکردن و رستەکان لە ئاستی خۆیدا بن و بگرە نزمتریش بن چونکە ئەگەر لە ئاستی خۆی بەرز تر بۆی نووسرا ئەوا لێی حاڵی نابێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین منداڵ سوود لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت دەبینێت. زمانێکی سادە و ئاسانی بەکارهێناوە ئەگەر چی وەك گوتمان لە هەندێکیاندا وشە و رستەی درێژ و وەسفی بەکارهێناوە بەڵام ئەمە لە کارەکەی کەم ناکاتەوە.هەردوو شێوە زمانی (ستاندەر) و ناوچەییشی بەکارهێناوە، شێوازی پێشکەشکردنەکەش جۆراوجۆرە بە وێنە، گێڕانەوەی تەقلیدی، شێوازی دایەلۆگ، هەموو ئەمانەی بەکارهێناون.(لەتیف هەڵمەت)شارەزایی لە جیهانی منداڵدا هەیە و دەزانێت کە منداڵ چی پێویستە و چۆن و چ جۆرە چیرۆکێکیان بۆ دادەڕێژێت.

# بەشی سێ یەم

## جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان

ئەو چیرۆکانەی نووسەر پێشکەشی منداڵانی دەکات، تەنیا یەك جۆرنین و هەمەڕەنگن، جودا کرنەوە ودابەشکردنی چیرۆکەکان کارێکی ئاسان نییە چونکە بەزۆر شێوە دابەش دەکرێن ((سەختە کەپشت بە پێوەرێك ببەستین بۆ دابەشکردنی چیرۆکی منداڵان، دابەشکردن بە گوێرەی بابەت یان بە گوێرەی کەسایەتییەکان، یان بە گوێرەی پەیوەندییان بە واقیع یان بە خەیاڵەوە دەبێت، بەڵام ئەو شیکردنەوەیەی کە زیاتر بڵاوە ئەوەیە کە چیرۆکی منداڵان دابەش دەکات بۆ حەکایەتەکان و خورافە و چیرۆکی ئاژەڵان وچیرۆکی پاڵەوانییەتی و سەرچڵییەکان و چیرۆکی خەیاڵی زانستی وچیرۆکی خەیاڵی مێژووی و چیرۆکی گاڵتەوگەپ.)[1]

دیارە کە چیرۆکەکان لە دەوروبەری چ بابەتێك بخولێنەوە بەم ناوە ناودەنرێن، دابەشکرنی تریش هەیە وەك چیرۆکی کورت یان چیرۆکی درێژ، یان چیرۆکی رووداو، چیرۆکی کەسی، ....هتد، چیرۆك لەهونەرەکانی تری ئەدەب وەك شیعرو شانۆنامە و سیناریۆو،....هتد بەر بڵاوترە، چونکە زۆربەری ئەو هونەرە ئەدەبییانەش کە بۆ منداڵ نووسراون چیرۆکێکیان لە پشتەوەیە وەك لەتیف هەڵمەت لە هونراوەیەکدا دەڵێت:

**یارمەتی**

**بەچکە چۆلەکەیەك لەداری**
**قاچی خزاو کەوتە خواری**

**نەباڵی بوو نەپەڕی جوان**
**تاکو بفڕێ بۆ ئاسمان**

---

[1] . هادي نعمان الهيتي، ثقافة الأطفال، ص١٨٤.

دەوریـان لـێ دا هەنـدێ منـاڵ
کردیــان و بەهــەراو گاڵــەگاڵ

شـــالا گــوتی مــن دەیبــەم
بـۆ خـۆم یــاری پــێ دەکــەم
رۆژە گــوتی دەیبــەم بۆخــۆم
گەورەبووگۆشــتەکەی دەخــۆم

نــازدار گــوتی بــامن بیبــەم
وەکــو دایکــی بــەخێوی کــەم

ئــەوین گــوتی نانــا نەیبــەی
دەیخەینــەوە نــاو هێلانەکــەی

مناڵــەکان هەمــوو گوتیـــان
قســـەکەت جـوانە ئەوین گیـان. (د.م، ب:٢، چ:٢، ل١١٩–١٢٠)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەهونەرەکانی ئەدەبی منداڵان بەرگێکی چیرۆکانەیان لەبەردایە، بۆیە دەبینین کتێبی (ئەلف و بێ)ی پۆلی یەکەمی سەرەتایی و ئەوانی تریش بە شێوەی چیرۆك داڕێژراون.

نووسەرانی بواری منداڵان چیرۆکەکانیان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشکردووە وەك حەکایەتی فۆلکلۆری، چیرۆکی مێژوویی، چیرۆکی ئـاژەڵان، چـیرۆکی خـەیاڵی، چـیرۆکی گاڵتەوگەپ.

هەوڵدەدەین یەکە یەکە باسیان بکـەین و پێناسـەیان بکـەین و لێیـان بکۆڵینـەوە، دەبێت ئەوەش بزانین کـە سامانی هـەموو نەتەوەیـەك فۆلکلـۆرە.بۆیـە ((هـیچ گومانێـك لەودا نییە کەسەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەدەبی منداڵان پێویستە پشت بـە فۆلکلـۆری منداڵان ببەستێت کە تایبەتمەندییەکانی سایکۆلۆژی منداڵان ئاوێنە دەکاتەوە.))[١] لەبـەر ئەوە لە چیرۆکی داڕێژراولەفۆلکلۆرەوە دەست پێدەکەین.

١ .ناهیدە ئەحمەد، سەرەتایەك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد، چ: وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٢.

## تەوەری یەکەم :-

### ١- حەکایەتی فۆلکلۆری

... هیچ میللەتێك بێ فۆلکلۆر نییە، فۆلکلۆریش گەورەترین گەواهیدەری میللەتە، کە ئەو گەلە یان ئەو نەتەوەیە چەند کۆن و دێرینە یان خاوەنی مێژوویەکی ئەوەندە بەناوبانگە و پڕاوپڕی هەموو جۆرە هونەرەکانی ئەدەبییە((حەکایەتی فۆلکلۆری ئەو حەکایەتانەن کەلە دێرین زەمانەوە سەریان هەڵداوە و دەماودەم لە پێشینانەوە بۆ پاشینان گوازراونەتەوە.ئەم جۆرە حەکایەتانە لای هەموو میللەتان هەن لە ناخی ژیانی گەلانەوە هاتوون و هەڵگری بیروڕاو رەنگ و روخساری سەردەمەکەی خۆیانن..))[١]

هەروەك لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کردووە کە لەسەرەتادا ئەم جۆرە حەکایەتانە بۆ منداڵ نەنووسراون بەڵکو بۆ گەوران بوون، بەڵام منداڵ سوودی لێیان وەرگرتووە و چێژی لێیان بینیوە، بۆ ئێستاش بوونەتە بناغەیەك بۆ چیرۆکی منداڵان و((شانبەشانی فۆلکلۆری ناوشار هەنگاو دەنێ، ئەو فۆلکلۆرەی لە ئەنجامی چەمکی گوندایەتی لەناو سکی شاردا سەری هەڵداوە و پەیوەندییێکی بەتینی بە قۆناغی نوێ بوونەوەی ئەدەب و هونەری جگەرگۆشەکانەوە هەیە))[٢] .

لە ئەنجامی ئەو تێکەڵبوونەی بیروبۆچوون و ژیانی گوندوشار چەندین حەکایەتی دیکەی فۆلکلۆری لەدایك بوون، بە تایبەتی ئەو حیکایەتانەی کە منداڵ لە باوکی یان دایکی یان داپیرەی دەیان بیستێت و بە جۆرێکی تر بۆ هاوڕێکانیان دەگێڕێتەوە و ئەوانیش بۆ چەندین منداڵی تر دەگێڕنەوە و تا سەر ئەنجام خاوەنی یەکەمی ون دەبێت و چیرۆکەکەشی دەچێتە خانەی ئەدەبی فۆلکلۆری منداڵانەوە، خۆ نابێت ئێمە فۆلکلۆریش جیا بکەینەوە، بڵێین ئەمە فۆلکلۆری منداڵانەو ئەمە هی گەورانە، بەڵکو فۆلکلۆر بۆ هەموومان وەکو یەکە و هەریەکە لە منداڵ وتەمەن گەورە و ئافرەت وپیاو....هتد. بەشی خۆمان بەردەکەوێت.

---

١ .حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، ل١٠٩.

٢ . دەستنووسێکی مامۆستا رۆستەم باجەلانە کە بریتی یە لە نامە و وەڵامەکەی کە چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ ئەنجامدابوو، نامەکە لە ٢٠٠٨/٢/١٠بەدەستم گەیشت لە شاری هەولێر.

حەکایەتی فۆلکلۆری سوودی زۆرە بۆ منداڵان لە لایەك چێژی لێ وەردەگرن و لەلایەکی دیکەش پڕە لە پەند و ئامۆژگاری ((حەکایەتی میللی زۆر گرانە لەگواستنەوەی کەلتور و گەڕانەوە بۆ رابردووی گەش بەوانە و بیرەکانیەوە. خەڵك و نووسەران لە گواستنەوەی حەکایەتە میللییەکاندا پشتیان بە زمانی خەڵك و گوتنەکانیان بەستووە لە کۆڕ و مەجلیسەکاندا. لە میانەی حەکایەتەکانی (داپیران) و حەکایەتەکانی(هەبوو نەبوو لە زمانی زوو) یان (دەگێڕنەوە و دەڵێن)بەم کەرەسانە حەکایەتی میللی دەناسرێتەوە...))[1]

جۆری حەکایەتەکەو زمان و شێوەی گێڕانەوەکەی ئەمانە مەرجی سەرکەوتنی حەکایەتی فۆلکلۆرین، بە تایبەتی حەکایەتخوان کە بە لێزانینی خۆی حەکایەتەکە خۆشتر و بەتامتر دەکات بۆ منداڵان، ئەو تایبەتمەندییانەی کە حەکایەتی فۆلکلۆری پێ جیادەکرێنەوە یان دەناسرێنەوە لە حەکایەتەکانی تر زۆرن لەوانە ئەو دەستەواژانەی وەك:هەبوونەبوو کەس لە خوای گەورەتر نەبوو، دەگێڕنەوە دەڵێن ئەمانە لایەنێکی ئەم جیاکردنەوەیەن. ((گومان لەوەدا نییە کە رەگەزەکانی سەرەکیی لە فانتازیاو خورافە، دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەیەك لە تێڕوانینە سەرەتاییەکان حەکایەتی جادوولە رێگەی بڵاوبوونەوەی رەگەزی ژیان لەناو ئەفسانەدا بڵاوبۆتەوە، جگە لەوەش سەرچاوەی سەرەکیی حەکایەتە سەرەتاییەکان بوونە))[2] .

واتە ئەو حەکایەتانەی کەباس لە جادوو(سیحر) دەکەن لەئەفسانەوە وەرگیراون و پشتاوپشت گێڕراونەتەوە بۆ ئەمڕۆش بوونەتە هەوێن وبناغەیەك، چیرۆکنووسانی بواری منداڵانیش سوودیان لێ وەرگرتوون و بە وشە و دەستەواژەیەکی ترو لە فۆرم و بەرگێکی نوێدا سەر لە نوێ بۆ منداڵانیان داڕشتونەتەوە، بە شێوەیەك کەلەگەڵ هەست وئارەزووی منداڵدا بگونجێت و وا لە منداڵ بکات کەهەموو رەگەزەکانی ناو حەکایەتی فۆلکلۆری هەر لە کەسایەتی، شوێن، رووداوەکان...هتد خۆش بوێت و تا دەگاتە رادەیەك کە دایك و باوك

١ . فاضل عباس الكعبي، المداخل التربوية و مرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الأطفال، ص١٩٧.

٢ . إي م. ميليتكي و اخرون، موسوعة نظرية الأدب، ، ترجمة:د.جميل نصيف التكريتي، دارالشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص١١٠.

هەست بەوە بکەن کە هەموو شەوێك بەر لە نووستن حەکایەت بۆ منداڵەکانییان بکەن بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی خەویان لێ بکەوێت و بچنە خەووخەیاڵەوە

((ئـــەدەبی میللـــی وەکوهەمووقوتابخانەئەدەبییـــەکانی ترقوتابخانەیـــەکی ئەدەبی سەربەخۆیەوئاسۆیەکی بەرین وفراوانی هەیەوگەلێ لایەنی هەمەچەشنەی ژیـان دەگرێتـەوە، دەتـوانین بڵـێین تۆمارگاییێکەکارەسـات ورووداوی کۆمەڵایـەتی ومێـــــژوویی وسیاســـــی تۆماردەکـــــات وبەشـــــێوازێکی وادەری دەبـــــڕێ، کەراستەوخۆکاردەکاتەســەردڵ ودەروونــی مرۆڤــەوە)[1] ئەمــەش رۆڵــی تــەواوی فۆلکلۆرمان بۆروون دەکاتەوەکەبەهۆی تایبەتمەندییەکانییەوە جیادەکرێتەوە وەك زمــان و نــاوەرۆکی بــەرزی، کــەدەربڕی فەلســەفەی ژیــانی کۆمــەڵانی خەڵکــە بەهەمووچین وتوێژەکانیەوە.

**-((چیرۆکەداڕێژراوەکانی لەتیف هەڵمەت لە فۆلکلۆرەوە))**

لــەتیف هەڵمــەت لــەو چــیرۆکانەی بــۆ منــداڵانی نووســیون، بەشــێکیان داڕشــتنەوەی فۆلکلــۆرین، بــە پێــی زانیــاری لــەبارەی ئــەم چــیرۆکانەوەو، ئــەو تایبەتمەندییانەی کە باسمان کردن جیامان کردونەتەوە.

لــە چــیرۆکی (بــاڵی مــرواری)دا بۆمــان دەردەکــەوێت کــە لــە فۆلکلــۆرەوە داڕێژراوەتــەوە چــونکە هــەر لەســەرەتای چــیرۆکەکەدا بەمــە دەســت پێــدەکات ((دەگێڕنەوە و دەڵێن، چەند هــەزار ساڵێك بــەر لەئێستا پادشـایەك بولبـولێکی هەبو...بولبولەکە هەموو رۆژێ دەیخوێند..پاشا پێـی گـوت:تۆکـەدەخوێنی باسـی چی دەکەی.بولبولەکەش گوتی:باسی جوانی دایکم وخۆشی باخ وبەرزایی ئاسمـان وهاژەی رووباردەکەم.پاشالێی پرسی ئەمانەلەجیاتی ئەوباسکردنە چیت دەدەنـێ بولبولەکــەوتی: هــیچ.پاشــاگوتی:ئەگەرلــەکاتی خوێندنداباســی مــن وگــەورەیی کۆشکەکەم بکەیت هەردووباڵەکانت لەزێڕولـەعل ومـەرجان دەگـرم.بولبولەکـەرازی

[1] – د.کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی نوێخوازی کوردی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٤.

بـوو بـەڵام دوایـی پەشـیمان بـووەوە، چـونکە راسـتی ونـاخی خـۆی بـەزێڕومالّی دنیافرۆشت.)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٦٥)

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی حەکایـەتی فۆلکلـۆری کەسـایەتەکانن وەك هەبوونی کەسایەتی(پادشا، کوڕەکەچەڵە، پاڵەوانی مرۆڤـ...هتد)ئەم چـیرۆکەش چ لە لایەن دەربڕینی وشەکان بەو دەسـتەواژانەی کـە باسمـان کـردن و حەکایـەتی فۆلکلۆری یـان پـێ دەناسـرێتەوەو هـەبوونی کەسـایەتییەکانەوە دەچـێتە خانـەی حەکایەتی فۆلکلۆرییەوە.

هــەروەها چــیرۆکی (خــاك وزێــڕ) دەچــێتە خانــەی چــیرۆکی داڕێــژراوەی فۆلکلۆرییەوە، چیرۆکنووس بەم شێوەیە دەست بە چیرۆکەکەی دەکـات ((پیاوێـك هەبوو دوو کوڕی هەبوو...کوڕێکیان زۆر ئازاو بەکار بوو کوڕێکیشیان زۆر تەمەڵ و تــەوەزەل بــوو. لەســەرە مــەرگا پــێ ی گــوتن: مــن دەمــرم پارچــەیەك زەوی و مانگایـــەکتان بـــۆ جێـــدێڵم پیاوەکـــەمردوکوڕە زیرەکەکـــە زەوییەکـــەی داچـاندومنداڵەکانی بەسـەربەرزی دەژیانـد، کوڕەتەمبەڵەکـەش مانگاکـەی بـردو زێڕەکەشی بۆخۆی دەبردهیچ کارێکیشـی نـەدەکرد.رۆژێکیـان مارێـك بەمانگاکـەی وەداومانگاکەمردار بۆوەلەئەنجامدا کوڕە تەمبەڵەکە بـێ بـژێوی مایـەوە..)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢١٧).

لە حەکایەتی فۆلکلۆریدا رەچاوی کات ناکرێت بەشێوەیەکی ئازاد باسی کات دەکرێت. خاسیەتی کەسایەتییەکانیش زۆربەی جار نائاسایین لە حاڵەتەکانیانـدا، ئەگەر ئازاو بەتوانابن ئەوا بە رادەیەکی زۆر ئـەو خاسـیەتەیان تێدایـە، ئەگـەر بـێ تواناو ترسنۆکیش بن بەهەمان شێوە زۆر ترسنۆك و بـێ توانـان، واتـە کەسـایەتی (نۆرماڵ) کەم بەدی دەکرێت لـە چـیرۆکە فۆلکلۆرییەکانـدا. لـە کـۆی چـیرۆکەکانی لـەتیف هەڵمەتـدا تـەنها ئـەو دوو چـیرۆکەمان بـینی کـە بچـنە خانـەی چـیرۆکی داڕێژراولە فۆلکلۆرەوە بۆیە دەتوانین بڵێین کە کاری داڕشتنەوەی چیرۆکی منداڵان لەفۆلکلۆرەوە لەلایەن لەتیف هەلمەتەوە بەئاشکرا دیارەو کاری لەسەر ئەم بابەتە کردووە، وەك ئاماژەمـان پێـدا لـەم چـەند چـیرۆکانەی سـەرەوە کـەناومان هێنـان سوودی لەفۆلکلۆر وەرگرتووە، چونکە لەوانەیە لێرەو لەوێ حەکایـەتی فۆلکلـۆری بۆ منـداڵیش گـوترا بێـت وەك ( فـڕی فـڕی قـەل فـڕی ) ( بزنۆکەومەڕۆکـە ) زۆری دیکەش.

### ٢- چیرۆکی مێژوویی

مێژوو خۆی وەکو چیرۆکێکی درێژە، پڕەلەڕووداوی خۆش وکارەساتی ناخۆش. ئێمە کە چیرۆکی مێژوویی بۆ منداڵان دەنووسین یان دەگێڕینەوە بەمەبەستی ئەوەیە کە منداڵان شارەزایی لە مێژووی جیهان و نەتەوەکەیاندا پەیدابکەن. لە ڕێگەی چیرۆکی مێژووییەوە منداڵان بۆیان دەردەکەوێت کە مێژوو پڕبووە لەشەڕو جەنگی گەورە و تێکۆشان و ململانێ لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤدا زۆر بەرچاو بووە و باشتر لە رابردوو دەگەن.((چیرۆکی مێژوویی ئەو چیرۆکەیە کە جەخت لەسەر گەیاندنی رابردوو بە ئێستا دەکات لە میانەی گێڕانەوەی چیرۆکی مێژوویی لە رابردوودا. باسی وێنە و رووداوەکانی رابردوو دەکات و بە کەسایەتییەکانی ئێستای دەگەیەنێت لێرەدا منداڵ شانازی بەرابردوو دەکات.ئەمەش یارمەتی پەروەردەکردنی هەستی مێژوویی و نیشتمانی لای منداڵ دروست دەکات))[١] .

گرێدان و بەیەك گەیاندنی رابردوو بە ئێستا کارێکی هەروا ئاسان نییە و چیرۆکنووس پێوەی ماندوو دەبێت چونکە چەمکی مێژوو، و ئەو رەگەزانەی کە لەناو مێژوودا بوونیان هەیە وەك کات، شوێن، کەسایەتییەکان چەمکێکی رووتن بۆیە منداڵ بەئاسانی لێیان تێناگات، رووداو، شوێن تا رادەیەك لەوانی تر باشترن چونکە هەمان شوێن کەلە رابردوودا هەبووە ئێستاش هەر هەیە و چیرۆکنووس دەتوانێت بەوشەو رووداو وێنەیان بکێشێت هەروەها رووداویش بەهەمان شێوە هەرچەندە لە زەمەنێکی زۆر کۆنەوە روویانداوە بەڵام چیرۆکنووس ئامراز و وێنەی وا بەکاردەهێنێت کە لە لایەن منداڵەوە وەربگیرێن وەك وشەی (نەنکم بۆی گێڕامەوە) یان (باپیرم بۆی گێڕامەوە،...هتد) کەئەمەش وادەکات منداڵەکە گوێ لە چیرۆکەکە بگرێت و بکەوێتە ناو رووداوەکان و لەگەڵ کەساسەتییەکاندا بژیت و لە شوێنە بێ وێنەکانیشدا بۆخۆی دەچێتە ئەمسەرو ئەوسەری دنیا. لەبەرئەوەی مێژوو زۆر فراوانەو جۆراو جۆرە، چیرۆکی مێژوویش زۆر بابەت لە خۆ دەگرێت و باسی سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤ دەکات ((بابەتەکانی چیرۆکی مێژوویی

---

١ .د. عبدالفتاح ابو معال، أدب الأطفال وأساليب تربيتهم وتثقيفهم، ص١٥٥.

هەمەڕەنگن، هەیانە باسی مێژووی کۆنی جیهان و مێژووی فیرعەونییەکان دەکات و هەیانە باسی مێژووی ئیسلامی ومێژووی نوێ دەکات. زۆربەی جار ئەو چیرۆکانە لە هێڵە گەورە و گشتی یەکان ناچنە دەرەوە بەبێ ئەوەی شۆڕ ببنەوە بۆ وردەکارییەکان لەگەڵ ئەوەشدا داکۆکی لەسەر ئەدای پاڵەوانێتی و بەرز ڕاگرتنی بەهاکانی ڕەوشتی وەك لێبوردن وسۆز وەفاو...هتد دەکەنەوە))[1]

ڕێگەی پێشکەشکردنی کەسەکان لەم چیرۆکانەشدا یان بە شێوەی ڕاگەیاندنەوە چیرۆکگێڕەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و کەسەکەمان دەخاتە ڕوو، یان کەسەکە خۆی دێتە ئاخاوتن و خۆی بە منداڵ دەناسێنێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کە ئەمەش ڕێگایەکی سەرکەوتووە و منداڵ چێژوو سوودی لێ وەردەگرێت و شارەزایی لەبارەی ئەو کەسە و ئەو سەردەمەشی لەلا پەیدا دەبێ کە کەسەکەی تێدا ژیاوەو، ڕەوشتی بەرز و ئاکاری جوانیش بۆخۆی دەکاتە سەرمەشق و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پیادەی دەکات. ئەو کەسایەتییەش مەرج نییە هەر تەنها مرۆڤ بێت، دەشێت ئەو کەسایەتییە شارێکی کوردستان بێت، یان ئەشکەوتێکی دێرین بێت، یان گوندێکی دڵڕفێن بێت.

-((چیرۆکە مێژووییەکانی لەتیف هەڵمەت))

لەو چیرۆکانەدا کە لەتیف هەڵمەت بۆ منداڵانی نووسیون و لەهەردوو کتێبەکەیدا یەکی خستوون، لە دوای گەڕان بەناو هەردوو کتێبەکەدا، تەنها دوو چیرۆکمان بەرچاو کەوت کە بچنە قاڵبی چیرۆکی مێژووییەوە، کەباسی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مێژوو بکەن وناوی ڕووداوەکە یان ناوی شوێنەکەی تێدا هاتبێت.

چیرۆکی (نا.... شەڕی جیهانی سێ یەممان ناوێ)... چیرۆکێکی مێژووییە باسی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەکات کە جەنگێکی گەورە وماڵکاولکەرو ڕووداوێکی مێژوویی بەناوبانگە.

((نەنکم گێڕایەوە وتی لەکاتی شەڕی دووەمی گێتیدا منداڵ بووم گوندەکەمان بۆردومان کراو هەموومان دامان بەکەژو کێودا و هەریەکەمان لە

---

١ . د.فوزي عيسى، أدب الأطفال، الشعر، مسرح الطفل، القصة، ص٣٢٠.

پەنایەکدا  لە ناو ئەشکەوتێکدا خۆمان مـات دا و تەرتـە و وەرتـەبووین...)) (د.م، ب:١، چ:٢، ل٢٠)

چـیرۆکنووس لـە ناونیشـانەکەدا دەڵێـت جـەنگی سـێیەمی جیهـانی، کەچـی کەدەست بە چـیرۆك گێڕانەوەکـە دەکـات دەڵێـت شـەڕی دووەمـی گـێتی دەبوایـە وشەی (جەنگ– شەڕ، جیهانی– گێتی) یەکخستبایە واتە یەکێکیانی بەکار بهێنایە باشتر بوو. دیارە ئەمەش  بۆ مندالآن روون دەبێتەوە کە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا دوو جەنگ بەم شێوەیە لـە مێـژوودا روویانـداوە کـە دووجـەنگی وێرانکـەر بـوون و چەندان خەڵکیان تێدا چووە و هەزاران گوندو شـار و وڵات سـوتاون و لەناوچـوون، ئەگەر بەرێگای چیرۆك نەبێت منداڵ حـەز لـەوە ناکـات و گوێشـی لـێ  ناگرێـت بـە تایبەت باسێك کە پڕبێت لـە کوشـتن و بـڕین و دزی و تاوانکـاری.بـەڵام لـە هـەمان کاتیشــدا بــەم جــۆرە چــیرۆکانە لایــەنی خەراپــە و مێژوویــەکی رەشــیان بــۆ دەردەکەوێت و زۆرداریـی سـەرکردە بـێ  بەزەییەکانیشـیان بـۆ دەردەکـەوێت بـۆ نموونە ئەگەر چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا ناوی (هیتلەر)ی بهێنایـە و پێناسـەیەکی کورتیشی بکردایە چیرۆکەکە سەرکەوتوو تر دەبوو. بۆ مندالآنیش روون دەبووەوە کەهیتلەر سەرکردەیەکی  مێژوویی شەڕانگێز بـووە و ویسـتویەتی دەسـت بەسـەر هەموو دنیا دابگرێت لە کۆتایشدا نەما و  نەمانیش ئـەنجامی هـەموو  تاکێکـە لـەم جیهانەداهەرلـەرێگای چـیرۆکی مێژووییەوەمنـدالآن شـارەزایی لەسەرکەسـایەتی مێژووی نەتەوەی خۆیان دەبن.

چـیرۆکی دووەممـان کـە چـیرۆکێکی مێژووییـە، چـیرۆکێکە بـە ناونیشـانی (یادنامەی منداڵێکی فەلەستینی لە بەیرووت) ئەم چیرۆکە باسـی دیمـەنێك دەکـات لەدیمەکانی  تۆپبارانی فڕۆکـەکانی ئیسـرائیل لەسـەر خـاکی فەلەسـتین، کورتـەی چیرۆکەکەش بەم شێوەیە... منداڵێك کـەناوی (یاسـر)ە دایکـی لـە قـودس پـارەی دەداتێ کە شتی جوانی پـێ بکڕێت.(یاسر)یش لەبەر بـارودۆخی ناخۆشـی شـار لـە (فاتیمە)ی هاوڕێی دادەبڕێت، بۆیە لەبەر خۆیەوە داوای لێ بووردنی لـێ دەکـات و دەڵێت((ئای فاتیمە گیان... ئاخۆ ئێستا تۆ لـەکوێ ی... لـێم  ببـورە ئەگـەر ئـەم پارەیەم بـێ تـۆ خـەرج کـرد. ئـای هاوڕێکـەم... فاتمـە گیـان ببـورە کـە رۆژێ لـە قوتابخانــە ســەیری دەفتەرەکــەتم کــرد... لاپەرەیــەکی بــەدەم دەســتمەوە

هەڵتڵیشا... من لەو رووداوە زۆر پەشیمانم و هەمیشە داوای لێ بوردنت لێ دەکەم... بەڵام ئاخ فرۆکەی زایۆنی هەزاران تاوان دەکەن و داوای لێ بوردن لەکەس ناکەن و لەکرداری چەپەڵی خۆیان پەشیمان نابنەوە...)) (د:م، ب:١، ل٤٥–٤٦).

له ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە منداڵی کورد شارەزایی لەخەڵکێك و وڵاتێك پەیدا دەبێت کەوەکو گەلی کورد ژێر دەستەن و گیانی فیداکاری وخۆشەویستی خاك لە دڵی منداڵاندا بەهێز تر دەکات. هەر لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە منداڵ فرۆکە دەناسێت کە دەڵێت(من زۆر ڕقم لە فڕۆکەیە، فڕۆکە دێوێکی ئێسك قورسە و دەمی پڕە لە ئاگری مەرگ...) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٤٦)لێرەدالەتیف هەڵمەت دیاری نەکردووە کەفڕۆکەش چەندین جۆری هەیەو بۆمەبەستی جیاواز بەکاردێن، چونکە فڕۆکەش هەیەکە بۆکاروباری گواستنەوەی خەڵك وکەلوپەلی بازرگانی وسەفەرکردن لەوڵاتێکەوە بۆوڵاتێکی تربەکاردێن.تەنهافڕۆکەی جەنگی ماڵوێرانکەرە، نەك ئەوانی دیکە ئەگەرئەم لایەنەی بۆمنداڵان روون بکردایەتەوە سەرکەوتووتردەبوو.

بەم شێوەیە دەبینین هەر چیرۆکێکی مێژوویی سوودی بۆ منداڵ زۆرە و منداڵ دەگێڕێتەوە بۆ مێژوو، شارەزایی ژیان و کەسان و وڵاتان و جەنگ و رووداوە گەورە و و بچوکەکان دەکات.بەمەش فەرهەنگی منداڵەکە بە هێز تردەبێت و دەبێتە منداڵێکی زیرەك و بەهرەمەند لەدوا ڕۆژدا.

چیرۆکێکی تر کەدەچێتە ئەوقاڵبە وە(چیرۆکی وانەی هونەر)ە، کە چیرۆکنووس لە ڕێگای ئەم وانەیەوە باسی مێژوو بۆ قوتابیەکانی روون دەکاتەوە.باسی ئەوە دەکات کە باب و باپیرانمان بەردی چیاکان و دیواری ئەشکەوتەکانیان بۆ تۆمارکردنی سەربردەی ژیان و راو وشکار و نەبەردییەکانی خۆیان بەکارهێناوەو لەسەریان نووسیوە، ئەم چیرۆکە هەر چەندە باسی رووداوێکی دیاری کراو ناکات بەڵام باسی مێژووی نەتەوەیەکی دیاریکراو دەکات کە گەلی کوردە.

### ٣- چیرۆكی ئاژەڵان

چیرۆكی ئاژەڵان مەبەست لەو چیرۆكانەیە كەبەزمانی ئاژەڵانەوەیەو باسی ئەو ئاژەڵانە دەكات كەلە ژینگەی نزیك ودووری منداڵداهەن و منداڵ خۆشی دەوێن و بەئاسانی لاساییان دەكاتەوە.ئەو چیرۆكانە نەك هەر تەنها منداڵ بەڵكو گەورەش چێژیان لێ وەردەگرێت.

پەیامی چیرۆكی ئاژەڵان، پەیامێكی مرۆڤایەتی و پەروەردەییە، بابەتە هەمەڕەنگەكانی ژیانی تێدا باسكراوە. زۆر جار وابووە كێشەی نێوان دوو كەس یان دوو هاوسەری پێ چارەسەركراوە. پلارو تانە و تەشەر لە مرۆڤی خۆ بەزل زان و مرۆڤی ئاست نزم دراوە و ئافەرین و دەستخۆشیش لەو كەسانەكراوە كە رووخۆش و لێ بوردە و مرۆڤی ئاكار جوانن.

((بۆیە بەم ناوە ناونراوە چونكە كەسایەتی ئەم چیرۆكانە ئاژەڵن، ئەم چیرۆكانەش زۆر بەناوبانگن و منداڵانی هەموو دنیا حەزیان لێدەكەن.ئەم جۆرە یان لە رووی مێژووەوە لە هەموو جۆرەكان كۆنترە، مرۆڤ سوودی لە خەسڵەتەكانی ئاژەڵ وەك ئازایەتی و وەفاداری بینیوە...هتد، هەندێك لەو چیرۆكانەی كە لە قورئاندا باس كراون چیرۆكی:مانگاكەی بەنی ئیسرائیل، هودهودی سلێمان، گوێ درێژی عوزێر، وشترەكەی صالح، مێرووڵە، هەنگ...هتد))[1].

لە پێش ئیسلامیشدا و لە مێژوویێكی كۆنتردا دەبینین مرۆڤ و ئاژەڵ رێز و خۆشەویستی و ترس و پێوەندییان بەیەكترییەوە هەر بووە.، كە مرۆڤ لەسەر زەوی پەیدابووە، ئاژەڵی بینیوە وەك خانەخوێ و ئاژەڵیش وەك بوونەوەرێكی تازە و میوان سەیری مرۆڤی كردووە. بۆیە هیچ كامیان متمانەی بەوی تریان نەبووە.

شێوەی ژیان و تێكەڵبوونی مرۆڤ و ئاژەڵ، وای كردووە كەچیرۆكی لێ بەرهەم بێت ((ئەدەبی چیرۆكیی ئاژەڵان بۆ یەكەم جار لە لایەن مرۆڤی شارستانییەوە لە وڵاتی نێوان دوو رووبار واتە میزۆپۆتامیا سەری هەڵداوە...

---

١ . د.سمیرعبدالوهاب احمد، ادب الأطفال قراءات نظرية ونماذج تطبيقية، ص١٤١.

کاریگـەریی ئـەم چـیرۆکانە درێژبۆتـەوە بـۆ شارسـتانییەتی یۆنـان و چـەندین شارستانی تر...))[1] .

دیارە وڵاتی نێوان دوو رووبار (بلاد مـابين النهـرين) شارسـتانییەتێکی کـۆنی هەیەو، مەڵبەندی دروست بوون و پێگەیاندنی زۆر شت بووە، یەکێك لـە شـتانەش چیرۆکیی ئاژەڵان بووە. کە رۆژ لە دوای رۆژ فراوانتر بووە و بـەربڵاوتر بـووە و بـە جیهاندا بڵاوبۆتەوە بایەخی پێدراوە[*]((هەندێك ئاماژە بەوە دەکەن کـەهۆی بایـەخ پێدانی مرۆڤـ بە ئاژەڵ ئەو باوەڕەیە کە کۆمەڵێك لـە مرۆڤـەکان بـۆ ئـاژەڵ کـراون بەقوربانی ودواتـر بـەناوی ئـەو ئاژەڵـەوە نـاونراون، یـان هەنـدێك خواوەنـد ئـاژەڵ بوون، خواوەند (زەیۆس) هەڵۆ بووە، خواوەند (ئەپینا) کونەپەپوو بـووە، (هـیرا) خواوەندی هاوسەرگیری لای یۆنانەکان (مانگا)بووە. کەواتە ئاساییە کە ئاژەڵەکان بچنە ناو خەیاڵی مرۆڤـ و ئەفسانەکەی))[2] .

زۆربـەی گـەل و میللـەتان بـە چـاوی رێـزو گەورەییـەوە تەماشـای ئـاین و ئاینزاکانیان کردووە و گەورەیی ئاینەکەشییان خستۆتەروو، ئـەو میللەتانـەی کـە ئاژەڵەکانیان بـە خواوەنـد دانـاوە، بۆیـە لـە دیـدی ئەوانـدا رێزێکـی زۆریـان لایـان هەبووە و پیرۆز بووە. ئەو پیرۆزی و خۆشویستن و ترس وبەزەییەش کە مرۆڤـ بـە ئاژەڵی کردووە، بە رۆیشتنی کات گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و بووەتـە کـەلتوور و سەدەها حەکایەت وچیرۆکی لەسەر هاتووە و سروشـتی هەریـەك لـەو ئاژەڵانـەش چۆن بووە بەم خاسیەت و ئەدگارە ناسراوەو ((هەروەها ئەگەر گوێ لـە قسـەکانی خەڵك بگرین لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا، لەمەدوا گوێمان لـە ئاماژەکـان دەبێـت کـە

---

١ . د. داود سلوم، كتاب قصص الحيوان في الأدب العربي القديم، دارالرشـيد للنشـر، بغـداد ١٩٧٩، ص٩.

* لەسەر ئەم باسە رای جیاواز هەیە، هەندێك رایان وایە کە بۆ یەکەم جار چیرۆکی ئاژەڵان لە یۆنان سەری هەڵداوە هەندێکی تر دەڵێن لەهیند سەری هەڵداوە، فەیلەسوف بەیدەبا ئەمەی کـردووە، هەندێکی تر دەڵێن لە وڵاتی میسر سەری هەڵداوە، رایەکی تر هەیە کە دەڵێت چیرۆکی ئـاژەڵان لەهەموو شوێنەکان لە دایك بوون، چونکە سروشتی ئادەمیزاد لەیەك دەچێت بۆیە ئاساییە هـەر شوێنێك ئەم چیرۆکانەی تێدا سەری هەڵبدات، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (حەمە کەریم هـەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، لاپەڕەکانی ١٢٦-١٢٩).

٢ . د.علي الحديدي، ادب الأطفال، ص١٦٤.

بەشی شێر، فێڵی ڕێوی، شێر ئاكاری پادشا دەنوێنێ، گوێ درێـژ نكۆڵی و گێلـی وێنا دەكات، گـورگ بـێ بـەزەیی یـە، بـەڵام فێـڵ نازانێـت، سـادە و بـێ هێزەكـان قوربـانی بـەهێز و فێڵبازەكـانن، بـەڕێزیش لەگـەڵ دۆڕانـدن دەڕوات، دەم درێــژ هەمیشە شتی خراپی بۆدێت، ئـارام گـرتن و كارامـەیی بەسـەر كۆسـپەكانی ژیانـدا سەردەكەوێت))[1].

چـیرۆكی ئـاژەڵان بـۆ هــەموو منـداڵانی قۆنـاغی جیاجیـا دەشـێت واتەلـە هەموویان چێژ و سوود وەردەگرن بەڵام ڕەنگدانەوەی چیرۆكەكە لەسەر منداڵەكـە جیــاوازی دەبێــت، منــداڵێكی تەمــەن (٣–٥)ســاڵ تــەنها چــێژ لــەڕووداوی چیرۆكەكەوئاژەڵەكان وەردەگرێت، مانـای پشـتەوەی پـێ لێك نادرێتـەوە هەرچـی منداڵانی قۆناغی دواییە، هەم چـێژی لـێ دەبیـنن و هـەم واتـا شـاراوەكانیش لێـك دەدەنــەوە. ((منــداڵانی بچــوك، خۆیــان بــە پاڵــەوانی چــیرۆكی ئاژەڵانــەوە دەبەستنەوە زیاتری هەموو شـتێك لـە چـیرۆكدا، بـەڵام منـداڵانی گـەورە ئەوەنـدە بەلای ئاژەڵدا ناچـن، بـەڵكو بایـەخی خۆیـان ئاراسـتەی واتـاو بیرۆكـەكان دەكـەن چونكە چیرۆكەكە لەخۆی دەگرێت))[2].

هەموو نووسەر و لێكۆڵەرانی بواری چیرۆكی منـداڵان لەسـەر ئـەو رایـە كـۆك نین، واتە هەموو قۆناغەكانی منداڵان سوود لە چـیرۆكی ئـاژەڵان ببیـنن، هـەروەها لەســەر شــێوەی دەرەوەی چــیرۆكەكە و نــاوەرۆك و چــەندێتی ڕوودا و ژمــارەی كەسایەتییەكانی ناو ئەم جۆرە چیرۆكانە رای جیاواز هەیە.

زۆربــەری چــیرۆكەكانی ئــاژەڵان كــورتن و لــە ڕووداوێــك یــان دوو ڕووداو تێناپەڕێت، هەروەها كەسایەتییەكانیش زۆر نـەبن باشـترە زۆر شـارەزایانی ئـەم بوارە سێ كەسایەتییان باسكردووە. ((چیرۆكی ئاژەڵان لەیـەك ڕووداو پێـك دێـت، وانەكەش لەوانەیە پێكهێنراو بێت یان ڕاستەوخۆ باس بكرێت))[3].

دەتوانین كە چیرۆكی ئاژەڵان بە جۆرێك لە چیرۆكی ڕەمزی دابنێین، چـونكە زۆر جار لە ناو چیرۆكدا مەبەستێك دەربڕاوە بەڵام كەسـایەتییەكان ئـاژەڵ بـوون و

١ . نفس المصدر السابق، ص١٧٤.

٢ . هادي نعمان الهيتي، أدب الأطفال فلسفتة، فنونه، وسائطته، ص١٥٠.

٣ . د.علي الحديدي، في أدب الأطفال، ص١٧٢.

واتایەکی تری هەبووە، مەبەستێکی پەروەردەیی یان ئاکاری بەدەستەوە داوە بۆیە گەورە و بچووك سوودیان لێ وەرگرتووە هەروەك (رائدە عباس) دەڵێت((چیرۆکی ئاژەڵان ئەو چیرۆکانەن کە ئاژەڵ رۆڵێکی سەرەکییان تێدا دەبینێت وپێك دێت لە رووداوێکی سادە یان چەند رووداوێك، لەناوەرۆکدا واتە مەبەستێك دەدات بەدەستەوە، بەواتایەکی گشتی و ئامانجێك کۆتایی دێت، جیهانی ئاژەڵان بە جیهانێکی دەوڵەمەند دەژمێردرێت لە بابەتەکانی نووسین بۆ منداڵاندا، چونکە جاران ئاژەڵ ئامرازێك بوو لە بەر دەستی چیرۆکبێژەکاندا، بەشێوەیەکی لێزانی بۆ کاری چیرۆك بەکاریان هێناوە))١.

چیرۆك لەسەر زمانی ئاژەڵان زۆر فراوانە و بابەتێکی گشتگیرە و وەك باسکرا کەهەموو منداڵانی دنیا حەزی لێ دەکەن و سوودی لێ وەردەگرن بە درێژایی مێژوو یەکێکە لەو جۆرە چیرۆکانەی کەنەسواوە و تام و بۆی خۆی پاراستووە بۆیە هەرچەندە باسی بکەین رەنگە زۆرداری لێ بکەین و نەتوانین مافی خۆی بەتەواوی بدەینێ.

– (چیرۆکی ئاژەڵان) لای لەتیف هەڵمەت

زۆربەری چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت لەسەر زمانی ئاژەڵ و باڵندەن، دەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت کە بۆ منداڵانی نووسیوون واتاومەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە، هەرچەندە دایەلۆگ و کەسایەتییەکان ئاژەڵن و باسی رووداوێك دەکەن، بەڵام شێوەی ئەو رووداوە لەناو کۆمەڵگادا هەیە و دەشێت لە داهاتوودا رووبدات، بۆیە چیرۆکەکانی ئاژەڵان، پەیامێکی بەرزی پەروەدەیی و خۆشویستنی بەهاکانە بە شێوەیەکی گشتی و خۆشەویستی خاك و نیشتمان و رێزگرتنی دایك وباوك و هاورێ و دەستپاکی و چەندین بابەتی تری مرۆڤایەتین((ئەم جۆرە چیرۆکانە بۆ گەلێ مەبەستی جیاجیا بەکارهێنراون..پەندو ئامۆژگارییان بەگەورە و بچووك گەیاندووە، سام و ترس و وریابوونەوەیان

١ . رائدة عباس علي حسين السراج، قصص الأطفال في الموصل، ١٩٦٨-٢٠٠٠، رسالة ماجستير، ص١٢.

خستووەتە ناو دڵی پاشایان و ستەمکاران و خۆبەزل زانانەوە تانەوتەشەر و پلاریان بۆ کەسانی ناچیزە و بەدخوو ناپەسەند وەشاندووە)) [1].

لە پێشەوە باسمان کرد کەهەندێك رایان وایە کە ئەو چیرۆکانەی کەسایەتییەکانی تەنها ئاژەڵن و هیچ جۆرە کەسایەتییەکی تریان تێدا نییە ئەوا بە چیرۆکی ئاژەڵان دادەنرێن و هەندێکی تریش رایان وابووە ئەو چیرۆکانەی کە ئاژەڵ تێیدا باڵا دەستە و، بوون و کەسایەتیەکی زیاترە لە کەسایەتی دیکە، ئەوانە بە چیرۆکی ئاژەڵان دادەنرێن هەرچەندە کەسایەتی دیکەی وەك مرۆڤ، رووەك شتی بێ گیانیشی تێدابێت بە شێوەیەکی لابەلایی یان کەسێتی یەکی ناسەرەکی.

لەچیرۆکی (بەچکە هەڵۆ)دا کەسایەتییەکان تەنها باڵندەن واتە بەچکە هەڵۆکان و دایکیان لەناو هێلانەیەکدان، یەکێك لەبەچکەکانی پێش ئەوەی کاتی فرینی دابێت، حەزدەکات بفڕێت وەکو دایکی بەئاسماندا بسوڕێتەوە، ڕۆژێکیان دایکی بۆ خواردن پەیداکردن دەچێتە دەرەوە بەچکەکەش لەشەقەی باڵ دەدات و لە هێلانەکەی دەردەچێت بەڵام دەکەوێتە خوارەوە سەری دەشکێ دایکی بەهاواری دەگات و دەیهێنێتەوە ناو لانەکەی. (د:م، ب:١، چ:٢، ل٣٢–٣٤).

ئەم چیرۆکە منداڵانی قۆنانی (٣–٥)ساڵی تەنها چێژی لێ وەردەگرن بەڵام منداڵانی قۆناغی (٨–١٢)ساڵانیش هەم چێژی لێ وەردەگرن و سوودی لێ دەبینن دەتوانن ئەم واتایە لێك بدەنەوە کە منداڵ نابێت لەگوێی دایك وباوکی دەربچێت چونکە زەرەرمەند دەبێت.

لە چیرۆکی (چۆلەکە)دا کەسایەتییەکان لە پەنجەی دەست تێناپەڕن (چۆلەکەیەك لە دارستانێکدا لانەیەکی بچکۆلەی لە پووش و گەڵا و پەڕەی گوڵ لەسەر لقی دارێکی گەورە داچنی بوو... ڕۆژێ لە ڕۆژان پشیلەیەکی کێوی بە بۆن لانەکەی دۆزییەوە و پەلاماری بەچکەکانی داو لووشی کردن...) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٩٦) بەو شێوەیە چۆلەکەکە دەچێتە گوندێك و لەگوێسەبانەی ماڵێکدا هێلانەیەکی تر دروست دەکات. شەوێکیان خاوەن ماڵەکە چۆلەکەکە دەگرێت و

---

١ . حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد، بەرگی یەکەم، ل١٢٣.

لەقەفـەس تونـدی دەکـات، بۆیـە لەوسـاوە تـا ئێسـتا چـۆلەکە رقـی لـە پشـیلەو قەفەسە.

ئەم چیرۆکە کەسایەتییە سەرەکییەکەی چۆلەکەیە، هەرچەندە خـاوەن مـاڵ کە مرۆڤە لەناو چیرۆکەکەدایە لە کۆتایی چیرۆکەکەشدایە بۆیە بـە کەسـایەتییەکی ناسەرەکی دادەنرێت هەرچەندە رەوشی چیرۆکەکەی گۆڕیوە بـەڵام هـەر ئەوەنـدە بووە کە لەگەڵ چۆلەکەکەدا. چۆتە ناو ململانێیەکی مێژووی یەوە.

لە چیرۆکی (هێلانەیەکی تر)دا کەسایەتییەکان سێ کەسایەتین کەسـایەتییە سەرەکییەکە چۆلەکەیەکە لەسەر بانیـژەی قەڵایـەك هێلانەیـەکی بۆخـۆی دروسـت کردووە، هەورێکی قژدرێژ بانگی لێ دەکات ((ئەرێ ئەی چۆلەکەی متۆی هـەڵفڕین و ئاوی کانی سازگار و دەنکە گەنمی بەتام ئەوە ماوەیەکی دی سەرەتای هاوینە و لەودیو ئەم کێوە بەرزەوە کە ئەم قەڵایەی لە بنـاردا دروسـت کـراوە تاچـاو بڕکـا هەر کانیاو و رەز و خەرمانی زێڕینی پـڕ لـە دانەوێڵەیـە بۆچـی نـاڕۆی بـۆ ئـەوێ و لەناو ئەم خۆڵە پەتانێیەدا دا چینە دەکەی) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٩٨–٩٩).

چۆلەکەکەش بەمە رازی نابێت، ئەمجارەیان رەشەبا هەڕەشەی لـێ دەکـات کە ئێـرە بـەجێ بهێڵێـت دیسـان چـۆلەکەکە خـۆی بەهێلانەکـەی چـڕ دەکاتـەوە و ئامـادە نییـە بـەجێی بهێڵێـت، بـەڵام رەشـەباکە هێلانەکـەی لـێ تێـك دەدات چـۆلەکەکە بەمـەش هـەرخۆی بەدەسـت واقیـع و زۆری رەشـەباکەوە نـادات و بەیارمـەتی پاسـارییەکانی هـاوڕێی هێلانەیـەکی تـر دروسـت دەکەنـەوە، و رەشەباکەش کە لەوسەر دەگەڕێتەوە و هێلانەکە دەبینێـت لـەداخان تـەپوتۆزێکی زۆر هەڵدەستێنێت و دەڕوات.

لەم چیرۆکەدا دەبینین خۆشویستنی نیشتمان بـە ئاشـکرا دیـارە و لێرەشـدا منداڵانی قۆناغی یەکەم چێژی لێ وەردەگرن بـەڵام واتاکـانی پشـت چـیرۆکەکەیان بۆلێك نادرێتەوە بەڵام منداڵانی قۆناغی تەمەن (٨–١٢) ساڵی دەتـوانن ئـەوە لێـك بدەنەوە کە نیشتمانی خۆت دەبێت خۆش بوێت و لەهەموو شوێنێکیش خۆشترە.

لە چیرۆکی (خۆروبەچکە چۆلەکە)دا کەسایەتییەکان تـەنها دوو کەسـایەتین ئـەوانیش یـەکێکیان چـۆلەکەیە و ئـەوی تـریش (خـۆر)ە.کـەبێ گیانـە. بـەڵام لەبەرئـەوەی کەسـایەتییە سـەرەکییەکە باڵندەکەیـە بۆیـە بەچـیرۆکی ئـاژەڵان

دادەنـدرێت.بەچکەچـۆلەکەکە لـە دارسـتانەکەدا و لـەناو هێلانەکەیـدا داوا لـەخۆر دەکات کەنەڕوات و بەجێی نەهێڵێت بۆ ئەوەی پێکـەوە یـاری بکـەن، بـەڵام خـۆر پێی گوت (ئەی چۆلەکە جوانەکە.. ئەی هاوڕێ دڵسۆزەکەم کات درەنگـە.. دەڕۆم بۆ ڕۆژئاوا لەوێش بەچکە کـۆتر و گـوڵ و باخچـە و چـۆلەکە هـەن چـاوەڕوانی مـن دەکەن بڕۆم یاری یان لە گەڵدا بکـەم.. زۆرم پـێ ناخـۆش سـبەینێ زوو دێمـەوە بـۆ لات) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢٠١).

ئەم چیرۆکەش بۆ منداڵان سوودی زانستیی جوگرافیاییشی هەیە، بەوەی کە دەڵێت من دەچمە ڕۆژئاوا لەوێش چاوەڕوانم دەکەن واتـە منـداڵ دەزانێـت کـەخۆر لێرە دەڕوات و دنیا تاریك دادێت، شوێنێکی تر ڕووناك دەکاتەوە کە خۆر ئاوایە.

لە چیرۆکی (ئیشکردن)دا کەسایەتیە سەرەکیەکە ورچێکە دەیـەوێت سـێوێك لەدار سێوێك بکاتەوە، چونکە حەزی لـێ یـەو برسـییەتی بـەڵام باخەوانەکـەی لـێ پەیدادەبێت و نایەڵێت سێوەکە لێ بکاتەوە، ئەویش دەڵێت چی بکەم باخەوانەکـە پێی دەڵێت ((هەموو ڕۆژێك ئـەم دار سـێوە ئـاو بـدە و بۆخـۆت سـێوێکی گـەورە لەلقەکەی بکەرەوە و بیخۆ...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢٠٧) بـەم جـۆرە باخەوانەکـە ورچەکەی لە بێکاری و تەمبەڵی ڕزگار کردو ورچەکەش کەوتە ئاودانی دارسێوەکە و کە برسیش دەبوو سـێوێکی لـە دار سـێوەکە دەکـردەوە وجـوان دەیشوشـتەوە ئەوکات بەبێ ترس و بەحەڵاڵی دەیخوارد. ئەم چیرۆکەش منـداڵانی قۆنـاغی (٨-١٢)ساڵی زۆر جـوان لێـی تێدەگـەن کەمەبەسـتی ئەوەیـە، ئـەوەی بخـوات دەبێـت کارێکیش ئەنجام بدات.

لە چیرۆکی (کۆترو پشـیلە)دا، چـیرۆکنووس بـە شـێوەیەکی تـر بـێ تـاوانی باڵندەیەکی وەکو کۆتر دیاردەکات و دوژمنکاری پشیلە بەرامبـەر بـە باڵنـدە ڕوون دەکاتەوە، لە کۆنەوە ئێمە مانان بیستوومانە هەندێ کەس کـۆتر لـە نـاو قەفـەس دەنێن و پشیلەش ئازادە، بەڵام (لەتیف هەڵمەت) دەیەوێت ئەم ڕەوشـە مێژووییـە بگۆڕێت و پێمان بڵێت تاکەی کۆتری بێ تاوان و نیشـانەی ئاشـتی لـەناو قەفەسـدا دەبێت و پشیلەش ئازادبێت؟.

واتای پشتەوەی ئـەم چـیرۆکەش ئەوەیـە کـە دڕنـدە هـەر دڕندەیـە دەبێـت سنورێکی بۆ دابنرێت، ڕاستە ئاژەڵێکی وەك پشیلەش بە سپڵەیی ناسـراوە، بـەڵام

بەرامبەر بە باڵندە هەر دڕندە بووە.

لە چیرۆکی (ددان ژان کردن)دا بەتـەواوی بۆمـان دەردەکـەوێت کـە چـیرۆکی ئاژەڵانـە چـونکە هـەموو کەسـایەتییەکانی لـە ئـاژەڵ و باڵنـدەن. هـەموویان لـە دارستانێکدا پێکەوە وەك برا دەژیان وەك دەڵێت: ((کەروێشك و ڕێـوی و پشـیلە و سـەگ و ورچ و شـێر و مـەیمون و چـۆلەکە و کـۆتر و کـەو و سمـۆرە و سـیمرخ و سوێسك و پۆڕ و چەندین جۆری دی مەل و ئـاژەڵ دەژیـان...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢٢٣). هـەموویان پێکـەوە سـوێند دەخـۆن کـە هەریـەکێك لـە لایـەن کەسـێکی دیکەوە زۆرداری لێکرا ئەوا بەهەموویان لێی دەدەن.

شـــەوێکیان (پشـــیلە) هاواردەکـــات و دەڵێـــت ددانم ژان دەکـــات. هـــەموو ئاژەڵـەکان پێـی دەڵـێن کـەکێ زۆری لێکـردووە هـەتا تۆڵـەی بکەنـەوە، لەوێـدا چیرۆکنووس خاسیەت و سیفەتی ئاژەڵەکان بە منـداڵان دەناسـێنێت((شـێر گـوتی کێ ستەمی لێ کردووی پێم بڵێ بابەنینۆك و ددانە تیژەکانم ونجـڕ ونجـڕی کـەم... ورچ وتی:کێ لێی داوی گـەورەترین تاشـەبەردی دارسـتانەکە ئـەدەم بەسـەری دا، سەگ گوتی: کێ ئازاری داوی چوبێتە بن هەر حـەوت چـینی زەوی یـەوە بـەبۆن دەیدۆزمەوە و بەقەپ لەت و پەتی دەکـەم... سـیمرخ وتـی: ئـەوەی دەسـتی بـۆ پشـیلە درێـژ کردبـێ لـەبۆ قەتـەی ملـی دەگـرم و دەفـڕم دەفـڕم لەکاکێشـانی ئاسمانــەوە دەیخەمــە خــوارەوە و پارچــە پارچــەی دەکــەم)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢٢٤-٢٢٥).

دواییش دەردەکەوێت کە پشیلە گوێزەکانی سمۆرەی خواردووە بۆیە ددانـی ژان دەکات ئـیتر هـەموویان بڕیـار دەدەن کـە پشـیلە لـە دارسـتانەکە دەربکـەن و پشیلە روو لەشار دەکات وتائێستاش پشیلە هـەر لـە ئاوادانییـە و وازلـە سـپڵەیی خۆیشـی هـەر ناهێنێـت و گۆشـتی کابـانیش دەدزێـت و لـە ڕاوکردنـی چـۆلەکە و جووجەلەش هەر بەردەوامە.

لـەم چیرۆکەشـدا منـداڵانی قۆنـاغی (٨-١٢)سـاڵان واتـای پشـتەوەی ئـەم چیرۆکە لێك دەدەنەوە کە مرۆڤی خیانەتکار و درۆزن جێگـای لـەناو کۆمەڵگاکـەی خۆیدا نابێتەوە.

دوایین چیرۆك لەو جۆرەیاندا چیرۆکی (هاوڕێ یەتی)یە، ئەم چیرۆکە باس لە بەچکە کەروێشکێك دەکات، لەناو دارستانێکدا بەچکە ڕێوییەکی لێ پەیدا دەبێت. (بەچکە کەروێشکەکە زۆر ترسا... بەڵام بەچکە ڕێویەکە زۆر دڵی خۆشبوو. چونکە کەس نەبوو لە دارستانەکەدا یاری لەگەڵدا بکات) (د:م، ب:٢، چ:٢، ل٢٣).

چیرۆکنووس هاتووە بە شێوەیەکی تر فێڵبازی ڕێوی دەربخات، چونکە بەچکە کەروێشکەکە ڕازی نابێت کە یاری لەگەڵدا بکات چونکە ڕێوی فێڵبازە و یاری نازانێت.

بەم شێوەیە دەبینین چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت کە لە جۆری ئاژەڵانن بەشێکی زۆریان بەرکەوتووە، ئەمەش واتای ئەوە دەدات کەچیرۆکنووس تا ڕاددەیەکی باش ناخی منداڵ دەناسێت، چونکە وەك لەپێشەوە باسکرا کە زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە ئەم جۆرە چیرۆکە لەهەموویان بەر بڵاوترە و هەموو منداڵانی جیهان حەز بەو چیرۆکانە دەکەن. سوودیشی زۆرە بۆ منداڵ چونکە ئاژەڵ ئەو کەسایەتییەیە کە لە جیهانی منداڵەوە نزیکە و منداڵ خۆشی دەوێت، چیرۆکەکان زۆربەیان لە دوو یان سێ کەسایەتی تێپەڕیان نەکردووە و جاری واش هەیەکە چیرۆکەکان لەکەسایەتیی ئاژەڵ و مرۆڤ پێك دێن. چیرۆکەکان مەبەستی خۆیان پێکاوە و منداڵان سوودیان لێ دەبینن.

## تەوەری دووەم :-

### ١- چیرۆکی ئەفسانەیی

ئەفسانە وەك چەمكێكی بابەتی لە ژیانی دانەبڕاوی مرۆڤایەتیدا، ناسراوە لە زۆركۆندا، ئەفسانە بیروباوەڕ و داب ونەریت بووە و خەڵك بەردی بناغەی ژیانی خۆیان لەسەر داڕشتووە، بۆیە دەبینین بۆ ئەمرۆمان ئەفسانە شتێكی كۆن وبەسەرچووە و بەئاسانیش لەگەڵ دنیای جیهانگەرایی و چەرخی زانست و تەكنەلۆجیا ناگونجێت.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە مانان و منداڵانیشمان زۆر حەز لەو چیرۆكانە دەكەین كەباس لە رووداو و كەسایەتی ئەفسانەیی دەكەن و لە ژیانێكی واقیعی پڕ لەكۆت و زنجیرەوە دەمانبەنە دنیایەكی پڕ لە سیحر و فانتازیا و رووداوی سەرنج ڕاكێش.

هەرچەندە ئەو كەسایەتی و رووداوانە گەلێك كۆنیش بن بەڵام بەتێپەڕبوونی كات ئەوكەسایەتی و رووداوانە كاڵ نەبونەتەوە و لەگەڵ هەر گێڕانەوەیەكدا بەرگێكی نوێیان بەبەرداكراوەتەوە ((ئەفسانە لە فۆلكلۆری گەلاندا بەشتێكی كۆن ئەژمێردرێ، چونكە بەرهەمی ئەو كاتەیە كە ئادەمیزاد دەستەوسان و بێ دەسەڵات رووبەڕووی سروشت ئەوەستا و هیچ رووداوێكی سروشتی بەرێكی بۆلێك نەئەدرایەوە و تێی نەئەگەیشت و دەستەڵاتیشی بەسەریدانەبوو...))١.

لە رووی پێناسەكردنەوە دەبینین بەزۆر شێوە پێناسەی ئەفسانەكراوە. ((ئەفسانە بریتی یە لەوحەكایەت و رازو بەیتانە كە پەیوەندییان بە ئایینەوە هەیە، یان ئەوەیە باس لەكارو كردوە و نەبەردی ئەو خوداوەندانە دەكات كە مرۆڤی كۆن پێی وابوو دەسەڵاتیان بەسەر گەردووندا گرتووە و توانیوویانە بەرێكوپێكی رایگرن و بەئارەزووی خۆیان رووداوی تیابەرپا بكەن...))٢.

كەواتە ئەفسانەو ئاین زۆر چووینەتەوە ناو یەكتری بە شێوەیەك كەهەر كەسە و بەپێی بیروباوەڕی ئاینی خۆی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات كەئەمە

---

١ . د.عیزەددین مستەفا رەسول، لێكۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ل١٥.

٢. حەمە كەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی كورد، بەرگی یەكەم، ل٩١.

ئەفسانەیە و ئەوەش ئایینە. بەواتایەکی تر ئاینی گەلان ئەفسانەن بۆ هەندێکیان و ئەفسانەی گەلانیش ئاینی هەندێك نەتەوەن، بۆ نموونە دەڵێن: ئاینی من ئەفسانەیە لە لای تۆ، ئاینی تۆش ئەفسانەیە لە لای من.

لەکاتێکدا کە مرۆڤ بەرامبەر دیاردە سروشتییەکان دەوەستا، لەخۆیەوە لێکی دەدانەوە . ئەو لێکدانەوەیە بەسەرەتای تێگەیشتنی ئادەمیزاد دادەنرێت بۆ جیهان، هەرچەندە تێگەیشتنەکە وەك چەمکێکی سادە بوو بەرامبەر بە ژیان و رامانەکانی، ((ئەفسانەرۆڵێکی گەورەی لەژیانی مرۆڤدابینیوە بەهۆی ئەفسانەوە توانیویەتی ئارەزووە کپ کراوەکانی بەرجەستەبکات))[1] کاتێك مرۆڤی بەرایی خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی بەکار دەهێنا بۆ تاوتوکردنی دیاردە سروشتییەکان و کۆمەڵایەتییەکان ئەفسانە دەخزایە ناو بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵی مرۆڤی سەرەتاوەو، ئەویش باوەڕی پێ دەکرد و بەبیروباوەڕێکی تەواوی خۆی دادەنا و لەهێڵە سەرەکییەکانیشی لانەدەدا و لە ژیانی خۆیدا پیادەی خاڵەکانی دەکرد. واتە لە بازنەی چیرۆك وەچوونە دەرەوە.

((ئەفسانە ناکەوێتە ناو حەکایەت و بەرهەمە میللی یەکانەوە. هەرچەندە شوێنکەوتووی لایەنێکی تری سەربەخۆیە کە زانستی (میتۆلۆژیا)یە، بەڵام ئەفسانە نزیکە لە حەکایەتی میللییەوە. گەل هەڵی دەمژێت و لەباوەشی دەگرێت، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترولە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تردەیگوازێتەوە.))[2]

واتە وەك پیشەیەکی ئاسایی، گەل ئەو پیشەی بەڕێوەبردووە. کە ئەفسانە لە کاتێك بۆ کاتێکی تر و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە، لە ئەنجامی ئەوگواستنەوەیەشدا چیرۆکە ئەفسانەییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و کەمی و زیادیان بۆ کراوە و هەربۆیەش ئەو چیرۆکانە لەناو زۆربەی گەلاندا و بەشێوەی لەیەك چوو، و جیاواز باسیان لێوە کراوە و گەلێك جاریش حەکایەتە ئەفسانەییەکان رووداوی جادووگەرییان تێکەڵ کراوە ((حەکایەتەکانی جادوو، یەکەم کۆمەڵەی رەسەنن لەحەکایەتەکانی کەمێژووی کۆمەڵگاکەی پێی زانیبێت

---

١ — د.کەمال مەعروف، رەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٨.

٢ — هادی نعمان الهیتی، ادب الاطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، ص ١٩٠.

کەیەك بیرۆکەی هەبوو ئەویش بۆ گاڵتە و چێژوەرگرتن و رابواردنی کاتێکی خۆش بوو))١

کەواتە جادوو (سحر) نەك هەر بەشێکی گرنگە لەئەفسانە، بەڵکو جێگایەکی بەرزیشی لەناو ئەفسانەدا هەیە ئەویش لەبەرئەوەیە ((هەندێك لە پیاوانی ئایینی وایان لەخەڵك گەیاندبوو کەئەفسانە پەیوەندی بەرۆحەخێرومەندەکان و شەڕانییەکانەوە هەیە.لێرەدا (جادوو) بووە رێگایەك بۆ ژیانی خەڵك، بەڵام ئەفسانەی مێژوویی لە رووداوە لەراددەبەدەرەکان پێك دەهات نەریت و پاڵەوانەکانیشی دەگەیشتنە پلەی خواوەند))[٢].

ئەمەش رۆڵی پیاوانی ئایینی دەردەخات، کەلەهەموو چەرخ و زەمانێکدا رۆڵی خۆیان بینیوە و، چونکە رابەرایەتی ئایین دەکەن بۆیە خەڵکیی ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەگەر وتارێك یان هەڵویست و ئامۆژگارییەك لە لایەن پیاوانی ئاینییەوە ئاراستەی میللەت کرا ئەوا خەڵك وەر یدەگرێت و جێبەجێشی دەکات.

لەبەرئەوەی ئەفسانە زۆر زۆر کۆنە، وێناکردنەوەی رەهەندەکانی ئەفسانە لەناو چیرۆکدا و مەزراندنی لە شێوەیەکی هونەریی جواندا رەنگەکارێکی وا ئاسان نەبێت بۆیە ئەوەی ئەم کارە دەکات دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارەداو لە دەروونی منداڵاندا هەبێت.

بابەتە ئەفسانەیی و جادووگەرییەکانیش بەدەرنین لەم شێوەیە و منداڵ حەزیان لێ دەکات، بۆیە((منداڵ چەندێ خەیاڵی زانستی و ئەفسانەیی زۆر فراوان بێ ئەوەندە بیروهزرو هۆشی فراوان و کراوە دەبێ و هەست بە جوانیەکانی ژیان دەکات))[٣].

نزیك کردنەوە و پێك گەیاندنی دنیای پڕ لە ئەفسون و فانتازیا و دنیای زانست و تەکنەلۆجیا کاری چیرۆکنووسی منداڵانە، کە بەشارەزایی خۆی ئەم دوو فەزایە تێکەڵ دەکات و جیهانێکی پڕ لەجوانی بۆ منداڵ دەخوڵقێنێ. (ئەم

---

١ .د. علي الحديدي، في أدب الأطفال، ص١٣٧.

٢ . هادي نعمان الهيتي، أدب الأطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، ص١٩١.

٣ - لەتیف هەڵمەت، ((خەیاڵی زانستی وئەفسانەیی لەچیرۆکی منداڵاندا))، پ:ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ: ٥٦٠، ٢٠٠٧/١١/١٥، ل٥.

چیرۆکانە پشت بەگێڕانەوەی رووداو، و  هەڵوێستەکانی وەرگیرا و لـە ئەفسـانە و خورافەکان دەبەستن، کە پاڵەوانێتییەکەی کەسایەتی سەروی عەقڵـە وەك جنۆکـە و عفریت و زیندەوەری ئەفسوناوی. ورۆڵێکی گـەورەی بینیـوە و لـە دروسـتکردنی چیرۆکی جوان کە بە پێشەنگی ئەدەبی منداڵان دادەندرێت لە جیهاندا.....)[1].

ئـەم جیهانـەش چێژ و سوود بەمنـداڵ دەگەیـەنێت و دەیخاتەپێکەنینـەوە. چونکە خـەون و ئەندێشـەکانیان لـەم جیهانـەدا دەبیننـەوە لەلایـەکی تـرەوە ئـەو خەون و هیوایانەی هەیانە لەناو ئەم جیهانەدا بۆ چەند ساتێك دێنـە دی. ((یـەکێك لەگرنگی و دەوڵەمەندیەکانی ئەفسانە ئەوەیە کەلەگەڵ ئەم هەموو (کۆن) بیەی کە هەیەتی، تـۆی تـازەترین زانسـتی لەهـەناوی خۆیـدا هـەڵگرتووە. دیسـان کـۆنترین بەرهــەمی زانسـتی دەسـتکرد و زانسـتییە سـەرەتاییەکانی مرۆڤـی لەناوەخۆیـدا پاراستووە))[2].

بەم چیرۆکە ئەفسانەییانە منداڵ مێشکی فـراوان دەبێـت و خـەیاڵی زانسـتی لـەلا فەراهـەم دەبێـت. شـارەزایی ئەوانـەی بـۆ منـداڵ دەنووسـن لـە ئەفسـانە و تێگەیشـتنیان لـە رەگ و ریشـە و سـوودەکانی ئەفسـانە چـیرۆکەکان زانسـتی تـر دەکات و منداڵ لە رێگەیانەوە شارەزایی لە ئەفسانەو چەندان لایەنی زانستی ژیان پەیدا دەکات بۆیە دەبینین نووسەرانی ئەورووپاو سۆڤیەتی جاران ئەفسـانەکانیان کۆکردۆتەوە و بەکتێب بڵاویان کرۆدتەوە و دواتر کردویانەتە فیلمی کـارتۆنی و بـۆ منـــداڵانیان پــــەخش کــردووە. چیرۆکنووســـانی منـــداڵان ســـوودێکی زۆریـــان لەئەفسانەبینیوە و کەسایەتی ورووداوە ئەفسانەییەکانیان باسکردوون.

((ئەفسانە بەرهەمی لەمێژینەی هەموو مرۆڤایەتیەو بەرهەمێکی هەمەلایەنەیـە و لەئەنجامی پێویستییەکانی ژیان وئارەزووە لەبن نـەهاتووەکانی مـرۆڤ کەڵەکـەی کردووەوگەیشـتۆتە ئـەمڕۆ))[3] واتــەدەربڕی ژیــان بــووە وقۆنــاغ دوای قۆنــاغ هەتاگەیشتۆتە ئەمڕۆ.

---

[1]- د. فاضـل عبـاس الکعبـي، المداخل التربويـة ومرتكـزات التجـانس المعـرفي في ثقافـة الأطفـال، ص٢٠٥.

[2] – مەولود ئیبراهیم حەسەن، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چ ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٥١-٥٢.

[3] – هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠ .

**- چیرۆکە ئەفسانەییەکانی (لەتیف هەڵمەت)**

.... ئەو چیرۆکانەی کە لەتیف هەڵمەت بۆ منداڵانی نووسیوون، هەندێکیان دەکەونە بەرجۆری ئەفسانەیی، چونکە ئەفسانە لە ژیان و هزری شاعیردا جێگایەکی بەرزی هەیە و باوەڕی بە زۆر لە بنەماکانی ئەفسانە هەیە چونکە((ئەفسانە جۆرە حەکایەتێکە کە مرۆڤ دروستی کردووە وپەیوەندی بە (خواوەندەوە) هەیە و دەوری سەرەکی تیا دەبێنێ، هەندێ جار کۆمەڵە هێزێکی نەبینراویش وەکو دێو و درنج و جنۆکە لەگەڵیا تێکەڵاو دەبن. رێگایەکی راست پەیڕەو دەکرێت لەئەفسانەدا ئەویش سەرکەوتنی هێزی چاکەیە بەسەر هێزی خراپەدا))1کە ئەوەش ئامانجی هەموو مرۆڤایەتییە لە جیهاندا بەبێ جیاوازی ئایین و رەگەز و چین و زمان و نەتەوە، ئەو چیرۆکانەی دەکەونە بەر ئەم جۆرە لە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەتدا.ژمارەیان حەوت چیرۆکن ئەوانیش بەم شێوەیە باسی کردوون.

لە چیرۆکی (کتێب)دا کەنووسەر چیرۆکەکەی پێشکەش دەکات.سەرەتا یان راستتر بڵێین هەموو چیرۆکەکە لەناو وێنەیەکدایە.پاشان هەر ئەو وێنەیە کەسایەتیی و کات و شوێنی تێدا فەراهەم دەبێت ((یاداشت وێنەی منالێکی لە دەفتەرەکەیدا کێشا... منالێکی حەوت ساڵان... لەپێشدا سەری منالەکەی دروست کرد ئەنجا لەشی... دوای ئەوسا دەست و قاچی...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٩٣).

ئەم چیرۆکە بۆیە دەچێتە قاڵبی ئەفسانەوە چونکە لە راستیدا وێنە قسە ناکات بەڵکو بەدەست و قەڵەمی رەنگا وڕەنگ دەکێشرێت یان بە ئامێری وێنەگرتن وێنە دەگیرێت، بەڵام شاعیرو چیرۆکنووس لەتیف هەڵمەت هاتووە گیانی بەبەر وێنەکە و کەسایەتییەکانی ناو وێنەکەدا کردووە و هەستیشی پێ بەخشیون. بەوەی کەمندالەکە دەبینێت یاداشت دار لاستیکێکی داوەتەدەستی زیز و خەمبار دەبێت، کەدار لاستیکەکەی بەخەت کوژێنەوە کوژاندەوە و لە جیاتی ئەمە جانتایەکی کتێبی بەشاندادا، بۆیە مندالەکە ئاشت بووەو دەستی یاداشتی گرت و

١ خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، ١٩٧٠-١٩٩٠، ل٣٣.

پێکەوە چوونە قوتابخانە.

کە لەراستیدا منداڵێك لەناو وێنەیەکدا چۆن دێتە قسە و گفتوگۆو پاشانیش بۆ قوتابخانە بڕوات.

لە چیرۆکی (دارگوێز)دا (خواستی) وێنەی دارگوێزێك دروست دەکات، واتە ئەم چیرۆکەش بە وێنە دەردەبڕێت، خواستی وێنەکە تەواو ناکات و خەوی دێت و دەیەوێت بڕوات بەڵام دارگوێزەکە بەم شێوەیە بانگی دەکات و دەڵێت :

((خواستی گیان بۆ بەجێم دێڵی؟

خواستی وەڵامی دایەوە: خەوم دێ دەڕۆم دەنووم

دار گوێزەکە دیسان گوتی:

بەرلەوەی بڕۆی بنوی دەبێ وێنەکەم تەواو بکەی...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٩٤–٩٥).

ئەو گفتوگۆیە لە نێوان (خواستی)و دارگوێزەکەدا بەردەوام دەبێت، منداڵانی قۆناغی بەرایی، ئەم دوو شتە لەیەکتر جیاناکەنەوە، (دوو شت) مەبەستمان ئەوەیە، ئەوان هەروا دەزانن کە بەواقیعی دارگوێز قسەدەکات و نازانن ئەمە چیرۆکێکە باس لەو بابەتە دەکات.

لە چیرۆکی (شالا و بووکە شووشەکەی)دا، لەناونیشانەکە دیارە کە کارەکتەری چیرۆکەکە (شالا)یە و لەگەڵ دایکی لەبازاڕ دەبن، بەبۆنەی جەژنی نەرۆزەوە دایکی شالا بووکەشووشەیەك بۆ شالا دەکڕێت، باسکردنی جەژنی نەورۆزیش هەر بەمەبەستە و بۆ ئەوەی منداڵان بزانن کەئەمە جەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردە. لەماڵەوە بووکەشووشەکە شەوان جلەکانی شالا ئوتو و دەکات و بەرگی کتێبەکان بەکەتیرە ولەزگە چاك دەکاتەوە. بەڵام شالا نازانێت کە ئەوە کێ یە ئەو کارە دەکات بۆ ئەوەی سوپاسی بکات.پرسیاری لە دایك وباوك وخوشکەکەی کرد کەئایا ئەوانن ئەو کارەیان ئەنجامداوە؟ ئەوانیش یەکە یەکە گوتیان ئێمە نین ئەو کارەش جێگەی سەرسوڕمانە، هەر ئێمە لەو ماڵەین تۆ بڵێی کێ بێت ئەو کارانە بکات.

((شەوێکیان شالا نەخۆش بوو... نیوە شەو لەپڕ تاو ئازار و ژانی نەخۆشیەکەی لەخەو ڕاپەڕی... ڕوانی وا بووکەشووشەکەی لەسەر ڕەفەی

کتێبەکان هاتۆتە خوارەوە و خەریکە کتێب و دەفتەرەکانی بۆ ڕێك دەخات و بەرگی دڕاوی کتێبەکانی بەکەتیرە و لەزگە چاك دەکات...)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل١١٦).

ئەم چیرۆکە زۆر بە رون و ئاشکرایی دیارە کەمەسەلەکە ئەفسانەیە و منداڵانی قۆناغی دوایی حاڵی دەبن کەئەمە حەقیقەت نییە بەڵکو چیرۆکێکە و نووسراوە و ئێمەش سوودی لێ وەردەگرین، بەڵام منداڵانی قۆناغی بەرایی واتە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٣–٥)ساڵیدایە، ئەگەر ئەو چیرۆکەیان بۆ بگێڕنەوە رەنگە پرسیار بکەن و بڵێن: ئەی بۆچی بووکەشووشەکەی من قسە ناکات؟ بۆیە سەریان لێ دەشێوێ، چونکە منداڵ لەوتەمەنەدا واقیع و ئەفسانە و خەیاڵ لەیەکتری جیاناکاتەوە.

کورتەی چیرۆکەکە وای لێ دێت کە کاتێك (شالا) ئەم قسەیە لە لای دایك و باوك و خوشك وبراکانی باس دەکات، کەس بڕوای پێ ناکات بۆیە شەوێکیان بڕیار دەدەن هەموویان پێکەوە ئێشك بگرن و بزانن شالاخان راست دەکات یان نا، ئەو شەوە بەنۆرە ئێشکیان گرت بەڵام بووکەشووشەکە نە ئەو شەوە ونەهیچ شەوی تر ئەو کارەی دووبارە نەکردەوە، بۆیە کەس باوەڕی بەقسەکەی شالا نەکرد.

تەنانەت ئێستاش زۆرکەس باوەڕ بەو شتە ناکەن هەرچەندە هەندێك کەس دەڵێن ئێمە ئەو شتانەمان بینیووە. لەشەودا یان خێومان بینی.بەڵام هەموو کەس باوەڕ بەوە ناکات. بەڵام مەسەلەی (جنۆکە) جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا چونکە بە پێی ئایەتەکانی قورئان. جنۆکە هەیە و شتێکی واقیعیە نەك خەیاڵ و ئەفسانەیە. بەڵام دیسان هەندێك کەس ئەوەش بەپڕوپووچ(خورافە)دەزانن.

ئەفسانەهەوێنی حەکایەت وچیرۆکە، باهەندێك باوەڕی پێ نەکەن، بەڵام چێژ بەمنداڵ دەدات، تەنانەت فیلمە کارتۆنەکانی ئەم سەردەمەزۆربەی ئەفسانەیەکی زانستییەوسەرگەرمکردنن.

بەهەرحاڵ رەگی ئەفسانە بەناو ناخی میللەتاندا شۆڕبۆتەوە، چونکە لە کۆندا بیروباوەڕێکی بەرز بووە و ژیانی لەسەر دامەزراوە، کەچی ئەمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەڵام لەناویش ناچێت هەتا چیای قاف وسەربردەکانی بەپێوە

راوەسـتابن ئەفسـانەش هـەر دەمێنێـت و هـەر میللـەتێك سـیمای تایبـەتی بـۆ ئەفسانەی خۆی هەیە. کەجیای دەکاتەوە لە ئەفسانەی میللەتانی تر.

هـەروەها لـە چـیرۆکی (حـاجی لەقلـەق و پەڕەسـێلکە)دا بەشـێوەیەکی ئەفسانەیی باسی ئەوە دەکات کەهەر گیانلەبەرێك خەسڵەت و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە. لـەم چـیرۆکەدا بەچـکەی پەڕەسـێلکەیەك لەگـەڵ دایکـی دەبێـت لەقـەراغ ئاوێکدا. حاجی لەقلەقێك لەم ناوە پەیدادەبێت و لەبەردەمی ئـەوا لـەناو ئاوەکـەدا دەنێشـێتەوە، پەڕەسێلکەکەدەترسـێ و دەشـلەژێ لـە دیمـەن وسەروسـەکوتی حاجی لەقلەقەکەدەترسێت و سەرسام دەبێت.

((لە دایکی پرسی: دایەگیان ئەم باڵندەیە چ باڵندەیەکە! دایکی لـە وەڵامـدا گوتی ئەم باڵندەیە پێی دەڵێن حاجی لەقلەق... بەچکەکە گوتی دایە گیان بۆچـی هەردوو لاقی وادرێژن! دایکی وەڵامی دایەوە وگوتی: بۆئەوەی بتوانێ لەناو ڕوبارو زێ و چــــەمی جۆربــــەجۆردا بنیشــــێتەوە ونــــەخنکێ...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل١٥٩).ئیتر زۆر پرسیار لە دایکی دەکات و مەراقی ئەوە دەبێت کەبۆچـی ئـەویش لاقەکانی وەکو هی حاجی لەقلەق درێژنین و دەنووکی وەکی هـی ئـەو درێـژنابێت، بەخـەیاڵی دەنـووك و لاقـی حـاجی لەقلەقەکـە خـەو بردییـەوە و لەخەوەکەیـدا دەیویسـت بفـڕێ بـەڵام لەبـەر گرانیـی دەنـووك و لاقـەکانی نەیـدەتوانی بفڕێـت، دواییش بەخەبەر هاتەوە و لەپرمەی گریانی دا و خۆی خزاندە بن باڵی دایکی.

ئەم چیرۆکە کـەش و هەوایـەکی ئەفسـانەیی هەیـە، خـەیاڵی بەسـەردا زاڵـە و منداڵ واهەست دەکات کەئەمە ڕاستەو خەیاڵ نییە، بەڵام وەکـو گوتمـان منـداڵانی قۆنـاغی (٨–١٢)سـاڵی واتـە پـێش هـەرزەکاری لـەو جـۆرە چـیرۆکانە دەگـەن و کێشەیان بۆ دروست ناکات.

دیسـانەوە لـە چـیرۆکی (جـادوو)دا، کەهـەر لەناوەکەیـەوە دیـارە مەبەسـتی (سـیحر)ە، و ئـەم چـیرۆکەش بەکـەش و هەوایـەکی ئەفسـانەیی نووسـراوە.لـە چـیرۆکەکەدا هـاتووە: ((شـالا چـۆلەکەیەکی گـرت و ویسـتی بیخاتـە ڕکێکـەوە... چۆلەکەکە گوتی: شالاخان ئەگەر بەرەڵام بکەی پەڕێکی بن باڵی خۆمـت دەدەمـێ هەر چەند پێویستت بە شتێك بوو فوویەك لە پەڕەکە بکە و من گورج ئاماە دەبم و داواکاریەکەت جێ بەجێ دەکەم...)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل١٧٠).

گێڕانــەوەی چــیرۆکەکە و ســیمای چــیرۆکەکە شــێوەیەکی ئەفســانەیی وەرگرتووە. لەم چیرۆکەدا نەك تەنها چۆلەکەکە قسـە دەکـات، بـەڵکو کـاری زۆر گەورە ئەنجام دەدات ئەم کارە تەنها لەتوانای دێو و درنج و عیفریتەکاندایە، بۆیە دەبیـنین شـالاخان کەلـە قوتابخانـە دەگەڕێتــەوە کـاتی نـانخواردنی نیوەڕۆیــە، بەدایکی دەڵێت نانی بۆ بهێنیت، بەڵام دایکـی دەڵێـت: کـە بـاوکی ئـەمڕۆ نەچـۆتە ئیش بۆیە تەنها نان و چـایان هەیـەو، شـالاش حـەزی لـە خـواردنی خۆشـە، بۆیـە پەڕەکـەی بـیر دەکەوێتــەوە، گـورج دەری دەهێنێـت و فوویـەکی پێـدا دەکـات و چۆلەکەکە ئامادە دەبێت. شالاش پێی دەڵێت)):دەمەوێ ماڵەکەی ئێمـە و هـەموو ماڵێکی ئەم گەڕەکە هەژارە بکەی بە ئاڵتوون و داروبەرەخـتی باخچـەکەیان زێـڕ و مـرواری و یـاقووت و ئـەلماس و زومـڕووت و نـان و میـوەی خـۆش و خـواردنی ئامادەکراوی بەتام و چێژ بگرێ... چۆلەکەکە گورج داواکاریەکـەی شـالاخانی جـێ بـەجێ کـرد)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل١٧١).خـەڵکی گەڕەکەکـەش بـە تێکڕایـی هـاتن سوپاسی شالاخانیان کرد، شالاخان مرۆڤێکی خۆپەرست نەبوو خۆشی و شـادی و دەوڵەمەندی بۆ هەموو کەسێك دەویست.

لەچیرۆکی (هاوڕێیەتی کـانی ودارتـوو)دائـەویش بەهـەمان شێوەچـیرۆکێکی ئەفسـانەییە چـونکە ئەوهۆیـەی لـەکۆتایی چـیرۆکەکە دەسـت نیشـان دەکرێـت کەلەراســـتیدادیاردەیەکی سروشـــتییە ئەمەدەچـــێتەقاڵبی ئەفســـانەوە، وەك دەڵێت:کانییە ئاوێك تازەتەقیبووەوە.دڵۆپـەئاوێك ویسـتی دارەکـە ئاوبـدات بـەڵام کەسـتەکێك ڕێـی لەدڵۆپـە ئاوەکـە گـرت.هـەزاران دڵۆپـەئاوهاتن وکەسـتەکەکەیان تاواندەوەودارەکــە تێرئــاوی خــواردەوە.ئێستاشــی لەگەڵــدابێت داروئاوهــاوڕێی یەکترین) (د.م.ب١، چ٢، ل ١٧١).

بەم شـێوەیە ئـەم چـیرۆکەش دەچـێتە قـاڵبی ئەفسـانەوە چـیرۆکنووس بـە زمانێکی سادە وساکار و لەکەش و هەوایـەکی ئەفسـانەییدا چـیرۆکێکی پێشـکەش منـداڵان کـرد کـە پـڕە لەوانـە و ئـەزموونی خـۆی کـەبۆ گشـت منـداڵان سـوودێکی گەورەی هەیە.

### ٢- چیرۆکی زانستی

زانست وزانیاری وەك پێویستییەك لە پێویستییەکانی ژیان ناسراون و گەلانی دنیا بەزانست پێشکەوتوو بوون و گەیشتنە رادەیەك کەبتوانن لەبەرگە هەوای گۆی زەوی بچنە دەرەوە و، بچنە ناوبۆشایی گەردوون وەك ئاسمانەکان وسەرمانگ وقووڵایی دەریاکانیش.

چیرۆکی زانستی لە لای ئێمەی کورد هێشتا ساوایە وەکو چیرۆکی منداڵانمان کەلەچاو چیرۆکی منداڵانی جیهانی هێشتا لەسەرەتادایە، ئەوجۆرە چیرۆکانە کەباسی مەسەلە زانستییەکان دەکەن لە وڵاتانی دنیادا بایەخێکی زۆریان پێ دەدرێت، چونکە وەك دەرکەوتووە کە ئامۆژگاری و فێرکردنی رووت بۆ منداڵ سوودی نییە و بەم جۆرە وشکییەك لە فێرکردنەکەو ناساندنی بابەتە زانستییەکە دەردەکەوێت و منداڵ بەئاسانی وەری ناگرێت، بەڵام لەرێگای چیرۆکی زانستییەوە زانیارییەکان دزەدەکەن بۆ ناو فەرهەنگی منداڵەکە، چونکە زانست و ئەدەب و خەیاڵ سێ دانە زەنگیانەی یەك ملوانکەن و بەدوای یەکتریدا دێن و تەواوکەری یەکترین.

(چیرۆکی زانستی باس لە تایبەتییەکانی گەردوون و هاتنی شەو و رۆژو بەدوای یەکدا هاتنی وەرزەکان دەکات، منداڵ بەرامبەر بەمانە پرسیاری لە لا دروست دەبێت سەبارەت بەم دیاردانە، منداڵ دەپرسێت ئاسمان چۆنە وبەفر لەکوێ دێت هەروەها زۆری تریش، چیرۆکی زانستی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە بەشێوەیەکی زانستیی ورد، منداڵ خاوەنی بیرکردنەوەیەکی گەورەیە بەڵام دەبێت بزانین ئەگەر بیرکردنەوەکەی زۆر خەیاڵی بوو ئەوا کەسایەتی ئەو منداڵە بەلای رووخان دەبات واتە تەنها بیر لە عیفریت و شەبەح و ئەو جۆرە شتانە دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر هەردووکیان واتە واقیعی و خەیاڵی تێکەڵ یەکتری کران ئەوا کەسایەتی منداڵەکە رێك وپێکتر گەشە دەکات بەم شێوەیە منداڵ لە رێگەی چیرۆکی زانستی یەوە حەقیقەتی بوون وگەردوون و دیاردەکانی بەئاسانی بۆ روون دەبێتەوە)[١].

---

١. فاضل عباس الكعبي، المداخل التربوية ومرتكزات التجانس المعرفي في ثقافة الأطفال، ص٢٠٠.

کەواتەدەبێت ئەو چیرۆکنووسەی ئەو جۆرە چیرۆکانە بۆمنـداڵ دەنووسێت ئاگای لەوە بێت کە منداڵان زۆر بەلای ئەفسانەی کۆنـدا نـەبات وەك مـاری حـەوت سەر و خەیاڵێکی زانستی واکە عەقڵ وتەمەنی منداڵەکە قەبوڵی نەکات و سەری لێ بشێوێنێت و تووشی رامان و پرسیاری بکات.

سـەرهەڵدانی ئـەو جـۆرە چـیرۆکە لـە مێـژوودا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی نۆزدەهـەم، هـەروەك د.هـادی نعمـان الهـیتی دەڵێـت: ((لەسـەدەی نۆزدەهەمـدا و لـەدوای ئـەو ڕێنسانسـەی کـە جیهـانی بەخۆیـەوە بـینی لەهـەموو بوارەکانـدا، ئەدەبێکی نوێ هاتەمەیدان کـە ئـەدەبی زانسـتیی خـەیاڵی یـە. چـیرۆکی زانسـتی لەهەر سەرەتایەکدا خەیاڵەکانی منداڵ گەورەتر دەکا و تواناکـانی ژیرییـان گەشـە دەکات))١، بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا و دایك و باوکان بایەخ بەم لایەنە بـدەن و منداڵانی خۆیان بەو جۆرە چیرۆکانە گۆش بکـەن. چـونکە ئێمـە مانـان خۆمـان زۆرماندوودەکـەین بەپـەروەردەکردن وفێرکردنـی نـەوەکانمان کەچـی زۆربـەمان نازانین کە ئەم جۆرە چیرۆکانە منداڵ فێرە زانست و زانیاری دەکـەن و فەرهـەنگی زمان دەوڵەمەندو، مێشکی کاراتردەبێت.

((چیرۆکی نایاب هەر بەوە ناوەستێ کەلـەو خاڵـە دەسـت پێبکـات کەمنـداڵ زانیاری لەبارەیەوە هەیە بەڵکو ئارەزووی دەبزوێنێ بۆ دەست پێکردنـی گەشـتێك لەوێدا و لەگـەڵ ڕووداوەکـانی چـیرۆکەکەدا دەڕوات، ورەی بـەرز دەبێـت، زانیـاری قـووڵتر دەبێـت و لەهـەمان کاتـدا منـداڵ کاتێـك ئـەزموون و زانیـاری دەربـارەی کەسایەتی و ڕووداوو شتی تر لە چیرۆکەکە وەرگرت ئیدی پەیوەندی لەنێوان ئـەو زانیارییـەی لـە چـیرۆکەکەوە فێربـووە و زانیـاری بـە شـێوەیەکی گشـتی دروسـت دەکات یان لە نێوان ئەوگەردوون و جیهانەی کە لـەناو چـیرۆکەکەدا هەیـە لەگـەڵ گەردوون و جیهاندا بە شێوەیەکی گشتی))[٢].

ئەمەش ئەوەیە کە منداڵ بەم جۆرە چیرۆکانە لێکدانەوە و بەراوردکردن لە نێوان جیهانی ناو چیرۆکەکە و جیهـانی واقیعیـدا فێردەبێـت کـەخۆی و هاوڕێکـانی

١ . هادي نعمان الهيتي، أدب الأطفال فلسفته، فنونه، وسائطه، ص١٥٨.
٢ . د. علي الحديدي، في أدب الأطفال، ص١٢٣.

تێیدا دەژین، بەم شێوەیە بیری زیاتر دەکرێتەوە و مێشکی فراوانتر دەبێت.

لەناو چیرۆکی منداڵاندا چیرۆکی (زانستی) هەیە و چیرۆکی (خەیاڵی زانستی)ش هەیە زۆرکەس ئەم دوو شێوەیە تێکەڵ یەکتری دەکەن کەلە راستیدا دوو شتی جیاوازن ((چیرۆکی خەیاڵی زانستی مامەڵە لەگەڵ تواناکانی زانستی و گۆڕانکاریەکان دەکات لەناو کۆمەڵگەدا، ئامانجی ئەم چیرۆکانە پێشبینی دوا ڕۆژی مرۆڤ و گەردوون دەکەن، ئەم جۆرە چیرۆکانە پەیوەندی بەهێزیان بە پێشکەوتنی خێرایی جیهانی ئەمڕۆوە هەیە، بە پێشبینی کردن، یان چیرۆکی دوا رۆژ....))[1] .

لەناو ئەدەبی منداڵانی کورددا بە دەگمەن نەبێت ئەم جۆرە چیرۆکانە نابینرێن، بە گوێرەی زانیاری لێکۆڵەر، لە چیرۆکەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ئەم جۆرە چیرۆکانە بەرچاو ناکەون هەروەك نووسەر خۆیشی دەڵێت: ((ئەفسانە و خەیاڵی زانستی دوو شتی لەیەك نزیکن بەڵام جیاوازیشن، خەیاڵی زانستی بەو واتایەی کەپێشبینی شتی زانستی بکرێت، ئەمە لەناو ئەدەبی کوریدا نییە))[2] .

هەر چی چیرۆکی زانستی یە هەندێك زانیاری دەدات بە منداڵ کەلە ژینگەی ئەودان زانیارییەکان رەنگە سەرەتایی بن، گەوران زانیارییان لەو بارەوە هەیە، بەڵام منداڵان ئەو زانیاریەیان نییە و هەمیشە پرسیار دەکەن. ئەم جۆرە چیرۆکانەش سوودیان زۆرە بۆ منداڵ لەلایەکەوە چێژی لێ وەردەگرن و لەلایەکی تریشەوە فێرە هەندێك شت دەبن و زانیاری لەبارەی زۆر شت پەیدادەکەن. جاری واش هەیە زانیاریەکان لە دەرەوەی ژینگەی منداڵن بەڵام بۆی باس دەکرێت و لە میانەی چیرۆکی زانستی یەوە ئەو زانیاریانەی بە منداڵ دەدرێت، وەك سوودی خۆر چی یە بۆ مرۆڤ؟ یان سوودی هەڵم و زەریاکان بۆ منداڵ روون دەکرێتەوە هەروەها گوڵ ئاو دەخواتەوە، یان بەکارهێنانی چەند وشەیەکی نوێ کە پێشتر منداڵەکە گوێی لێ نەبووە.

---

١ . د.هادي نعمان الهيتي، ثقافة الأطفال، ص١٩٧.

٢ . چاوپێکەوتن لەگەڵ (لەتیف هەڵمەت)، رۆژ:دووشەممە، ٢٠٠٨/٣/١٠، سلێمانی، کاتژمێر ٣٠و١٠بەیانی، ئوتێلی ئاشتی.

– چیرۆکە زانستییەکانی (لەتیف هەڵمەت)

لەتیف هەڵمەت هەندێك لە چیرۆکەکانی، کۆمەڵێك زانیاری بەمنداڵ دەدەن و زانستییان زیاتر دەکات. لێرەدا چەند چیرۆك بەنموونەی ئەم جۆرە دەهێنینەوە.

لە چیرۆکی (خۆر و دەریا و با)دا، دەمەقاڵێك لە نێوان ئەو سێ رەگەزە گرنگەی ژیاندا پەیدا دەبێت کە هەریەکەیان خۆی پێ باشترە لەوی تر، ئەمەش بۆ دروست کردنی گرێ یەکەو روونکردنەوەی لایەنە زانستی یەکەیە کە منداڵەکە نایزانێت.

لە چیرۆکەکەدا هاتووە ((بەیانیانێکی هاوین خۆر لە لوتکە هاتەخوارەوە چوو لەناو دەریایەکدا مەلەبکا.... دەریاکە تووڕەبوو بە خۆرەکەی وت:((ئەوە چی یە تۆ هەموو رۆژێ بەر لەوەی خێروشەڕ بەش بکرێ دێی سەر لەمن تێك دەدەیت و شەپۆلە فێنکەکانم داخ دەکەی..)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٣٧).

دوای ئەوەی خۆر و دەریا لەیەك توڕەبوون و دەریا قسەی ناشیرینی بە خۆرەکە وت، پاشان خۆرەکەش وەڵامی دەداتەوە ((برا خۆشەویستەکەم ئەم قسە رەق و ناشیرینانەم بۆ پێ دەکەی ئاخر ئەگەر من نەبم نەرووەك ونە هیچ گیانلەبەرێك لە زەوی و دەریاد بە زیندوێتی نامێنن و ناژین)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٣٧–٣٨). ئەم زانیارییە سوود بەمنداڵ دەبەخشێت و دەزانێت کەخۆر سەرچاوەی ژیانە لەپاشان دەریا دێتە قسەو دەڵێت: ((ئەم قسانە چی یە من دەبم بە هەڵم و بەرزدەبمەوە و ناوچە بەناوچە دەڕۆم و تێنوێتی دار و درەخت و گیانلەبەران دەشکێنم...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٣٨).

بەم شێوەیە منداڵان زانیاری تر پەیدادەکەن و لەرێگەی ئەم چیرۆکەوە فێردەبن کەئاوی دەریاکان دەبن بە هەڵم و دواتر دەبنەهەوروپاشان بە باران دنیا تێر ئاو دەبێت. لەپاش ئەم دەمەقاڵێ و گفتوگۆیە (با) پەیدادەبێت و بەدەریاکە دەڵێت: ((ئەوەت لەبیرنەچێ ئەگەر من نەبم تۆ ناتوانی لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر بچی...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٣٨).

ئەم زانیارییەش بۆ منداڵ دەردەکەوێت کە (با)ش سوودی خۆی هەیە و بەهۆی (با)وە هەڵم و هەورەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دوگوازرێتەوە.

بەکورتی لەم چیرۆکەدا منداڵان کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی دیاردە سروشتییەکان کۆدەکەنەوە کە چۆنیەتی باران بارین و سوودی خۆر و سوودی با.

لــە چــیرۆکی (بــەهێزترین شــت)دا دیســانەوە چــیرۆکنووس بــە شــێوەی گفتوگۆیەکی توند هەندێك شت پێشکەش دەکات و دەناسێنێت. کەسایەتییەکان خۆیان، خۆیان دەناسێنن و سوودەکانی خۆیان روون دەکەنەوە. ئـەم شـێوەیەش لە رووی دەروونییەوە زۆرباشە[1].

چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە ((چیا گوتی: مـن بـەهێزترین شـتم لـە زەوی دا. قۆڵنگ گوتی: من لە تۆ بەهێزترم چونکە دەتوانم بەردەکانت لەت و پەت بکەم و دڵت هەڵکۆڵم.. ئاگر وتی: ئێوە چ دەڵێن.. مـن ئـاگرم ئـاگر... مـن لەهـەر دوکتـان بـەهێزترم... ئـەی قـوڵنگ هـەزاری وەکـو تـۆ دەتوێنمـەوە...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢١٠–٢١١).منداڵ لەوبارەیەوە زانیاری پەیدادەکات کە قـوڵنگ ئامێرێکـەو بـەرد دەشکێنێت. ئاگریش دەتوانێت ئاسن بتوێنێتەوە، رەنگە منداڵ لـە قوتابخانەشـدا ئەم وانانە بخوێنێت بەڵام بەشێوەی چیرۆك زانیاری ئاسانتر وەردەگیرێت.

هــەروەها لــە چــیرۆکی (شــالا وگــوڵی نــاو ئینجانەکــە)دا، منــداڵ زانیــاری لەسەرچۆنیەتی ئاودانی گوڵ وەردەگرێـت یـان راسـتتر بڵـێین فێردەبێـت کـە گـوڵ چۆن ئاو دەخواتــەوە. لـە چـیرۆکەکەدا هـاتووە کـە شـالا گوڵێـك دەچـێنێت و بـۆ دووسێ رۆژ لەبیر دەکات ئاوی بـدات، لـە ئەنجامـدا گوڵەکـە بەشـالا دەڵێـت:((تـۆ ئەوە سێ رۆژە منت لەم ئینجانەیەدا چاندووە و ئاوت نەداومەتێ...

شالا پرسی: بۆچی گوڵیش ئاو دەخواتەوە، گوڵەکەگوتی: بـەڵێ شـالا گیـان گوڵ رۆژێ دووسێ جار ئـاو دەخواتـەوە...شـالا گـوتی:((ئـەی گـوڵی جـوان چـۆن چۆنی ئاوت بدەمێ خۆتۆ دەمت نییە ئاوی پێ بخۆیتەوە... گوڵەکە گـوتی: ئـەی هاورێی میهرەبان تۆ ئاو بکەرە سەر خاك و گڵی نـاو ئینجانەکـە و مـن لـە رێگـای رەگ وریشـاڵەکانمەوە ئاوەکـە بـە ئاسـودەیی دەخۆمـەوە..)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل٥١).

---

[1] مامۆستا یوسف عوسمان حەمەد کە پسپۆری دەرونزانی یە ئەو رایەی هەیـە، ئـەم زانیاریـەمان لـە چاوپێکەوتنێکەوە وەرگرت کە لە رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢، لەشاری هەولێر ئەنجامان دا.

بەم  شێوەیە منداڵ کەگوێی لەچیرۆکەکە دەبێت فێردەبێت کە گوڵ ودارو درەخت لە رێگەی رەگ وریشاڵەکانییەوە ئاو دەخواتەوە. نەك وەك مرۆڤ و ئاژەڵ کە لەرێگەی دەمەوە ئاو دەخۆنەوە، بێگومان ئەم زانیاریەش سوود بەمنداڵ دەگەیەنێت.

هەروەها لەچیرۆکی (چۆن منداڵەکان قوتابخانەیەکیان لەگوندەکەیاندا دروستکرد)دا، منداڵان فێری چەند شتێك دەکات کە بۆ قوتابی سوودی هەیە. کورتەی چیرۆکەکە ئەوەیە کەگوندێك لە پشت چیایەکەوەیە، قوتابخانەی لێ نییە، منداڵەکان زۆریان وازیان لە خوێندن هێناوە چونکە لەبەر رێگای دوور و بەفروسەرما ناتوانن بچنە گوندەکانی تر بۆیە((رۆژێك هەموو منداڵانی گوندەکە کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بچن بۆ شار و پێشنیاری کردنەوەی قوتابخانەیەك لە گوندەکەیان ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە بکەن...)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل١٤٩).

لەم دەقە چیرۆکەدا منداڵ فێری وشەی (پێشنیار) و (وەزارەتی پەروەردە) دەبێت، پێویستە لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا مامۆستا یان ئەوەی چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە ئەو وشە و دەستەواژانە بۆمنداڵ روون بکاتەوە کەلێیان تێناگات، لەهەمان چیرۆکدا چیرۆکنووس کۆمەڵێك زانیاری دەداتە منداڵ لەبارەی چەند شتێکەوە کە پەیوەندییان بەبیناو وخانوو دروست کردنەوە هەیە دوای ئەوەی وەزارەت پێشنیارەکەی قبوڵ دەکات ((ئیتر دەستبەجێ ئەندازیار و بەڵێندەر ئۆتۆمبێلێکی گەورەیان پڕاوپڕ کرد لە چیمەنتۆ و بلۆك و چەو و لم و ئاسن و هەموو کەرەستەیەکی دی بیناسازی و وەستاوکرێکار بۆ ئەوەی بەزووترین کات قوتابخانەیەك لە گوندەکەدا دروست بکەن....)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل١٥٠).

هەموو منداڵێك ئەم زانیارییانە نازانێت، بەهۆی ئەم چیرۆکەوە منداڵ فێردەبێت کە ئەندازیار کێ یە و کاری چی یە؟ یان بەڵێندەر چی یە ئیشی چی یە؟ یان ئەو کەرەسانەی پێویستن بۆ بیناسازی چین، رەنگە پێشتر منداڵ وابزانێت کە بیناو خانوو دەبێت هەر لە قوڕ و بەرد بێت بە تایبەتی کەلە گوندەکانیش بن، بۆیە ئەم زانیارییانە بەئاسانی دەچنە ناو فەرهەنگی منداڵەکان و زمانەکەیان دەوڵەمەنتر دەکات.

هـــەروەها لـــە چـــیرۆکەکەدا زانیـــاری زیـــاتریش بەمنـــداڵ دەدرێـــت وەك بەکارهێنانی وشەی (شۆفلێ) و (سـەرۆکی شـارەوانی) و (مۆڵـەت) و زۆر شـتی تـر، یان کە شۆفلەکە دەڵێت من هیچ نیم ئەگەر شۆفێر نەیەت و لـێم بخورێـت مـن چـی بکەم؟ بەمەش منداڵان فێردەبن کە ئامێر هیچ نییـە ئەگـەر کەسـێك نـەبێت ئیشـی پـێ بکـات بەمـەش گـەورەیی مرۆڤیـان بـۆ دەردەکـەوێت و فێـردەبن کـە مرۆڤــ سەرچـاوەی دروسـتکردنی ئامێرەکانـەو بەعـەقڵ و ژیـری مرۆڤـەکان دنیـا پـێش دەکەوێت و زانست و تەکنەلۆجیا هەمووی بەرهەمی مێشکی مرۆڤە، کەواتە مرۆڤ بە نرخترین سەرمایەیە لە جیهاندا.

## ٣- چیرۆکی سروشتی

سروشـت بـەجوانی و قەشـەنگی خۆیـەوە، بـەو هـەموو زینـدەوەر و ئـاو و رووبارو دار و درەختەوە ماڵی هەموو مرۆڤێکە، لێرەدا ئێمە کە ئەو جۆرە ناوەمان لەهەنـدێك چـیرۆك نـاوە، کـە کەسـایەتییەکانیان نـەمرۆڤن و نـە ئـاژەڵن لەهـەمان کاتیشدا ئەم چیرۆکانە سوودی خۆیان بۆ منداڵان هەر هەیە.

زۆر جـار مامۆسـتایان ئـەم جـۆرە چـیرۆکانە بـۆ قوتابییـان دەگێڕنـەوە بەمەبەستی چێژ پێگەیانـدن، هـەروەك (د.علـی الحدیـدی) دەڵێـت: ((مامۆسـتایان ئەوانەی (چیرۆکی سروشتی) بەکار دەهێنن وەك چیرۆك نەك کتێبی قوتابخانـەیی، یارمەتی پرۆگرامـی خوێنـدن دەدات، هـیچ کێشـەیەك بـەرەو روویـان نابێتـەوە کـە جێبەجێی بکەن یان نەیکەن، لە حەقیقەتە زانستییە نوێکان، لەپاشان پێشکەشـی منداڵانیان دەکەن وەك خەڵاتێکی جوان))١.

واتە ئەم چیرۆکانە لەزۆر لایەنەوە لـە چـیرۆکی زانسـتی دەچـن بـەڵام مـەرج نییە دەقا و دەق وەکو چیرۆکی زانستی وابن، چـونکە ئـەم چـیرۆکانە، لەبەرئـەوە ناویان لێنـراوە چـیرۆکی سروشـتی چـونکە کەسـایەتییەکان دارو درەخـت و کـانی وشتی سروشتین. ئەم چیرۆکانە بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تر کـەمن و ئەوەنـدە باس نەکراون.

---

١ . د. علي الحديدي، في أدب الأطفال، ص١٩١.

**چیرۆکە سروشتییەکانی لەتیف هەڵمەت**

سەبارەت بە چیرۆکەکانی لەتیف هەڵمەت کە لەم شێوەیەدان چەند چیرۆکێکن یەکە یەکە باسیان دەکەین.

لە چیرۆکی (هاوڕێتی کانی و دارتوو)دا کەسایەتییەکان دیارە کە (کانی و دراتوویەك و کەستەکە خوڵێکن). دارەکە بانگی دڵۆپە ئاوێك دەکات کەبێت تێنوێتی بشکێنێت ((کەستەکێك ڕێی لە دلۆپە ئاوەکە گرت و نەیهێشت بڕوات بۆ لای دارەکە دڵۆپەیەکی تر هات... دڵۆپەیەکی تریش ودڵۆپەیەکی تریش و هەزاران هەزار دڵۆپەی تر هاتن و بوون بەشەپۆلێکی گەورە و کەستەکەکە... لەشەپۆلە ئاوەکەدا توایەوە و شوێن وهەتەری نەما...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٣٤–٣٥).

جگە لەوەی کە ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی سروشتی یە لە هەمان کاتیشدا چیرۆکێکە لایەنی پەروەردەیی تێدایە، منداڵان فێری ئەوە دەکات کە ئەگەر یەکگرتن و تەبایی هەبێت هیچ شتێك لە بەرامبەریدا خۆی ناگرێت و لە شتی بچووك شتی گەورە دروست دەبێت.

هەروەها لە چیرۆکی (ئەو دارەی گەڵای خۆی فرۆشت)دا، دارتوویەك گەڵایەکی زۆری پێوە بوو لەشی قورس کردبوو بۆیە بە بای گوت: ((ئەی با توندەکە ئەی هاوڕێ دێرینەکەم گەڵاکانم هەڵوەرێنە و باری لەشم سووك کە... با هاژەی کرد و لق و چڵەکانی خستە لەرزین و گەڵاکانی هەڵوەران)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٦١).

لە دوای ئەم ڕووداوە دارەکە سەیرێکی خۆی کرد زۆر ناشیرین خۆی هاتە بەرچاو کەبایەکە لەوسەر گەڕایەوە سەیر دەکات دارتووەکە دەگری، بایەکە پێی گوت ((ئەی دارتووەکە، هاوڕێ دێرینەکەم بۆ دەگریت؟ دارتووەکە بە قوڕگێکی پڕ لەهەنسکەوە گوتی: تەنیام... : نەچۆلەکەیەك گۆرانیم بۆ دەڵێ و نەمناڵێك لە سێبەرمدا یاری دەکات و نە دڵدارێکیش لە سایەمدا داستانی دڵداری خۆی دەگێڕێتەوە! باکە قاقا بە دارتووە گێلەکە پێکەنی و بە لووتکەکاندا هەڵگژا.)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٦١–٦٢).

بەم شێوەیە ئەم چیرۆکەش منداڵان فێردەکات کە هەرگیز لەخۆبایی نەبن وفیز نەیان گۆڕێت، چونکە ئەو کەسانەی لەخۆبایی دەبن ولەخۆیان تێك دەدەن

وەکو دارتووەکە پەشیمان دەبنەوە، بەڵام پەشیمانی سوودی بۆ کەس نەبووە و نابێت. بۆیە بابەکە بەگێل ناوی دارتووەکەی هێناو بەجێ ی هێشت.

هەروەها لە چیرۆکی (هاورێیەتی)[1] دا، رووبارێك لەبن دارێك لای دا ویستی دارەکە ئاوبدا، بەڵام دارەکە هەر لەخۆیەوە تووڕە دەبێت و رووبارەکە دەردەکات، دوایی دارەکە زەرد هەڵدەگەڕێت و بەگریانەوە داوا لە رووبارەکە دەکات کە بگەڕێتەوە لای بۆیە رووبارەکەش دڵی بۆی دەسووتێ و بەزەیی پێدا دێتەوە دەڵێت: ((دارەکە ئەوەندە بانگی ڕووبارەکەی کرد ڕووبارەکە دڵی بۆی سووتا و بەزەیی پیادا هاتەوە گەڕایەوە بۆ لای دارەکە و تێر ئاوی داو لق و چڵەکانی گەشانەوە...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢١٥).

کەسایەتییەکان لەم چیرۆکەشدا دار ودرەخت و ئاوەو شتی سروشتین منداڵان فێر دەکات کە مرۆڤ نابێت هەر لە خۆوە تورە بێت، ئەم زیزبوون و تورەبوونە لە خۆبایی بوون نییە بەڵکو زۆر کەس هەر لەخۆوە تووڕە دەبن بە بێ هۆ دوایش پەشیمان دەبنەوە، بۆیە لە ڕێگای ئەم چیرۆکەوە منداڵان فێردەبن کە لەخۆوە و بەبێ هۆ لەنان خواردن یان لەسەفەرکردن لەگەڵ ماڵەوە تووڕەنەبن و دوایش پەشیمان ببنەوە، وفێریش دەبن کە بەڕاستی دار ودرەخت بەئاو دەژین، بۆیە ئاو و دار و درەخت هاوڕێی یەکترین.

بەم شێوەیە ئەو سێ چیرۆکەی لەتیف هەڵمەت کە بەم ناوە ناونراون، باسمان لێوەکردن و بەهاو ناوەرۆکەکەشمان روون کردەوە. چیرۆکی تریش هەیە کە کەسایەتییەکانی نە مرۆڤ و نە ئاژەڵن تەنها شتی سروشتین و لە چیرۆکی زانستیدا دامانناون ئەوان زیاتر چیرۆکی فێرکردن بوون بۆ منداڵان، ئەم جۆرە چیرۆکانە بە شێوەیەکی گشتی کەمترن لەوانی تر لەناو ئەدەبی منداڵاندا. پێویستە زیاتر بکرێن چونکە سوودیان بۆمنداڵان لەوانی تر کەمتر نییە.

---

[1] - چیرۆکنووس دوو چیرۆکی بەم ناونیشانە هەن. هەر یەکەیان لەبەرگێکە و بەناوەرۆکێکی جیاوازەوە.
- هاوڕێیەتی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ٢٠٠٥، ل٢١٤.
- هاوڕێیەتی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ل٢٣.

## تەوەری سێیەم :-

### ١- چیرۆکی پەروەردەیی و نیشتمانی

پەروەردە ئەو رەوشە گرنگەیە، کەمندالْ پێش چوونی بۆ قوتابخانە، لە ژینگەی بچوکی ماڵدا لەسەری رادەهێنرێت، هەتا دەچێتە باخچەی ساوایان وپاشان دەچێتە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی...هتد.

هەتا منداڵەکە گەورەتر بێت ئەرکی دایك و باوك و مامۆستا کەمتر دەبێتەوە و کارەکەیان لەگەڵ منداڵدا ئاسانتر دەبێت، لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی کە باسکران جۆرێك لە پەروەدەکردن پێویستە. لەتەمەنی (٣-٥)ساڵیدا منداڵ هەر ئەوەندە بزانێت خۆی پیس نەکات و خۆی لەئاگر و هەندێك شتی ناوماڵ بپارێزێت. کە ئەگەر دەستیان لێبدات زیانی پێ دەکەوێت.

لە قۆناغەکانی بەرەو ژوورتردا بەخێوکەری منداڵ جۆرێکی تر لەئاکار و رەوشتی لە منداڵەکە دەوێت، لەباخچەی ساوایاندا هەر ئەوەندە بزانێت، کە چۆن بێت بۆ باخچەکەی و فێر بکرێت دەستە سڕ هەڵبگرێت، فێری دان بەخۆداگرتن دەکرێت کەبۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك دایکی نەبینێت، تێکەڵاوی چەند منداڵێکی تر دەبێت کە پێشتر نەیبینیون، نەیناسیون، بەمەش بیری دەکرێتەوە کە بەڵێ خەڵك هەر تەنها بریتی نیە لەماڵەکەی ئێمە وخەڵك لە دایە و بابە و دراوسێ کەمان و ماڵی خاڵم و پورم....هتد زۆرترن.

دەبێت ئەوەش بزانین کە ((بەهای پەروەدەیی، ئەزەلی نییە، بەڵکو لەمیانەی پرۆسەی فێرکردنەوە دێتە بەرهەم، ئەوەش وامان لێ دەکات کە دەرك بەوەبکەین کە پەروەردە بەهەموو شێوەکانییەوە هۆیەکە بۆ پێکهێنانی بەهاکان و رێکخستنیان))[١].

واتە پەروەردە دەبێتە بناغەیەك بۆ زانین و فێرکردن و رێکخستنی بەهاکانی تر لەناو ژیانی منداڵدا. بۆیە دەبێت ئەم لایەنە زۆر بایەخی پێ بدرێت وفەرامۆش نەکرێت. بێگومان پەروەردە لەخێزانەوە دەست پێدەکات و بەرەو

١ . أحمد علي كنعان، أدب الأطفال و القيم التربوية، ص١٩٤.

باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان هەنگاو دەنێت، پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی گشتگیرە و لەگەڵ منداڵدا دەڕوات و لێی جیانابێتەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە پەروەردە بە پێی ئەو کۆمەڵگایەی منداڵەکەی تێدا دەژێت دەگۆڕێت. ئەو ماڵەی کە منداڵەکەی لێ بەخێودەکرێت و ئەو ژینگەیەی یاری تێدا دەکات و ئەوخۆراکەی دەیخوات و ئەو جل و بەرگەی لەبەری دەکات....هتد ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکە هەیە.

ئەگەر دایك و باوکێك یان کۆمەڵگایەك باوەڕیان بەپرەنسیپێکی پەروەدەیی نەبێت ئەوان بە منداڵەکانیشیان ناڵێن چونکە خۆیان باوەڕیان پێ نییە، بۆ نموونە ئەگەر باوکێك باوەڕی بەناردنی کچان نەبێت بۆ قوتابخانە، ئەوا کچەکەی خۆی نانێرێتە قوتابخانەو هانی خەڵکیش نادات کە کچەکانیان بخوێنن. کۆمەڵگاش بەهەمان شێوەیە بنچینەی کۆمەڵگاش هەر لە خێزانەوە دەست پێدەکات.

ئەو چیرۆکانەی کە پەروەردەیین بابەتەکانیان زۆر فراوانن، چونکە هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ پەروەردەی خۆی هەیە وەك پەروەردەی نیشتمانی، پەروەردەی دەروونی، پەروەردەی تەندروستی، پەروەردەی سێکسی....هتد، زۆربەی چیرۆکەکانی منداڵان لە ژێر رۆشنایی ئەو خاڵەدا دەکەونە بەر ئەم جۆرە چیرۆکە لە رووی بابەت و بەهاکانەوە، چونکە یەکێك لە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانی چیرۆکی منداڵان پەروەردەیەکی دروستە.

پەروەردەی نیشتمانی و خۆشەویستیی نیشتمان لەبەها گرنگەکانی چیرۆکی منداڵانن، کە لە رێگەیانەوە منداڵ فێری خۆشەویستیی نیشتمان دەکات. لەوانەیە ئەم چیرۆکە باسی کۆمەڵەی سەرەکیی بەهای نیشتمانی بکات، یان باسی لقە بەهایەك بکات لەکۆمەڵەی بەهاکانی خۆشەویستیی نیشتمان.وەك خۆشەویستیی ئاڵا، خۆشەویستیی سەرکردەکانی نەتەوەیی، خۆشەویستیی بۆ دەستکەوتەکان، خۆشەویستیی زمانی نەتەوەیی، خۆشەویستیی جل وبەرگی نەتەوەیی، خۆشەویستیی کەلتور.....هتد.

((چیرۆکی بەرگری لەناو چیرۆکی پاڵەوانێتیدا باسدەکرێت، ئەو چیرۆکە هەمیشە لەگەڵ خەیاڵدا باڵ ناگرێ، بەڵکو هەمیشە ناوەرۆکی ئامانجدار و واقیعی لەخۆ دەگرێت، بۆ نموونە ئەو چیرۆکانەی کە هەستەکانی منداڵان دەبزوێنن

بەرامبەر بەکەسان و بیرەکانی دیاری کراو، وایان لێ دەکات لەسەر هەندێك حەقیقەت رابوەستن کە ئاسۆیەکی فراوانیان بۆ دەدۆزێتەوە))[1].

سەبارەت بە چیرۆکی منداڵانی کوردەوە، لەبەر ئەوەی گەلی کورد بە درێژایی مێژوو خاکی زەوت کراوە و خەڵکەکەی چەوسێندراوەتەوە و گوندەکانی خاپورکراون گەلی کوردیش بەرامبەر بەو دەستدرێژی و زۆردارییە بەرگری لە خاك و نیشتمانی خۆی کردووە، بۆیە ئەدەبەکەشمان پڕە لە گیانی بەرگری و خۆبەختکردن بۆخاك و نیشتمانمان، ئەمەش ئەرکی سەرشانی چیرۆکنووسانی منداڵانە بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری گیانی بەرگری وخۆشەویستیی نیشتمان بێن ومێژووی گەلەکەشیان لەبیر نەچێتەوە.

-(**چیرۆکە پەروەردەیی ونیشتمانییەکانی لەتیف هەڵمەت**)

ئەم جۆرە چیرۆکانە لە لای لەتیف هەڵمەت بەشێکی زۆریان بەرکەوتووە بە تایبەتی چیرۆکە پەروەردەییەکان، لە چیرۆکی (تەڵێ شقارتە)دا، چیرۆکنووس باسی منداڵێك دەکات کەهەموو رۆژێك شقارتەکەی دایکی دەدزی و تەڵە تەڵە دایدەگیرساندن و یاری پێ دەکردن. دایکیشی لێی دەدا، منداڵەکەش دەهاتە وەڵام و دەیگوت: ((دایە گیان ئێ بۆ لێم دەدەی چیم کردووە تەنها سێ چوار تەڵە شقارتەم تەقاندووە، جا خۆ باوکم رۆژێ پەنجا تەڵە شقارتە زیاتر دادەگیرسێنێ. ئەی بۆ لەونادەی)). (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢٤).

ئەم چیرۆکە جگە لەوەی پەروەردەییە بۆ ئەوەی منداڵ یاری بەئاگرنەکات، لە هەمان کاتیشدا زیانی جگەرەکێشان روون دەکاتەوە کە ئەگەر باوك لە ماڵەوە جگەرەکێش بێت، ئەوا منداڵیش لاسایی دەکاتەوە.

لە چیرۆکی (باخچە)دا، چیرۆکنووس پاراستنی ژینگە وپاککردنەوەی شوێنی پیس وبەباخچەکردنی دەکاتە کەرەسەی چیرۆکەکە، لە چیرۆکەکەدا داهاتووە (ئاراز منداڵێکی ژیرو وریا بوو هەموو رۆژێ کە دەچوو بۆ قوتابخانە و دەهاتەوە لە بۆگەنی ئەوخۆڵ وپیسایی وبەرماوانە بێزار دەبوو کە هەندێ لەماڵانی گەڕەك لە

---

١ . هادي نعمان الهيتي، ثقافة الأطفال، ص١٩٢.

گۆڕەپانــە بچــكۆلانەكەی خــوار كۆڵانەكــەوە ڕۆیــان دەكــرد.) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢٢٦).

هەتا ئێرە پێشكەشكردنی شوێن و گۆڕەپانەكەیـە واتـە بـەپیس و پـۆخڵی و هۆی دروست بوونی ئـەو شـوێنە پیسـەش دەستنیشـان دەكـات كەپابەندنـەبوونی هەندێ خەڵكە بەیاساكانی شارەوانی و خۆڵ و خاشاك لە كۆڵان دەڕێژن و نایكەنـە شوێنی تایبەتەوە، لە ئەنجامدا منداڵەكە ( ئـاراز) بڕیـار دەدات كەچارەسـەرێك بـۆ ئەم بارودۆخە بدۆزێتەوە، بۆیە لەپشووی هاویندا بەیارمەتی هاوڕێكانی ئەو شوێنە پاك دەكەنەوە و لە شوێنی ئەو پیسیەشدا نـەمامی جـوان دەچـێنن و دەیكـەن بـە باخچەیەكی جوان وخاشاك لەوێ ناڕێژن و ئەو شوێنە دەبێتە شوێنێكی زۆر خۆش و پـڕ لـەدار و درەخـتی جـوان، لـەبری ئـەوەش باوكـان هەریەكـە و دیارییـەك بـۆ منداڵەكانیان دەكڕن.بەراستی ئەم چـیرۆكە واقیعـی كۆمـەڵی كـوردەواری دەخاتـە بەرچـاو، پاراسـتنی ژینگـە ئـەمڕۆ لـە دنیـادا زۆر بایـەخی پـێ دەدرێـت بـەڵام لەكوردسـتاندا گرنگییەكـەی بـەو رادەیـە نـازانن، ئـەم چـیرۆكە منـداڵان و مێـرد منداڵان فێر دەكات كە پابەندی یاساكانی ژینگە پارێزی بن و بایەخی پێ بدەن.

هەروەها لە چیرۆكی (هێلانەی قەلەڕەش) و چیرۆكی (شالا چی كرد)دا، لـەم دوو چـیرۆكەدا چـیرۆكنووس بەمنـداڵان دەڵێـت دەبێـت باڵنـدەیان خـۆش بوێـت وراویان نەكەن كە ئەمەش بەشێكە لە جوانكردنی ژینگەی كوردسـتان، هەرچـەندە ئەم دوو چیرۆكە باڵندەكانی قەلەڕەشن بەڵام چیرۆكنووس ویستویەتی منداڵان تێ بگەیەنێت كەنابێت تەنانەت ئـازاری قەلەڕەشـیش بـدرێت كەباڵندەیـەكی جـوانیش نییە.

لـە چـیرۆكی یەكەمـدا هێلانـەی قەلـەڕەش لەسـەر دارێكـە لـەنزیك مـاڵی (ئـازاد)دا، دوو بەچـكەی زەرنەقووتــەی تێـدا بـوو: ((ئـازاد بەرلـەوەی بچـێ بـۆ قوتابخانە بەدارەكەدا سـەركەوت و ویسـتی بەچـكە قەلەڕەشـەكان لەهێلانەكـەیان دەربكات... لە پڕ دایكە و باوكەكەیان گەڕانەوە و پەلاماری ئازادیـان داو ئـازادیش ترسا و بۆ ئەوەی بەچڕنووك و دەنووكە تیژەكانیان چاوی كوێرنەكەن خۆی لەسەر دارەكە هەڵدایە خوارەرەو قاچێكی شكا...)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل٢٨).

بـەم شـێوەیە سـاڵێك لـە قوتابخانـە دوادەكـەوێت، ئـەم چـیرۆكە بەمنـداڵان رادەگەیەنێت كە نابێت هێلانەی هیچ باڵندەیەك تێك بدرێت یان بەچكەكانیان ئـازار بـدرێت. دەنـا وەكـو ئـازاد زیانیـان پێـدەگات، دەبوایەچـیرۆكنووس هێلانـەی قەلەڕەشـی لەسـەر داردروسـت نەكردبایەچـونكەقەلەڕەش هێلانەلەسـەردارناكات بەڵكولەسەرتاق وشوێنی بەرز دروست دەكات.

لە چیرۆكی دووەمیشدا شالاخان ریشۆڵەیەك بەدەستی ریشـۆڵە فرۆشـێكەوە دەبینێـت شـالاش پێـی دەڵێـت: ((مامـا گیـان ئـەو ریشـۆڵەیە نافرۆشـی؟ ریشـۆڵە فرۆشەكە وتی:دەیفرۆشم... شالا وتی بەچەندی دەفرۆشی؟ ریشۆڵە فرۆشەكە وتی بەدوو دیناری دەفرۆشم...)) (د:م، ب:١، چ:١، ل٢٨).

شـالا بـەو دوو دینـارەی بـاوكی پێـی دابـوو كەلـە قوتابخانـە خـەرجی بكـات ریشۆڵەكەی كڕی وئـازادی كـرد.. ((هـەموو بەیانییـەك شـالا كەلەخـەو هەڵدەسـتێ گـوڵێكی گـەش و جـوانی لەبـەردەم ژوورەكەیـدا دانـراوە...)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل٢٨).كەریشـۆڵەكەبەدیاری بـۆ(شـالا)ی دەهێنالـەبری ئـەوەی كـەژیانی لـەمردن رزگاركرد.

هـەروەها لـە چـیرۆكی (دارگوێزەكـەی مـاڵی شـالا)دا چـیرۆكنووس باسـی سوودەكانی دارگوێزێك دەكات كەهەرچەندە بەریش ناگرێت واتەگوێز نادات بـاوكی شالا رای وایە كە دارگوێزەكـە ببڕێتـەوە، بـەڵام شـالا پەشـیمانی دەكاتـەوەو پێـی دەڵێت: ((باوكە گیان تكات لێ دەكەم مەیبڕەوە چونكە سێبەرێكی خۆشی هەیـە و باڵندەكان لە ناو لق وچڵەكانیدا هێلانەیان كردووە و من و ئەو باڵندانە بـووین بـە هاوڕێی یەكدی و ئـەوان بـەیانیان گـۆرانیم بـۆ دەڵـێن و منـیش دانەوێڵـەیان بـۆ ڕۆ دەكەم وبەدەنووك دەیخۆن....)) (د:م، ب:٢، چ:١، ل١٩٠).

هەرچەندە بڕیار دەدات و مكوڕیش دەبێت، بەڵام شالاخان لە ململانـێ یەكـە بەردەوام دەبێت تا پێی دەكرێ بـەرگری لـە دارەكـە دەكـات و لەئەنجامـدا بـاوكی دارەكە نابڕێتەوە و دڵی شالاش ئاسـوودە دەبێـت. ئـەم چـیرۆكە چـەند لایـەنێكی پـەروەردەیی تێدایە. یەكەمیان: منداڵان فێر دەكات كەدار ودرەختیان خۆش بوێت و فێر دەبن ئەگەر دارێك بەری نەبێت سوودی هەر هەیە. دووەمیـان: منـداڵان فێـر

دەكات كە بەرگری لەو شتە بكەن كەباوەڕیان پێ هەیە وتادوا هەناسەش بەردەوام بن لەسەر ئەو بەرگری كردنە تادەگەنە ئەنجام.

لە چیرۆكی (مندالّ و بووكەشووشە)دا، چیرۆكنووس بە مندالّان دەلّێت كە دەبێت ئاگایان لەكەل وپەلەكانیان بێت. لێرەدا نموونە بە بووكەشووشەكە دەهێنێتەوە. بووكەشووشەكە گلەیی لەشالا دەكات كەجلەكانی كۆن بوون، بەلاّم شالا خان تەنها بۆخۆی جل وبەرگ دەكرێت و بۆ بووكەشووشەكە ناكرێت، شالاخانیش بڕیاردەدات كەلەگەلّ خۆی بیباتە بازاڕ، بەم شێوەیە ئاشت دەبنەوە و دەستە جلێكی جوانی بۆ دەكرێت، ئەم چیرۆكە بۆ مندالاّنی تەمەن (٣-٥) سالّی گونجاوە بە تایبەتی كچان چونكە بووكەشووشە پتر پەیوەندی بە كچانەوە هەیە، كە ئاگایان لەكەل وپەلەكانیان بێت و بە پاك وخاوێنی رایان بگرن.

لە چیرۆكی (جوانترین دێ)دا، كەچیرۆكێكە باس لە پەروەردەی نیشتمانی و خۆشەویستی و پابەندبوون بەخاك و ئاوی ولاّتەوە دەكات. كورتەی چیرۆكەكە ئەوەیە كەگوندێكی خنجیلانە و جوان لەبناری چیایەكی سەركەشدایە.ئەمە دیارە مەبەست (كوردستان)ە.ئازاد قوتابییەكی ژیر و زیرەكە. یارمەتی باوكی دەدات و وانەكانیش بەسەركەوتوویی دەخوێنێت رۆژێكیان كە لە قوتابخانە دەگەڕایەوە، پەڕەسێلكەیەك لە ژورەكەیدا هێلانەی دروستكردبوو، ئازادیش كەوتە ئاودانی گولّ و دارودرەختەكانی حەوشەكەیان، پەرەسێلكەكە پێی دەلّێت كەخۆی ماندوو نەكات چونكە زۆری نەماوە زستان دێت وئەو گولاّنە هیچیان بە پێوە نامێنن. ئازادیش دەلّێت ئەی تۆ چی دەكەیت و چۆن فریای خۆت دەكەوی. پەڕەسێلكەكەش دەلّێت: ((من ئەوگوندە جێ دەهێلّم وكۆچ دەكەم بۆ ولاّتێكی فێنك نەبەفری لێ دەباریّ و نەڕەشەباشی تیا دەخرۆشێ)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل١٥).

واتە بەجێهێشتن و كۆچكردن لەولاّتی خۆی بەلای پەڕەسێلەكەوە ئاساییە، داواش لە ئازاد دەكات لەگەلّیان بچێت، بەلاّم ئازاد رازی نابێت گوندەكەی خۆیان بەجێ بهێلێت، هەرچەندە پەڕەسێلكەكەبە ئازاد دەلّێت كەئەو شوێنەی ئەوبۆی دەچێت دەریای لێ یە و ولاّتێكی فێنكە و بەفری لێ نابارێت، بەلاّم ئازاد هەستی زیاتر دەبزوێت و بەجۆشەوە دەلّێت: ((گوندەكەم لەهەموو جیهان قەشەنگترە و

کانی یە بچکۆلەکانیش لەهەموو دەریاکانی جیهان گەورەترن و شۆخ و شەنگ ترن، بڕۆن تۆ و بەچکەکانت بۆهەر کویَ ئارەزوو دەکەن بڕۆن بەلاَم من هەر لە لە گوندەکەم دەمیَنمەوە...)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل١٧).

بەمجۆرە هەستی نەتەوایەتی و خۆشویستنی خاك و نیشتمان فیَری منداڵان دەکات لەم چیرۆکەشدا پەرەسێلکەی بە نموونەهیَناوەتەوە چونکە ئەم باڵندەیە گەڕۆکە دەبینین لە بەهاراندا پەیدادەبن و پایزانیش دەڕۆنەوە ولاَتی خۆیان، بۆیە کۆچکردن بەلای ئەوەوە شتیَکی ئاساییە، مرۆڤیش دەبیَت خاك و ولاَتی خۆی خۆش بویَت و ئامادە نەبیَت کۆچ بکات بۆ هەندەران یان هەر شتیَکی لەم بابەتە.

چیرۆکی (خۆریَکی گەورە و باخچەیەکی فراوان) بەشیَوەیەکی تەنز باسی سیاسەت دەکات، سیاسەت لقە بەهایەکە لەکۆمەڵەی بەهاکانی نیشتمانپەروەری و رامیاری بەلاَم هەندیَ جار ولای هەندیَ کەس ناپەسەند دەکریَت. لەم چیرۆکەدا منداڵیَك دەیەویَ لەشەقامیَك بپەڕیَتەوە. بەلاَم نەك لەسەر هیَڵە سپیەکا نەوە. پۆلیسەکە پیَی دەڵیَت:کوڕە هۆ و چاوت کویَرە..؟ ئەوە خەتەکەیە لەو لاتەوە بۆبە قاچاغ دەڕۆی...؟ (د:م، ب:١، چ:٢، ل١٨).

منداڵەکەش پیَی دەڵیَت: کە ئاگای لەخۆ نەبووەو بیری کردۆتەوە، پۆلیسەکەش چەندین قسەی ناشیرینی پیَ دەڵیَت و چەندین تۆمەتی دەخاتە پالَ، وەك پیاو کوشتن و دزی و ئەو شتانە منداڵەکە دەڵیَت نەخیَر دایکم پیَی گوتم کە دزی نەکەم ومیَروولەیەکش نەکوژم. چونکە ئەگەر وا بکەم کەس خۆشی ناویَم و هاوڕیَیەتیم ناکەن.پۆلیسەکە وازی لیَ ناهیَنیَت، منداڵەکەش هەردەڵیَت جاتۆ حەقی منت چی یە من بیر لەچی دەکەمەوە.پۆلیسەکە پیَی دەڵیَت : ((ئاخر زوو قسە بکە تابنا گویَتم سوور نەکردۆتەوە....

– بیرم لەوە دەکردەوە ئاسمان ببیَتە خۆریَکی گەورە و زەویش ببیَتە باخچەیەکی فراوان...

+ کیَ فیَری کردی وابیر بکەیتەوە؟

– باوکم....

+ باوکت....! باوکت تاوانبارە.. کوا لە کویَ یە؟)) (د:م، ب:١، چ:٢، ل٢٠).

لەم چیرۆکەدا پلارو تەشەر لـەرژێمی دەسـتەڵاتدار دەدرێـت بـەوەی دەسـت دەخاتە ناو هـەموو کاروبارێکـەوە هـەتاوەکو بیرکردنـەوەی منـداڵێك، بـەڵام ئەمـە زیاتر بـۆ ئـەو دام و دەزگایانـەی وەکـو رژێمـی بەعسـی روخـاو کەسـەدان منـداڵی کـوردی بێتـاوانی ئـەنفال و زینـدە بەچـاڵ کـرد. بـەڵام ئەگـەر سیاسـەتێك لـەناو جەماوەری خۆی هەڵقوڵابێت بەم شێوەیە رەفتار لەگەڵ منداڵدا ناکات.

ئەم چیرۆکانەی باسکران چیرۆکە پەروەردەییەکان و نیشتمانییەکانی لەتیف هەڵمەت بوون. خزمەتێکی باشیان بە رەوشی چیرۆکی منـداڵان کـردووە و منـداڵان فێرە رەوشت و ئاکاری جوان دەکەن و هەستی نیشتمانیان لەلا بەهێز دەکەن.

چەندین جـۆری دیکـەی چـیرۆکی منـداڵان هـەن بـەڵام لەبەرئـەوەی لـەتیف هەڵمەت لەو جۆرە چیرۆکانەی نین و بە پێی شارەزاییمان لەبابەتەکە و لەسەر رای تایبەتی خۆی کە چەندین جـۆر چـیرۆکی منـداڵان هەیـە بـەڵام ئـەم لـەم جۆرانـەی نییە.ئەوانیش چیرۆکی (ئاینی، چیرۆکی خەیاڵی زانستیی چـیرۆکی گاڵتەوگـەپ)ن لەناو ئەدەبی منداڵان و بەرهەمی نووسەرانی بواری چـیرۆکی منداڵانـدا ئـەم جـۆرە چـیرۆکانە بەرچـاو دەکـەون و خزمـەتێکی باشیشـیان بـە بـواری ئـەدەبی منـداڵان کردووە.

**٢- ناونیشان و بابەت**

ناونیشـانی چـیرۆك وەك ناسـنامەیە بـۆ چـیرۆك، چ بـۆ منـداڵان بێـت یـان بۆگەوران. لەهەڵبژاردنی ناونیشاندا چیرۆکنووس دەبێت وردبێت و بەسـەلیقەبێت، بزانێت کە ئەو چیرۆکە بۆکێ دەنووسێت؟ شارەزایی لەتەمەنە جیاوازەکانی منـداڵ هـەبێت، دەبێـت ناونیشـان پەیوەندییـەکی بـەهێزی بـە ناوەرۆکـەوە هەبێـت. وەسفێکی کورتی چیرۆکەکە بکات وەك بڵقی سەرئاوبێت و بەخێرایی ون بێت.

((پێویستە ناونیشان لەگەڵ شـوێن و ژینگـەی منداڵەکـە بگونجێـت کـە تێیـدا دەژیت))[١]، ئەگەر ناونیشان دەربڕی شوێن و کاتی مێژوویی منداڵەکە نەبێت و یـان لەگەڵ قۆنـاغی تەمـەنی نـەگونجێت ئـەوا ناونیشـانەکە بـەلای منداڵەکـەوە سـەرنج

١ . رازاو رەشید صبری، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، ١٩٩١-٢٠٠٥، ل٩٥.

ڕاكێش نابێت و ڕەنگە هەر گوێی لێ نەگرێت یان هەر نەیخوێنێتەوە.

**ناونیشان هەتا كورت بێت باشترە و، واباشترە كەیەكەم وشەی چیرۆكەكە بەناونیشانەكە دەست پێ بكات واتە لەسەرەتای چیرۆكەكە دوبارەبونەوەیەك رووبدات ئەمەش جۆرە مۆسیقایەك بۆ منداڵان دروست دەكات و باشتر لە چیرۆكەكە دەگەن بۆ نموونە ئەگەر ناونیشانەكە بەناوی (كەروێشك)بوو واباشترە لەسەرەتای چیرۆكەكەدا بڵێت (كەروێشكێكی زیرەك لە فلانە شوێنە لانەیەكی كردبوو) ئیتر منداڵەكە ناونیشانەكەی پێ خۆش دەبێت و ئاشنای چیرۆكەكە دەبێت و گوێی بۆ شل دەكات یان دەیخوێنێتەوە.**

واش بە چاكتر دەزانرێت كە ناونیشانی چیرۆكی منداڵان بریتی بێت لەناوی باڵندە وئاژەڵ و رووەكی سروشتی، چونكە ئەمانە زۆرلە ژیانی منداڵەوە نزیكن و منداڵ خۆشی دەوێن، ئەگەر خۆشویستنەكەش وەكو یەك نەبێت لەلایەن هەموو منداڵانەوە ئەوا هیچ نەبێت لەو گیاندارانە ناترسێت، چونكە رۆژانە دەیان بینێت و زانیاری لەسەریان هەیە. ((ناونیشان ڕەنگە بیری سەرەكی پیشان بدات، یاناوی كەسی سەرەكیی بۆدابنرێت... ناوێكی سادەی ناسراوی كاریگەر... یان ناوێك و ئاوەڵناوێك یان دوو ئاوەڵناو))[1].

